ڕێنووسکراو

# لە پشت پەردەکانی شۆڕشەوە

## دانپێدانانەکانی جەعفەری شەفیعزادە

فەرماندەی پێشووتری یەکەی تایبەتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و زێرەڤانیی ئایەتوڵڵا خومەینی لە نوفێل لوشاتوو تا تاران

جەلیل عەباسی

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

## پێشەکیی ئامادەکار

کاک جەعفەری شەفیعزادەم بۆ یەکەم جار لە سەرەتاکانی شۆڕشدا لە تاران بینی، کە وەک هاوکارەکانی دیکەی، بە هەستپێکردنی بەهێز و دەسەڵاتێکی تەواو، بە یاریدەی کەسانی تری وەک خۆی، بۆ دەستگیرکردنی من و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و دارایيم، ئەویش بەبێ هیچ ئیزن و فەرمانێکی یاسایی هاتبوونە سەرم.

ئەو، هەم منی دەستگیر کرد و ڕەوانەی زیندانی کردم، هەم توانیی دەست بەسەر هەموو سامان و موڵکوماڵی مندا بگرێت و بەرهەمی تەمەنێک کار و زەحمەت و ژیانم بە تاڵان بەرێت. لە ڕاستیدا، ئاوارەیی ئەمڕۆی من و خاوخێزانم، هەروەها هەموو ئەو دەردیسەرییانەی لەم ساڵانەدا ڕووبەڕووی من و بنەماڵەم بووەتەوە، ئەنجامی ئەو پەلامارەی ناوبراون. هەرچۆنێک بوو، من بە کەفالەتێکی قورس لە زیندان هاتمە دەرێ و هەر زوو خۆم و خێزانم وڵاتمان بەجێ هێشت و بەرەو هەندەران هەڵهاتین. ساڵەهای ساڵی خایاند تا توانیمان خۆمان لەگەڵ خەمی غوربەت و ئاوارەیی ڕابهێنین، بەڵام ئاواتی تۆڵەسەندنەوە لەوانەی بوونە هۆی ئەم بەدبەختییەمان، هۆکاری سەرەکیی ئەم راهاتن و خۆڕاگرییەمان بوون.

٥ ساڵ لەمەوبەر بۆ کارێک لە لاهایەوە بە شەمەندۆفێر دەچوومە ڤیەننا. لە وێسگەی دۆسڵدرۆفی ئەڵمانیادا کەسێک سەرکەوت و هاتە ناو کووپەکەی ئێمەوە، کە هەر لە یەکەم نیگادا ناسیمەوە. بەڵێ، ئەو... هەمان کاک جەعفەری شەفیعزادە بوو کە کاتی خۆی بووبووە هۆی ئەو هەموو چەرمەسەرییەی بەسەر مندا هات. کتوپڕ گەیشتبووم بەو شتە و بەو ساتەوەختەی کە ساڵەهای ساڵ ئاواتم بۆ دەخواست و چاوەڕێم دەکرد: "تۆڵە". هەر کە ناسیمەوە، گورج بڕیارم دا پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەم و بە گرتی بدەم، بەڵام ئەو هەڕەشەی لێ کردم، بە زۆر پێشی پێ گرتم و بە هەمان زمانی هەڕەشەئامێزەوە گوتی: "تۆ هەڵەیت، هەرگیز منت نەبینیوە و بە هەڵە بە کەسێکی ترم دەزانیت." بە کورتی، لە دۆسڵدرفەوە تا کێڵن بەردەوام قسەی لەگەڵ کردم و بەڵگەی بۆ هێنامەوە و پەشیمانی کردمەوە لە بڕیارەکەم، ئیتر تا میونخ و تا کاتێک کە ئەو دابەزیی، هەر خەریکی گفتوگۆ بووین. هەندێک قسەی بۆ کردم کە هەستم کرد گەلێک لە تۆڵەسەندنەوەکەی من، بۆ مێژوو بەنرخترن. هەفتەی دواتر من لە سەفەر گەڕامەوە و شەفیعزادە هاتە لام و چەند ڕۆژێک بووە میوانم. ڕازی بوو بەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە، منیش تۆماریان بکەم و دوایی چاپ و بڵاو بکرێنەوە. هاتوچۆ و گفتوگۆکانمان درێژەی سەند و لە ماوەی ٣ مانگدا ٤ جار هاتە لای من و هەر جارەو چەندین سەعات پێکەوە دانیشتین و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوە، منیش بێدەنگ تۆمارم کرد. بەردەوام لەوە دەترسا تیرۆر بکرێت، هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی زۆر بە

دزی و بە شاراوەیی خۆی دەگەیاندە لام، هەر واش بەردەوام داکۆکیی لێ دەکردەوە کە دەبێت هەموو هەوڵی خۆم بدەم بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی؛ پێش ئەوەی بمرێت یان بکوژرێت. تەنانەت خەرجیی چاپکردنی کتێبەکەشی بە ئەمانەت دایە دەستم. لەو دواین دیدارەماندا گوتی سەردانێکی کەنەدا دەکات و پاش گەڕانەوەی، درێژەی بیرەوەرییەکانیم بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام ڕۆیشت و ئیتر تا ئێستایش گەڕانەوەی نەبوو و نەمدیتەوە.

منیش تەمەنم بەرەو کۆتایی دەکشێت، لە هەمان حاڵیشدا ئەم گێڕانەوەیە بۆ ئێران و مێژووی ئێران و نەوەکانی ئایندە زۆر زۆر بەنرخ و پێویستە، هەر بۆیە بە ناچاری چیتر بە دیاریەوە ناوەستم و ئەم بەشەیان بڵاو دەکەمەوە و هیوادارم گەر دوای مەرگی منیش بێت، جەعفەر بمێنێت و دەرفەتێک بڕەخسێت بۆ گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی و بڵاوکردنەوەی بەشەکانی دواتریان.

پێویستە بڵێم لە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانەدا نە دێڕێک لە لایەن منەوە زیاد کراوە، نە دێڕێکیش کەم کراوەتەوە؛ کاری من تەنهاوتەنها هێنانە سەر کاغەزی قسەکانی شەفیعزادە و ئامادەکردنیان لە گێڕانەوەی زارەکییەوە بۆ دۆخی نووسین بووە.

ئامادەکار

## پەیڤێک لە وەرگێڕەوە

ساڵەهای ساڵ پێش ئەوەی ئەم کتێبە ببینم، ئاگاداری هەندێک شتی شاراوەی ئەو شۆڕشە بووم کە بە پلانی ئەمەریکا ڕێک خرا و بە هۆی گەمژەیی و ساویلکەیی جەماوەرەوە گەیشتە ئەنجام و هەندێک ئاخوندی بەلاشخۆری هەمیشە دوژمن، بە پرەنسیپە مرۆییەکان قۆستیانەوە و زیرەکانە دزییان. کەم کەس هەیە نەزانێت و دڵنیایش نەبێت لەوەی کە ئەو شۆڕشە دەستکردی ئەمەریکا بوو و خومەینی کەسێک نەبوو بتوانێت لە ئاست کاری ئاوا گەورەدا بێت، کەم کەسیش هەیە نەزانێت کە ئاخوندەکان بە چ ناپاکی و بە چ فێڵوتەڵەکەیەکی ئەهریمەنانە سواری شەپۆلەکە بوون و خۆیان بەسەر هەموو گەلانی ئێراندا سەپاند. بەڵام ئەم کتێبە بەرچاوڕوونییەکی زۆر زیاتر لەو زانیارییانەی من و کەسانی وەک منی تێدایە؛ هەندێک شتی زۆر نهێنی و هەندێک ڕاستیی شاراوە دەخاتە ڕوو، کە دڵنیام بە هیچ جۆرێک ئێمەمانان پێیان نەدەگەیشتین. هەر بۆیە زۆر پێویستە هەموو تاکێکی ئێرانی بە پلەی یەک، پاشان هەموو تاکێکی کورد و سەرئەنجام هەموو تاکێکی ڕاستیخوازی جیهان، بە وردی بیخوێنێتەوە تا ئاشنا بێت لەگەڵ ئەهریمەنانەترین فڕوفێڵی مێژووی مرۆڤایەتیدا. زۆریشم بە پێویست زانی وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی، کە تاکی کورد نەک بە زمانی فارسی، بەڵکو هەر بە زمانی خۆی بیخوێنێتەوە و بە تەواوەتی لێی تێبگات. لە هەندێک شوێن ڕای خۆم دەربڕیوە و پەراوێزێکم بۆ نووسیوە، لێرەیشەوە دەڵێم، ڕاستە خاوەنی گێڕانەوەکە و تەنانەت ئامادەکارەکەشی لە نزیکەوە ناناسین، بەڵام بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەگەینە ڕاستیی قسەکان و تەنانەت گومانی ئەوەیش دەکەین کە گەلێک نهێنی ماوە و هێشتا نەگوتراون، هەڵبەت بە سەرنجدانە ئەوەی کە ئەمە بەرگی یەکەمی ئەو بیرەوەرییانەیە و زۆر بە داخەوە بەرگی دووەمی بڵاو نەکراوەتەوە، ناتوانین ڕەخنە و توانج ئاراستەی گێڕەرەوە بکەین، لەگەڵ ئەمەیشدا بە هەمان هۆی تەواونەبوونی کتێبەکەوە، ناتوانین بگەینە سەرجەم نهێنییەکان، کە ئەمەیش وامان لێ دەکات خۆزگە بخوازین بەوەی سەرجەم بیرەوەرییەکان تۆمار نەکرابان و لە بەردەست بان بۆ ئەوەی خوێنەری تامەزرۆی ڕاستییەکان هەر لە سەرەتاوە تا لانیکەم داسەپاندنی کۆماری سێدارەی ئیسلامی، ئاگاداری نهێنییەکانی پشتی پەردەی ئەم شۆڕشە ئیسلامییە ئەمەریکییە و داشەکانی ئەو دامەیە بێت، کە لە لایەن سی ئای ئەیەوە هەریەکەو لە شوێنێکی تایبەت ڕیز کرابوون؛ هەڵەیەکی زۆر زۆر گەورە و کوشندە، کە ئەمەریکا تووشی بوو و ئێستایش هەموو مرۆڤایەتی باجەکەی دەدات.

لە کۆتاییدا دەڵێم، هیوادارم بەم وەرگێڕانە بووبێتمە هۆی ئاشناکردنی بەشێکی کۆمەڵگەی کوردی بە هەندێک ڕاستیی تاڵ و شاراوە، هیواخوازیشم ڕۆژێک لە رۆژان بەرگی دووەمی ئەم بەرهەمەم بکەوێتە دەست و منیش بتوانم هەنگاوەکەم تەواو بکەم.

جەلیل عەباسی

هەولێر، ٢٠١٧/١/١٠

هەموو شتێک، ئەو شتانەی کە قەسابێکی بچووکی گەڕەکیان کردە پاسدارێک و پاسدارێکیان کردە قەسابێکی مرۆڤەکان، لە پاشنیوەڕۆیەکی گەرمی ساڵی ١٣٥٤ەوە دەستی پێ کرد.

من ئەو کاتە لە گوندی قەهدریجانی نزیک نەجەفئاوای (ئیسفەهان، لە قەسابخانە بچووکەکەی باوکمدا کارم دەکرد. باوکم ناوی جەواد بوو، خەڵکی گوند بە "کەربەلایی جەواد" بانگیان دەکرد. باوکم قەسابییەکی بچووکی هەبوو کە گۆشتی گوندەکەی دابین دەکرد. ٢ ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد و لەبەر ئەوەی کە من هێشتا هەر پارێزەری سەید مەهدی هاشمی بووم، بە هۆی ئیمام جومعەی ئیسفەهانەوە کە مەلایەکی تابلێی ستەمکارە بە ناوی ئایەتوڵڵا تاهیری، باوکمیان بە شەهید ناوزەد کرد و لە نەجەفئاوا ناشتیان. دەزانم و دڵنیام، کە هیچ کەس زۆرتر لە ڕۆحی باوکم، لەو ناوە و لەو شێوازە درۆییەی بەخاکسپاردنی، زیز و زویر نییە.

باوکم، گەرچی گوندی بوو و هیچ خوێندەوارییەکیشی نەبوو، سەرەڕای ئەوەی هەمیشە ڕۆژووی دەگرت و سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو، بەڵام هەر لە منداڵیمەوە هەمیشە پێی دەگوتم: "جەعفەر، ڕۆڵە، هۆشیار بە، لە سەگی هار و دیواری داڕووخاو، ژنی سەڵیتە و لە مەلاش دوورەپەرێز بە." من دەیان جار بەشێکی ئەو پەندەم بیستبوو، بەڵام نازانم چۆن باوکم وشەی "مەلا"یشی پێ زیاد کردبوو!

بە هەرحاڵ، گوتم کە هەموو شتێک لەو نیوەڕۆ گەرمەی هاوینی ١٣٥٤ەوە دەستی پێ کرد. لەو کاتەدا قەسابییە بچووکەکەی ئێمە لە قەهدریجاندا داهاتێکی باشی هەبوو؛ خەڵک گۆشتی بەستوویان (یەخزەدە) نەدەخوارد و ئەو بەشە گۆشتە تازەیەش کە دامەزراوەی گۆشت دەینارد، هێندە کەم بوو، بەشی خەڵکی گوندی نەدەکرد، مەلاکان گوتبوویان گۆشتی بەستوو حەرامە، چونکە بەپێی ئایین سەر نەبڕراوە. ئەمەیش وای لە خەڵکی گوندەکانی قەهدریجان و دۆرچەپیاز و نەجەفئاوا و شار و گوندەکانی دیکە دەوروبەر، کە زۆریش بە ئایینەوە پەیوەست بوون، گۆشتی بەستوو نەکڕن و نەیخۆن. باوکم هەندێک جار دەچووە فریدەنی ئیسفەهان یان ئاوبەندی شاعەباس و لەوێ چەند سەر مەڕی دەکڕین و دەیهێنانەوە، خۆمان هەر لە قەسابییەکەی خۆماندا سەرمان دەبڕین و گۆشتەکەیمان بە نرخێکی گرانتر دەدایە خەڵک. نازانم کامە شیرخاوخواردوویەک ڕاپۆرتی لەسەر دابووین، ڕۆژێکیان ئەندازیاری گوڵزار، سەرۆکی دامەزراوەی گۆشتی ئیسفەهان، کە بە ئەسڵ خەڵکی یەزد بوو، لەگەڵ کەسێکی تردا بە ناوی درەخشەندە، کە لەوانەیە جێگری بووبێت، کتوپڕ خۆیان بە قەهدریجاندا کرد و ڕێک لە کاتێکیدا من خەریکی سەربڕینی پێنجەمین مەڕ بووم، هاتن و دەستگیریان کردم. من ئەو کاتە نەمدەزانی و گەر بشمزانیایە هەر گرنگ نەبوو، کە تەندروستی چییە و سەربڕینی ناتەندروست کامەیە. بە هەرحاڵ، منیان بردە نەجەف، ئاوا بۆ دادگا و دادگایش دوای چەند ڕۆژێک حوکمی ٤ مانگ زیندانیی

بەسەردا دادام. ئەو کاتە من تەمەنم ١٩ ساڵ دەبوو، هەرزەکارێکی بێئەزموون بووم و دیارە ئەو حوکمەم بەلاوە زۆر قورس و ستەمکارانە بوو. بە هەرحاڵ، ٤ مانگی زیندانم تێپەڕاند و دوایی بە دڵێکی پڕ لە ڕق و کینە سەبارەت بە حکومەت و کاربەدەستەکانی ڕژێمی شا، هاتمە دەرەوە. ئێستا ئیدی ئەو ترسەی جارانم لە زیندان نەمابوو و تەنانەت شارەزاییشم پەیدا کردبوو، بە باوکمم گوت: "تۆ هەر لە دوکانەکەدا بە و کارت بەسەر هیچی ترەوە نەبێت." پارەیەکم قەرز کرد و پیکابێکی مەزدام پێ کڕی. ئیدی پاشنیوەڕۆیان بە پیکابەکەوە بەڕێ دەکەوتم، دەچوومە خوراسگانی نزیک ئیسفەهان، لەوێ چەند سەر مەڕم دەکڕین، دەمەوئێوارە لەو بیابانە سەرم دەبڕین، پاکم دەکردن، گۆشتەکەم دێنایەوە قەهدریجان، دەمبردە بەر ماڵەکان و هەر لەوێ پارەکەشم وەردەگرت، یاخود لە کاتێکی دیاریکراودا ئەوان دەهاتن و هەر کەس بەشە گۆشتی خۆی وەردەگرت و دەڕۆی. یەکێک لە کڕیارە هەمیشەیی و چاکەکانمان سەید مەهدی هاشمی بوو، کە دیارترین کەسێتیی قەهدریجان بوو. ئەم سەید مەهدییە بە تاوانی تیرۆرکردنی ئایەتوڵڵا شەمس ئابادی دەستگیر کرا و حوکمی ٢ جار لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاند، بەڵام بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی بەهمەن، عابا و مێزەری لە بەر کرد و بووە بەڕێوەبەری نووسینگەی مونتەزیری و ئێستایش بە هۆی سەید هادیی برایەوە، کە زاوای مونتەزیرییە، کاروباری بەڕێوەبردنی تیرۆریستە جیهانییەکان و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی دەرەوەی ئێرانیشی پێ سپێرراوە. بەڵام ئەو ڕۆژانە، پیاوێکی قاتلەبەر بوو و هێشتا کێشەی کوشتنی ئایەتوڵڵا شەم ئابادی سەری هەڵنەدابوو. دەبێت ئەوەیش بڵێم، سەید مەهدی هاشمی شەوانی هەینی یان ڕۆژەکانی تازیەباری، هەر بە جلوبەرگی نافەرمییەوە دەچووە مینبەر، بەڵام لە ڕاستیدا وتار و وەعزێکی زۆر جوانی دەدا. ئەو ڕۆژە گەرمەی هاوینی ١٣٥٤، کە بوو بە سەرەتایەک بۆ مێژووی ژیانی من، سەید مەهدی هاشمی هاتە دوکان، من خەریک بووم بۆ خوراسگان بۆ کڕینی مەڕ بەڕێ بکەوم، بانگی کردم و گوتی: "کاک جەعفەر، خۆت دەزانیت چەندین ساڵە من کڕیاری قەسابییەکەی ئێوەم و تا ئێستایش لە کاری تۆ و باوکت ڕازی بوومە، بۆیەش لێت ڕادەبینم ئەم کارەت پێ بسپێرم. لەم ماوەیەدا میوانێکی زۆرم دێن و بۆ ٢ هەفتەش لە لام دەمێننەوە، میوانەکانم کەسایەتیی پایەبەرز و بەڕێزی ئایینی و هەندێک ئایەتوڵڵای گەورەن، کە گەورەییان کردووە و دووسبەی سەردانی ئیسفەهان دەکەن، خۆ تۆ باخەکەی حاجی تورابی دۆرچەیی پێ دەزانیت؟" گوتم: "بەڵێ." گوتی: لەم ٢ هەفتەیەدا هەموومان لەوێ دەمێنینەوە، فەرموو با ئەم ٢٠،٠٠٠ تمەنەت پێ بێت و جوان گوێ بگرە چیت پێ دەڵێم: یەکەم، نابێت هیچ کەس بەم میوانییە بزانێت. دووەم، دەمەوێت ئەم ٢ هەفتەیە بەردەوام تۆمان لەگەڵ بیت و یارمەتیمان بدەیت. پارەکەش بۆ ئەوەیە بڕۆیت و ١٥ بۆ ١٦ سەر مەڕی قەڵەو بکڕیت و بۆ شەو بیانهێنیتەوە ناو باخەکە. کاری تۆ لەم ٢ هەفتەیەدا سەربڕینی مەڕەکان و کەبابکردن و میوانداریی شایستەیە لە میوانەکان. ئێستا پێم بڵێ، ئامادەی هاوکاریم بکەیت یان نا؟" من سەید مەهدی هاشمیم زۆر خۆش دەویست، بە مرۆڤێکی خوێندەوار و مەردم دەزانیت؛ نەک هەر من،

بەڵکو هەموو خەڵکی گوند هەر وایان بیر دەکردەوە. سەرەڕای ئەوەیش، من تا ئەو کاتە هیچ وەخت ٢٠،٠٠٠ تمەن پارەم نەبینیبوو، بۆیەش گورج وەڵامم دایەوە: "ئێوە ئەمر بکەن، جەنابتان ئەگەر بڵێن بڕۆم و کەسێکیشتان بۆ بکوژم، من ناڵێم نا؛ من بچووکی خانەزادی ئێوەم بەڕێز هاشمی." سەید مەهدی هاشمی کە بینیی من ڕازیم، هەندێک سەبارەت بە کاروباری ئەو ٢ هەفتەیە باسی بۆ کردم و گوتی: "دەبێت سبەینێ مەڕەکان هێنرابنە باخەکەی حاجی توراب و خۆیشم باشترە بە باوک و دایکم بڵێم سەفەری مەشهەد دەکەم بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا و ١٠ هەفتەم پێ دەچێت." سەید مەهدی هاشمی دوای ئەو قسانە ڕۆیشت و منیش کە بە بینینی ٢٠،٠٠٠ تمەن هۆشم لە کەللەم پەڕیبوو، لەجیاتیی ئەوەی بچمە خوراسگان، یەکسەر بۆ داراب فەریدن تێم تەقاند و ١٨ سەر مەڕی چاکم بە ٨٤٠٠ تمەن کڕین و بۆ بەیانییەکەی زوو، خۆم گەیاندە باخەکەی حاجی تورابی دۆرچەیی. سەید ئەبولفەزلی باخەوانی حاجی تورابم ناسییەوە، دەرکەی کردەوە و پێکەوە مەڕەکانمان بردنە ژوورێ، هەندێ ئالیکیشم لەگەڵ خۆم بۆ هێنابوون کە لە گۆشەیەکی ناو باخەکە بۆیانم دانا. سەید ئەبولفەزل ماتۆڕسکیلێکی هەبوو، داوام لێ کرد سەعات ١٠:٠٠ی بەیانی لە نەجەفئاوا لە بەرانبەر مەیدانی شەشی بەهمەندا چاوەڕێم بێت، کە پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ باخ. سەعات ٧:٠٠ بوو گەیشتمەوە ماڵەوە، باوکم تووڕە بوو لەوەی کە شەوی ڕابردوو نەهاتبوومە ماڵەوە؛ گوتم: "کارێکم بۆ هاتە پێش و ناچار بووم شەو لە ئیسفەهان بمێنمەوە، ئێستایش دەبێت بگەڕێمەوە ئیسفەهان و بلیتی مەشهەد بکڕم و بڕۆمە زیارەتی حەزرەتی ڕەزا." باوکم هیچ کات سەری لەم شێتییانەی من سووڕ نەدەما. من بانگی داودم کرد کە مێردی خوشکەکەم بوو، سویچی پیکابەکەم دایە و داوام لێ کرد تا دێمەوە، لەجیاتیی من یارمەتیی باوکم بدات. ٢٠٠٠ تمەنیشم دایە باوکم و دڵنیام کردەوە کە بۆ سەفەری مەشهەد پارەم هەیە. دوایش بە جۆرێک ڕۆیشتنەکەم لەگەڵ داود ڕێک خست، کە سەعات ٩:٣٠ خولەک بگەمە نەجەفئاوا. لەوێ بە داودم گوت: "ئیتر تۆ بگەڕێوە." هەرچی گوتی "با تا ئیسفەهان بتبەم"، گوتم: "نا، پێویست ناکات." سەعات ١٠:٠٠ی بەیانی گەیشتمە مەیدانی شەشی بەهمەن، بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە لەجیاتیی سەید ئەبولفەزلی باخەوان، سەید مەهدی هاشمیم بینی کە لەگەڵ عەلی ئەکبەری پەروەرش لە سەیارەیەکدا چاوەڕوانمن. ئەم ئاغەی پەروەرشە کە دواتر بووە وەزیری پەروەردە لە رأیمی خومەینیدا، ئەو کاتە مامۆستای هونەرستانی پیشەیی بوو لە ئیسفەهان، هەردووکیان لە پەیکانێکی سپیدا دانیشتبوون، تا چاویان بە من کەوت. پەروەرش دەرکەی کردەوە و خۆی چووە دواوە دانیشت، منیش نیشتمە پشتی سوکان و ئیتر لێمان دا بۆ باخی حاجی توراب. پێویستی بە پێناساندن نەدەکرد، چونکە پەروەرش لە گوێگر و بەشداری هەمیشەییەکانی مەوعیزە و مینبەری سەید مەهدی بوو. ڕێگاکەمان هەر بە قسەوباس لەمەڕ چۆنێتیی میوانداریکردنی میوانەکان بڕی، تا گەیشتینە ناو باخەکە. باخی حاجی توراب باخێکی گەورە و ئاوەدان و سەرسەوز بوو، کە کەوتبووە نێوان دۆرچەپیاز و فلاوەرجان، بەسەر ڕێگایەکەوە کە تازە قیرتاویان کردبوو. ئەو

ڕۆژە تا ئێوارەکەی، من و سەید ئەبولفەزڵ و کوڕەکانی هەر خەریکی ئیشوکار بووین. ئێوارە، پەروەرش ڕۆیشت و تا سەعات ١٢:٠٠ی شەو ٦ جار هاتوچۆی کرد و هەر جارەو هەندێک لێفە و دۆشەک و کەلوپەلی خواردنی لەگەڵ خۆی دێنا. نیو سەعاتێک لە نیوەشەویش تێپەڕیبوو، کە سەید عەبدوللاش هات. سەید عەبدوللا لە ڕێستورانتی سوڵتانی لە ئیسفەهان چێشتلێنەر بوو و لە کارەکەیدا وەستایەکی شارەزا و کارامە بوو. دەمێک بوو من دەمناسی، ئەویش هەر خەڵکی قەهدریجان بوو. پاش سەعات ٢:٠٠ی نیوەشەو، سەید مەهدی هات و پێی گوتین: "بڕۆن پشوویەک بدەن، چونکە لە سبەینێوە کارەکان دەست پێ دەکەن." ژوورەکەی من و سەید عەبدوللا کە ٥٠ ساڵێک تەمەنی دەبوو، ژوورێکی بچکۆلە بوو لە شوێنی ماتۆڕی ئاوەکەوە دروست کرابوو، کەمێکیش لە خانووی ناو باخەکە دوور بوو. کاتێک دەمانویست بخەوین، سەید عەبدوللا گوتی: "بە قوربانی بم، حەزرەتی ڕەزا هەر داوای نەکردین و هەر نەیکردین، کە کردینیشی، لەجیاتیی مەشهەد کەوتینە دۆرچەوە!" هەردووکمان بەم قسەیە پێکەنیین. دواتر گوتی: "کێشە نییە، سەید مەهدییش خۆی لە ئەولیایە و خزمەتکردنی زاناکانی ئایین شتێکی وای لە زیارەتی زامنی ئاهوو نییە." بێخەویی شەوی پێشتر و کارە قورسەکانی ئەو ڕۆژە وای لێکردین زوو خەومان لێ بکەوێت.

سەعات ٧:٠٠ی بەیانی بوو لە خەو هەستام، سەید عەبدوڵلا پێش من لە خەو هەستابوو. کە بۆ دەموچاو شوشتن چوومە دەرەوە، لە پاڵ حەوزێکی بچووکدا کە ئاوی بیرەکەی دەڕژایە ناو، ٣ بۆ ٤ مەلای مێزەربەسەرم بینین، کە بە ڕواڵەت شەو یان بەیانی زوو هاتبوون. پیرترینیان تەمەنی ٢٨ تا ٢٩ ساڵ دەبوو. هەر خەریکی قسەوقسەلۆک و گاڵتەوگەپ بوون؛ من تا ئەو کاتە مەلای دەمبەخەندەم نەدیتبوو. سڵاوێکم لێ کردن و وەڵامیان دامەوە، سەید مەهدی هات و گوتی کە گورج خەریکی گۆشتبرژاندن بە و بەشی ٣٠ کەس کەباب ئامادە بکەم و گۆشتەکەی تریش بدەمە سەید عەبدوڵلا بۆ چێشتی شلە بە کاری بهێنێت. لە سووچێکی باخەکەدا خەریک بووین. چرکە بە چرکە هاتنی مەلا زیادی دەکرد کە من تا ئەوکات نەمدیبوون؛ هەندێکشیان مەلا نەبوون و ئەوانیشم هەر نەدەناسی. هەموو کاتەکەی ئەو بەیانییەمان بە برژاندنی گۆشت و کەبابکردن تێپەڕی، تا کاتی نیوەڕۆ گەیشت. خواردن بەسەر سفرەیەکی درێژەوە دانرا، کە بەسەر زەوییەوە ڕاخرابوو. منیش چووم تا دواین بەشی کەبابەکان بهێنمە سەر سفرە. کە بە کەبابەوە گەڕامەوە، هەموو میوانەکانم بینین بەسەر سفرەکەوە دانیشتبوون. سەید مەهدی هاشمی و پەروەرش لە گۆشەیەکدا وەستابوون و ئەوانی تر کە دەبوونە ١٥ کەس، ١١ مەلا و ٤ کەسی تر، سفرەکەیان لە نێوان خۆیان گرتبوو و هەر خەریکی گاڵتەوگەپ بوون، مەلایەکی مێزەر ڕەشیش لە لای سەرووی سفرەکەوە دانیشتبوو، لە هەموویان بەرزتر و پێکەوتووتر و تەڕپۆشتر بوو، دیار بوو سەرۆکی هەموویانە، ئەویشم نەدەناسی بەڵام ئێستا هەموو دنیا دەیناسن؛ ئەو، ئایەتوڵلا بەهەشتی بوو.

بێجگە لە ئایەتوڵلا بەهەشتی، هەموو ئەوانەی تر کە لە سەر سفرە ڕەنگینەکە دانیشتبوون و من دواتر ناسینمن و بوومە هاوکاریان، بریتی بوون لە محەمەد مونتەزیری، جەوادی باهونەر، شێخ سادقی خەڵخاڵی، فەزلوڵلای مەحەلاتی، تاهری، خادمی، سانعی، سەدوقیی یەزدی، دەسغەیبی شیرازی و مشکینی نکە، کە هەموویان مێزەربەسەر بوون. هەروەها دکتۆر سەڵواتی، دکتۆر میناچی، غوڵامعەباس تەوەسولی و محەمەدی هاشمی ڕەفسەنجانی.

سەید مەهدی هاشمی داوای لێ کردم بانگی ئەوانی تریش بکەم تا هەموومان پێکەوە نان بخۆین. تا من و سەید ئەبولفەزڵ و سەید عەبدوڵلا و کوڕەکانی سەید ئەبولفەزڵ گەڕاینەوە، میوانەکان لە خواردن بووبوونەوە. بێجگە لە چەند کەسێکیان، لەوانەش شێخ سادق خەڵخاڵی، هەموویان خەریکی خواردنی حەڵوا و شلەزەردی پاش نان بوون. لەم کاتەدا ئایەتوڵلا خادمی کە بەلای منیشەوە ڕێزێکی زۆری هەبوو، دەستی کردە قسەکردن لەمەڕ ئیسلام، کە ئیسلام وا و ئیسلام وا... "لە ئیسلامدا شا و گزیر نییە و هەموان بەپێی یاسای ئیسلام وەک یەکن و پێکەوە بەسەر خوانێکەوە دادەنیشن و پێکەوە دەخۆن."

ئەم بەرنامەی خواردنە بۆ ١٥ ڕۆژی تەواو، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە دووبارە دەبووەوە. تاکە جیاوازی، جۆری خواردنەکان بوو، یاخود ڕۆیشتنی میوانێک و زیادبوونی میوانێکی تازە. بەردەوام، پاش هەر نانخواردنێک، میوانەکان خەریکی گفتوگۆیەکی گەرم دەبوون، ئەویش لە ژوورێکی داخراودا کە هیچ کەس بۆی نەبوو تخونی بکەوێت. لە ٢ ڕۆژی سەرەتادا زۆر بە قورس گرتبوویان، بەڵام بەرە بەرە چاودێرییەکە سووکتر کرایەوە تا گەیشتینە شەوی هەینی. ئەو شەوە، ٣ لە میوانەکان هەر لەگەڵ تاریکداهاتنی دنیا، شوێنەکەیان بەجێ هێشت، ئەوانیش بەهەشتی و خادمی و دەسغەیبی شیرازی بوون. ئەوانی تر مانەوە و من بۆ یەکەم جار لە هەموو تەمەنمدا شایەتی بەزمێک بووم کە تا ئەو کاتە، تەنانەت خەونیشم پێوە نەدەبینی. سەعات ٩:٠٠ی شەو، پاش لێبوونەوە لە نانخواردن، لە پاڵ بەساتی مەقەڵی و تلیاکدا، کە هەموو شەوێک ئامادە بوو، بۆنی کحوولیش دەهات. من هەرچی ڕوانیم، هیچ خواردنەوەیەکی کحوولیم نەبینی. با ئەوەیش بڵێم کە ٢ ڕۆژێک دەبوو من بە فەرمانی سەید مەهدی هاشمی لە پشت دەرگاکەوە دەمامەوە، تا نەهێڵم سەید عەبدوڵلا یان سەید ئەبولفەزڵ یاخود هیچ بێگانەیەکی دی بچێتە ژوورەوە. ئەو شەوە، مەیخواردنەوەی مەلاکان بەلامەوە زۆر قورس نەبوو، چونکە من خۆیشم هەروەک ئەوان نوێژم دەکرد، ڕۆژووم دەگرت و دەچوومە زیارەت و لە عاشووراشدا لە خۆم دەدا، بەڵام شەوانی هەینییش لێویکم هەر تەڕ دەکرد. "مەی بخۆ، مینبەر بسووتێنە، خەڵک مەڕەنجێنە"، لای من وەک بنەمایەکی ئایینی لێ هاتبوو، هەر بۆیە بەلامەوە ئاسایی بوو مەلاکانیش وا بکەن. هاوکێشەکە بۆ من دۆزینەوەی شوێن و سەرچاوەی مەشرووبەکە بوو، نەک خواردنەوەی. لە ١١:٠٠ی شەوەوە ئیدی بۆڵەبۆڵ دەستی پێ کردل محەمەدی مونتەزیری و سانعی لە هەموان زیاتر بەرۆکی پەروەرشیان گرتبوو کە "ئەی کوان... بۆ نەهاتن... ئەوە ڕۆژ هەڵهات... ئەی کەی دێن؟" پەروەرشیش هەموویانی هێور دەکردەوە و پێی دەگوتن: "پەلە مەکەن، تا دوای ١٢:٠٠ نایەن. بۆ ١٢:٠٠ و ١:٠٠ ئینجا دێن. شەوی هەینییە و هەینییش بازاڕی خۆیانە." من لە دڵی خۆمدا وای بۆ دەچووم کە ڕەنگبێ چاوەڕوانی ئایەتوڵلا بەهەشتی و خادمی و دەسغەیبی شیرازی بن، بەڵام کاتێک سەعات بوو بە ١٢:٥ خولەک و میوانەکان گەیشتن، هێندەی نەمابوو لەو تەمەنە کەمەمدا تووشی جەڵتە ببم!

میوانەکان، بریتی بوون لە ٢ ژنی نیوەڕووتی ڕازاوە و ٤ پیاو، کە هەریەکەو ئامێرێکی موزیکیان پێ بوو: کەمان، تار، سەنتوور و زەڕب. هێندە ئاشنا بوون کە پێم وایە سەید ئەبولفەزڵی باخەوانیش دەیناسین. کەشی ژوورەکە کە تا دەهات ساردوسڕتر دەبووەوە، بە گەیشتنی میوانەکان گەرموگوڕییەکی بێوێنەی تێکەوت و نەڕەی "احسنت... تبارک الله"ی مەلاکان ژوورەکەی پڕ کرد. هەڵسوکەوتی میوانە تازەکان وای دەردەخست کە لەو ژوورەدا بێجگە لە عەلی ئەکبەری پەروەرش، کەسی تریان ناناسن. دەبێت ئەوەیش بڵێم، کە هەر لە دووەم ڕۆژی سەرەتاوە، میوانەکان لە ناو باخەکەدا هەر بە پێژامە و جلی ئاسایی ماڵەوە هاتوچۆیان دەکرد و تەنها کاتێک

عەبا و مێزەریان لە بەر دەکرد، کە بچوونایەتە دەرەوە. شێوازی جلوبەرگیان لە ناو باخدا زیاتر لە جلوبەرگی حاجییە بازاڕییەکان دەچوو نەک لە مەلا، بێجگە لە ٢ بۆ ٣ کەسێکیشیان، ئەوانی تر زۆر کەم بە زمان و شێوازی مەلاکان دەدوان و بە ئاسانی دەرنەدەکەوت کە مەلا بن. من هەموو میوانە تازەکانم دەناسین، ئەوان هونەرمەندانی دەستەی ئۆرکێسترای کابارە، یانەی شەوانەی ژێرزەمینەکەی هۆتێلی عالی قاپووی ئیسفەهان بوون. ئەم هۆتێلە لە شەقامی چواباغدا بوو؛ هۆتێلێکی زۆر گرانبایی بوو، ژێرزەمینێکی هەبوو، بە ڕۆژ ڕێستۆرانتی هۆتێل و بە شەویش شوێنی ساز و ئاواز و سەما بوو. موعینی گۆرانیبێژ کاری هونەریی خۆی هەر لەو ژێرزەمینەدا دەست پێ کرد. هەردوو ژنەکەش هەر سەماکاری هەمان ژێرزەمین بوون، کە ناوی یەکیان ئیلهام و ئەویان نەرگز بوو. نەرگز کەمێک پڕ و گۆشتن بوو، هەر بۆیە زوو سەرنجی مەلاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشان. هەروەک گوتم، بە هاتنی سەماکارە ناسکەکانی هۆتێلی عالی قاپوو، میوانییەکە گوڕوتینێکی تایبەتی تێکەوت؛ باهونەر و محەمەد مونتەزیری هەوڵی زۆریان دا ژنەکان بێنە لایان و تلیاکیان لەگەڵ بکێشن، بەڵام سوودی نەبوو، ئەو ٢ ژنە تەنانەت لێویان بە مەییشەوە نەدا، منیش بە سەرسامییەکەوە بە خۆمم دەگوت، بڕوانە کاری دنیا چۆنە... سەماکەری یانەکان خۆی لە مەی و تلیاک نادات، کەچی مەلای ئایینمان هەموویان شەیدا و تینووی هەموو جۆرە فسق و فجوورێکن! چەند جارێکیش خەڵخاڵی گەرچی تلیاکی نەدەکێشا، بەڵام سەرخۆشی خواردنەوەی کحوولیات بوو؛ دەستێکی بۆ سمت و ڕانی سەماکەرەکان ڕادەکێشا، بەڵام سەماکەرەکان بە توندی بەرپەرچیان دەدایەوە! گرووپی ئۆرکێسترا مۆسیقارێکی نابینایان تێدا بوو کە بە داخەوە ناوەکەیم لە بیر چووە، بەڵام دڵنیام کە هەموو خەڵکی ئیسفەهان زۆر چاک دەیناسن و لە بیریان نەکردووە. کاتێک کۆڕەکە گەرمتر بوو، بە گوێمیدا چرپاند: "ئەرێ ئەمانە هەندێکیان مەلا نین؟" دەمویست بڵێم "کورە هەموویان مەلان"، بەڵام بە خۆمدا هاتمەوە کە سۆزم بە سەید مەهدی داوە و نەمویست سنووری ئەو متمانەیە ببڕم، هەر بۆیە گوتم: "نا... بە چیدا دەزانیت؟" گوتی: "شێوازی قسەکردنی هەندێکیان مەلایانەیە." سەعات ٢:٠٠ی نیوەشەو، کاتێک سەمای عەرەبی و هیندی دەستی پێ کرد و سەماکەرەکان جلوبەرگیان گۆڕی، ڕوخساری مەلاکانیش گۆڕرا؛ خەڵخاڵی بەو زگە زلە و جەستە سەیرەیەوە، هەستا و چووە کۆڕی سەما و دەستی کردە سەمای عەرەبی. شێخ یوسفی سانعییش نایەکەی لە دەستی نەیژەن ڕفاند و بە جۆرێک کەوتە ژەنینی نەی، کە دەتگوت یەکێکە لە ئەندامە کاراکانی ئۆرکێسترا. ئەو شەوە بەزمی سەما و ڕابواردن تا سەعات ٥:٠٠ی بەرەبەیانی خایاند، سەرئەنجام هونەرمەندەکان، هیلاک و ماندوو گەڕانەوە هۆتێل و مەلاکانیش سڕ و سەرخۆش، هەریەک لە سووچێکدا پاڵ کەوتن و خەویان لێ کەوت. منیش تازە بە تازە بەیانی سەرسامی و سەرسووڕمان و هورووژمی پرسیارە سەیروسەمەرەکانم ئەنگاوتبوو. هەرچەندە خۆم خەریکی کۆکردنەوەی ژوورە پرژوبڵاوەکە کردبوو، کەچی چرکەیەکیش لە سەرسامییەکەم

ڕزگارم نەدەبوو. تا سەرئەنجام، پاش کۆکردنەوەی شتە پڕاوەکان و دوای قسەکانی سەید مەهدی هاشمی، کۆتایی هات و چ باشیش بوو کە کۆتایی هات.

سەید مەهدی، کە ئەو شەوە نە لێوی بۆ مەی برد و نە بۆ تلیاک، سەفتەیەک پارەی دایە دەستم و سوپاسی زەحمەت و ماندووبوونەکانی کردم و گوتی: "ئەم ۲۰،۰۰۰ تمەنەش بگرە، چونکە ئەمشەو هەر بە ڕاستی ماندوو بوویت. من خۆم بە قەرزارت دەزانم و ئیدی دەتوانم پێت بڵێم کە تا دوا ڕۆژی تەمەنت لەگەڵ من دەبیت و ئینشائەڵلا ڕۆژ بە ڕۆژیش دەوڵەمەندتر دەبیت." بە ڕواڵەت گەیشتبوومە وەڵامی هەموو پرسیارەکانم؛ ۲۰،۰۰۰ تمەن پارەیەکی کەم نەبوو، بۆ من بە سەرمایەیەکی چاک دەژمێررا. من، سەید مەهدی واتەنی، خەریک بووم بەرە بەرە دەوڵەمەند دەبووم، ئەمەیش شتێک بوو کە هەمیشە خەونم پێوە دەبینی. لەوەش گرنگتر، بووبوومە جێی متمانەی تەواوی سەید مەهدی. هێشتا هەفتەیەک تێنەپەڕیبوو، کە من بووبوومە خاوەنی ۲۸،۰۰۰ تمەن پارەی کاش؛ کێ دەیتوانی ئاوا خزمەتم بکات؟ ئیدی بە من چی کە خەڵخاڵی سەما دەکات یان سانعی نەی دەژەنێت یاخود مەلا مەی دەخواتەوە؟ حیسابی بەهەشت و جەهەننەمی ئەوان لە دەستی مندا نییە، کێ دەڵێت خوداش مۆڵەتی ئەو کارانەی پێ نەداون؟! ئیتر بەم خەیاڵانەوە، ڕێک کاتێک سەید عەبدوڵڵای چێشتلێنەر لە خەو ڕادەبوو، من نوستم.

سەعات ٢:٠٠ی نیوەڕۆ بەخەبەر هاتمەوە، هەموویان شاد و دڵخۆش و ئاسوودە دانیشتبوون و خەریکی گفتوگۆ و باسی ئیسلام بوون، بەهەشتی و خادم و دەسغەیبیش گەڕابوونەوە؛ من دەمگوت، بە دڵنیایی هیچ کەس باسی کارەکانی شەوی ڕابردوویان بۆ ناکات و هەوڵی شاردنەوەی دەدەن، کەچی بە پێچەوانەی بۆچوونەکەم، دوای چەند ساتێک باسەکە گۆڕرایە سەر بەزمی دوێنێشەو! نازانن چۆن بە چێژەوە باسەکانیان دەگێڕایەوە و چۆن کامەکامەی ئەوانیان دەدایەوە و دەیانگوت: "حەیف کە ئێوە نەبوون، تا خۆشترین شەوی ژیانتان بژین."

هەفتە کۆتایی هات و گەیشتینەوە شەوی هەینی، هەمان بەزم و ئاهەنگی ڕابواردن دووبارە بووەوە. بە کورتی، ٢ هەفتە تێپەڕیی و بەبێ ئەوەی من و سەید ئەبولفەزڵ و سەید عەبدوڵڵا بێجگە لە کاروباری شەوەئاهەنگەکان، ئاگاداری هیچ بین و بزانین لە دانیشتنەکانیاندا باسی چی دەکەن، میوانیی ناو باخەکەی حاجی تورابی دۆرچەییش کۆتایی هات و هەر کەسەو بە شوێنێکدا ڕۆیشتن، من و سەید عەبدوڵڵاش بە ڕواڵەت لە زیارەتی مەشهەد گەڕاینەوە و چووینەوەماڵەکانی خۆمان. تەنها گۆڕانکاریی بەرچاو ئەوە بوو، کە جەعفەری شەفیعزادەی قەسابی ٢ هەفتە پێشتر، ئێستا بەو پارانەی لە سەید مەهدی و ئایەتوڵڵا بەهەشتی وەری گرتبوون، بووبووە خاوەنی ٨٥،٠٠٠ تمەنی کاش، کە تا ٢٠ ڕۆژ لەوەوپێش هەر خەونیشی پێوە نەدەدیت.

ئەمانەم بۆیە باس کرد تا تێبگەن کاتێک دەڵێم هەموو شتێک لەو پاشنیوەڕۆ گەرمەکەی هاوینی ١٣٥٤ دەستی پێ کرد، لەخۆڕا نەمگوتووە.

سەید مەهدی هاشمی، کاتی ماڵئاواییمان گوتی کە ڕۆژی چوارشەممەی دادێ، سەعای ٨:٠٠ی بەیانی لە گۆڕەپانی عالی قاپوودا بم تا ئەویش بێت و پێکەوە بچین بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت. تەنانەت نەشیگوت بۆچی دەیەوێت پاسپۆرتم بۆ دەربهێنێت. ڕاستییەکەی، دوای ئەو بەزمەی باخی حاجی توراب، ئیدی بۆ منیش گرنگ نەبوو چی دەکەم و چی ناکەم؛ سەید مەهدی خۆی هەموو شتێکی دەزانیت و ئەو پارەیەش دەدرایە من، وەڵامی هەموو پرسیارەکانم بوو.

کە گەیشتمە ماڵەوە، دایکوباوکم بە جۆرێک شادمان بوون و دەستیان بە سەروڕووی کوڕە لە زیارەت گەڕاوەکەیان دێنا، هێندەی نەمابوو خۆیشم بڕوا بەوە بکەم کە هەر بە ڕاستی لە مەشهەدەوە هاتبمەوە. باسی سەوقاتیی مەشهەد هاتە گۆڕێ و منیش فێڵێکی چاکم دۆزییەوە: هەر یەکەو ١٠٠٠ تمەنییەکی سەوزم دانێ و گوتم: "لە مەشهەد خەونم بینی و ئیمام ڕەزا فەرمووی ئەم پارەیە بگێڕم بە دەوری مەزارەکەیدا و بۆ تەبەڕەک بیدەمە ئێوە." بەم جۆرە هەموو شتێک کۆتایی هات و کاتێک ئەو هەموو شادمانییەم لە ڕوخساری دایکوباوکمدا بینی، بە خۆم گوت بەڵێ، هەر بە ڕاستی، پارە، ئەویش پارەی باهێناو (بادآورده)، دەوای هەموو دەردێکە. بەڵام ئەمڕۆ... ئەمڕۆ کە لە سەرتاسەری جیهاندا لە لایەن حیزبوڵڵاییەکانی ڕژێمەوە لە بەردەمی هەڕەشەی کوشتندام، وا

بیر ناکەمەوە؛ ئەمڕۆ ئامادەم هەموو سەروەت و سامانم بدەم، کە ڕەنگبێ لە میلیۆنانی تێپەڕاندبێ، تا چرکەیەکی ئەو دنیا سادە و بێدەردیسەرییەی قەسابییەکەی جارانمی پێ بکڕمەوە. بەڵام... مەخابن... حەیف و سەد حەیف...

پەیوەندیی من بە سەید مەهدی هاشمییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ نزیکتر و تۆکمەتر دەبوو. ئێستا ئیدی هەموو کەس دەیزانی من دەستم لە کاری قەسابی لە دوکانەکەی باوکم هەڵگرتووە و بوومەتە لێخوڕی سەیارەکەی سەید مەهدی هاشمی. ئەو، بێجگە لەو میوانی و بەزموڕەزمە و پێشنوێژی و وتاربێژییش، هیچ کارێکی تری نەبوو؛ من نەمدەزانی ئەو هەموو پارەیە چۆن و لە کوێ بە دەست دەهێنێت. بۆیشم گرنگ نەبوو، ئەو پارەیەکی چاکی دەدامێ و لەوانەشە بەشی زۆری هۆگرییەکەم بۆی، هەر بە هۆی ئەو پارە زۆرەوە بووبێت کە بەردەوام دەیدامێ.

بە هەرحاڵ، دوای ئامادەبوونی پاسپۆرتەکەی من، پێکەوە بەرەو تاران بەڕێ کەوتین. سەرەتاکانی مانگی ڕەزبەری ١٣٥٤ بوو، من بە ماڵەوەم گوتبوو کە لەژێر کاریگەریی ئامۆژگارییەکانی سەید مەهدی هاشمیدا، بڕیارم داوە بڕۆمە نەجەف و ببمە فەقێ و وانەی ئایینی بخوێنم. پارەیەکی زۆریشم بۆ ماڵەوە دانا. چەند ڕۆژێک لە تاران ماینەوە، پاشان من لەگەڵ غوڵامعەباس تەوەسولی، کە دوای شۆڕش بوو بە سەرۆکی زانکۆی تاران، بە فڕۆکەیەکی ئەیر فرانس بەرەو پاریس چووین. ئەمەیش نەک هەر یەکەمین سەفەرم بوو بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵکو یەکەمین جاریشم بوو سواری فڕۆکە ببم، هەر بۆیە دکتۆر تەوەسولی بە ناچار شێواز و ڕێگەی سواربوون و دانیشتن و دابەزینی لە فڕۆکەدا فێر دەکردم. کاتێک گەیشتینە پاریس، لە خۆشیدا دەستوپێی خۆمم ون کردبوو؛ من لە کوێ و پاریس لە کوێ؟ ئایا ئەگەر سەید مەهدی هاشمی نەبوایە، من هەرگیز دەمتوانی پاریس ببینم؟ نا... هەرگیز!

پاریس بەلامەوە غەریب و سەیر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا چێژم لێ دەبرد، چێژێک کە زۆریشی نەخایاند. هەر زوو نامەیەکیان دایە دەستم و تەوەسولی گەیاندمیە فڕۆکەخانەی ئۆرلی لە پاریس و تێیانگەیاندم دوای ٤٠ ڕۆژ، ئەم شارە جوان و ڕەنگینە بەجێ بهێڵم بەرەو سووریا، واتە شوێنێک کە بڕیار بوو لەبەر خاتری "وەلینیعمەتم"، سەید مەهدی هاشمی، قۆناغی نوێی ژیانمی تێدا دەست پێ بکەم.

لە فڕۆکەخانەی دیمەشقدا، هەر کە لە فڕۆکەکە دابەزیم، لە لایەن چەند سەربازێکەوە پێشوازیم لێ کرا و پاشان گورج سواری سەیارەیەکی سەربازی بەرەو شوێنێکی نادیار کرام. دەمزانی کە بۆ بینینی خولێکی فێرکاریی سەربازی نێرراومەتە ئەوێ، دەمزانی کە دەبێت چاو و گوێم بکەمەوە و فێری چۆنێتیی بەکارهێنانی چەک و تەقەکردن و تەقینەوە و ئەم جۆرە شتانە ببم. ئەمانە کارگەلێک بوون کە دەبا بە خاتر و لەپێناوی سەید مەهدی هاشمیدا فێریان بم و ئەنجامیان بدەم. ٢ ڕۆژێک

له خانوویەکی چۆڵی نزیک دیمەشق دایان نام، دوایی لەگەڵ چەند کەسێکی تری ئێرانی و پاکستانی، بردینیانە ئۆردوگایەکی سەربازیی کۆماندۆ.

دەورانێکی سەخت بوو، سەخت و لە هەمان حاڵدا چێژبەخش. من، کە خۆم بەردەوام جنێوم بە ڕژێمی شا دەدا کە بۆچی گەنجەکان بە زۆر دەکاتە سەرباز و بۆخۆیشم بەخشرام و سەربازیم بۆ نەکرد، ئێستا ناچار بووم ٤ مانگی ڕەبەق لە فێرگەیەکی کۆماندۆدا بمێنمەوە و فێری کاروباری سەربازی ببم، ئەویش نە لەوڵاتەکەی خۆمدا، بەڵکو لە سووریا و بۆ ئامانجەکانی سەید مەهدی. بێجگە لە من، ٣٢ ئێرانیی تریش لەو ئۆردووگایەدا بوون، کە بە پێچەوانەی من، هەموویان خوێندەوار و قوتابیی زانکۆ بوون. لە ناویاندا تەنها ئاستی خوێندنی من لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، کەچی بەم حاڵەشەوە دەیانگوت باشترین کۆماندۆم؛ ئەمەیان قسەی ڕاهێنەرە سوورییەکان بوو. ماوەیەکی پێ چوو، ڕۆژێکیان فەرماندەی ئۆردوگا کە ئەفسەرێکی سووری بوو بە ناوی حامد محەمەد سوودانی، بانگی نووسینگەکەی خۆی کردم. لەوێ بە بەشداریی ئێرانییەکی دانیشتووی سووریا کە بە ڕواڵەت وەرگێڕ و ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئێرانییەکانی ناو ئۆردووگا و سەید مەهدی بوو، پێیان گوتم ئایەتوڵڵا شەمس ئابادی لە ئیسفەهاندا کوژراوە و بەم هۆیەوە سەید مەهدی و چەند کەسێک لە بنەماڵەی من، ئەوانەی نازناوی شەفیعزادەیان هەبووە، گیراون. بۆ چەند ساتێک بە بیستنی ئەم هەواڵە گێژ بووم، پاشان گورج هەندێک پرسیارم لە مێشکی خۆمدا گەڵاڵە کردن تا بە هۆیانەوە باشتر لە بارودۆخەکە تێبگەم و بزانم بە تەواوەتی چی ڕووی داوە. پێیان گوتم کە بەیانییەک لە جادەی دۆرچە تەرمەکەیان بە خنکێنراوی دۆزیوەتەوە و ئیتر کوڕەپوورەکەی من، محەمەد حسێنی شەفیعزادە، کە قوتابیی زانکۆی ئیسفەهان بوو، لەگەڵ خزمێکی ترم بەناوی ئەسەدوڵڵای شەفیعزادە و چەند کەسێکی تر، گیراون و بە هۆی دانپێدانانی ئەوانەوە، سەید مەهدییش گیراوە. فەرماندەی ئۆردووگا هەوڵی دەدا بۆم بسەلمێنێت کە گوایە ساواک ئایەتوڵڵا شەمس ئابادیی کوشتووە، بەڵام من کە خۆم لە ناو کارەکەدا بووم و هەموو شەفیعزادەکانیش هەر خۆم بە سەید مەهدیم ناساندبوون، دەمزانی هاوکێشەکە چۆنە و چۆن میوانی و کۆبوونەوەکانی باخی حاجی تورابی دۆرچەیی گەیشتووەتە ئەنجام. وایان دەزانی من خەمی گیرانی خزمەکانمە، هەرچەندە خەمی ئەوانیشم دەخوارد، بەڵام لە ڕاستیدا خەمی من بۆ ئەوە بوو کە بەپێی بڕیارەکانی پێشوومان لەگەڵ سەید مەهدی، دەبوا من بە زووترین کات بگەڕامایەتەوە قەهدریجان و دوای ئەو پلانە بکەوم کە دەبووە هۆی ڕزگارکردنی ئەوان. هیچ کەس بێجگە من، سەید مەهدی، ئایەتوڵڵا بەهەشتی، محەمەد مونتەزیری و باپیرەی، ئاگاداری ئەو پلانە نەبوو. کاتێک بە حامد محەمەد سوودانیی فەرماندەی ئۆردوگام گوت، کە دەمەوێت بگەڕێمەوە ئێران، زۆر بە جیدی بەرەنگارم بووەوە و گوتی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بەم کارەی من ڕازی بێت و بەپێی ڕێککەوتنەکە، دەبێت ماوەی خولەکەم تەواو بکەم و پاش چەند تاقیکارییەک کە بیسەلمێنێت من تەواو شارەزا و کارامە بووم، ئەوجا دەتوانم بگەڕێمەوە ئێران. دوای ئەم

قسانە، ٢ جار هەوڵێ هەڵهاتنم لە ئۆردووگا دا، بەڵام هەردوو جارەکە هەوڵەکانم شکستیان هێنا و گیرام و هەر جارێکیش بە ماوەی ١٥ ڕۆژ خرامە زیندانی تاکەکەسییەوە.

بە هەرحاڵ، خولەکە کۆتایی هات، ڕۆژێک فەرماندە بانگی کردم و گوتی: "تۆ، گەرچی خوێندەواریت نییە، بەڵام باشترین کۆماندۆی ئەم ئۆردووگایەیت. سبەینێ دەبێت بچیتە تاقیکارییەکی کردارییەوە و بە کردەوە ئەو شتانە ئەنجام بدەیت کە لەسەریان ڕاهێنراویت. ئایا ئامادەیت؟" من، کە وام دەزانی لەسەر ڕاهێنانەکانم تاقی دەکرێمەوە، گوتم: "بەڵێ، ئامادەم." بەڵام کاتێک ڕازی هات، کە وەرگێڕی ئۆردووگا بوو و باسی شتەکەی بۆ کردم، هێندەی نەمابوو لە ترسدا دڵم بوەستێ! من دەبوا سبەینێ ببمە ئەندامی دەستەی مەرگ و ٩ ئەفسەری سووری گوللەباران بکەم! واتە دەبێت دەستم بە خوێن سوور ببێت، ئەویش خوێنی کەسانێک کە نە دەیانناسم و نە دوژمنایەتیم لەگەڵیان هەیە! هیچ چارەیەکم نەبوو، ئەوە نەبێت بڵێم "ئامادەم". هەر لەو پاشنیوەڕۆ گەرمەی هاوین کە سەید مەهدی بەو ٢٠،٠٠٠ تمەنە من و داهاتوومی کڕی، دەبوو بمزانیایە، لەم دنیا ئاوەژوویەدا کە برا بۆ تەنها ١٠٠ تمەن برای خۆی دەکوژێت، ئەم بەخشینە ١٠ و ٢٠ و ٣٠ هەزار تمەنییانە لەخۆڕا نین و ناتوانن بەبێ ئامانجێکی شاراوە بن. من هەوڵ دەدەم بۆ عیبرەت و پەندوەرگرتنی خەڵکانی تر، ئەم بیرەوەرییانەم بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بگێڕمەوە؛ هەوڵی ئەوە نادەم خۆم وەک پاڵەوانێک پیشان بدەم، ڕاستییەکان دەگێڕمەوە تەنانەت ئەگەر تاڵ و زیانبەخشیش بن.

ئەو شەوە، کاتێک لە ژوورەکەی فەرماندە حامد محەمەد سوودانی هاتمە دەرەوە، تا بەیانییەکەی کە لەگەڵ ڕەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەد دەستمان کردە تاقیکاریی تەقەکردن، نە توانیم بنوم و نە چرکەیەکیش لەو بیر و خەیاڵە ئاڵۆزانە ڕزگارم ببێت. ئەوان دەیانویست لەگەڵ دەستەیەکی تایبەتی کوشتندا دەست بدەمە چەک و دڵی مرۆڤێک بکەمە نیشانە، کە نایناسم و تەنها فەرماندەکانی ئۆردووگا بە دوژمنی سووریای دەزانن؛ لە حاڵێکدا من هەرگیز چاویشم پێی نەکەوتووە. ئەم کارە زۆر سەخت و ئاڵۆز بوو، بەڵام لە لایەکی تریشەوە، خۆ من نەهێنرابوومە ئۆردووگا بۆ ڕابواردن و گۆرانیگوتن؛ هەر هەمان ئەو ڕۆژەی کەوتمە ژێر کاریگەریی سەید مەهدی و پێشنیارەکەیم قبووڵ کرد، دەبوو بمزانیایە و قبووڵم بکردایە کە دێمە ئۆردووگایەکی سەربازی تا فێری چەک و شەڕکردن ببم و بکوژم و بکوژرێم. ئێستایش، ئاشکرایە دەبێت بکوژم، خۆ هیچ کوشتنێکیش لەوە ئاسانتر نییە کە بەبێ ئەوەی خۆم بکەومە ژێر هیچ مەترسی یان هەڕەشەیەکەوە، کەسێکی چوارپەل بەستراو بدەمە بەر دەستڕێژی گوللە و بیکوژم. هیچ بەرپرسیاری بەهەشت و دۆزەخی ئەوانیش نەدەبووم، ئەمە کارێک بوو کە سەرۆک ئەسەد فەرمانی لەسەر دەرکردبوو، ئەو دەیویست دژبەرەکانی خۆی بکوژێت، یان بە گوتەی ڕۆژنامەکان، "لە سێدارەیان بدات". چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەبوو، من هەر تەنها ئەرکپێسپێرراوێک بووم و

ئەرکی سەرشانم ئەوە بوو پەنجە بخەمە سەر پەلەپیتکەی چەکەکەم و تەواو؛ باشە ئەم تەقەکردنە لەگەڵ تەقەکردنەکانی پێشوومدا چ جیاوازییەکی بۆ من هەیە؟

بەم خەیاڵانەوە شەوم تێپەڕاند و ڕۆژم کردەوە. بەیانی، دوای چەند تەقەکردنێکی تاقیکارییانە، بە من و ٨ کەسی تریان گوت کە دەبێت بۆ بڕگەی کۆتایی تاقیکاریی تەقەکردنەکە، لە گۆڕەپانە تایبەتییەکە و لە بەرانبەر ڕەفعەت ئەسەد، برای حافز ئەسەددا ئامادە بین. ئەو ٨ کەسە چواریان ئێرانی و دوانیان پاکستانی و دوانی تریشیان ئینگلیزی بوون. دەزانم بە بیستنی ناوی ئینگلیز سەرتان دەسووڕمێت، بۆیە باشترە ڕوونتر پێتان بڵێم کە نەک هەر ئینگلیزی، بەڵکو فەڕەنسی و ئەڵمانی و تەنانەت هەندێک کۆماندۆی ئەمەریکییش لەو ئۆردووگایەدا کاریان دەکرد. دیارە ئەمانە هەر یەکەو ئەندامی گرووپی تایبەتی دژبەری وڵاتەکانی خۆیان بوون، کە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی بوو و دواتر باسی دەکەم، بە پارە و خەرجییەکی زۆرەوە کاری بۆ کۆکردنەوە و هێنانیان بۆ ئەم جۆرە ئۆردووگایانە دەکرد. کەسانێکی زۆر ناسراویش لەم ناوەدا هەبوون، کە بۆ نموونە یەکێکیان لەگەڵ مندا ئەم خولەی بینی، ئەویش بابی ساندەرزی ناوداری ئیرلەندی بوو، کە دواتر بە هۆی مانگرتنەوە لە زیندانەکانی ئیرلەندادا گیانی لە دەست دا.

سەعات ١:٠٠ی پاشنیوەڕۆ، ڕەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەد، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی سووری هاتە گۆڕەپانی ئیعدام و ئەفسەرێک بە ناوی محەمەد عابد ڕافز، کە فەرماندەی دەستەی ئیعدام بوو، هاتە لامان و ئاگاداری کردنیەوە کە خۆمان ئامادە بکەین. ٩ داری ئیعدام لە مەیدانەکە دانرابوون، کە هەر یەکێکیان مرۆڤیلەیەکی پێوە بەسترابووەوە. نێوانی ئێمە تا مرۆڤیلەکان لە ١٥ مەترێک کەمتر بوو. بە لای چەپی مرۆڤیلەکانەوە، ئەو شوێنەی کە دڵی لێیە، نیشانەیەکیان دانابوو، ئێمەیش دەبوو ڕێک لەو شوێنە بدەین. ئەو ڕۆژە و بۆ ئەو کارە، کڵاشینکۆفەکانیان لێ وەرگرتینەوە و چەکێکی نیوەئۆتۆماتیکیی ئەمەریکییان داینێ، کە پێی دەڵێن "ئێم ١". لە کاتی ڕاهێناندا بە جۆرێک فێریان دەکردین کە بکەوینە ژێر کاریگەرییەوە، بۆ نموونە دەیانگوت: "لەبەر ئەوەی ئەو چەند کەسەی کە دەبێت بکوژرێن سیخوڕی ئەمەریکین، زۆر حەیفە بە چەکی وڵاتێکی تر بکوژرێن و وا باشترە هەر بە چەک و گوللەی خودی ئەمەریکا ئیعدام بکرێن." بە فەرمانی فەرماندە محەمەد عابد ڕافز، چۆکمان دادا و پاشان بە فەرمانی "تەقە بکەن"، پەنجەمان بە پەلەپیتکەی چەکەکاندا نا و تەقەمان کرد. نێوانمان کەم بوو، هەر بۆیە ئامانجەکە ئاسانتر دەپێکرا. هەر لەگەڵ تەقەکردنی ئێمەدا، خوێن لەو شوێنەی گوللەی پێ کەوتبوو، بەربووەوە، ئەمەیش بەو واتایە بوو کە ئامانجەکە بە جوانی پێ کراوە. بەڵام دواتر تێگەیشتین کە ئەم کارە تەنها بۆ ئەوەیە ترسمان لە خوێن بشکێت و هیچ چەکدارێک نەکەوێتە ژێر کاریگەریی خوێنەوە. من دەیان جاری تر لە ئێران و لە کاتی ڕاهێنانی کەسانی تردا، ئەم کارەم دووبارە کردەوە؛ کیسەیەکی پلاستیکیمان پڕ دەکرد لە خوێنی گا یان هیی مەڕ و دەمانخستە ژێر جلی مرۆڤیلەکان، دەمانتوانی جۆرە

ڕەنگێکیش بە کار بەرین، بەڵام دەبوو ترسی بکوژەکان لە خوێن بشکێنین، هەر بۆیە خوێنی سروشتیمان بە کار دەهێنا. هێندەی پێ نەچوو فەرمانی هەستانەوەمان پێ درا و ڕەفعەت ئەسەد هاتە لامان و تەقەی لەگەڵ کردین، ئەمەیش وای دەردەخست کە کارەکە بە جوانی ئەنجام دراوە و ئەوان لە ئەنجامەکەی ڕازین. یارییەکانی ئۆردووگا، ڕاهێنانە وردەکان، گوللەبارانکردنی مرۆڤیلەکان کە بە جێی دڵێکی زیندووی پڕ هیوا و ئومێد، کیسەیەک خوێنی مەڕ یان گامێشێکی تێدا دانراوە، لەگەڵ ڕاستیی شتەکاندا… لەگەڵ جەنگی تەواودا… لەگەڵ پێکانی دڵی مرۆڤێکدا کە چ تاوانبار و چ بێتاوان ڕووبەڕووی مەرگ و نەمان بووەتەوە، گەلێک جیاوازە. مرۆڤیلەیەکی پەڕۆیین، تەنهاوتەنها نیشانەیەکە بۆ پێکان. بەڵام مرۆڤێک، مرۆڤێک کە هەزاران هیوا و ئارەزووی لە دڵدایە بۆ ژیان… کە دەیان کەس چاویان لێ بڕیوە و ئەویش چاوی هیوای لە دەیان کەسی تر بڕیوە، تەنانەت گەر بە دیدی کەسانێک تاوانباریش بێت، هێشتاش هەر کوشتنی کارێکی ئاسایی و ئاسان نییە. بۆتانم گێڕایەوە کە تا پێش چوونە لای سەید مەهدی هاشمی، من قەساب بووم، باوکیشم هەر قەساب بوو؛ هەندێک جار ڕۆژانە ١٠ تا ١٥ سەر ئاژەڵمان سەر دەبڕین، بەڵام ئەمە لەگەڵ کوشتنی مرۆڤ زۆر جیاواز بوو. ڕاستە کە من شارەزای کوشتن و سەربڕین و برژاندن بووم، بەڵام مرۆڤکوژ نەبووم. کەچی دواتریش لە گەرمەی شۆڕشدا و بە فەرمانی سەید مەهدی دەستم بە خوێنی زۆر کەس سوور بوو، بەڵام لەو دەمەوبەیانەی ساڵی ١٩٧٧ و لە مەیدانی ئیعدامی ناو سەربازخانەکەی نزیک دیمەشقدا، کە بوومە ئەندامی دەستەی مەرگ، هێشتا دەستم بە خوێنی کەس سوور نەبوبوو.

سەعاتێک پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە، جلوبەرگی تایبەتی سەربازیی سووریایان لە بەر کردین، تەنانەت کردیانە بەر ئینگلیزییەکانیش، ئێمە بە هەموو شێوەیەک وەک سەربازێکی سووریمان لێ هاتبوو، هەمووومان خرابووینە زیلێکی سەربازیی ڕووسییەوە و ئامادەی جووڵان بووین. سەعات ٦:٠٠ی بەرەبەیان کە هێشتا هەوا تاریک و لێڵ بوو، لە زیلەکە دایانبەزاندین. قوربانییەکانیان بە چاوی بەستراو و دەستوپێی کەلەپچەکراو بە دارەکانی ئیعدامەوە بەستبوونەوە. بە ڕواڵەت هەموو مەراسیمەکانی پێش ئیعدام جێبەجێ کرابوون، ئێمە بە فەرمانێکی سەربازی لە بەرانبەر ئەواندا وەستاین، بە فەرمانێک چۆکمان بۆ دادا و بە فەرمانێکیش پەنجەمان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانمان داگرت و تەواو، هەر بەم ئاسانییە! ٥ تەرم بە دارەکانەوە بەربوونەوە و ٤یش هەر بە دارەوە مانەوە؛ فەرماندە محەمەد عابد ڕافز منی هەڵبژارد بۆ ئەوەی گوللەی کۆتایی بە سەریانەوە بنێم، بۆ ئەم کارەش دەمانچەیەکی ئەمەریکییان دامێ. ٩ گوللەم بۆ هەر ٩ تەرمەکە تەقاند، ڕێک لە تەپڵی سەریان. ٢ کەسیان نەبێت، ئەوانی تر بە هەمان گوللەی یەکەم گیانیان ئەسپاردبوو. من هیچ هەستێکی دیاریکراوم نەبوو، نە ناڕەحەت بووم و نە پەژیوان. زۆر دواتر، کاتێک خۆمان لە ئێرانی خومەینیدا ئەم کارانەمان دەکرد، ئینجا تێگەیشتم لەوەی کە هەڵبژاردنی من لە سووریا بۆ دەستەی ئیعدام و پاشان بۆ تەقاندنی گوللەی کۆتایی، بۆچی و بە چ مەبەستێک بووە. دیارە کەسانێکیان بۆ ئەم جۆرە کارانە هەڵدەبژارد کە هیچ بەزەیی و هەستێکیان نەبێت، کوشتنی مرۆڤ و خوێنڕشتن

بەلایانەوە ئاسایی بێت، منیش یەکێک بووم لەو جۆرە کەسانە، لەوانەی کە هیچ ترسێکی لە خوێن و لە کوشتن نەبوو. ڕاهێنەرە سوورییەکانیش لە ناو ٤٠٠ کۆماندۆی ناو ئۆردووگاکەیاندا، منیان بە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە زانیبوو. پاش تەواوبوونی مەراسیمی ئیعدام، ڕاهێنەرەکانی ئۆردووگا پیرۆزباییان لێ کردین و لەوە ڕازی بوون کە ئێمە ئەرکەکانمان بە جوانی جێبەجێ کردبوون. نازانم... لەوانەشە خۆشحاڵیی سەربازە سوورییەکان بۆ ئەوە بووبێت کە لەم دنیایەدا هەندێک گەمژەی وەک ئێمەمانانیان دەست دەکەون کە لەجیاتیی ئەوان خەڵکمان دەکوشت، تا دەستی ئەوان بە خوێنی هاووڵاتییانی خۆیان سوور نەبێت!

بە هەرحاڵ، ئیعدامی ٩ فەرماندەی سووری و دواییش تەقاندنی ١٢ گوللەی کۆتایی بۆ دڵنیابوون لە مردنیان، یەکەمین ئەزموونی من بوو لە کوشتنی مرۆڤدا؛ ئەزموونێک کە دواتر دەیان جار دووبارە بووەوە و تەنها جیاوازییەک هەیبوو، ئەوە بوو کە جارەکانی تر تەقەم لە دڵ و مێشکی هاووڵاتییانی خۆم دەکرد.

خولی ڕاهێنانی سەربازی کۆتایی هات، فەرماندە حامد محەمەد سوودانی و ڕاهێنەرەکانی دیکەی ئۆردووگا هەوڵی زۆریان دا من لەوێ بمێنمەوە و بخرێمە ناو یەکەیەکی کۆماندۆ کە تایبەت بوو بە هێرشکردنە سەر پێگەکانی ئیسرائیل، بەڵام من هەر جارەو بیانوویەکم دێناوە و دەمویست زووتر بگەڕێمەوە بۆ ئێران، چاوم بە دایکوباوکم بکەوێتەوە، پلانەکەی ڕزگارکردنی سەید مەهدی و خزمەکانم لە زیندان جێبەجێ بکەم، زیاتریش دەمویست دڵنیا بم ئایا سەید مەهدی بەڵێنەکەی خۆی بردووەتە سەر کە پێشتر پێی دابووم، تا هەموو مانگێک ٣٠،٠٠٠ تمەن بخاتە سەر حیسابە بانکییەکەم و ئایا دوای دەستگیرکردنی خۆی، پرۆسەکە هەر بەردەوام بوو یان نا؟

ڕۆژێک کە فڕۆکەخانەی دیمەشقم بەرەو پاریس بەجێ هێشت، ئیدی ئەو جەحفەری شەفیعزادەیەی قەسابی قەهدریجانیی جاران نەبووم. ئێستا ئیدی هیچ ترسێکم نەبوو، نە لە زیندان، نە لە کوشتن، نە لە تەقینەوە و تێکدان، تەنانەت گیانەللای مرۆڤە بێتاوانەکانیش هیچ کارێکی تێنەدەکردم. کاتێک فڕۆکەکە بەرز بووەوە، هەستم دەکرد سەربازێک و تەنانەت ژەنەڕاڵێکم؛ ئەمەیان لە ئۆردووگادا فێر کردبووین. زۆر دواتر، لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا، بۆم دەرکەوت کە پێچەوانەی قسەکانی ئەوان، سەربازەکان مرۆڤکوژ نین، تێگەیشتم هیچ سەربازێکی بەشەرەف خوازیاری شەڕ نییە... سەربازەکان خوازیاری ئاشتین... ڕاهێنانی سەربازی دەکەن تا بتوانن ئاشتی بسەپێنن. تێگەیشتم کە کوشتن، تیرۆر، تەقینەوە، وێرانگەری و ئەشکەنجەدان پیشەی تیرۆریستەکانە کە بۆ چەواشەکاری جلوبەرگی سەربازی لە بەر دەکەن... تێگەیشتم کە منی قەساب، کە تەنانەت نەمتوانیبوو بچمە قوتابخانە و بخوێنم، نەک هەر سەرباز نەبووم، بەڵکو تەنها تاوانبارێکی بکوژی بێهەست بووم کە کەسانی تر بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کاریان هێنابووم و یارییان پێ کردووم. دواتر، لە ئێران و لە گەرمەی شۆڕشدا، تێگەیشتم کە لەپێناو پارە و گرێ دەروونییەکانمدا خۆم و شەرەف و ئیمان و خێزان و وڵات و هەموو شتێکی خۆمم فرۆشتووە و کردوومنەتە قوربانیی هەوەسی مەلا کوێردڵەکان. بەڵام بە هەرحاڵ؛ ئەو نیوەڕۆ گەرمەی کە دیمەشقم بەرەو پاریس بەجێ هێشت، پڕ بووم لە حەزی خۆبەزلزانین... هەزاران نەخشە و پلانم لە مێشکدا بوو کە وام دەزانی لەگەڵ گەیشتنەوەم بۆ ئێران و ئیسفەهان، هەموویان بە ئاسانی جێبەجێ دەکەم و نەک هەر سەید مەهدی و خزمەکانم لە زیندان ڕزگار دەکەم، بەڵکو بە بڕینی بانکەکان و هەڕەشە لەو سەرمایەدارانەی ئیسفەهان کە دەمناسین، خۆیشم و هەموانیش دەوڵەمەند دەکەم. کاتێک لە فڕۆکەخانەی ئۆرلی لە پاریس دابەزیم و بە دوای وەرگرتنەوەی جانتاکانم کەوتم، غوڵامعەباسی تەوەسولی و ٣ کەسی ترم بینین کە هاتبوونە پێشوازم و چاوەڕێیان دەکرم. ئەو ٣ کەسەم پێشتر نەدیتبوون، بەڵام ئەمڕۆ هەموویان ناوبانگی جیهانییان هەیە. سادقی قوتبزادە و ئەبولحەسەنی بەنی سەدر و حەسەنی ئیبراهیم حەبیبی، ئەو ٣ کەسە بوون کە هاتبوونە فڕۆکەخانە بۆ پێشوازیم. سواری سەیارەیەکی پژۆ بووین کە قوتبزادە لێی دەخوڕی. لە ڕێدا تەوەسولی بۆی باس کردم کە ناردنی من بۆ ئۆردووگاکەی دیمەشق بە پێشنیار و هاوکاریی سادقی قوتبزادە بووە.

پێکەوە چووینە نووسینگەکەی قوتبزادە لە شەقامی کلێشیی پاریس. دواتر زانیم ئەم نووسینگەیە نزیکی گەڕەکە خراپەکەی پاریس، پیگاڵە و قوتبزادە کە بە ڕواڵەت گەنجێکی ئیسلامی بوو، ئەم شوێنە بە کار دەهێنێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ سۆزانییەکانی پاریس و دابەشکردنی ئەو تلیاکەیشی کە لە ئێرانەوە لە لایەن سەید مەهدی هاشمی و لە دۆسلدۆرفەوە لە لایەن سادقی تەباتەباییەوە دەنێررا. هەموو ئەم شتانە لە شوێنی خۆیاندا بە وردی باس دەکەم.

به هەرحاڵ، کاتێک گەیشتینە نووسینگەکەی قوتبزادە، پێش خواردنەوەی ئەو چایەی کە حەبیبی لێی نابوو، زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا. قوتبزادە هەڵی گرت و پاش کەمێک چاکوچۆنی، دایە دەستی منەوە و گوتی: "قسە بکە!" بە سەرسووڕمانەوە لێم وەرگرت؛ دەنگی داودی زاوام کەوتە گوێم، هەمان ئەو کەسەی گوایە دوای من و لەجیاتیی من، لە بەردەستی باوکم لە قەسابییەکەماندا ئیشی دەکرد. زۆر خۆشحاڵ بووم، داود گوتی کە لەگەڵ دایکوباوکم سەردانی مەشهەدیان کردووە و ئێستا لە تارانن و شەو بەرەو ئیسفەهان دەگەڕێنەوە. دوای ئەو قسەم لەگەڵ دایکم و باوکم کرد، باوکم گوتی: "بەڕێز پەروەرش هەموو مانگێک سەردانمان دەکات و بە ناوی تۆوە ۱۰،۰۰۰ تمەنمان بۆ دەهێنێت، چی بەم پارانە بکەین؟" پرسیم: "ئایا هیچ پەیخامێکی تر نادات؟" گوتی: "با، گوتوویەتی ئەگەر قسەمان لەگەڵ کردی، پێت بڵێم کە ئەمانەتەکە ئێستا گەیشتووەتە ۲۰۰،۰۰۰ تمەن." خەریک بوو لە خۆشیدا باڵم لێ بڕوێت؛ من ٤ مانگ لە دیمەشق بووم و ئێستا سەرەڕای مانگانەی ۱۰،۰۰۰ تمەن بە دایکوباوکم، خۆیشم بوومەتە خاوەنی ۲۰،۰۰۰ تمەن لە بانکی وێستگەی یەخچاڵی ئیسفەهاندا. بە باوکمم گوت: "ئەو ۱۰،۰۰۰ تمەنە هیی خۆت و دایکمە، هەر جۆر حەزتان لێیە بە کاری بەرن." باوکیشم شاگەشکە بوو، پێدەکەنی و کەوتبووە گاڵتە و قسەی خۆش کردن. دایکم، بە هۆی دەوڵەمەندبوونی کوڕەکەیەوە شوکرانەی زەمین و زەمانی دەکرد، بە تایبەتی زۆر دڵخۆش بوو لەوەی کە خەرجیی سەفەرەکەیان بۆ مەشهەد لەسەر ئایەتوڵلا تاهیری بووە، هەر ئەویش بە تایبەتی پێی گوتووین ئاگادارت بکەینەوە کە بەڕێزیان حەزرەتی ڕەزای لە خەوندا بینیوە کە فەرموویەتی: "لەبەر خزمەتەکانی جەعفەر بە ئیسلام، دەبێت دایکوباوکی بێنە زیارەتی من." هەر لەگەڵ گەیشتنم بە پاریس، هەموو ئەم هەواڵە خۆشانەم پێ گەیشت. بە داودم گوت هەموو مانگێک ۱۰۰۰ تمەن لە باوکم وەربگرێت. باوکم پرسیی ئایا ئاگاداری کێشەکەی سەید مەهدی هەم؟ گوتم: "بەڵێ." گوتی: "ئەگەر دەتوانی، جارێ ماوەیەکی تریش هەر لەوێ بە تا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، هەرچی درەنگتر بگەڕێیتەوە باشترە."

سەعاتێک دوای ئەوە، کاتێک لەگەڵ تەوەسولی و قوتبزادە و بەنیسەدردا کەوتینە گفتوگۆ، دەرکەوت کە بۆچی دایکوباوکم تەلەفۆنیان کردووە. ئەوان وایان بیر کردووەتەوە کە من بمەوێ گورج بگەڕێمەوە ئێران، ئەمەیش کارێکی پڕ مەترسییە و نابێت وا بکەم، هەر بۆیە داوای لە پەروەرش کردووە کە هەمان سەرەتای گەڕانەوەم لە دیمەشق، بتوانن پەیوەندیم پێوە بکەن و پێم بڵێن کە نابێت بگەڕێمەوە ئێران. ڕاستیت دەوێت، ئەو جۆرە شتانە بەلای منەوە گرنگ نەبوون، گرنگ ئەوە بوو کە پارەکە بەردەوام و تەنانەت زیاتر لەوەی بیرم لێ دەکردەوە، دەخرایە سەر حیسابەکەم و دۆخی دایکوباوکم و بنەماڵەکەشم زۆر باش بوو، ئێ خۆ پاریسیش شوێنێک نەبوو کە مرۆڤ تێیدا بێتاقەت ببێت. کۆبوونەوەکەی ئەو ڕۆژەی ئێمە، من و تەوەسولی و قوتبزادە و بەنیسەدر و حەبیبی، تا سەعات ۱:۰۰ی نیوەشەوی خایاند. بڕیار بوو تەوەسولی بگەڕێتەوە ئێران، ئەو، لەو ماوەیەی من لە دیمەشق بووم، ۳ جرا چووبووە ئێران و گەڕابووەوە. ئەو شەو و ڕۆژە،

میوانداره پاریسییەکان زۆر پێم ڕاگەیشتن و خزمەتیان کردم. گوترا لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ گەیشتنەوەم بۆ ئێران، گورج بە تاوانی بەشداری لە کوشتنی ئایەتوڵڵا شەمسئابادی دەگیرێم، وا باشترە ماوەیەک هەر لە پاریس بمێنمەوە و ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژێکی تر لەگەڵ قوتبزادە سەردانێکی لیبیا بکەین. بۆ من هیچ جیاوازییەکی نەبوو لە کوێ بم، ئێستا ئیدی سوارکارێکی سەرمەست بووم کە لە دوکانچەی قەسابی ڕزگاری بووە و سەروکاری لەگەڵ خەڵکانی ناودار و پلەبەرزدا هەیە. تەنها پرسیار ئەوە بوو کە ئایا لەبەر ئەوەی لێرە یان لە لیبیا پارەم نییە، دەبێت پارەکەی ئێرانم ڕابکێشمە ئێراە لای خۆم؟ قوتبزادە پێکەنیی و ئاماژەیەکی دایە حەبیبی، حەبیبی گوتی: "سبەی لەگەڵ سەلامەتیان دەچیتە بانک، حیسابێک دەکەیەوە و ئیدی تا لێرەی هیچ کێشەیەکەت نابێت. لە لیبیایش ئەوە تۆ میوانی ژەنەڕاڵ قەزافییت و تەواو."

ئەمڕۆ زۆر شت لام بووەتە گاڵتەجاڕی، بەڵام ئێوەیش ئەگەر لەو کات و ساتەدا خۆتان بخەنە جێی من، دڵنیام هەمان حاڵی ئەو ساتانەی منتان دەبێت؛ شاگرد قەسابێکی قەهدریجانی، لەناکاو دەبێتە پیاوێک کە سەفەری پاریس و سووریا و لیبیا دەکات... کەسێک کە لە سەربازێکی سادەی نەجەفئابادییش دەترسا و هەزار جۆرە کڕنۆش و ماستاوی بۆ دەکرد، ئێستا وای لێ هاتووە لە لیبیادا میوانی سەرۆککۆمار بێت! دەی ئەم هەموو ئاڵوگۆڕە هەموو کەسێک تووشی سەرسامی و لووتبەرزی دەکات و دیارە منیش زیاتر.

ئەو شەوە، ئەوە شەوەی گەیشتمە پاریس، هەر لەوێ حەوامەوە، هەر لە نووسینگەکەی قوتبزادە. قوتبزادە گوتی: "ئەم ژوورە هیی تۆیە و تا ڕۆژێک لە پاریس دەبیت، هەر لێرە دەژیت." نووسینگەکەی قوتبزادە ٣ ژووری هەبوون، دوانیان مێز و کورسی و دەزگای چاپیان لێ بوو، یەکێکیشیان کرابووە ژوورێکی نوستن بە هەموو پێداویستییەکانیەوە.

سەعات ٠٩:٠٠ی بەیانی بە بیستنی دەنگەدەنگ لە خەو هەستام، وام زانی زۆر درەنگە، هاوڕێیان هاتوون و فەرمانبەرەکانی نووسینگەی قوتبزادەیش خەریکی کاروباری ڕۆژانەیانن، هەر بۆیە دەرکەی ژوورەکەم کەمێک ترازاند تا ئاگاداری بارودۆخەکە بم. بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دیتم کچێکی بەژنبڵندی قژزەردی شۆخوشەنگ خەریکی ئامادەکردنی مێزەکەیە بۆ نانی بەیانی. دەرکەم پێوە دا، خۆم کۆ کردەوە و کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی چۆنچۆنی لەگەڵ ئەم کچۆڵە فەڕەنسییەدا قسە بکەم. من بێجگە لە فارسی، ئەویش بە دیالێکتی نەجەفئاوایی و کەمێکیش عەرەبی کە لە سووریا فێری بووبووم، هیچ زمانێکی ترم نەدەزانی، هەر بۆیە بڕیارم دا لە ژوورەکەم بمێنمەوە تا قوتبزادە یان هەر کەسێکی تر دەگات کە فارسی بزانێت و من بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم. بەسەر قەرەوێڵەکەوە دانیشتم، هێشتاش هەر لەو بیرانەدا بووم کە دەرکە کرایەوە، کچە فەڕەنسییەکە هاتە ژوورێ، بە فارسی و هەڵبەت بە دیالێکتەوە سڵاوی لێ کردم، منیش سڵاوم لێ کرد. گوتی نانی

بەیانی ئامادەیە، منیش هەستام و چوومە ژوورەکەی تر و پێکەوە دەستمان کردە خواردنی نانی بەیانی. دەرکەوت ماوەی ٦ ساڵە لەگەڵ قوتبزادە کار دەکات و فارسییش هەر بە هۆی ئەوەوە فێر بووە. ناوی بئاتریسە؛ گەلێک هەوڵم دا و دووبارەم کردەوە تا ناوەکەیم ئەزبەر کرد. سەعات ١١:٠٠، قوتبزادە و حەبیبی و سەلامەتیان هاتن، دوای کەمێک چاکوچۆنی، پێیان گوتم دەبێت لەگەڵ سەلامەتیان برۆین بە دوای کارەکانی مندا. پێش ئەوەی بچینە دەرەوە، سەلامەتیان بە بەرچاوی ئەوانەوە، ٥٠٠٠ فرانکی فەرەنسیی وەک خەرجی پێ دام و گوتی: "با جارێ ئەوەت پێ بێت، ئێستایش دەچینە بانک و حیسابێکت بۆ دەکەینەوە و ١٠،٠٠٠ فرانکی بۆت تێدەخەم." هەر لە نهۆمی ژێرەوەی هەمان بینادا، ئۆفیسێکی بانکی کرێدیت لیۆنەی لێ بوو، سەلامەتیان هەر لەوێ حیسابێکی بۆ کردمەوە. پاشان چووینە بازاڕێکی نزیکی ئەوێ و ٢ قاتی فەرەنسییشی بۆ کڕیم، هەر خۆیشی پارەی هەموو شتەکانی دا. لەگەڵ سەلامەتیاندا ئاسوودە بووم، ئەویش ئیسفەهانی بوو؛ بە ئاسوودەیی دەمانتوانی هەموو ڕۆژەکە پێکەوە باسی ئیسفەهان و ئەو کەسانە بکەین کە هەردووکمان دەمانناسین.

سەعات ٣:٠٠ی پاشنیوەڕۆ، سەلامەتیان منی گەیاندەوە پێش دەرکەی نووسینگەکەی قوتبزادە، خۆی بە دوای کارێکدا ڕۆی و گوتی سبەی دەمبینێتەوە. بۆ یەکەم جار خۆم لە پاریسدا بە تەنیا بینی؛ لەخۆڕا گوتم با پیاسەیەکی بۆ بکەم و کەمێک ئاشنای ئەم دەوروبەرە ببم. هەندێک هاتوچۆم کرد، کەمێک سەیری بازاڕم کرد، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەک ون ببم، هیچ دوور نەکەوتمەوە و هەر زوو گەڕامەوە. نزیکەی سەعات ٤:٠٠ بوو خۆم گەیاندەوە ئاسانسێری بیناکە، تا لەوێوە بگەمە نهۆمی چوارەم. بەو کلیلەی هەر دوێنێشەو قوتبزادە پێی دابووم، دەرکەم کردەوە. کەسی لێ نەبوو، وام زانی کار تەواو بووە و هەموان ڕۆیشتوون. لە حاڵێکدا گۆرانییەکی گۆرانیبێژی میسری فەیرووزم لە ژێر لێوەوە دەگوتەوە، دەرکەی ژووری نوستنم کردەوە. بەڵام ئەوەی کە بینیم، وشکی کردم: قوتبزادە، شۆرتێکی لە پێدا بوو و بەسەر تەختەکەوە ڕاکشابوو، بئاتریس ڕووتوقووت، پشت بە دەرگاکە نووشتابووەوە بۆ هەڵگرتنی چەرخ و داگیرساندنی جگەرەکەی دەمی. بە تەریقبوونەوە و شەرمێکەوە ویستم پشتاوپشت بگەڕێمەوە، کەچی دەنگی قوتبزادەم بیست: "بۆ کوێ... وەرە ژوورەوە، ئێرە ئەورووپایە..." هێشتا لەو شەرم و سەرسامییە دەرنەهاتبووم کە دیتم، بئاتریسیش ئاوڕی دایەوە، بەبێ هیچ شەرمێک و بە پێکەنینەوە بەرەو ڕووم هات و ٤ جار ماچی کردم و گوتی: "چییە، بۆ شەرم دەکەیت؟!"

ڕەنگە بڕوام پێ نەکەن، بەڵام ئەمە یەکەم جارم بوو لە هەموو ژیانمدا ژنێک، ئاوا بە ڕووتوقووتی ببینم. ئەوان ڕووت بوون و من شەرمم دەکرد. سەرم داخستبوو و قوتبزادە و بئاتریسیش هەر وا پێدەکەنین. دواجار قوتبزادە بە فەڕەنسی شتێکی بە بئاتریس گوت، ئەو چووە دەرەوە و قوتبزادەیش خۆی گورج کردەوە.

هێندەی پێ نەچوو بارودۆخ بە تەواوەتی ئاسایی بووەوە، وەک بڵێیت هەر هیچ شتێک ڕووی نەداوە. بئاتریس پۆشتەوپەرداخ لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو، من و قوتبزادە و حەبیبییش کە تازە گەیشتبوو، خەریکی گفتوگۆیەکی گەرم بووین. قسەکان زیاتر لەمەڕ ئۆردووگای دیمەشق بوون. ئەوان دەیانویست قسەم لێ بکێشنەوە، منیش بەلامەوە هیچ گرنگ نەبوو، بۆیە هەرچی ئەوان دەیانپرسی، بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە وەڵامم دەدانەوە. ئەم گفتوگۆیانە چەندین ڕۆژیان خایاند و بەردەوام دووبارە دەبوونەوە. لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی یەکەمی مانەوەم لە پاریسدا، بێجگە لە جارێک کە لەگەڵ سەلامەتیان بۆ وێنەگرتن ڕۆیشتینە دەرەوە، هەموو کاتەکانم لەگەڵ قوتبزادەدا بە ڕابواردن بەسەربردن؛ ڕابواردنێکی ڕاستەقینە بە واتای وشە. بئاتریس بە پێشنیاری قوتبزادە یەک لە هاوڕێکانی خۆی هێنا کە ناوی پاتریسیا بوو و بە منی ناساند، کە بە ڕواڵەت من فێری زمانی فەڕەنسی بکات. بەڵام هەر لە هەمان سەرەتاوە کارمان گەیشتە ڕابواردن و جووتبوون. گەرچی کەمە کەمەش فێری زمان دەبووم، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کاتمان بە ڕابواردن و سووڕانەوە لە کافێ و ڕێستورانتەکانی پاریس و دەوروبەریدا تێدەپەڕی.

هەندێک جار لەگەڵ قوتبزادە و جار جارەش سەلامەتیان دەچووینە فرۆکەخانەی شارڵ دۆگوڵ و هەندێک ئەمانەتیمان لەو گەشتیارانە وەردەگرت کە لە لەندەن یان ئەڵمانیاوە دەهاتن. ئەم ئەمانەتیانە بریتی بوون لە ٥ تا ٢٠ لوولەی تلیاک. ئەم تلیاکە، مشتەریی تایبەتی خۆی هەبوو، سەرەتا لەگەڵ قوتبزادە یان سەلامەتیان و دواتر هەر خۆم بە تەنیا دەمبرد و دەمگەیاندە دەستیان. یەکێک لەم مشتەریگەلە، سەید جەلال تارانی بوو، کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شۆڕشدا بووبووە سەرۆکی شوورای پادشایەتی. دواتریش لە سەفەرێکیدا بۆ پاریس، پلانێکیان بۆ دانا و بە ناچار دەستلەکارکێشانەوەیان پێ نووسی و دایانە خومەینی؛ بە کاتی خۆی باسی ئەویش و سەنجابییش دەکەم.

قوتبزادە خۆی تلیاکی نەدەکێشا، بەڵام لە خواردنەوە و پەیوەندیی سێکسی، بە تایبەت لەگەڵ ژنە سۆزانییە بەڕەڵاکاندا حەشری دەکرد. یەک لە بەرنامە هەمیشە بەردەوامەکانی ئەو و حەبیبی کە دواتر منیشی پێ زیاد بووم، چوونە سینەما و بینینی فیلمە سێکسییەکان بوو. سەرەتاکان من حەزم لێ نەبوو، بەڵام هەر زوو پێی ڕاهاتم و بە جۆرێک وابەستەی بووم و خووم پێوە گرت، کە ئەگەر ڕۆژێک لە نێوان سەعات ٣:٠٠ تا ٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆدا نەچووباینە یەکێک لە سینەماکانی دەروبەری پیگاڵ، زویر و تووڕە و بێزار دەبووین. دوای هاتنەدەرەوەش لە سینەما، دیار بوو: هەرچی فێر بووبووین، قوتبزادە لەگەڵ بئاتریس و من لەگەڵ پاتریسیا دووبارەمان دەکردەوە. حەبیبی، لەبەر ئەوەی هاوڕێی کچێکی ئێرانی بوو، نە بە ئێمەی دەناساند و نە دوای سینەماش لەگەڵمان دەهاتەوە بۆ نووسینگەکە.

لەم گەرمەی ڕابواردنەدا، کە پێم وابێت بۆ من زیاتر لە هەموویان خۆش بوو، ڕۆژێکیان قوتبزادە ئاگاداری کردمەوە کە "بەم زوانە بەرەو لەندەن بەڕێ دەکەویت، تا لەوێوە بڕۆینە لیبیا".

بەیانییەک کەوتینە ڕێ بەرەو لەندەن، ٣ سەعات لە فڕۆکەخانەی هیس ڕۆ چاوەڕوان بووین تا سەرئەنجام فڕۆکەیەکی لیبیایی هات و بەرەو تەرابلۆس بەڕێ کەوتین. شتێک کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوە بوو کە چەند خولەکێک دوای بەرزبوونەوەمان، میوانداری فڕۆکەکە شتێکی بە گوێی قوتبزادەدا چرپاند و ئەویش هەستا و پێکەوە چوونە کابینی فڕۆکەوان. ئەمە یەکەم جار بوو کە من، هەڵبەت بە هۆی هاوسەفەرەکەم، واتە قوتبزادەوە، لە پێشەوەی فڕۆکە دانیشتبووم و دیارە میوانداریيەکی شاهانەم لێ دەکرا. قوتبزادە گەڕایەوە و بینیم زۆر خۆشحاڵە. کاتێکیش لە تەرابلۆس دابەزیین، نەچووینە بەشی گومرک و کۆنترۆڵی پاسپۆرت و ئەم شتانە، بەڵکو هەر زوو چاومان بەو مارسیدێسە ڕەشە کەوت لە پێش پلیکانەی فڕۆکەکەدا وەستابوو. پێکەوە سەرکەوتین و لەگەڵ چەند پلەدارێکی سەربازی بەرەو شوێنێکی نادیار گواستراینەوە. جیێبێکی سەربازی و ئەمبولانسێک بە دوامانەوە بوون. هەڵسوکەوتی لیبیاییەکان لەگەڵ قوتبزادەدا لە ئاستی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سەرۆکی وڵاتێکدا بوو. هەڵبەت ئەم قسانە بەپێی ئەو شتانە دەکەم کە دواتر فێریان بووم، ئەگینا ئەو کاتانە تاکە شتێک سەرنجی منی ڕادەکێشا و بەلامەوە گرنگ بوو، چۆنێتیی و جیاوازیی ئەم یارییانە بوو و ئیتر هیچ ئاگام لە ئاستی و بەراوردکردنیشیان نەبوو.

لیبیا، هەر لەو یەکەم ڕوانینەمدا نەنیشتە دڵمەوە؛ من چاوەڕوانی بینینی وڵاتێکی خۆش و ئاوەدان بووم، بەڵام ئەو شتەی بینیم، شارێکی بچووک بوو کە تازە خەریک بوو دۆخی گوندی تێدەپەڕاند، ئەمەیش جیاوازییەکی زۆر زۆری لەگەڵ ئەو شتەدا هەبوو کە لە پاریس و دیمەشق لەمەڕ ئەم وڵاتە پێیان گوتبووم. ئێمە براینە هۆتێلێکی ئەمەریکی، هۆتێلێک کە ناوەوەی لەگەڵ ڕووکاری دەرەوەیدا گەلێ جیاواز بوو؛ دەرەوەی ئەم هۆتێلە، هەموو شتێکی حاڵەتی گوندێکی هەبوو، بەڵام لە ناوەوەیدا شکۆیەکت دەدیت کە تەنانەت لە هۆتێلەکانی پاریسیش و لای پاتریسیا و قوتبزادەیش وێنەی نەبوو. چەند خولەکێک کە وەستاین تا ژوورەکانمان دیاری بکرێن، هێندە ئەمەریکیم بینین کە تەنانەت لە ئیسفەهانیش کە پێگەی سەرەکیی ئەمەریکییەکان بوو، نەمدیتبوون. بۆ ساتێک بیرم لەوە کردەوە کە باشە بۆچی هەموو کەس درۆ دەکات؟ ئاخوندەکان لە مینبەردا نەفرەت لە فسق و فجوور دەکەن، کەچی خۆیان لە میوانیی باخی حاجی تورابی دۆرچەییدا باڵاترین دەستیان لە فسق و فجووردا هەیە، خەڵخاڵی دەبێتە سەماکەر و سانعی تەپڵژەن و ئەوانی تریش دەبنە قەهارترین عارەقخۆر... قەزافی شەو و ڕۆژ هاواری دژی ئەمەریکای بەرزە، کەچی وڵاتەکەی لێوڕێژە لە یانکییەکان... وەک هەمیشە، بیرکردنەوەکانم کورتخایەن بوون و بە دەنگی قوتبزادە کە گوتی "یەڵڵا با بڕۆین"، لێک پچڕان. ژووری من و قوتبزادە دیوار بە دیوار بوو، هەڵبەت ژوورەکەی ئەو گەلێک ڕازاوەتر بوو، لە ٢ بەش پێک هاتبوو، یەکیان بۆ نوستن و ئەوی تریان بۆ پێشوازی و میوانداری. ژوورەکەی منیش باش بوو، بەڵام ئەو بەشەی دووەمی نەبوو. هەر کە جانتاکانمان کردەوە، قوتبزادە گوتی دەچێتە سەردانی عەبدولسەلام جەلود، کە پاش قەزافی کەسی دووەمی لیبیا بوو. گوتیشی هیچ نیگەرانی من نییە، چونکە عەرەبی دەزانم و پەکم ناکەوێت و دەتوانم هەر کاتێک

ویستم، بڕۆمە ڕێستورانتی هۆتێل و داوای شتێک بکەم، بەڵام هۆشداریی دامێ کە زۆر لەگەڵ خەڵکی تر قسە نەکەم و تێکەڵ نەبم، گوایە ژەنەڕاڵ قەزافی زۆر حەزی بە چارەی ئەو کەسانە نییە کە جموجووڵ و قسەوباس و ئەملاولایان زۆر بێت. پاشان گوتی: "تا دەتوانی بخۆ و بخەوە، سبەینێش تا سەعات ١١:٠٠ هەڵمەستە، چونکە لەوانەیە من درەنگوەخت بگەڕێمەوە و بمەوێت زۆرتر بنوم." قوتبزادە هەندێکی تر درێژەی دایێ کە ئێرە وەک پاریس یان تەنانەت سووریا نییە و دەبێت زۆر زۆر ئاگادار بین و... ئەم جۆرە قسانە. ڕاستییەکەت بوێ، پایتەختەکەی قەزافی وا زەوقی کوشتبووم، کە هەر خۆیشم بێجگە لە خەوتن، تاقەتی هیچی ترم نەبوو. قوتبزادە ڕۆی و من خۆم هاویشتە سەر قەرەوێڵەکە و کەوتمە بیری پاتریسیا؛ ئاخر ١٥ شەو لەگەڵی ژیابووم!

بەیانی سەعات ٦:٠٠ لە خەو هەستام، کەوتمەوە بیری قسەکەی قوتبزادە کە گوتبووی لەوانەیە درەنگ بگەڕێتەوە، بۆیە لەجیاتیی ئەوەی لە دەرکەی ژوورەکەی بدەم، یەکسەر چووم بۆ ڕێستورانتەکە تا خۆم بە تەنێ یەکەمین نانی بەیانیم لە لیبیادا بخۆم. ڕێستورانتەکە پڕی بوو لە ئەمەریکی. لەسەر مێزێک دانیشتم و داوای خواردنێکی چاکم کرد، خواردنێک کە ئەگەر خۆم پارەکەیم بدایە، بۆم قووت نەدەدرا! بەڵام بە هەرحاڵ، لەو ماوەیەدا فێری ئەوە بووبووم کە مادام خۆت پارە نادەیت، هەرچی دەتوانیت لۆرتبازی دەربهێنە، تا لای میواندارەکانت گەورەتر و گرنگتر بنوێنیت؛ ئەمە وانەیەک بوو کە قوتبزادە فێری کردبووم.

خەریکی خواردنی نانی بەیانی بووم کە بڵندگۆی هۆتێل، یەکەم جار بە عەرەبی و دواییش بە ئینگلیزی کە من هیچی لێ تێنەگەیشتم، ناوی منی هێنا و بانگی کردم. خواردنەکەم تەواو نەکرد و بەرەو بەشی پێشوازیی هۆتێل چووم. بە سەرسووڕمانەوە بینیم قوتبزادە و ٢ فەرماندەی سەربازیی لیبیا لەوێ وەستاون و چاوەڕێم دەکەن. قوتبزادە گوتی: "تەلەفۆنی ژوورەکەتم لێ دا و هەڵت نەگرت، بۆیە منیش نیگەران بووم." گوتم: "ویستم تا تۆ دەگەڕێیتەوە، من نانی بەیانی بخۆم." پێکەنیی و گوتی: "کەواتە با هەمووومان پێکەوە نانێک بخۆین." گەڕاینەوە سەر مێزەکە و ئەوانیش داوای خواردنیان کرد. قوتبزادە پاش کەمێک گاڵتە و قسەی خۆش، هەروەک هەمیشە وا بوو، ١٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکیی دامێ و گوتی کە ناچارە بۆ ئەنجامدانی کارێکی گرنگ بچێتە دیمەشق و هەفتەیەکی پێ بچێت. گوتم: "منیش دێم؟" گوتی: نا... تۆ دەبێت لێرە بمێنیتەوە، ئیشێکیان پێتە، ئیشێکی زۆر گرنگ کە تۆیش دەبێت ئەنجامی بدەیت و بە چاکییش ئەنجامی بدەیت." گوتم: "باشە... چ کارێکە من دەبێت بیکەم؟" گوتی: "منیش بە تەواوەتی نایزانم، ئەم ٢ فەرماندەیە دەتبەنە فەرمانگەی ئاسایش و لەوێ تێتدەگەیەنن. پێم وایە کاری لێپێچینەوە بێت." بە پەلە گوتم: "لێپێچینەوە لە من؟!" بە پێکەنینەوە گوتی: "نا... تۆ دەبێت لێپێچینەوە لە ئێرانییەکی دەستگیرکراو بکەیت جەنابی قازیولقوزات!" قاقا پێکەنیی و پاشان گوتی: "لە ڕاستیدا تۆ دەوری وەرگێڕ دەبینی، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆماندۆیەکی ئازا و لێوەشاوەیت، هەر دەبێت لێپێچینەوەکە

زۆر بە چاکی بەڕێوە بچێت." لێیم پرسی: "باشە، ئەی لە کوێ دەمێنمەوە؟ هەر لێرە یان لە شوێنێکی تر؟" قوتبزادە لەگەڵ فەرماندە لیبییەکان قسەی کرد و پاشان پێی گوتم: "هەر لێرە، تا من دەگەڕێمەوە تۆ هەر لەم هۆتێلە نایابەدا دەژیت، وەک بەڕێوەبەرێک وایت... بەیانیان دێنە دوات و دەتبەن و دوای ئیشەکانیشت دەتگەڕێننەوە ئەم خانووە جوانەت." گوتم: "هیچ جیاوازییەکی بۆ من نییە." قوتبزادە پێکەنیی و گوتی: "پێدەچێت بیری پاتریسیا بکەیت..." منیش لەگەڵی پێکەنیم.

دوای سەعاتێک قوتبزادە بەرەو ژوورەکەی و من و ٢ ئەفسەرە لیبییەکەش بە جیپێکی ئەمەریکی بەرەو فەرمانگەی ئاسایش بەڕێ کەوتین. لەوێ ٢ ئێرانیم بینین، قوتابیی زانکۆ بوون، یەکیان ناوی چاپچی و ئەوی تریان ئەحمەدی بوو، ئەو ڕۆژە تا نیوەشەو هەردووکیان خەریکی ڕاهێنان و فێرکردنی من بوون تا زیاتر ئاشنا و شارەزای چۆنێتیی ئەو کارە ببم کە بڕیار بوو ئەنجامی بدەم، ئەویش بریتی بوو لە هەندێک بەڵێن و بڕیار کە دەبوو ئەزبەریان بکەم و لە کاتی لێپێچینەوەکەدا بە کاریان بەرم. فێریان دەکردم کەی دەبێت تووڕە ببم، کەی خۆم ئارام و میهرەبان بنوێنم... تا کوێ لەسەری بڕۆم و چۆن هەر کاتێک بێزار بووم یان کەمم هێنا، کۆتایی بە لێپێچینەوەکە بهێنم و نیشانەکان بۆ هەر کام لەو کارانە کامە بن و...

ژووری لێپێچینەوە ٢ بەش بوو، بەشێکی نهێنی بوو و بێجگە لە خۆمان کەسی تر پێی نەدەزانی، بەشەکەی تر کە دەبووە ژووری سەرەکیی لێپێچینەوە، ژوورێکی ئاسایی بوو کە مێزێکی دارین و ٤ کورسیی تێدا دانرابوون. کاتێ تێیدا دادەنیشتی، زۆر سادە و ئاسایی دەهاتە پێشچاو، بەڵام کە دەچوویتە ژوورە شاراوەکە، لە ٢ لاوە دەکرا ناو ژوورەکە ببینرێت، بە واتایەکی تر، کاتێک من خەریکی لێپێچینەوە دەبووم، نە من و نە ئەو کەسەی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرا، نەماندەدیت و نەماندەزانی لە ژوورە شاراوەکەوە سەیر دەکرێین و هەموو شتێک لەوێوە کۆنترۆڵ دەکرێت. هەردوو لای ژوورەکە لە زەوییەوە بۆ بنمیچ، یەکپارچە ئاوێنە بوو، بەڵام ئەم ئاوێنەیە لە ژوورە شاراوەکەوە دەبووە شووشە و زۆر بە جوانی ناو ژوورەکە دەبینرا، دیارە ئامێرەکانی تۆمارکردن و وێنەگرتنیش هەر لەو ژوورە شاراوەیەدا جێگیر کرابوون و کاریان پێ دەکرا. چاپچی و ئەحمەدی دەقی پرسیارەکانیان دەدامێ، منیش ئەزبەرم دەکردن و دەچوومە ژوورەکە و لەو کەسەم دەپرسینەوە کە هێنرابوو بۆ لێپێچینەوە. ئەگەر وەڵامی بدایایەتەوە، ئەوە هیچ. خۆ ئەگەر وەڵامی نەدابایەوە، ئەوا بەو جۆرەی لە ئۆردووگای دیمەشق فێر کرابووم، دەبوو بە زۆر بە قسەم هێنابا و ناچارم کردبا وەڵام بداتەوە. کاتێک وەڵامی دەدایەوە، دەبوو پشوویەکی بدەمێ و خۆم بگەڕێمەوە ژووری شاراوە، لای چاپچی و ئەحمەدی، تا بزانین ئایا وەڵامەکان تا چەندە ڕاست و دروستن و پرسیارەکانی دواتریش دیاری بکەین. هەموو ئەو کاتەی من خەریکی لێپێچینەوە بووم، ئەوان لە دواوە منیش و کابرای دەستگیرکراویشیان بە جوانی دەدیت، قسەکانیان تۆمار دەکردین

و له هەندێک حاڵەتی پێویستدا وێنە و ڤیدیۆیشیان لێ دەگرتین؛ هەڵبەت ٢ فەرماندە لیبییەکەش لەگەڵ ئەواندا لە ژوورەکە دەبوون.

دوای ڕاهێنانێکی زۆر و ئامادەکارییەکی تەواو، گوتیان: "لەم هەفتەیەدا ٢ کەس دەهێنرێنە ئێرە بۆ لێپێچینەوە، لە کۆتایی لێپێچینەوەکەشدا هەردووکیان ڕووبەڕوو دەکرێنەوە." ئەم ٢ کەسە سەربازی هێزی ئاسمانیی ئێران بوون، کە بۆ ڕاهێنان نێررابوونە ئەمەریکا و لە پێگەیەکی سەربازیی تایبەت لە لانگ ئایلەندی دەوروبەری نیویۆرکدا خولی تایبەتییان دەگوزەراند. کۆماندۆی لیبیایی ئەوانیان فڕاندبوو، بیهۆشیان کردبوون و بەپێی قسەکانی چایچی، لە ناو ٢ سندووقی داریندا لە نیویۆرکەوە هێنرابوونە تەرابلۆس.

هەموو شتێک بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، بە دڵنیاییەوە سبەینێ کە لێپێچینەوە دەستی پێ دەکرد سەرنجڕاکێشتریش دەبوو. من هەر لەخۆمەوە کەوتمە بیرکردنەوەیەکی سەیر: ئەوەی ڕاستی بێت لە دوکانی قەسابیی قەهدریجانەوە بۆ ژووری پێشکەوتووی لێپێچینەوە لە لیبیا، ڕێگایەکی چەندان دووریش نییە! کاتێک هەموو ئامادەکارییەکان تەواو بوون، قاتێک جلوبەرگی ئەفسەرەکانی سوپای لیبیایان بۆ هێنام کە بۆ کاتی لێپێچینەوەکان لە بەریان بکەم، دەبوو هەموو ڕۆژێک، ئەو کاتەی دەگەیشتمە فەرمانگەی ئاسایش، تا تەواوبوونی کارەکەم لە بەریان بکەم، بەڵام بۆم نەبوو لە دەرەوەی ئەم فەرمانگەیە بە هیچ جۆرێک ئەم جلوبەرگە تایبەتەی سوپای قەزافی بە کار بهێنم. بەم جۆرە، ئەو ڕۆژە پڕزەحمەتە کۆتایی هات و هێشتا سەعات نەگەیشتبووە ٩:٠٠ی شەو، کە لەگەڵ هەمان ئەو ٢ ئەفسەرە لیبییەی بەیانی قوتبزادە هێنابوونی، بەرەو هۆتێل سواری هەمان جێبی ئەمەریکی بووینەوە. هۆتێلەکە هەر وا جمەی دەهات لەو ئەمەریکییانەی کە دەگوترا بە داهاتێکی زۆر زۆرەوە لە لیبیا خەریکی ئیشوکارن. کاتێک گەیشتینە هۆتێلەکە، لە یەکێک لە ٢ ئەفسەرەکەم پرسی: "ئەرێ من شارەزای ئەم شارەی ئێوە نیم و ڕاش نەهاتووم شەوان زوو بنووم، ئەگەر ویستم بڕۆمە دەرەوە و کەمێک بە ناو شاردا بگەڕێم، چی بکەم؟ پاشان من پارەی لیبیایشم پێ نییە و نازانم، ئایا دەتوانم دۆلاری ئەمەریکی لێرە خەرج بکەم یان نا؟" ئەفسەرەکە گوتی: "دەتوانن بە ناو شاردا بگەڕێن، کارتێکی هۆتێلەکە وەربگرن و ئەگەر زۆر دوور کەوتنەوە، بۆ گەڕانەوەتان بیدەنە دەستی شۆفێرێکی تەکسی تا بتانگەیەنێتەوە هۆتێل، بەڵام من هەوڵ دەدەم لە سبەینێوە سەیارەیەک بە شۆفێرەوە لە بەردەستتان بێت. بۆ دۆلارەکەش باش بوو گوتت... لێرە کار بە دۆلار ناکرێت و ئەگەر بێجگە لە بانک و گەشتیارەکان بە دەستی کەسێکەوە بگیررێت، کێشە دەنێتەوە. هەوڵ بدەن لە بانک یان لێرە لە هۆتێلەکەدا بیگۆڕنەوە." ئەفسەرەکە، لە حاڵێکدا بە گەرمی دەستی دەگوشیم درێژەی دایە: "هاوڕێ، ئەگەر بەگوێی من دەکەیت، ئەمشەویش هەر لە هۆتێل بمێنەوە و دەرمەچۆ، تا سبەیشەو." ئیتر هەردووکیان ماڵئاواییان لێ کردم و لێیان دا ڕۆیشتن. ڕاستییەکەی، زۆریش بۆم گرنگ نەبوو بچمە دەرەوە یا نا؛ زۆر ڕقم لە لیبیا دەبووەوە،

تەنها ئەو ژووری لێپێچینەوەیە بوو هەندێک سەری گەرم دەکردم. کە گەیشتمە ژوورەکەم، هەستم کرد زۆر زۆر تەنیام، هیچ کات ئەوەندە تەنیا نەبووبووم؛ ئەمە یەکەم شەو بوو لە هەموو ژیانمدا کە هەر بە ڕاستی هەستم بە تەنیایی دەکرد.

ئەم دڵتەنگییەش زۆری نەخایاند؛ دوای ئەوەی گەیشتمە ڕێستورانتەکەی هۆتێل، چەندین کچۆڵەی جوان و ناسکم بینین و ئیدی دڵتەنگییەکەم ڕەوییەوە. کچۆڵەکان زۆر جموجوولکەر بوون، بە ڕواڵەت میوانداری هێڵێکی ئاسمانیی بەریتانی بوون، کە ئەمشەویان لە تەرابلوس بەڕێ دەکرد. هەوڵم دا خۆمیان لێ نزیک بخەمەوە، بەڵام نە زمانم دەزانی و نە توانیبووشم سەرنجی هیچ کامیان ڕابکێشم. سەعات ١١:٠٠ گەڕامەوە ژوورەکەم و خەوتنم بە باشترین کارێک زانی کە لە دەستم دێت و دەتوانم بیکەم. دڵیشم هەر لای پاتریسیا بوو.

سەعات ٩:٠٠ی بەیانی لە فەرمانگەی ئاسایشدا بووم، چایچی و ئەحمەدییش لەوێ بوون، هەرسیانمان جلوبەرگی تایبەتی ئەفسەرانی سوپای لیبیامان لە بەردا بوو و لە ژووره شاراوەکەی لێپێچینەوەدا چاوەڕوانی گەیشتنی قوربانییەکە بووین. زۆر بە ئاسانی دەردەکەوت کە چایچی و ئەحمەدی گەلێک لە من کاراتر و شارەزاترن. سەعات بوو بە ١٠:٠٠ و ئێمە لە پشتی شووشەکانەوە چاومان بە گەنجێک کەوت هێنرایە ناو ژووری لێپێچینەوە. هێندەی پێ نەچوو، ٢ ئەفسەری لیبیایی هاتنە لامان، کە من تا ئەو کاتە نەمدیتبوون، بەڵام دیار بوو کە چایچی و ئەحمەدی دەناسن. ناوی یەکێکیان عەبدولسەلام و ئەوی تریان عەبدولعامر بوو، بە بینینی من خۆشحاڵیی خۆیان پیشان دا و کاتێک دڵنیا بوون کە عەرەبییش دەزانم، زیاتر دڵخۆش بوون. بڕیار درا زووتر لێپێچینەوەکە دەست پێ بکەین؛ من و عەبدولعامر هەردووکمان، ئارام و لەسەرخۆ چووینە ناو ژووری لێپێچینەوە. گەنجە قوربانییەکە کە جلوبەرگی سەربازیی لە بەردا بوو، هەستایەوە و سڵاوی لێ کردین، عەبدولعامر وەڵامی نەدایەوە، بەڵام من بە فارسی سڵاوم لێ کرد. گەنجەکە بە بیستنی دەنگی من، بە سەرسووڕمانێکی ئاوێتەی دڵخۆشییەوە ڕووی تێکردم و پرسیی: "بەڕێزتان ئێرانین؟" لە وەڵامدا گوتم: "بووم." عەبدولعامر پێکەنیی؛ بۆچی؟ نەمزانی. بە ڕواڵەت ئەو فارسیی نەدەزانی، ئێ منیش بێجگە لەو وەڵامانەم ئەویش بە زاراوەی ئیسفەهانی، هیچی ترم لە دەست نەدەهات. عەبدولعامر گوتی: "با دەست پێ بکەین." منیش بە هەمان ئارامی لەسەر کورسییەکە دانیشتم و ڕووم لە قوربانییە گەنجەکە کرد و پێیم گوت: "شێوەت زۆر جوان و سادە و میهرەبانە."

ئەم شتانە لە دیمەشق فێر کرابووم و دوێنێش بە وردی پرۆڤەمان کردبوو، گورج درێژەم دایێ: "لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵت زۆر قورسە و تۆیش دەبێت هەرچی دەزانیت بیڵێیت... جگە لە ڕاستی هیچی تر مەڵێ، بە ڕاستگۆیی دەبێت گیانی خۆت لەم مەترسییە ڕزگار بکەیت... من

لێرە هیچ دەسەڵاتێکم نییە، بەڵام کاتێک بیستم تۆ ئێرانییت، هاتم بەڵکو بتوانم بە جۆرێک یارمەتیت بدەم. ئاگادار بە، تاوانەکانت زۆر قورسن: دزینی چەک، کوشتن و لەوانەش گرنگتر، سیخوڕی!"

هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوون کە دەستی کردە گریان و فینگەفینگی بەرز بووەوە، لەسەر کورسییەکەی کەوتە سەر زەوی و هەر وا کە فرمێسکی دەڕشت، لاقەکانی گرتم و گوتی: "بەڕێزم، بە خوا درۆ دەکەن... ئەم قسانە هەموویان درۆن... باشە من ئێستا لە کوێم؟ ٣ ڕۆژە لە هەر کەس دەپرسم، هیچ وەڵامێکم نادەنەوە... ئەمانە عەرەبن، بەڕێزتان پێم بڵێن من لە کوێم؟" بە لەقەیەک لە خۆمم دوور خستەوە و گوتم: "بڕوانە... بەم بڕوبیانووویەت بارودۆخەکە خراپتر دەکەیت، چۆن نازانیت لە کوێیت؟ تۆیان لە کاتی سیخوڕیدا لێرە دەستگیر کردووە... تۆ خەڵکت کوشتووە، دزیت کردووە و ئێستایش دەڵێیت ئاگات لە هیچ نییە؟!" لە حاڵێکدا شەلاڵی ئارەقە بووبوو و دەنگی گریانەکەی بەرزتر دەبووەوە، دووبارە خۆی بەسەر قاچەکانمدا خستەوە و گوتی: "بەڕێزم، بە خوا... بە پیر... بە پێغەمبەر، ئاگام لە هیچ کام لەو شتانە نییە کە ئێوە دەیڵێن... دواین شت لە یادم بێت ئەوەیە کە لەگەڵ تاهری و جەمشید سەردانێکی برادوەیمان کرد و مەیەکی زۆریشمان خواردەوە، پێم وایە لەگەڵ ٣ کچی ئەمریکییشدا هەندێک قسەی خۆشمان کرد، تەنها ئەمە و هیچی تر." لەم کاتەدا عەبدولعامر لە ژوورەکە چووە دەرەوە، منیش بە نەرمی دانەویمەوە، ئەوم لەسەر پێیەکانی خۆم بەرز کردەوە و بە هەمان نەرمییەوە پێیم گوت: "بڕوانە برای من، ئێرە دیمەشقە، پایەختی سووریا، تا ئەم کابرایە نەگەڕاوەتەوە با من پێت بڵێم کە ئەگەر هاوکارییان نەکەیت، ئەوا خەون بە کوشتنتەوە دەبینن. من ناچارم لە بەرچاوی ئەواندا لەگەڵت توند بم، بەڵام ئەمەیش دەبێت تەنها لە نێوان خۆماندا بێت و کەسی تر پێی نەزانێت. من ئەندامی ساواکم، دەشزانم تۆ هومافەڕیت و لە ئەمەریکا بوویت، بەڵام نازانم چۆنچۆنی گەیشتوویتەتە ئێرە، ڕەنگە..." هێشتا قسەم تەواو نەکردبوو کە عەبدولعامر دەرکەی کردەوە و بە عەرەبی بانگی کردمە دەرەوە، چاوێکم لە گەنجەکە داگرت و چوومە دەرەوە.

کە گەیشتمە ژوورە شاراوەکە، عەبدولسەلام و عەبدولعامر لە ئامێزیان گرتم و دەستخۆشییان بۆ کارەکەم لێ کردم، چایچی و ئەحمەدییش دڵخۆش بوون. خەریکی خواردنەوەی قاوەی عەرەبی بووین و بچووکترین جووڵەی گەنجەکەشمان لە ژووری لێپێچینەوەدا دەبینی. ئەو مات و پەرێشان بوو، دەلەرزی، هەندێک جار بە مستەکۆڵە لە سەری خۆی دەدا. دوای خواردنەوەی قاوەکە، گوتم: "با بڕۆین و دەست پێ بکەینەوە." عەبدولسەلام گوتی: "نا... دەبێت لێیگەڕێین کەمێک زەجر بکێشێت. ئەرێ بە ڕاست، تۆ ئەم بەشەی ساواکت لە کوێ هێنا؟ شاکار بوو شاکار، بە عەقڵی کەسدا نەدەهات!" گوتم: "نازانم، لەخۆوە بە مێشکمدا هات و کردم." عەبدولسەلام گوتی: "باشە... ئێستا هەستە با بچینە سەروەختی ئەوەی دووەم، ئەمەیان جارێ هەر دەبێت بیری لێ بکاتەوە و گینگڵ بدات." چایچی و عەبدولعامر لەوێ مانەوە و من و ئەحمەدی و عەبدولسەلام ڕۆیشتین.

٣٠ مەترێک لەولاتر چووینە ژوورێکەوە بە هەمان شێوازی ژوورەکەی پێشوو. ئەحمەدی لەسەر ئامێری تۆمارکردنەکە دانیشت و عەبدولسەلام ڕووی لە من کرد و گوتی: "من دەچمە ژوورەوە، تۆیش ئامادە بە و هەر کاتێک من شەقازللەم لێ دا، تۆ گورج خۆت بە ژووردا بکە." دوای ئەم ئامۆژگارییە چووە ژوورەوە و ئێمەیش لەمدیو دەمانبینی. قوربانی، بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو، کابرایەکی کەتە بوو. عەبدولسەلام کە تا ئەو کاتە لە ئەفسەرێکی ئاسایی دەکرد، لەپڕ گۆڕرا و بوو بە میرغەزەبێکی دڵڕەق. هەر چووە لای کابرا، ئیدی بە عەرەبی و بە تووڕەییەوە دەستی کردە جنێودان و هەڕەشەکردن، کابراش یان هیچ تێنەدەگەیشت، یاخود زۆر لەوە بۆنوڤالاتر بوو کە هەڵبچێت و پەرچەکردار بنوێنێت. عەبدولسەلامیش هەر هەوڵی دەدا تووڕەی بکات و کابراش زۆر سارد و سادە هەموو قسە و هەڕەشەکانی دەبیست و هیچی نەدەگوت. ٥ خولەکێکی پێ چوو تا هاتە دەنگ و بە زمانی فارسی و هەندێک جاریش بە ئینگلیزی دەیگوت: "ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ من لەم فڵتەفڵتەی تۆ هیچ تێناگەم، ئیدی تۆ تا سبەی هەر بقیژێنە... باشە لەم وێرانەیەدا وەرگێڕێک دەست ناکەوێت کە وەک مرۆڤ قسە بکات؟" لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی زیندانییەکە، عەبدولسەلام کە وای دەنواند گوایە زۆر زۆر تووڕە و پەستە، چووە پێش و شەقازللەیەکی توندی سرەواندە بناگوێی کابرا. ئەحمەدی پێی گوتم: "هاوڕێ برۆ، ئێستا ئیدی نۆرەی تۆیە." بە پەلە دەرکەم کردەوە، سڵاوێکی سەربازیم لە عەبدولسەلام کرد و بە عەرەبی کەوتینە قسە؛ وامان دەنواند کە گوایە من ئەم کابرایە دەناسم. هەر وا کە عەبدولسەلام خەریکی قسەکردن بوو، لە گەنجەکەم پرسی: "تۆ ئێرانییت؟" بە ناباوەڕییەکی سەیرەوە چاوی دەرپەڕاند و بە جۆرە دڵخۆشییەکەوە گوتی: "بەڵێ برا، منی چارەڕەش ئێرانیم." دەیویست درێژەی بداتێ کە عەبدولسەلام قسەکەی پێ بڕی و دوای هەندێک قسەکردن لەگەڵ من، ئاماژەی پێ کردم کە بچینە دەرەوە. ئەم جۆرە کارانە سادەترین و ئاساییترین جۆری لێپێچینەوەیە لە چالاکییەکە کۆماندۆییەکاندا: دروستکردنی شەڕێکی دەروونی... چاندنی تۆوی ترس و هیوا... ترساندن لە ئیعدام و داڕووخاندنی لایەنی دەروونیی بەرانبەر بە هەر جۆرێکی لواو... لە پشتەوەی شووشەکەوە، دیتنی جموجووڵی گەنجەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو: پێدەکەنی... چەقەنەی لێ دەدا... دیار بوو دۆزینەوەی هاوزمانێک لەو دۆخەدا زۆر دڵی خۆش کردووە. ئیدی دەبوو چاوەڕوان بین تا قوربانییەکانمان لە نێو بیر و خەیاڵی پڕاوی خۆیاندا نوقم ببوونایە. هەر بۆیەش ئێمە پاش سەعاتێک سەیرکردنی هەڵسوکەوتیان، چووینە ژوورێکی ترەوە تا ئاگاداری پلانەکانی دواتر ببین و هەندێ زانیاریی نوێیش وەربگرین، کە بتوانین بەپێی زانیارییەکان شێوازی لێپێچینەوەکە درێژە پێ بدەین یان بیگۆڕین. بۆمان دەرکەوت کە عەبدولسەلام سەرۆکی تیمی لێپێچینەوەیە، واتە سەرۆکی هەموومانە؛ ئەو پێی گوتین کە لە نزیک شاری نیویۆرکدا دوورگەیەک هەیە بە ناوی لانگ ئایلەند، کە بەشێکی کارگەی فڕۆکەسازیی گرۆمەنی لێیە، کە فڕۆکەی ئێف ١٤ی تێدا دروست دەکرێت، نزیکەی ١٠٠ فڕۆکەوانێکی ئێرانی لەم بەشەدا خەریکی تێپەڕاندنی خولی ڕاهێنانی تایبەتن

لەسەر چۆنێتیی کارکردنی بەم جۆرە فڕۆکانە. لەم نێوانەدا ٢ هاوکێشە لای ئێمە و وڵاتانی عەرەبی گرنگ و جێی سەرنجن، ئەوانیش: یەکەم، ئەمەریکییەکان جگە لە فێرکاریی تایبەتی فڕۆکەوانی، مێشکی فڕۆکەوانە ئێرانییەکان دەشۆنەوە و پڕیان دەکەن لە هەستی چەپی مارکسیستی و لە ڕاستیدا ڕایان دەهێنن و ئامادەیان دەکەن بۆ چالاکیی شۆڕشگێڕانە دژی دەسەڵاتی شای ئێران. ئەوان بەردەوام خەریکی چاندنی تۆوی ڕق و کینەن لە دڵی فڕۆکەوانەکاندا سەبارەت بە ڕژێمی شا، زۆربەیشیان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو ڕاهێنانە و هەر لەگەڵ گەیشتنەوەیان بۆ ئێران، دەست دەکەنە چالاکیی سیاسی، ئەمەیش بە سەرنجدان بە هاوکارییە بەردەوام و نزیکایەتییەکانی ئێران و ئەمەریکا. بەلای ئێمە و وڵاتانی تری عەرەبی و بە تایبەت بەلای ڕووسەکانەوە، کە چەک و تەقەمەنیی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە عەرەبییەکان دابین دەکەن، جێی سەرنج و سەرسووڕمانە. ئێمە تەنها دەمانەوێت ئەوە بزانین کە بۆچی ئەمەریکا خەریکی هەڵکەندنی گۆڕی ڕژێمی شایە؟ دووەم، ئەم هاوکێشەیەی دووەم خۆی ٢ بەشە: یەکەمیان ئەوەیە کە جگە لەم ٢ کەسەی لە بەردەستماندان، کەسێکی سێیەمیش هەیە و لە دەستمان دەرچووە؛ ئەمانە هەرسیانیان لێپرسراوی تایبەتی ساواکن لە ناو فڕۆکەوانە ئێرانییەکانی دیکەدا و بەردەوام سیخوڕیی ئەوانی تر دەکەن و پەیوەندییان بە ساواکەوە بەردەوامە، ئێمەیش دەمانەوێت لە بەرژەوەندیی خۆمان بە کاریان بهێنین. دووەمیشیان: بە سەرنجدان بەوەی کە وڵاتانی عەرەبی هەموویان چەکی ڕووسی بە کار دەهێنن و لە لایەکیشەوە ئێف ١٤ فڕۆکەیەکی زۆر پێشکەوتووە کە هێشتا ڕووسیا نەیتوانیوە هاوشێوەکەی دروست بکات، دەمانەوێت ئەگەر بکرێت، هەندێک پارچە و کەلوپەلی تایبەتی ئەو فڕۆکانە بخەینە دەستی خۆمان بۆ لێکۆڵینەوەی وردتر لەسەریان. دیارە هەبوونی نەخشەیەکی تەواو لە دەزگا و بەشەکانی پێگەی لانگ ئایلەند، یارمەتییەکی زۆر چاکمان دەدات بۆ گەیشتن بە خواستەکانمان، ئەمەیش هەمان ئەو زانیارییانەن کە دەبێت لە زمانی ئەم گیراوانەیان دەربهێنین. دان بەوەدا دەنێم کە هێشتاش نازانم ئایا عەبدولسەلام ڕاستییەکەی دەگوت یان ئەمەیشیان یارییەکی تر بوو لە دابە وشترییەکانی عەرەبەکان! ڕاستە من لە شاگرد قەسابییەوە گەیشتبوومە ئەو ئاستە، بەڵام لەوە تێدەگەیشتم کە بۆ نموونە ئەگەر خۆم بچوومایە بۆ خوراسگان بۆ کڕینی مەڕی قاچاخی، ناونیشانێکی پێچەوانەم دەدایە تەنانەت داودی زاوایشم، بەم پێیەیش لیبییەکان گەمژە بوون ئەگەر بەم ئاسانییە باسی جاشێتیی خۆیان بۆ ڕووسیا و دروستکردنی فڕۆکە بۆ من و چایچی و ئەحمەدی بکەن. با ئەوەیش بڵێم، کە هیچ بەلایشمەوە گرنگ نەبوو، ئەوەی بۆ من گرنگ بوو ئەوە بوو کە تێبگەم چۆنچۆنی ٢ مرۆڤی زل و زەبەلاحیان فڕاندووە بەبێ ئەوەی خۆیشیان بزانن و چۆنچۆنی بەم ئاسانییە لە نیویۆرکەوە تا تەرابلۆسیان هێناون؟! بۆ من، تەنها زانینی ئەوە گرنگ بوو نەک هیچی تر. سەرئەنجام خۆم پێ ڕانەگیرا و دوای قسەکانی عەبدولسەلام ئەو پرسیارەم لێ کرد. پێکەنیی و گوتی: "ئەگەر هەر وا بڕۆیتە پێش، ئەوا خۆیشت بەم زوانە بەشداری چالاکییەکی وا دەبیت."

سەعات ١٠:٠٠ی بەیانی یەکەم قۆناغی لێپێچینەوەمان دەست پێ کردبوو، ئێستایش کە دەبوو بگەڕێینەوە سەر وەختی فڕۆکەوانی یەکەم، سەعات ٢:٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆ بوو، واتە قوربانییەکەمان زیاتر لە ٤ سەعات لە تەنیایی و لە گوشارێکی ڕۆحیدا زەجری کێشابوو. ئێمە دڵنیا بووین لەوەی ئاوا کاتێک، ئەویش لە دنیایەکی تەنیایی و پڕ لە وەهم و ترس و پرسیاری بێ وەڵام، بەس بوو بۆ تێکشکاندنی هەر چەشنە ڕۆحێک و هەر جۆرە بیروباوەڕێک. ئەم جارەیان کە چوومە ژوورەوە، دۆسیەیەکی قەبەیشم پێ بوو؛ بڕیار بوو بە تەنێ لێپێچینەوەکە ئەنجام بدەم، ئەوان لە ژووره شاراوەکەدا هەموو شتێکیان دەبینی... دەیانبیست و تۆماریشیان دەکرد. هەر چوومە ژوورەوە، دۆسیەکەم خستە سەر مێز، تەوقەیەکم لەگەڵ کرد و جگەرەیەکم بۆ ڕاداشت و بە میهرەبانییەکەوە فەرمووی دانیشتنم لێ کرد و پێیم گوت: "من ناوم سەعید ڕەجاییە، هەر جۆرێک بوو توانیم ئەمانە ڕازی بکەم کە خۆم لێپێچینەوەت لەگەڵ بکەم. کە دەبینیت درەنگ گەڕامەوە، لەبەر ئەوە بوو ئەوان سەرەتا ڕازی نەدەبوون، بەڵام سەرئەنجام توانیم ڕازییان بکەم." لە حاڵێکدا کە بە زەوقەوە نەفەسی لە جگەرەکەی دەدا، گوتی: "نازانم بە چ زمانێک سوپاست بکەم، بڕوات هەبێت خەریکە شێت دەبم، ئاخر تۆ بیری لێ بکەوە: من لە نیویۆرک بووم، ئێستا تۆ دەڵێیت گوایە لە دیمەشقم، چۆن دەکرێت مرۆڤ ئەم هەموو ڕێگە دوورودرێژە تێپەڕ بکات بەبێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێت!" کەمێک بێدەنگ مامەوە و پاشان گوتم: "ئەمە پرسیاری هەمان ئەم برادەرانەشە؛ ئێمە نابێت بە تۆ بڵێین چۆن هاتوویت، بەڵکو ئەوە تۆیت کە دەبێت ئەم شتانە بە ئێمە بڵێیت و تێمانبگەیەنیت. هەڵبەت دەبێت ڕاستگۆیانەش پێمان بڵێیت کە چۆنچۆنی لە ئەمەریکاوە گەیشتیتە دیمەشق؟ بە پەڕەشووت و لەژێر چاودێریی سوپای ئەمەریکادا، یان بە جۆرێکی تر و بە ڕێگایەکی تر؟! هەر بۆیە پێت دەڵێم بارودۆخەکەت زۆر زۆر خراپە و باسی دزی و سیخوڕی و ئەگەری ئیعدامت لەئارادایە." ڕەنگی بە تەواوەتی هەڵبزرکابوو، دەستی بە گریان و پاڕانەوە کردەوە: "بەڕێزم، توخوا یارمەتیم بدەن، بەزەییتان پێمدا بێتەوە و..." گوتم: "بڕوانە گیان، بە گریان و پاڕانەوە هیچ لە شتەکە ناگۆڕدرێت، من هەرچیم لە دەست بێت بۆتی دەکەم، بەڵام بە مەرجێک کە تۆیش هاوکاریم بکەیت و لەگەڵم ڕاستگۆ بیت، کەواتە لەجیاتیی گریان و زاری بیرەکانت کۆ بکەوە با لێپرسینەوەیەکی ڕاست و دروست ئەنجام بدەین. بە هەرحاڵ، من تا بۆم بکرێت یارمەتیت دەدەم، دەی ئێستا ڕاست و دروست پێم بڵێ... ناوت، نازناوت، پێناسەی تەواوی خۆت و کاروبارت؟"

چەند چرکەیەک بێدەنگ مایەوە، بەڵام وەک بڵێیت چارەیەکی تری بۆ نەماوەتەوە، هاتە دەنگ. ناوی عەبدولڕەزا تەقەوی نیا، کوڕی محەمەد، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١/١٣٣٠ بوو. فڕۆکەوان بوو، سەر بە بنکەی خاتەمی لە ئیسفەهان، ٣ مانگ دەبوو بۆ بینینی خولێکی تەواوکەر نێررابووە نیویۆرک و بنکەی لانگ ئایلەند. ٢ ساڵ لەوەوپێش ژنی هێنابوو و کوڕێکی ٦ مانگەی هەبوو بە ناوی میهرداد. ئاگای لە هیچ شتێکی تر نەبوو. گوتم: "باشە، پێم بڵێ چۆن توانیت لە نیویۆرکەوە بگەیتە

دیمەشق؟" دووبارە بە گریان و زارییەوە گوتی: "بە خوا خۆیشم هیچ تێناگەم." گوتم: "هەوڵ بدە بە بیرت بێتەوە، هەرچیت دێتەوە بیر پێم بڵێ، باسی هەموو ئەو شتانەم بۆ بکە دێنەوە بیرت؛ تا بتوانیت ژیانی خۆت ڕزگار بکەیت." گوتی: "پاشنیوەڕۆی هەینی بوو، من و ٢ هاوڕێم لە لانگ ئایلەندەوە ڕۆیشتین بۆ نیویۆرک؛ ٢ ڕۆژ پشوومان هەبوو و دەمانویست بە خۆشی ڕایبوێرین. کەمێک لە سەنتراڵ پارکدا پیاسەمان کرد، گەیشتینە شەقامی پێنجەمی نیویۆرک و هەر بە پیاسە سەرکەوتین بۆ شەقامی چلودووەم و گەیشتینە پارکی ئۆڤینیۆ. مەهدی ئەمیر حسێنی، یەک لە هاوڕێکانمان، گوتی با بڕۆین بخۆینەوە. چووینە بارێکی ژاپۆنی، خواردمانەوە و دوای نانی ئێوارەش لە ڕێستورانتێکی مەکسیکی، ٣ کچی ئەمەریکیمان بینین و یەکمان ناسی. ناویان جۆدی، کارۆڵ و سۆنیا بوون. سۆنیا باسی ئەوەی کرد کە لە ئێراندا ژیاوە و سکرتێری کۆمپانیای بی ئێم بووە. کچێکی زۆر ناسک بوو، سەعات بوو بە ١١:٠٠ و کچەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد بچینە شەقامە بەناوبانگەکەی برادوەی و پیاسەیەکی خۆشی بۆ بکەین، ئێمەیش لەوە سەرخۆشتر بووین وەڵامی 'نا'یان بدەینەوە، بۆیە پێکەوە بەڕێ کەوتین و خۆمان گەیاندە برادوەی. زۆر خۆش بوو، ئاوەدان و قەرەباڵغ و ڕازاوە، زۆر سووڕاینەوە و زۆریشمان خواردەوە. من هۆشم لەسەر خۆم نەمابوو؛ هێندەی لە بیرم بێت، سۆنیا پێشنیاری کرد هەمووومان بچینەوە ئاپارتمانەکەی ئەو، لە بیریشمە هەمووومان پێکەوە سواری سەیارەیەکی گەورەی ئەمەریکی بووین، تارماییەکیشم لە ماڵەکەی سۆنیا لە بەرچاوە و ئیدی هیچ. تا ٣ ڕۆژ پێشتر کە لەم زیندانەدا بەئاگا هاتمەوە. خۆ ئەگەر من خۆم ئەم هەموو ڕێگایەم بڕیبێت، هەر دەبێت هەندێک شتم بیر بێتەوە، کەچی هیچ... هیچ شتێکم بە بیر نایەتەوە. ئەمە هەمووی ڕاستییە، بەڵام دەشزانم کە ئێوە بڕوام پێ ناکەن... خۆیشم بڕوا بەوە ناکەم کە لە نیویۆرک و لە ماڵی سۆنیاوە یەکسەر گەیشتبمە دیمەشق."

لەم کاتەدا کە عەبدولڕەزا تەقەوی نیا بە گەرموگوڕییەوە قسەی دەکرد، لەپڕ دەرکەی ژوورەکە کرایەوە. عەبدولعامر بە تووڕەیی خۆی بە ژووردا کرد، لوولەی چەکەکەی لێ کردم و دەستی کردە نێو دان و پاشانیش بە مشتەکۆڵە و پێلەقە نیشتە سەرم. دوایی ٣ سەرباز هاتنە ژوورەوە و منیان لە زەوی بەرز کردەوە، کە کەمێکیش خوێنین بووبووم و بردمیانە ژوورەکەی پشتەوە. لە کاتی بردنەوەدەرەوەمدا، بینیم عەبدولعامر بە قۆناغە دەمانچە نیشتە سەروگوێلاکی عەبدولڕەزا. هێندە لەو هەڵسوکەوتە کتوپڕەی عەبدولعامر سەرسام بووبووم، کە فریای بچووکترین پەرچەکرداریش نەکەوتم. هەر گەیشتمە ژوورەکەی پشتەوە، قاقای پێکەنینی چاپچی و ئەحمەدی و عەبدولسەلام بەرز بووەوە؛ ئینجا تێگەیشتم کە ئەوەیش شانۆیەک بووە، ڕۆڵگێڕانێک لە جۆرە لیبیاییەکەی!

لە پشت شووشەکەوە دەمبینی عەبدولعامر بە چ دڵڕەقی و بێڕەحمییەکەوە کەوتووەتە گیانی تەقەوی نیا و چۆن خەریکە وردوخاشی دەکات. عەبدولسەلام، لە حاڵێکدا داوای لێبوردنی لێ

دەکردم، خەریکی سڕین و تەداویی ڕوخسارە خوێناوییەکەم بوو؛ پاک پاک شوشتی و زامەکانی بۆ بەستم و ئیدی هەرچوارمان بە ئاسوودەیی خەریکی سەیرکردنی لێدانخواردنەکانی عەبدولڕەزای تەقەوی نیا بووین. سەعات ٦:٠٠ی پاشنیوەڕۆ کارمان تەواو بوو بەبێ ئەوەی هیچ لەو هەموو دڵڕەقییە تێبگەم سەبارەت بەو گەنجە ئەنجام درا. کاتێک عەبدولعامر هاتە دەرەوە، هەموو جلوبەرگ و دەستەکانیشی پڕی خوێن بوون، سەربازەکانیش جەستەی نیوەمردووی عەبدولڕەزایان هێنایە دەرێ. لە چایچی و عەبدولسەلام هەواڵی ئەوی ترم پرسی، بە پێکەنینەوە گوتیان: "سبەینێش نۆرەی ئەو دێت." ئەو شەوە، تا کاتی گەڕانەوەم بۆ هۆتێلەکە، میوانی عەبدولسەلام و عەبدولعامر بووم لە بنکەی تایبەتی ئەفسەرەکانی لیبیا، منیان بە هاوڕێ و هاوکارەکانیان ناساند کە گوایە قارەمانێکی جەنگاوەری جەبهەکانی فەڵەستینم؛ درۆگەلێک، کە هەندێک جار هەر خۆیشم پێکەنینم پێیان دەهات!

بەیانییەکەی، دووبارە لە فەرمانگەی ئاسایشدا بووم، هەمان بەرنامەی ڕۆژی پێشوو دووبارە بووەوە. بەڵام ئەم جارەیان من و عەبدولسەلام پێکەوە و بە میهرەبانییەوە لێپێچینەوەمان لە فرۆکەوانە گەنجەکەوە دەست پێ کرد. ئەویش هەمان ئەو قسانەی دووپات کردنەوە کە لە تەقەوی نیامان بیستبوون. تەنها جیاوازی، هەمان ناو و نازناوی ئەم ٢ کەسە بوو، ئیدی باس هەمان باس و قسە و وەڵام هەمان قسە و وەڵام. ئەویش بۆ خۆشگوزەرانییەکی کۆتایی هەفتە لەگەڵ هاوڕێکانی بە بازاڕەکانی نیویۆرکدا سووڕابووەوە و شەویش گەیشتبووەوە ماڵی سۆنیا و هیچی تر. ئەو تۆمەتانەش ئێمە دەماندایە پاڵی، هەمان تۆمەت بوون: سیخوڕی... کوشتن... دزینی چەک و تێپەڕاندنی سنوور! لێپێچینەوە سەعات ١٠:٠٠ی بەیانی دەستی پێ کرد و تا ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆی خایاند. ئەم قوربانییە ناوی جەمشید نەعمانی بوو، وەک عەبدولڕەزا نەدەترسا و لە لێپێچینەوەکاندا زۆر سەرسەخت بوو. سەرئەنجام دوای سەعات ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ، پاش لێپێچینەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو کە تێیدا جەمشید ئینکاریی هەموو تۆمەتەکانی دەکرد و بە ڕاشکاوی دەیگوت هەبێت و نەبێت من فڕێنراوم و هیچی تر لەئارادا نییە، عەبدولسەلام فەرمانی بە من کرد بڕۆم و بڵێم ئامادەکاری بکەن بۆ ڕۆیشتنمان بەرەو پزیشکی داد.

من گەڕامەوە ژووری کۆنترۆڵ و دوای نیو سەعات چوومەوە ژوورەوە. بە ڕواڵەت هەموو شتێک ئامادە بوو؛ چاوی جەمشیدیان بەست و سەریان کردە ناو توورەکەیەکی ڕەشەوە، کاتێک دڵنیا بوون کە هیچ نابینێت، گورج چایچی و ئەحمەدی هاتنە ژوورەوە و ئەویان ڕاکێشایە دەرەوە و بردیانە ناو مینیپاسێکی داخراوەوی هاوشێوەی زیندانەکانەوە. ئێمەش لەگەڵیان سەرکەوتین، نزیکەی ١٠ خولەکێک بە شەقامەکانی تەرابلۆسدا سووڕاینەوە و دووبارە گەڕاینەوە هەمان فەرمانگەی ئاسایش، بەڵام ئەم جارە بەرەو هۆڵێک ڕۆیشتین کە من تا ئەو کاتە نەمبینیبوو. پێش ئەوەی بگەینە هۆڵەکە، چایچی و ئەحمەدی چوونە ژوورێکی تر و دواییش من بە فەرمانی

عەبدولسەلام توورەکە ڕەشەکەم لە سەری کابرا لا برد و چاوەکانیم کردنەوە. ئینجا هەرسێکمان چووینە ناو هۆڵێکەوە پڕ بوو لە بۆنی توندی کحوول و مادەی کیمیایی پاککەرەوە، پیرەمێردێکی سپیپۆش سەری لەسەر مێزێک شۆڕ کردبووەوە و خەریکی خوێندنەوەی ڕاپۆرتێکی پزیشکی بوو. سڵاوی لە عەبدولسەلام کرد، عەبدولسەلام شتێکی بە گوێدا چرپاند و ئەویش دەستی لە خوێندنەوەکەی هەڵگرت و بەرەو سووچێکی هۆڵەکە ڕۆیشت، ئێمەیش بە ئاماژەی عەبدولسەلام بە دوایدا ڕۆیشتین. پیرەمێردەکە لە بەرانبەر دیوارێکدا وەستا کە سندووقی ئاسنینی تێدا جێگیر کرابوون، دەستی کردە ڕاکێشانی یەکەیەکەی سندووقەکان؛ ئەو کاتە بوو کە من تێگەیشتم لە ناو ساردخانەیەکداین (مردووخانە). ئێرە ساردخانەی پزیشکیی داد بوو، من و عەبدولسەلام چووینە پێش، تەرمێک لە یەکێک لە سندووقەکاندا بوو، چەرچەفێکی سپیی بەسەردا درابوو، عەبدولسەلام چووە سەری و بەبێ ئەوەی من ببینم، چەرچەفەکەی لە سەری لا دا و گورج بە سەریدا دایەوە و بانگی جەمشیدی کرد. جەمشید کە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بووبوو و هەڵدەلەرزیی، چووە پێش. عەبدولسەلام پێی گوتم کە بەو بڵێم چەرچەفەکە لا بدات بزانین تەرمەکە دەناسێتەوە یان نا، منیش فەرمانەکەی عەبدولسەلامم بۆ وەرگێڕا. جەمشید بەبێ هیچ قسەیەک، بە ترسولەرزەوە هاتە پێش و چەرچەفەکەی لا دا. لە هەمان حاڵدا هاوارێکی کرد و کەوتە سەر زەوی. ڕاستییەکەت بوێت، حاڵی منیش لە هیی ئەو باشتر نەبوو؛ هێندەی نەمابوو منیش وام لێ بێت و بکەوم، چونکە ئەو تەرمەی لە ناو سندووقەکەدا بوو، تەرمی عەبدولڕەزا تەقەوی نیا بوو...

بۆ یەکەم جار ڕقم لە خۆم بووەوە؛ من لە دیمەشقدا ٩ ئەفسەری سووریم تیرباران کردبوون و گوللەی کۆتاییم بە نێوچەوانیانەوە نابوو، چیتر ترسم لە کوشتن نەبوو، بەڵام ئەمەیان... بێگومان ئەمەیان بێتاوانترین مرۆڤێک بوو کە تا ئێستا کوژرابوو. بۆ چرکەیەک بیرم لێ کردەوە: باشە بۆچی کوشتوویانە؟ خۆ ئەو خەریکی گێڕانەوەی هەموو شتەکان بوو، خۆ هیچ شتێکی گرنگیش لەئارادا نەبوو، ئەو هەموو سیناریۆیەیش تەنها شانۆییەکی ساختە بوو بۆ تێکشکاندنی کەسێتی و ئیرادەی ئەو و سەرئەنجام ناچارکردنی بە سیخوڕی و جاشایەتی و خزمەتپێکردنیان، ئەی کەواتە بۆچی کوشتیان؟! ئەم بیرکردنەوەیەشم زۆری نەخایاند، چونکە بە دەنگی عەبدولسەلام بە خۆدا هاتمەوە کە فەرمانی بە پیرەمێردەکە دەکرد کارێک بۆ بەهۆشهێنانەوەی جەمشید بکات و دواییش ڕەوانەی زیندانە تاکەکەسییەکەیی بکاتەوە. هیی منیش تەواو بوو و باشترین شت بەلامەوە ئەوە بوو، زووتر بگەڕێمەوە هۆتێلەکە.

ئەو شەوە، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا نەمتوانی ئاسوودە بنوم. تا بەیانی هەر گینگڵم دا و بیرم لە مردنی عەبدولڕەزا تەقەوی نیا دەکردەوە. بە سەرجەم بیرەوەرییەکانمدا چوومەوە؛ بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن شاگرد قەسابییەکی سادە و ساکاری لادێیی، بۆ پارە ڕاکێشراوەتە لاڕێیەک کە ئەم ئیشە خراپانە بەلایەوە لە ئاوخواردنەوەیەک ئاسانتر بوونە. ئیدی ڕقم لە خۆم و لە پارەش

دەبووەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم، هەر لە جەهەننەمی لیبیا ڕزگارم بوو، یەکسەر هەڵدێم و دەچمەوە ئێران، تەنانەت گەر بڕیاریش بێت بگیرێم و زیندانی بکرێم؛ هەر لە ئێران بێت باشترە. ئەم بیرانەم دەکردنەوە و بە خۆیشمدا دەتەقیمەوە کە هۆی... تۆ کەی هێندە ترسنۆک بوویت؟! عەبدولعامر عەبدولڕەزای کوشتووە، چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟ تۆ کۆماندۆیەکیت و کارت کوشتن یان کوژرانە و تەواو، کەواتە بۆ ئەوەی نەکوژرێیت، دەبێت بکوژیت.

بەیانییەکەی، کاتێک گەیشتمە فەرمانگەی ئاسایش، هیچ لە بیرم نەمابوو کە دوێنێشەو چ حاڵێکم هەبووە. هەموو شتێک ئامادە بوو بۆ دەستپێکردنی کارەکانمان.

کوڕەکان ئامادە بوون، هەم عەبدولسەلام و عەبدولعامر، هەم چایچی و ئەحمەدی. دەبوو کاری ڕۆژانەمان دەست پێ بکەین. هەر لەگەڵ خواردنەوەی قاوەیەکی تاڵدا بڕیار درا من لێپێچینەوە لە جەمشیدی نەعمانی بکەم، خۆیشم زۆرم حەز دەکرد بزانم بارودۆخی ئەم فرۆکەوانە دوابەدوای بینینی تەرمی هاوڕێ و هاوسەنگەرەکەی لە ساردخانەکەدا، چۆنچۆنییە. کاتێک ڕۆیشتمە ژوورەوە، یەکەم شت سەرنجی ڕاکێشام، ئەوە بوو جەمشید لە دوێنێوە ٥ تا ٦ کیلۆ لاوازتر بووبوو. لای خۆم بڕیارم دا زیاتر لەوەی پێویست بکات، لەگەڵی نەرم بم، بۆیە لە ئامێزم گرت، نێوچەوانیم ماچ کرد و جۆرێک خۆم نواند کە گوایە من خۆیشم لە مەترسیدام، ئەگینا زیاتر دڵم دەدایەوە. هەستم کرد جەمشیدیش ئیدی ئەو مرۆڤە وەرزشوانە خۆڕاگرەی دوێنێ نییە و ئێستا دڵەڕاوکێ وەک خووره کەوتووەتە گیانی و ئازاری دەدات. پێیم گوت: "دەبێت زۆر زۆر ئاگادار بیت... من حەز دەکەم یارمەتیت بدەم، بەڵام ئەگەر ئەمانە هەستی پێ بکەن، ئەوا بارودۆخی منیش لە هیی تۆ خراپتر دەبێت..." جەمشید نەعمانی، کە شێوازی مرۆڤێکی تازیەباری لێ دەبینرا، گوتی: "بەڕێزم، بە خوا من هیچ تاوانێکم نییە، ئەم عەبدولڕەزایە نزیکترین هاوڕێی من بوو، من چۆن دەتوانم ئازیزترین هاوڕێی خۆم بکوژم؟ ئێوە نەتاندەناسی... لە میهرەبانیدا وێنەی نەبوو، منداڵێکی ٦ مانگانیشی هەیە، هاوسەرەکەی تا ئاستی پەرستن خۆش دەویست. چۆن... ئاخر چۆن دەکرێت من ئەوم کوشتبێت؟!" بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکم کرد و دوای کەمێک بێدەنگی، گوتم: "بڕوانە... تکایە درۆم لەگەڵ مەکە... تۆ دەڵێیت ئەو ژن و منداڵەکەی زۆر خۆش دەویست، ئەی کەواتە چۆن دوێنێ گوتت لەگەڵ ٣ کچی ئەمەریکی چوونەتە ماڵی سۆنیا؟ ئەمانە لەگەڵ یەک ناگونجێن." گورج هەڵیدایێ: "بەو خوایە ئەومان هەر بە زۆر لەگەڵ خۆمان برد، نەدەهات. ئەو ئەو کاتانەش کە لە بنکەی لانگ ئایلەند بووین، جگە لە نووسینی نامە بۆ ژنەکەی و گریان و زاری لە دووریی ئەو، هیچ شتێکی تری نەبوو. حەز دەکەم بڕوام پێ بکەن، تەنانەت گەر ئەمانە ئیعدامیشم بکەن ئیدی بەلامەوە گرنگ نییە؛ هێندە بۆ کوژرانی عەبدولڕەزا خەمبارم کە مردنیش بەلامەوە ئاسانە. تەنها بیر لەوە دەکەمەوە کە تۆبڵێی چی بەسەر بنەماڵەکەیدا بێت!"

گوتم: "بڕوانە، هەرچۆنێک بێت تۆ بە کوشتنی عەبدولڕەزا تاوانباریت و دەبێت هاوکاریمان بکەیت تا ڕاستیی کوشتنەکەی دەربکەوێت. ئەگەر تۆ بە ڕاستی ئەوت نەکوشتبێت، ئیدی بۆچ دەبێت ئیعدامت بکەن؟ خۆ کە ئیعدامیش نەکرایت، ئەوا دەتوانیت بگەڕێیتەوە ئێران و ئاگات لە ژن و منداڵەکەی عەبدولڕەزاش بێت. بەڵام کێشەکان یەک و دوان نین... کوشتن... دزی... سیخوڕی... بەزاندنی سنوور و دەیان شتی ترە، ئەی باشە چ وەڵامێکت بۆ ئەمانە پێیە؟" هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوون، کە سیناریۆکەی دوێنێ دووبارە کرایەوە؛ ئەفسەری لیبیایی بە دەمانچەکەی دەستیەوە لێمان وەژوور کەوت، سەرەتا کەوتە گیانی من و تا سەربازەکان فریا کەوتن ڕام بکێشنە دەرەوە، هێرشەکانی بۆ سەر جەمشید نەعمانی دەستیان پێ کرد. هەمان ئەو سیناریۆیە بەبێ بچووکترین جیاوازی و ئاڵوگۆڕ. هەروەک دوێنێ، لە ژووری کۆنترۆڵدا بە قاقای پێکەنین و گاڵتەکردن و

قاوەی تاڵ، پێشوازیم لێ کرایەوە. ئێستا ئیدی خەریک بوو کەم کەم ڕقم لە چاپچی و ئەحمەدی بێتەوە. بیرم دەکردەوە، بۆچی ئەم دوانە خۆیان نایەنە ناو لێپێچینەوەکانەوە... بۆچی هەموو ئەو کارە سەختانە دەخەنە ئەستۆی من، کە پڕن لە ڕەنج و ئەشکەنجە، کەچی خۆیان لە پشتی شووشەکەوە تەنها سەیر دەکەن و هیچی دی... هێشتا قاوەکەم تەواو نەکردبوو، کە عەبدولعامر گوتی: "ئامادەیت بۆ دەستپێکردنەوەی لێپێچینەوە؟" گوتم: خۆ دەیبینیت، کابرا جارێ هەر لەژێر تێهەڵداندایە و من خۆیشم بۆ ئەمڕۆ تێرم خوارد." هەموومان پێکەنیین و عەبدولعامر گوتی: "نا... مەبەستم جەمشید نییە." دەمویست بڵێم "نا!" دەمویست هاوار بکەم و بڵێم "بەسە، چیتر ئامادە نیم هاوبەشی تاوانەکانی ژەنەڕاڵ قەزافی و پیاوەکانی بم!" بەڵام هەموو هاوارەکان لە گەروومدا وشک بوون و چەند چرکەیەک دواتر، هەموومان جگەرەکانمان داگیرساند و بەرەو ژووری لێپێچینەوەی ژمارە ١ بەڕێ کەوتین؛ هەمان ئەو ژوورەی کە بۆ دواجار عەبدولڕەزا تەقەوی نیام تێدا بینینبوو. چاپچی و عەبدولعامر بەرەو ژووری کۆنترۆڵ و منیش بێتاقەت و بێزار، بە تەنیا بەرەو ژووری لێپێچینەوە. لە یەکەم روانیندا وەخت بوو دڵم بوەستێت، بڕوام نەدەکرد، لە نێوان شادی و سەرسووڕماندا، لە نێوان خۆشحاڵی و ناباوەڕیدا بە واقوڕماوی چاوم بڕیبووە ئەوەی لە بەرانبەرم دانیشتبوو. عەبدولڕەزا تەقەوی نیا، ئەو پیاوەی کە دوێنێ تەرمەکەیمان لە ساردخانەی پزیشکی و لە ناو سندووقی ئاسنینی مردووەکاندا بینی، بەسەر کورسییەکەوە دانیشتبوو و جگەرەی دەکێشا!

ساتێک وشک وەستام و سەیرم کرد؛ نەمدەتوانی بڕوا بکەم، من بە چاوی خۆم ئەو هێرشە توندە و ئەو لێدان و ئەشکەنجە درندانەیەی دوێنێم بینیبوو کە عەبدولعامر ئەنجامی دابوو... من، دوێنێ... هەر دوێنێ تەرمی ئەم کوڕەم لە ساردخانەی پزیشکیی فەرمانگەی ئاسایشی لیبیادا بینینبوو، ئیدی چۆن شتی وا دەبێت؟! چۆن هەمان ئەو قوربانییە، هەمان ئەو فرۆکەوانە گەنجەی کە دوێنێ بە هۆی مردنیەوە من تووشی سەختترین ئازاری ویژدان هاتبووم، ئێستا زیندووە و بە سەلامەت لە بەرانبەرم دانیشتووە؟! وەک بڵێیت هەر لە سەرەتای دەستپێکی ئەم ژیانەوە، دەبێت هەموو شتێک بۆ من حاڵەتی ڕووداوێکی سەیروسەمەرەی هەبێت... هەموو شتێک تەنها درۆ و فریو و چەواشەکارییەکی بێت و هیچی دی. بە هەرحاڵ، ئەمە ئەو فیکر و بیرکردنەوانە بوون کە بە ماوەی چرکەیەک بە مێشکمدا هاتن و چوون. دەستم کردە پێکەنین و عەبدولڕەزام لە ئامێز گرت و بۆ لێدانەکانی دوێنێش هاوخەمیم لەگەڵ کرد.

عەبدولڕەزا گوتی: "من نیگەرانی ئێوە بووم کە ویستت یارمەتیی من بدەیت و بەم هۆیەیشەوە کەوتیتە بەر لێدانی هاوکارەکانی خۆت." بە دڵخۆشی و ئارامییەکەوە داوای دانیشتنم لێ کرد و گوتم: "ئەمانەیش ناهەقیان نییە. بە هەرحاڵ ناتێگەیشتنێک ڕووی دابوو کە خۆشبەختانە ڕەوییەوە و منیش خۆشحاڵم کە تۆیش بە سەلامەت دەرچوویت. ئەوان وایان دەزانی بە هۆی

هاووڵاتیبوونمانەوە ڕەنگە بمەوێت یارمەتیت بدەم، ئێ مرۆڤی خراپیش لە هەموو شوێنێک هەن. ڕاپۆرتیان دابوو گوایە من پلانێکم داناوە بۆ ڕزگارکردنی تۆ، بەڵام هەرچی بوو، ڕابورد و ئێستایش دەبینی کە دۆسیەکەت هەر لای من و لە دەستی مندایە، بەڵام تۆیش دەبێت بەڵێنم پێ بدەیت کە هاوکاریم بکەیت و هەموو شتێک باس بکەیت تا زووتر کارەکە تەواو بکەین." دوای ئەم قسانەیش دەستم بە لێپێچینەوە کردەوە.

ئامانجم لە گێڕانەوەی ئەم شتانە، باسکردنی ئەو بارودۆخەی لیبیا نییە، ئەمڕۆ هەموو دنیا ئاگاداری ئەو تاوانگەلەن کە لە سووریا و لیبیادا دەکرێن. من ئەگەر باسی ئەم شتانە دەکەم، بۆ ئەوەیە کە ئێوە بزانن لە دنیای سیخوڕیدا تا ڕاهێنانی کۆماندۆیی و سەرئەنجام تا گەیشتنە پلەی پارێزەری خومەینی، دەبێت کابرایەکی گوندیی نەخوێندەوار چ قۆناغگەلێک ببڕێت و تووشی چ سەختی و چەرمەسەری و شەونخوونییەک ببێت… من باسی ئەم شتانە دەکەم تا وەڵامی پرسیاری ئەو کەسانەم دابێتەوە کە بە سەرسامییەوە دەپرسن "ئەم پاسدارانە چۆن دەتوانن هێندە دڵڕەق و بێبەزەیی بن؟" من دەمەوێت بڵێم کە منیش و زۆربەی ئەوانەیش کە بناغەی کۆمیتەی ئینقیلاب و سوپای پاسدارانمان دامەزراند، پێش سەرکەوتنی خومەینی دەستمان بە خوێن سوور کرابوو، مرۆڤمان کوشتبوو، جەنگمان دیتبوو… وێرانگەریمان کردبوو، تەقینەوەمان ئەنجام دابوو. هەمیشەش وا ڕێک دەکەوت کە ئەگەر ٤ کەسمان دەکوشت، یەکیان هەروەک ئەم سیناریۆیە بوو کە لەمەڕ تەقەوی نیا بەڕێوەمان برد، واتە هەمیشە نیوەی شتەکان ڕاستی و نیوەیشیان سیناریۆ بوون، هەموو ئەمانەیش بۆ ئەوە بوون کە ئێمە خۆمانی پێ فریو بدەین و هیچ کات نەتوانین بڕیارێکی تەواو یەکلاکەرەوە بدەین.

هەر لەم ئەزموونەی لیبیادا بوو کە زانیم زۆر بە ئاسانی دەکرێت زیندانییەک ئەشکەنجە بدرێت… تێهەڵبدرێت… بخرێتە خراپترین ژووری تاکەکەسییەوە… بە دەرزییەک بێهۆش بکرێت و وا پیشان بدرێت کە مردووە و چەند سەعاتێکیش بخرێتە ناو ساردخانەوە، تا لە سێبەری ئەم هەموو کارانەدا پلانێک ئەنجام بدرێت کە دیار نەبوو سەرەکەی بە دەستی کێوەیە… دەیان جار دوای ئەزموونەکانی لیبیا، من ئەم سیناریۆ نامرۆڤانەیەم لە وڵاتی خۆمان، لە ئێراندا ئەنجام دا و هەموو جارێکیش ئەنجامی باشی لێ کەوتەوە؛ دواتر و بە کاتی خۆی باسی ئەوانەیش دەکەم.

بە هەرحاڵ، ئەو هەفتەیە کارمان تەنها لێپێچینەوە بوو لە عەبدولڕەزای تەقەوی نیا. بەیانییەک هەمان بەرنامەمان بۆ ئەویش دانا کە پێشتر بۆ جەمشیدمان دانابوو؛ واتە ئەم جارە تەرمی جەمشید نەعمانیمان خستە ناو تەرمخانە و تەقەوی نیامان بردە سەری تا بیناسێتەوە. هەڵبەت لێرەیش هەر تاوانی کوشتنی جەمشید درایەوە پاڵ تەقەوی نیا، دیاریش بوو کە ئەم ٢ فرۆکەوانە گەنجە، بە هۆی دووربوون و بێئاگاییان لەو تاوانانەی دەدرانە پاڵیان، هیچ قسەیەکیان نەبوو

بیکەن، بەڵام عەبدولسەلام و عەبدولعامر وازیان لێ نەدەهێنان و ئێوارەی هەموو ڕۆژێک کە باسی پلانەکانی سبەینێ دەکرا، هەندێک بەڵێن و هەڕەشەوگوڕەشە و توندوتیژی دەخرانە ناو بەرنامەوە، کە سبەینێکەی دەبوو لە لایەن منەوە دووبارە بکرایانەوە. شتێک ئازاری دەدام و مێشکی سەرقاڵ کردبووم، ئەویش ئەوە بوو کە بەرپرسانی ئاسایشی لیبیا هیچ کات ڕاستیی شتەکانیان بە من نەدەگوت و من تەنها وەک ئامێرێکم بە دەستی ئەوانەوە، دواتر تێگەیشتم کە هەموو ئەو پلان و نەخشەکێشانە و هەموو ئەو شتانەی پێیان ڕادەسپاردم و دەبوو ئەنجامیان بدەم، هەموویان لە درۆ و فرتوفێڵ و چەواشەکاری زیاتر، هیچ نەبوونە.

لێپێچینەوەکان ١٠ ڕۆژیان خایاند، لەم ماوەیەیشدا بەرپرسانی ئاسایشی لیبیا دەیان بەڵگەی ساختەی سیخوڕی و واژۆی دانپێدانان و وێنەی سێکسی و زۆر شتی تریان بە ناوی ئەو ٢ فڕۆکەوانەوە دروست کرد و بە جۆرێک خستنیاننە ژێر گوشارێکی سەختەوە، کە ئامادە بوون هەموو کارێک ئەنجام بدەن. پاش ١٠ ڕۆژ لێپێچینەوە، کاتێک هەموو بەڵگەکان ساختە کران کە ئەگەر بگەیشتنایە دەستی ڕژێمی شای ئێران یان ئەمەریکا، یاخود تەنانەت پۆلیسی نێودەوڵەتی، دەبوونە هۆی لەسێدارەدانی ئەم ٢ کەسە بێتاوانە. ئەوەی لیبییەکان پێیان دەگوت "کۆبوونەوەی گرنگ"، دەستی پێ کرد. من کارم تەواو بووبوو، بڕیار بوو شوێنەکەم لەگەڵ چایچی و ئەحمەدی ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت، واتە من لە ژووری کۆنترۆڵ دادەنیشتم و قۆناغی نوێی کار دەستی پێ دەکرد.

بەیانیی ڕۆژی شەممە بوو، کاتێک گەیشتمە فەرمانگەی ئاسایش کە بینیم بارودۆخ بە جۆرێکی جیاوازتر لە جارانە؛ عەبدولسەلام و عەبدولعامر جلوبەرگی هەمیشەیی خۆیان، واتە جلوبەرگی سەربازییان لە بەردا بوو، بەڵام چایچی و ئەحمەدی جلوبەرگی تایبەتی فڕۆکەوانیی هێزی ئاسمانیی شاهەنشایی ئێرانیان پۆشیبوو، پرۆژێکتۆرێکیش لە ژووری لێپێچینەوە بۆ پیشاندانی فیلم دانرابوو. سەعات ١٠:٣٠ خولەک بوو کە عەبدولڕەزا تەقەوی نیایان هێنایە ژووری لێپێچینەوە، جلوبەرگی هێزی ئاسمانیی ئێرانیی لە بەردا بوو و دەستی بەسترابوون، گێژوهێژ و سەرسام چاوی بڕیبووە دەزگای پیشاندانی فیلمەکە؛ نزیکەی نیو سەعات بە تەنیا لەوێ هێشتیانەوە، ئینجا عەبدولعامر و عەبدولسەلام و چایچی وێکڕا خۆیان بە ژووردا کرد. تەقەوی نیا هاواری کرد: "سڵاو چایچی، تۆ لێرە چ دەکەیت؟!" چایچی کە زۆر وشک و مۆڕ بوو، بە ساردییەکەوە گوتی: "هاتووم تۆ تەحویل بگرمەوە." ئەم گفتوگۆیە زۆری نەخایاند، چونکە بە فەرمانی عەبدولسەلام گڵۆپی ژوورەکەیان کوژاندنەوە و فیلمەکە دەستی پێ کرد. فیلمەکە هەر لە سەرەتاکەیەوە بۆ منیش سەرنجڕاکێش بوو؛ عەلیڕەزا تەقەوی نیا و جەمشید نەعمانی و چەند کەسێکی تری پیشان دەدا کە خەریک بوون لە بنکەی ئاسمانیی لانگ ئایلەند دەردەچوون. هاتنیان بۆ نیویۆرک، سووڕانەوەیان بە شەقامەکاندا، چوونە ناو باڕ و ڕێستورانتەکان، بینینی کچە جوانەکان و چەند گرتەیەکی

سێکسی کە بە ڕواڵەت هەر دەبێت لە ماڵەکەی سۆنیادا گیرابێتن. دوایی هەندێک گرتەی دیکە پیشان دران کە تێیاندا تەقەوی نیا خەریکی جنێودان بوو بە شا و ڕژێمی پادشایەتیی ئێران. من بە بینینی ئەم ڤیدیۆیە مات و سەرسام بووبووم، چونکە شوێنەکان بەلامەوە ئاشنا بوون و خۆیشم لە چەند گرتەیەکدا دەرکەوتم، بەڵام ئەو قسانەی کە تەقەوی نیا دەیکردن، هەمان ئەو قسانە نەبوون کە بۆ منی کردبوون، دەنگەکەش هەر هیی خۆی بوو. خەریک بوو کەللەم شەق بەرێت؛ وێنەی تەقەوی نیا لە ناو پاسپۆرتێکی سووریدا دەرکەوت و چەندین گرتەی تریش. فیلمەکە نزیکەی ٢٠ خولەکێکی خایاند. من، کە خۆم لەو نەخشەیەدا بەشدار بووم، بە بینینی ئەو فیلمە سەرسام بووبووم، چ بگات بە تەقەوی نیای داماو! تەقەوی نیا چەند جارێک نارەزایەتیی دەربڕی، بەڵام لە وەڵامدا تەنها پێی پێکەنین. کاتێک گڵۆپی ژوورەکە دووبارە داگیرسایەوە، عەبدولسەلام دۆسیەیەکی قەبەی دایە دەستی چایچی و ئیدی لەگەڵ عەبدولعامر بۆ ژووری کۆنترۆڵ چوونە دەرەوە. چایچی، بە پێچەوانەی جاری پێشوو، ئەم جارە بە سۆزێکی دۆستانە بە تەقەوی نیای گوت:

– عەبدولڕەزا... چۆن... چۆن توانیت ئاوا خیانەت بە وڵاتەکەت بکەیت؟

– ئەمانە درۆن، بە خوا درۆن... چایچی، خۆ تۆ من چاک دەناسیت...

– درۆی چی؟ ئەی فیلمەکەت نەبینی؟ فیلمێک بەم ئاشکراییە چۆن دەبێتە درۆ؟ تۆ بیرت لەوە نەکردەوە کە ئێران و سووریا پەیوەندیی سیاسیی نزیکیان پێکەوە هەیە و ئەگەر خاوەنشکۆ داوایان لێ بکات، ئەوا ئەمانیش تۆی ڕادەست دەکەنەوە؟ بزانە خۆت تووشی چ چارەنووسێکی خراپ کرد... من، هاوڕێی تۆ، دەبێت بێمە ئێرە و ئەمانە تۆم ڕادەست بکەنەوە؟! بتبەمەوە ئێران و خۆ لەویش دیارە: زیندان... لێپێچینەوە و دواییش بە تاوانی سیخوڕی و خیانەت، لەسێدارەدان و تەواو!

تەقەوی نیا دەگریا و دەپاڕایەوە، خوا و پێغەمبەری دەکردنە شایەت کە ئەو شتانە هەمووی درۆن و ئەو نە سیخوڕیی کردووە و نە کەسی کوشتووە، بەڵام چایچییش کە خۆی هەموو ئەم شتانەی دەزانی، بڕیار نەبوو گوێی بۆ شل بکات.

نیو سەعات دواتر، دووبارە عەبدولسەلام و عەبدولعامر هاتنە ژوورەوە، فیلمەکەیان دایە دەستی چایچی و هەندێک سەربازی لیبیایی هاتن تەقەوی نیایان گەڕاندەوە بۆ زیندانەکەی.

ئێستا ئیدی کاتی دووبارەبوونەوەی هەمان فیلم بوو، بەڵام ئەم جارە بۆ جەمشیدی نەعمانی. دەبوو ئەوان دڵنیا ببنەوە لەوەی کە ڕادەستی ئێران دەکرێنەوە و لەوێیش زیندان و لەسێدارەدان چاوەڕێیان دەکات. هەموو شتێک پیشاندەری سەرکەوتووی ئەم شانۆییە ساختانە بوو.

کۆتایی ڕۆژ، هەموومان هەستمان بە ماندوێتییەکی زۆر دەکرد؛ عەبدولسەلام گوتی پێویستە لانیکەم ٢ ڕۆژ لێیانگەڕێین تا کاریگەریی پلانەکە بسەلمێنرێت. بڕیار درا ڕۆژی سێشەممە دووبارە من بچمەوە سەروەختیانەوە. سەعات ١٠:٠٠ی شەو گەیشتمەوە هۆتێل، گورج حەمامێکم کرد و لێی خەوتم، بەڵام هەر زوو بە هۆی زەنگی تەلەفۆنەوە ڕاچەنیم. وام زانی قوتبزادەیە، کەچی دەنگی چایچی بوو، گوتی کە دەبێت زوو ئامادە بم و بچمە دەرێ تا ئەویش دێت بە دوامدا، پرسیم: "چی بووە؟" گوتی: "تۆ پەلە بکە… دوایی تێدەگەیت!" بە شپرزی هەستامەوە، دەموچاوم شوشت، جلەکانم لە بەر کردن و بەوپەڕی ناڕەحەتی و شپرزەییەوە خۆم گەیاندە بەردەرگای هۆتێل. هەزار و یەک پرسیار لە مێشکمدا کەڵەکە بووبوون. هێندە ڕووداوی دەستکرد و شتی سەیروسەمەرەم بینیبوون، کەم کەم خەریک بوو لە دۆخی خۆیشم بکەومە گومانەوە، نەوەک منیش کەوتبێتمە داوەکەوە و تووشی هەمان چارەنووسی نەعمانی و تەقەوی نیا ببم. چەند ساتێکی پێ نەچوو جێبە سەربازییەکە گەیشت، تەنها شۆفێرەکە و چایچیی تێدا بوون. پرسیم: "چی ڕووی داوە کە وا ئەم کاتە درەنگەی شەو دەبێت بچینە فەرمانگە؟" چایچی گوتی:

– ناچینە فەرمانگە، بەرەو نەخۆشخانە دەڕۆین.

– نەخۆشخانە بۆچی؟ چی ڕووی داوە؟

چایچی لە حاڵێکدا زۆر شپرزە و نیگەران دیار بوو، گوتی: "ڕەنگە شتێکی زۆر گرنگ نەبێت… تەقەوی نیا خۆی کوشتووەتەوە." گورج پرسیم: "لەو جۆرە خۆکوشتنەوانە؟" بە بزەیەکەوە گوتی:

– نا… هەر بە ڕاستی خۆی کوشتووەتەوە.

– واتە ئەم جارە باسی ساردخانەی پزیشکی ڕاستە و شانۆیی نییە؟

– ئەگەر درەنگ بگەین لەوانەیە.

– ئێ باشە دەبێت چی بکەین؟

– هەر بۆ ئەمە تۆم لە خەو کرد. خۆت دەزانیت کە من بۆم نییە ڕووبەڕووی ببمەوە، من نوێنەری دەوڵەتی ئێرانم، بەڵام تۆ دەتوانیت بگەیتە فریای و کارێکی بۆ بکەیت.

– باشە، کەسێک خۆی کوشتووەتەوە، ئیدی چ کاروبارێکی هەیە من ئەنجامی بدەم؟ خۆ من دکتۆر نیم.

– له بیرت نه‌چێت ئێره لیبیایه، دکتۆر و په‌رستاره‌کانیش فارسی نازانن، بۆیه تۆ ده‌بێت له‌وێ بیت و هاوکاری بکه‌یت.

جێبه سه‌ربازییه‌که زۆر توند ده‌یهاژووت، گورج گه‌یشته نه‌خۆشخانه‌ی سه‌ربازیی ته‌رابلۆس. عه‌بدولعامر له‌به‌ر ده‌رکه‌دا چاوه‌ڕوانمان بوو. له جێبه‌که ده‌رپه‌ڕیم و گورج پرسیم: "چی بووه؟" زۆر له‌سه‌رخۆ و به خوێنساردی گوتی:

– له ژووری نه‌شته‌رگه‌رییه.

– هیچ هیوایه‌ک هه‌یه؟

– هه‌ر خوا خۆی ده‌زانێت... ڕه‌گی ده‌ستی خۆی بڕیون.

خۆشبه‌ختانه، عه‌بدولڕه‌زا ته‌قه‌وی نیا له مردن ڕزگاری بوو. ئه‌و به ده‌می که‌وچکی چێشتخواردن ڕه‌گی ده‌ستی خۆی بڕیبوون، ڕزگاربوونی له مردن وه‌ک په‌ڕجوویه‌ک وا بوو. سه‌عات ٨:٠٠ی به‌یانی هێنایانه ده‌ره‌وه، هه‌ر ئه‌مه‌یش پیشانده‌ری ئه‌وه‌یه که چ نه‌شته‌رگه‌رییه‌کی قورسی بۆ کراوه و چه‌نده کارێکی پڕ مه‌ترسی بووه. هه‌ر وا به بێهۆشی بردیانه ژوورێکی تایبه‌ت و مۆڵه‌تیان دامێ که من به‌سه‌ر سه‌ریه‌وه بم. سه‌عات ٩:٠٠ بوو که ئه‌حمه‌دی و عه‌بدولسه‌لام هاتن. من دڵخۆش بووم که له مردن ڕزگاری بووه و ئه‌وانیش خۆشحاڵ بوون که یانوویه‌کیان که‌وتووه‌ته ده‌ست که زووتر و باشتر ده‌سته‌مۆی بکه‌ن! عه‌بدولسه‌لام هه‌ندێک شتی گوت و پاشان له‌گه‌ڵ ئه‌حمه‌دی ڕۆیشتن و جارێکی تر کاره‌کان که‌وتنه‌وه ده‌ستی خۆم. سه‌عات ٣:٠٠ی پاشنیوه‌ڕۆ هاته‌وه هۆش خۆی، کاتێک بینیی من به‌سه‌ر سه‌ریه‌وه‌م، زۆر دڵخۆش بوو، به‌ڵام نه‌یده‌توانی قسه بکات و ده‌بوو من ماوه‌یه‌کی تر چاوه‌ڕێ بکه‌م تا به ته‌واوی دێته‌وه سه‌رخۆی. کاتێک هاته‌وه قسه، هه‌وڵم دا زۆر له‌گه‌ڵی نه‌رم بم؛ ده‌ستم کرده ئامۆژگاریکردنی، زاری کرده‌وه، سوپاسی کردم و گوتی: "له هه‌موو ته‌مه‌نمدا مرۆڤێکم نه‌دیوه وه‌ک تۆ دڵنه‌رم و به‌ڕه‌حم بێت!" پاشان باسی فیلمه‌که‌ی کرد که هیچ تێناگات چۆن دروست کراوه و ئه‌و قسانه‌ی چۆن و له کوێ کردوون. کاتێکیش من ئاماژه‌م به گه‌ڕاندنه‌وه‌ی بۆ ئێران و ئه‌و چاره‌نووسه‌ی کرد که له ئێران چاوه‌ڕوانیه‌تی، وا شپرزه بوو که دڵنیام ئه‌گه‌ر بیتوانیایه، دووباره خۆی ده‌کوشته‌وه. زۆر دڵم دایه‌وه و هه‌ندێک باسم بۆ کرد که گه‌لێک که‌سی بێتاوان گیراون و تا پای قه‌ناره‌ش ڕۆیشتوون، به‌ڵام ڕزگاریان بووه و هه‌وڵم دا ئارامی بکه‌مه‌وه، ده‌مزانی بۆ ئازاردانی، ده‌رفه‌تی دیکه زۆره. دوای چه‌ند ڕۆژێک مانه‌وه له نه‌خۆشخانه، عه‌بدولڕه‌زا گه‌ڕێنرایه‌وه زیندان. ئێستا ئیدی هه‌ردووکیان دڵنیا بوون که پاش ماوه‌یه‌کی تر له لایه‌ن کاربه‌ده‌سته سوورییه‌کانه‌وه ڕاده‌ستی کاربه‌ده‌ستانی ئێران ده‌کرێنه‌وه و ئیدی له تاران دادگایی و سێداره چاوه‌ڕوانیانه. به‌یانیی ئه‌و ڕۆژه‌ی ته‌قه‌وی نیا له نه‌خۆشخانه

هاته دەرێ، من چوومە زیندان بۆ سەردانیکردنی؛ فەرمانی عەبدولسەلام بوو. پێشتر کاری نەعمانیم تەواو کردبوو و بەڵێنم لێ وەرگرتبوو کە هاوکاریی بەرپرسانی "بە ناو" سووری بەڵام لە ڕاستیدا لیبیایی بکات، ئێستایش نۆرەی تەقەوی نیا بوو.

پێیم گوت زۆرم خۆش دەوێت و لەبەر ئەوەی هاووڵاتیی خۆمە، حەز دەکەم یارمەتیی بدەم. شاگەشکە بوو، وای دەزانی خەریکم یارمەتیی دەدەم بۆ هەڵهاتن، خۆی دانی بەوەدا نا، بەڵام من بەرپەرچم دایەوە و گوتم کە هەڵهاتن بە هیچ جۆرێک نابێت و ناکرێت، پاشان بۆم زیاد کرد: "بڕوانە... تاوانەکانت زۆر قورسن... هەر لەگەڵ گەیشتنەوەت بۆ ئێران، تیربارانت دەکەن... ئەم خۆکوشتنەوەیەت وای لێ کردم قسە لەگەڵ بەرپرسانی ئێرەدا بکەم بە نێرراوەکانی ئێران بڵێن گوایە تۆ خۆت کوشتووەتەوە، یاخود هەڵهاتوویت، بەڵام تۆیش دەبێت لە بەرانبەردا بەڵێن بدەیت لێرە بمێنیتەوە و هاوکارییان بکەیت."

تەقەوی نیا کە تا ئەو کاتە بە حەزەوە گوێی بۆ شل کردبووم، دەستەکانی لێک دان و بە تووڕەیی و پەرۆشییەکەوە گوتی: "واتە خیانەت لە وڵاتەکەم بکەم؟!" گوتم: "ناوی هاوکاریکردنە. پاشان، ئەی ڕێگاچارەیەکی ترت هەیە؟ ئەگەر هەتە بە منیشی بڵێ تا یارمەتیت بدەم."

گوتی: "خۆیشم نازانم، بەڵام... ئایا ئێوە لەگەڵ بەرپرسانی ئێرەدا لەم بارەیەوە قسەتان کردووە؟"

شانم هەڵتەکاند و گوتم: "نا... واتە هێشتا نا، لەوانەشە هەر قبووڵی نەکەن و بارودۆخی منیش لێرە تێک بچێت... بە هەرحاڵ، دەبێت بزانیت کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە."

تەقەوی نیا کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: "دەبێت بیری لێ بکەمەوە، ئەمشەو دەرفەتم بەرێ."

گوتم: "باشە، هەرچۆنت پێ خۆشە با وا بێت، بەڵام وابزانم سبەی تا نیوەڕۆکەی ڕێوڕەسمی ڕادەستکردنەوەی تۆ بە ئێران دەست پێ دەکات و تۆ دەبێت زووتر خۆت یەکلایی بکەیتەوە و بڕیار بدەیت. خۆت دەزانیت کە لەم بوارانەدا سەرۆککۆمار بڕیار دەدات و لە کۆتا ساتەکانیشدا دەستمان نایگاتێ."

بە بزەیەکەوە کە یەکەمین نیشانەکانی تەسلیمبوونی تێدا بەدی دەکرا، گوتی: "کەواتە شەو وەڵامت دەدەمەوە. هەر ئەمشەو."

شەو دووبارە چوومەوە لای بۆ زیندان، لە ناو گریان و ئاخ و ئۆف و حەسرەتدا ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی. تەنها نیگەرانییەک هەیبوو، بارودۆخی هاوسەر و منداڵەکەی بوو. من هیچ بەڵێنێکم پێ

نەدا، بەڵام گوتم کە دەڕۆم و هەر ئەمشەو لەگەڵ بەرپرسە سوورییەکاندا قسە دەکەم و لە ئەنجامەکەی ئاگاداری دەکەمەوە. گوتیشم کە ئەگەر ئەوان ڕازی ببن بە مانەوەی، ئەوا ڕەنگە بکرێت هەوڵی هێنانی ژن و منداڵەکەشی بدەین.

پێشتر ئاماژەم پێ کرد کە نەعمانییش بە شانۆییەکی هەمان جۆر، دەستەمۆ کرابوو؛ ٢ ڕۆژ بوو لە زیندانەوە گواسترابووەوە ماڵێکی ئاسایش و بە چاودێریی بەرپرسانی لیبی، خەریکی بینینی خولێک بوو بۆ بەکارهێنانی لە دواڕۆژ و لە کاتی پێویستدا. نەعمانی ژیانی هاوسەریی پێک نەهێنابوو، بەو هۆیەیشەوە کە لە تەقەی نیا ئارامتر و خەمساردتر بوو، زووتر دەستەمۆ کرا و بەڵێنی هاوکاریی دا و لە نێوان ژیان و مردندا، ژیانی هەڵبژارد.

بە فەرمانی عەبدولسەلام، سەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژە بۆم نەبوو سەردانی تەقەوی نیا بکەم و بیبینم؛ گوایە ئەو هێشتا مابووی بە تەواوەتی دەستەمۆ ببێت و دەبوو شانۆییەکی دیکەیشی بۆ بگێڕرێت. هەر بۆیە پێشنیوەڕۆ خۆیان دەچنە لای، دەیبەنە ئارایشتگە و حەمام، پێی دەڵێن گورج بێت، چونکە تا چەند سەعاتێکی دیکە ڕادەستی بەرپرسانی ئێران دەکرێتەوە. ئەویش بەردەوام هەواڵی من دەپرسێت، کەچی هەر جارەو بە درۆیەک وەڵامی دەدەنەوە. سەرئەنجام، چەند چرکەیەک پێش تەواوبوونی دەرفەتە ساختەکە، من بە هەنسکە هەنسکە خۆم گەیاندێ و مزگێنیی ئەوەم دایە کە گوایە خودی سەرکۆمارم بینیوە و هەر خۆی ڕازی بووە بەوەی ئەگەر هاوکاریی چاکی هێزەکانی سووریا بکات، ئەوا کار بۆ هێنانی ژن و منداڵەکەشی دەکرێت. دوای سەعاتێک، عەبدولڕەزای تەقەوی نیایش گواسترایەوە بۆ خانوویەکی ئاسایش، تا ئامادە بکرێت بۆ دەستپێکردنی دەورانێکی نوێی ژیانی.

پێویستە بڵێم ئەم ٤ کەسە، واتە ڕەزا چایچی، حەمید ئەحمەدی، عەبدولڕەزا تەقەوی نیا و جەمشید نەعمانی، دوای تێپەڕاندنی خولی پێگەیاندن، بەشدارییان لە چەند چالاکییەکی تیرۆریستی لە ئەردەن و ئیسرائیلدا پێ کرا و دواتریش لە هەڵمەتێکی ڕفاندنی فڕۆکەدا. ئەمانە ساڵ و نیوێک لە لیبیا مانەوە و دواییش وەک پارێزەری تایبەتی خومەینی لە نوفێل لوشاتوودا هەر لەگەڵ من بوون و سەرئەنجام، هەموومان پێکەوە فڕۆکەیەکی ئەیر فرانس و لە پاڵ خومەینیدا گەڕاینەوە بۆ تاران. هەرچواریان بوون بە فەرماندەی ئەو دەستەیەی فڕۆکەوانە ساختەکان، کە گوایە لە ئەرتەش دابڕابوون و هاتبوونە ناو ڕیزەکانی سەر بە خومەینی و بەم جۆرە و بەم شانۆییە ساختەیەیش، یەکەمین درزی دابڕانمان خستە نێو ڕیزەکانی سوپای شاهەنشاهییەوە. دواتر و بە کاتی خۆی، زیاتر باسی ئەم لایەنە دەکەم.

من گەر بمەوێت بیرەوەریی ڕۆژانەمت بۆ بگێڕمەوە، ئەوا دەبێت بڵێم چەند ساڵێک دەخایەنێت، بەڵام ئەم چەند نموونەیەی گێڕامنەوە، دەکرێت پیشاندەری ئەوە بن کە کرۆکی سوپا و کۆمیتەکانی خومەینی بە چ کەسانێک و چ جۆرە ئەزموون و دنیابینییەکەوە دامەزران. ئێمە، هەموومان، سەرەتا فریوی ئەو هەموو پارە زۆرەمان خوارد کە بەبێ هیچ ماندووبوونێک پێمان دەگەیشت، یاخود بە هۆی فایل بۆ دروستکردن و ترساندن بە هەندێک تاوان، وەک ئەوەی تەقەوی نیا و نەعمانی، بە ناچار کەوتینە ناو ئەم داوەوە. دواتر دەسەڵات چێژی پێ بەخشیین، چەک و پاڵپشتیی هەندێک وڵات و ڕژێمی تیرۆریستپەروەر دڵگەرمی کردین. کاتێکیش دەستمان بە خوێن سوور بوو، ئیدی هیچ ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ نەما. دوای چالاکییەکی سادە، ئیدی کوشتن و تەقینەوە و تێکدەری و خراپەکاری بە دوای یەکدا هاتن و دووبارە کرانەوە، تا ئەوەی کە ئیدی هیچ بەلامانەوە ناشیرین و دزێو نەبوو و هیچ سڵمان لێ نەدەکردەوە، بەڵکو دەکرێت بڵێم خوومان پێوە گرت. بۆ نموونە، ئەو شەوەی لە سەربانی قوتابخانەی ڕەفا و بە بەرچاوی ئاخوندە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانەوە، سیرەمان لە دڵی ئەفسەرانی ئەرتەش گرتبوو و دەستمان بەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانمانەوە بوو، هیچ ترسێکمان لە مردن لە دڵدا نەبوو و هیچ سڵێشمان لێ نەدەکردەوە. ڕاستە کارێکی چەپەڵ و دزێو بوو، هەر بۆیە خودی خومەینی گوتی کە وا پیشان بدەین گوایە ئەو کوشتارە لە لایەن چریکە فەڵەستینییەکانەوە ئەنجام دراوە. بەڵام لە ڕاستیدا کوشتن بووبووە پیشەی ئێمە و تەنانەت گەر چێژیشمان لێ نەبردایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لێی نەدەسڵەمینەوە و دڵمان بە هیچ جۆرێک ڕانەدەچەنی. بەڵێ... ئەوە ئیدی دینا و ژیانی ئێمە بوو.

بە هەرحاڵ... دوای دەستەمۆبوونی ساویلکانەی فڕۆکەوانەکان، من هەموو ڕۆژێک هەروەک فەرمانبەرێک لە فەرمانگەی ئاسایش و هەواڵگریی لیبیادا ئامادە دەبووم و هاوکاریی عەبدولسەلام و عەبدولعامر و چایچی و ئەحمەدیم دەکرد، هەندێک جاریش سەردانی نەعمانی و تەقەوی نیام دەکرد و هەندێک شتی نوێم فێر دەکردن. ئەوەیش بڵێم، ئەو ٢ کەسە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێکی تەواو یەکیان نەبینی و هەر کامەیان وای دەزانی ئەوی تر مردووە؛ لە حاڵێکدا هەردووکیان لە یەک شار و یەک گەڕەک و تەنانەت یەک بنکەشدا بوون! کاتێک ئاگاداری ڕاستییەکان بوون، کە ئیدی زۆر درەنگ بوو و ئەوان بە ساویلکەیی کەوتبوونە داو و دەستیان بە خوێن سوور بوو، ئیدی ئارامترین شوێن بۆیان، هەمان بارەگای قەزافی بوو. ژن و منداڵەکەی تەقەوی نیایش هەر لە تاران مانەوە و هیچ هەنگاوێک بۆ گواستنەوەیان نەدرا. بنەماڵەی هەردوو فڕۆکەوان، بەپێی هەواڵێکی ساختە کە بە فەرمانی عەبدولسەلام لە ڕۆژنامەیەکی لیبیادا چاپ و بڵاو کرایەوە، بڕوایان بەوە کرد کە ساواک و هەواڵگریی ئەرتەش کوڕەکانی ئەوانیان لە ئەمەریکا کوشتوون و تەرمەکانیان خستوونەتە ناو ئاوی ڕووباری هۆدسەنی نیویۆرک! ئەوان تەنانەت پرسەیشیان بۆ کوڕە بە ناهەق کوژراوەکانیان دانا و تا دوای سەرکەوتنی شۆڕش، هەر لەو باوەڕەدا هێڵرانەوە و دواتر پاش شۆڕش ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوت. خۆشبەختانە هاوسەرەکەی تەقەوی نیا بەوەفا بوو، هەر بۆیە

کە بەیەک گەیشتنەوە، ژیانێکی شاد ژیان، تا ئەو کاتەی کە تەقەوی نیا بەو شێوە زۆر جەرگبڕە مرد.

قوتبزادە کە بەڵێنی دابوومێ دوای ٢ هەفتە بۆ لام بگەڕێتەوە بۆ تەرابلۆس، ٢ مانگی تەواو نەگەڕایەوە، بەڵام هەموو هەفتەیەک ٢ جار پەیوەندیی پێوە دەکردم. لەم ماوەی ٢ مانگەدا حکومەتی لیبیا ٢ جار و هەر جارەو ٢٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکیی وەک مووچە پێ دام.

کاتێک قوتبزادە پاش ٢ مانگ و چەند ڕۆژ گەڕایەوە تەرابلۆس، هەندێک پرسیاری دەربارەی کارەکانی من کرد و پاشان هەواڵی دەستگیرکردن و دادگایی سەید مەهدی هاشمی و خزمەکانمی دامێ و گوتی جارێ نابێت بیری چوونەوە بۆ ئێران بکەم، چونکە بارودۆخم باش نابێت. ئینجا پرسیاری لێ کردم ئایا ئامادەم لەگەڵی بگەڕێمەوە پاریس، یاخود حەز دەکەم هەر لە لیبیا بمێنمەوە؟ زۆر بە سادەیی وەڵامم دایەوە کە پاریسم زۆر خۆش دەوێت، بەڵام ٢٠٠٠ دۆلاری مانگانەش لێرە زۆر لە دڵم چەقیوە. گوت، ئەگەر بڕیار بێت لە پاریس بێکار بم و ببمە سەرباری بۆ هاوڕێکانم، هەر ئەوە باشترە لێرە، لە لیبیا بمێنمەوە و خەرمانی دۆلارەکانم زیاتر بکەم. بە مەرجێک هەوڵی ئەوەم بۆ بدات کە بتوانم ماوە ماوە سەردانێکی پاریس بکەم. قوتبزادە کە هەردەم پێدەکەنیی، بە هەمان پێکەنینە هەمیشەییەکانیەوە گوتی: "لەگەڵ بەرپرسانی لیبی قسە دەکەم و ئاگادارت دەکەمەوە." من حاڵی پاتریسیام لێی پرسی، بە بزەیەکەوە گوتی: "ئەگەر زووتر نەگەیتە لای، ئەوا وەفادارییەکەی بۆت ئەبەدی نابێت."

من هەمیشە لەگەڵ قوتبزادەدا خۆشحاڵ دەبووم، ئەو مرۆڤێکی خۆشگوزەران بوو بە واتای وشە. چرکەیەک دانیشتن لەگەڵ ئەو، بۆ من وەک ئەزموونێکی نوێ و دڵگیر بوو. مانگێک لە تەرابلۆسدا مایەوە و دوایی پێکەوە بەرەو پاریس بەڕێ کەوتین. بەرپرسانی لیبیا زۆر حەزیان دەکرد من لەوێ بمێنمەوە و هاوکارییان بکەم، منیش ڕازی بووم و ئیدی بڕیار درا کاتێک لە پاریس گەڕامەوە، خانوویەک و چێشتلێنەرێک و سەیارەیەکیشم بە شۆفێرەوە بدەنێ و ڕزگارم ببێت لە نوستنی ناو هۆتێل. قوتبزادە گوتی: "دەتوانم وا بکەم کە پاتریسیایش بێتە لیبیا و لە لات بژێ، بە مەرجێک لەو ٢٠٠٠ دۆلارە مانگانەیەت، هەزاری بدەیتە ئەو." منیش گوتم: "تۆ جاری با بچین، لە پاریس باسی دەکەین."

لەگەڵ قوتبزادەدا سواری فڕۆکەیەکی لیبیایی بووین، سەرەتا بۆ لەندەن و لەوێیشەوە بەبێ وەستان بەرەو پاریس. هاتوچۆ بۆ پاریس، هەر هەمیشە (بێجگە تاکە یەک جار)، بە فڕۆکەی غەیرە لیبیایی دەبوو، هۆکارەکەشی نازانم و هیچ کات لێی تێنەگەیشتم!

شەو، دووبارە هەموومان پێکەوە و لە دەوری یەک کۆ بووبووینەوە: قوتبزادە، بەنی سەدر، سەلامتیان، حەبیبی، پاتریسیا و بئاتریس؛ هەموومان.

سەردانەکەی من بۆ پاریس بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ دانرابوو، بە خواستی خۆم کورتم کردەوە بۆ ١٥ ڕۆژ و گەڕامەوە بۆ تەرابلۆس. حکومەتی لیبیا ڕەزامەندیی لەسەر هاتنی پاتریسیا پیشان نەدابوو. قوتبزادە وای گوت، لەوانەیە درۆیشی کردبێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت، بۆ من خراپ نەبوو، چونکە من کەسێک نەبووم بتوانم هەموو مانگێک ١٠٠٠ دۆلاری خۆم بدەمە خەڵکی تر!

دواتر، هەرکات سەردانی پاریسم دەکرد کە هەمیشە ٢ بۆ ٣ مانگ جارێک دەبوو، هاوڕێیانی پاریسم گەلێک لە جارەکانی پێشوو سەرقاڵتر دەبینی. تەنها لەگەڵ قوتبزادە کەمۆکێک خۆشمان ڕادەبوارد، ئەوانی تر هێندە نوقمی گفتوگۆی سیاسی و پلاندانان بوون، کە دانیشتن لەگەڵیان مرۆڤی بێزار دەکرد.

بە هەرحاڵ، لەو کاتەوە ئیتر تا ٥ ڕۆژ پێش هاتنی خومەینی بۆ پاریس، من هەر لە لیبیا مامەوە و لە فەرمانگەی ئاسایشی ئەو وڵاتەدا کارم کرد. هەر ٢ بۆ ٣ مانگ جارێک سەفەرێکی پاریسم دەکرد و ماندوو و هیلاک دەگەڕامەوە، تەنها خۆشییەک پاریس بۆمی هەبوو، جگە لە بینینی قوتبزادە و تێکەڵاویی پاتریسیا، ئەو پەیوەندییانە بوون کە لەگەڵ باوکم و دایکم و داود دەمکردن لە ئیسفەهان، ئەم پەیوەندییانەش زۆرتر بەو مەبەستە بوو تا دڵنیا بم هاوکارانم وەفایان بە بەڵێنەکانیان هەبووە و پارەیان خستووەتە حیسابەکەم، یان داویانە بە باوکم یاخود نا؟ دیارە هەمیشە وەڵامەکان ئەرێنی بوون. ئیدی هەر وا ڕۆژگار تێپەڕیی و من جارێکیان زۆر بە جیدی بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ ئێران، ئەویش ئەو کاتە بوو کە لە دەستگیرکردنی سەید مەهدی هاشمی و خزمەکانم بە تۆمەتی کوشتنی ئایەتوڵڵا شەمس ئاگادار کرامەوە. تا لە لیبیاوە خۆم گەیاندە پاریس، دادگای ئێران حوکمەکەی دابوو کە تێیدا سەید مەهدی هاشمی، پیاوێک کە من ئەو هەموو هەیمەنە و کەوکەبە و پووڵ و پارە و سامانەم لە ڕێگە و بە هۆی ئەوەوە دەست کەوتبوو، بە ٢ جار لەسێدارەدان حوکم درابوو. من سەرم لە واتای "٢ جار ئیعدام" دەرنەدەکرد، هەر ئەمەیش وای لە قوتبزادە کرد کە گاڵتەم پێ بکات و پێم ڕابوێرێت. بە قوتبزادەم گوت: "هەر جۆر بێت، دەبێت بگەڕێمەوە ئێران و سەید مەهدی هاشمی ڕزگار بکەم... من ئێستا ئیدی تەنها نیم و لانیکەم ٥٠ بۆ ٦٠ کەسم لەگەڵن کە لە لیبیا لە بەردەستمدا کار دەکەن، ئەوانەیش لەو جۆرە کەسانەن کە لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە و هیچ ترسێکیان لە دڵدا نییە، دەتوانین بە هەر ڕێگایەک بووە بچینەوە ناو ئێران و سەید مەهدی هاشمی ڕزگار بکەین." قوتبزادە گوتی: "یەکەم، چۆن دڵنیا بین کە ئەو ٦٠ کەسە بەبێ مۆڵەت و ڕەزامەندیی قەزافی هاوکاریت دەکەن؟ دووەم، خۆ هێشتا هیچ نەبووە، ئەمە حوکمێکی سەرەتاییە کە ئێمەیش و کۆنفیدراسیۆنیش خەریکین لە دژی کار دەکەین و ناهێڵین

بە کردەنی بکرێت. سێیەم، دادگایەکی تێهەڵچوونەوەشی بە دواوە دەبێت و تازە دوای ئەوانەیش گەلێک شتی تر هەن کە دەبێت بکرێن، ئینجا چارەنووسی حوکمەکە یەکلایی بکرێتەوە." سەیرێکی بەنی سەدری کرد کە شایەتی بدات لەسەر ڕاستبوونی قسەکانی و پاشان بە پێکەنینەوە گوتی: "دەی... ئێستا واتای ٢ جار ئیعدام فێر بوویت؟" گوتم: نا..." گوتی: "واتە ئەگەر جاری یەکەم کە ویستیان لە سێدارەی بدەن، تۆ و سوپا ٦٠ کەسییەکەت پێی ڕانەگەیشتن، بۆ جاری دووەم هەر پێی دەگەن." ئەوەی گوت و لەگەڵ ئەوانی تر دایانە قاقای پێکەنین. پێش ئەوەی دووبارە بەرەو لیبیا بگەڕێمەوە، دیار بوو کە بە خواست و داوای قوتبزادە، ئایەتوڵڵا بەهەشتی و پەروەرش و باوکم پەیوەندییان پێوە کردم و گوتیان نابێت بیر لە هاتنەوە بۆ ئێران بکەمەوە؛ باوکم دووپاتی کردەوە کە ئەمە خواستی خودی سەید مەهدییشە. چارەیەکم نەبوو، هەر بۆیە گەڕامەوە لیبیا و ئیدی هەمان کارە دووبارەکان و هەمان بێخەبەری و بێئاگایی لە هەموو شت و لە دنیای دەرەوەش! تاکە دڵخۆشیم کۆکردنەوەی پارە بوو، ئەمە و هیچی تر. ئەمەیش شتێک بوو کە لەپێناویدا هەموو کارێکم دەکرد.

لە لیبیادا خۆشم ڕادەبوارد، بەرە بەرە هەستم بەوە دەکرد کە بوومەتە کەسایەتییەکی جیاواز، کەسایەتییەک کە چیدی ناتوانێت و نابێت بە هەژاری و لە دوکانی قەسابیدا ئیش بکات. کەسایەتییەک کە دەبوو شۆفێر و چێشتلێنەری تایبەتی هەبن، گەرچی سوور دەزانێت ئەوان هەردووکیان پیاوی دەزگای سیخوڕیی قەزافین.

ڕۆژێکیان دەمەوبەیان زوو بە کاتی تەرابلۆس، سادقی قوتبزادە لە پاریسەوە پەیوەندیی پێوە کردم و گوتی هەرچی زووە خۆم بگەیەنمە پاریس، چونکە چالاکییە سەرەکییەکان دەستیان پێ کردووە و بوونم زیاتر لە پاریس پێویستە تا لیبیا. گوتی کە لەگەڵ بەرپرسانی لیبیایش قسە دەکات، ئەوانیش ئاگاداری بارودۆخەکەن، هەر بۆیە ڕازی دەبن و دەکرێت بە یەکەمین فڕۆکە بمنێرنەوە بۆ پاریس. گوتیشی جارێکی دی ناگەڕێمەوە لیبیا، بۆیە پێویستە هەرچیم هەیە کۆی بکەمەوە و باری سەفەری یەکجارەکی ببەستم.

من کە تا ئەو کاتە بە تەواوی نەبووبوومە پیاوێکی سیاسی و هێڵی ژیانم، تەنها لە چواردەوری تیرۆر و کارە دزێوە پارتیزانییەکاندا دەسووڕایەوە. بە بیستنی ناوی تاران لە زاری قوتبزادەوە، وای بۆچووم کە گوایە پلانی ڕزگارکردنی سەید مەهدی ئامادەیە و ئێستا نۆرەی منە برۆم پلانەکە جێبەجێ بکەم و بە ڕزگارکردنی سەید مەهدی، پاداشتی هەموو چاکەکانی بدەمەوە. ٢٤ سەعاتی نەبرد کە من چوومە فڕۆکەخانەی تەرابلۆس و ئامادە بووم بۆ فڕین بەرەو پاریس. عەبدولسەلام و عەبدولعامر و چایچی بۆ بەڕێکردنم هاتبوون، هەر لەوێیش بوو کە عەبدولسەلام چەکێکی ٥٠،٠٠٠ دۆلاریی دامێ وەک دیاریی ژەنەڕاڵ قەزافی. با دانی پێدا بنێم کە ئەگەر عەشقی ڕزگارکردنی سەید مەهدی نەبوایە، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبووم ئەو پلە و پێگەیە لە دەست بدەم کە لە دەزگای ئەمنیی لیبیادا بە دەستم هێنابوو. بە درێژایی ماوەی فڕینەکەم لە تەرابلۆسەوە بۆ پاریس و بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو بەبێ دابەزینم لە لەندەن، کەوتمە پێداچوونەوەی ژیانی خۆم لە کاتێکەوە بە بیرم دەهات تا ئێستام. دانی پێدا دەنێم کە بەپێی پێوەرەکانی ئەو کات و تەمەنەم، هیچم نەبینی جگە لە پێشکەوتن و گەشە و بەرزبوونەوە!

لە فڕۆکەخانەی ئۆرلیی باشوور، بەنی سەدر و قوتبزادە پێشوازییان لێ کردم. هەر لە هەمان کات و ساتدا تێگەیەنرام کە شوێنی مانەوەم هەمان نووسینگەکەی قوتبزادەیە، هەر لە ڕێگایشدا بووین کە بۆم دەرکەوت بۆچوونەکەم لەمەڕ ڕزگارکردنی سەید مەهدی تەنها وەهم و خەیاڵێک بووە و هیچی تر بۆ هانتەوەم یان باشتر بڵێم بانگهێشتکردنەوەم بۆ ئەو مەبەستە نەبووە، بەڵکو هۆکارێکی زۆر گرگنتر هەبووە بۆ هاتنەوەی من بۆ پاریس و تەنانەت ڕەنگە بۆ تارانیش.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دانی پێدا بنێم هاتن و جێگیربوونی خومەینی لە پاریس، بە پێچەوانەی هەموو ئەو گێڕانەوە و نووسینانەی لەسەری بڵاو کراونەتەوە، بە هیچ جۆرێک ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو هەموو شتێک پێشوەختە پلانی بۆ داڕێژراوە و ئامادەکاریی بۆ کراوە. بۆ نموونە، خودی من هەفتەیەک پێش هاتنی خومەینی بۆ پاریس، سوور دەمزانی کە ئەو چ کاتێک، بە چ فڕۆکەیە و لەگەڵ کێ و کێ دێت و دەگاتە پایتەختی فەڕەنسا. لە ڕاستیدا ڕۆیشتنی خومەینی لە عێراقەوە بۆ کوەیت و مۆڵەت پێ نەدانی بە مانەوە لە سنووری کوەیت و... هەمووی سیناریۆیەکی پێشوەختە

ئامادەکراو بوو، تاکتیک و شێوازێکی زیرەکانەی ڕیکلام و بانگەشە بوو بۆ چەواشەکردنی بیروڕای جیهانی و ڕاکێشانی زۆرترین سەرنج بۆ لای خومەینی و بۆ بێتاوان پیشاندانی ئەمەریکا و فەڕەنسایش. خومەینی و پلان بۆ داڕێژەرەکانی لە پاریس، پێشوەختە دەیانزانی کە بەرپرسانی کوەیت بۆیان نییە مۆڵەتی مانەوەی لە وڵاتەکەیانی بدەنێ و دەبوو ئاوا بە پلان و بەرنامەیەکی پڕ هەراوهوریای سەرنجڕاکێش بگاتە پاریس.

سەرلەبەیانیی ڕۆژێک دوای ئەوەی گەیشتمە فەڕەنسا، لە هۆتێل سویدیەنی (مریدین) پاریسدا بەشداریی کۆبوونەوەیەکی گرنگم کرد و هەر لەو ڕێگەیەیشەوە ئاگاداری ئەو هەموو شانۆیی و سیناریۆ سەیروسەمەرانە کرامەوە. با ئەوەیش بڵێم، لە هەمان یەکەم چرکەی گەیشتنم بۆ پاریس، قوتبزادە داوای لێ کردم ٣٠ کەس لەو پارتیزانانەی لە لیبیا کارم لەگەڵ دەکردن، دیاری بکەم، واتە لە ناو هەمواندا باشترینیان هەڵبژێرم و ناوەکانیان بدەمە ئەو، تا داوا لە قەزافی بکەن بیاننێرێت بۆ پاریس و ببنە بەشێک لە پارێزەرانی تایبەتی خومەینی. منیش هەمان ڕۆژ خشتەی ناوەکانم دایە، دیارە چایچی، ئەحمەدی، تەقەوی نیا و نەعمانی بەشێک بوون لە هەڵبژاردەکەم.

وەک پێشتر ئاماژەیەکم پێ دا، ڕۆژێک دوای گەیشتنم بۆ پاریس، لەگەڵ قوتبزادە، بەنی سەدر، سەلامەتیان، غەزەنفەرپوور، خاتوو سدیقی عەلی، خەسرەوی شاکری، خەسرەو قەشقایی و حەبیبی لە هۆتێل سویدیەندا کۆ بووینەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا بوو کە بۆ یەکەم جار دکتۆر برایمی یەزدیم بینی کە لەگەڵ چەند کەسێکی ئەمەریکیدا، لەوانەش ڕامسی کلارک، ڕیچارد کۆتم فالک، سەرهەنگ ئەدوارد تامسۆن و ژنێکی سەرسووڕهێنەر بە ناوی دۆریان مەکگرەی هاتبوونە پاریس. برۆس لینگن، کە دواتر بوو بە کارداری کونسولگەریی ئەمەریکا لە تاران و کاتی بە دیل گرتنەکان لەوێ بوو، هاوکات لەگەڵ گەیشتنی خومەینی بۆ پاریس خۆی گەیاندە کۆبوونەوەکە. دەبێت بڵێم، لەو کاتە و لەو کۆبوونەوەیەدا، من جگە لە ناوی ناسراوی دکتۆر یەزدی، ئەوانی ترم نەدەناسین و تەنانەت نەمدەتوانی بە جوانی ناوەکانیان گۆ بکەم. بەرە بەرە و لەگەڵ بەناوبانگبوونی جیهانیی هەندێک لەو کەسانە، ئەم ئاگایی و زانیارییەی باسی دەکەم لە لام دروست بوو.

بە هەرحاڵ، ئەو ڕۆژە هۆڵێکی گەورەی هۆتێلەکە تەرخان کرا بۆ دانیشتنی ئەم کۆمەڵە کەسە، من و غەزەنفەرپووریش وەک بەرپرسی ئەمنی دیاری کراین. لە ژوورەوە، بەڵام لای دەرگاکە دانیشتبووین. من، بێجگە لەو کاتانەی کە دکتۆر یەزدی هەندێک قسەی ئەوانی بۆ ئامادەبوان وەردەگێڕرایەوە، هیچی تر لە قسەکانیان تێنەدەگەیشتم. کۆبوونەوەکە ٢ ڕۆژی خایاند، بەیانی و ئێوارە. سەعات ١٠:٠٠ی بەیانی دەهاتن و تا ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ خەریک بوون. هەر لەوێ شتێکیان دەخوارد و پشوویەکی کورتیان دەدا، سەعات ٤:٠٠ دەستیان پێ دەکردەوە تا ٢:٠٠ی نیوەشەو.

ئەوەی بەپێی وەرگێڕانەکانی دکتۆر یەزدی یان قسەی خودی ئێرانییەکان بۆم دەرکەوت، ئەوە بوو کە کاری شا تەواوە و ئێران لە بەرانبەری ئاڵوگۆڕێکی وەک ئەوەی جۆزەردانی ١٣٤٢یە (١٩٥٣)[1].

سەرجەم بەرنامە و پلانەکانی پەیوەندیدار بە مانگرتن، پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ تاران و شارە ئایینییەکان، دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە دواتر بوونە ئەندامی شووراى ئینقیلاب، پلانی سەفەری خومەینی بۆ کوەیت و لەوێوە بۆ پاریس، هەروەها چاوخشاندن بە ڕاپۆرتەکانی ڕەزا قوتبی و مەجید تهرانیان و عەدنان مەزارعی و محەمەد درەخشش، کە لە ڕێگەی ئایەتوڵڵا بەهەشتی و فەزلوڵلا مەحەللاتییەوە سات بە سات دەگەیشتە دەستیان، پلان بۆ جێگۆڕکێی ئاخوندە ئینقلابییەکان بۆ دەرەوەی وڵات یاخود هەر لە ناو وڵاتدا، لە کۆبوونەوەکانی ئەو ٢ ڕۆژەدا بە وردی دەخرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە. سەرهەنگ ئەدوارد تامسۆن، هەردوو ڕۆژەکە بە جلوبەرگی سەربازییەوە بەشدار بوو؛ جانتایەکی ماشیی بە دەستەوە بوو کە پڕی بوو لە ئامێری زۆر پێشکەوتووی سیخوڕی و هەواڵگری و هەموو ڕۆژێک بە هۆیەوە پەیوەندیی بە ئەمەریکاوە دەکرد، ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییانەی کە لە ڕێگەی جۆرە بێتەلێکی تایبەتەوە لەوێوە لەگەڵ کونسوڵگەریی ئەمەریکا لە پاریسدا دەکرا. ئەو پەیوەندییانەش زیاتر کاتێک دەکران کە کێشەیەک یان ناکۆکییەک دەکەوتە نێوان هەردوو لا (ئێرانی و ئەمەریکی) لە گفتوگۆیەکاندا. لە دوانیوەڕی ڕۆژی دووەمەوە، قوتبزادە و سەودابە سدیقی کە هاوسەری غەزەنفەر بوو، لە کۆبوونەوەکان چوونە دەرێ تا بە هاوکاریی بئاتریس و پاتریسیا لە هۆتێلەکانی پاریسدا شوێنی تایبەت بۆ ئەوانە دابین بکەن کە لەگەڵ خومەینی دەهاتن، هەروەها بۆ ئەوانەی بڕیار بوو پاش گەیشتنی خومەینی، لە ئێرانەوە بێن. سەلامەتیان و بەنی سەدر و حەبیبیش ڕاسپێرران بۆ کردنەوەی چەند حیسابێکی بانکی. لە سەعاتەکانی کۆتاییدا، دوای ئەوەی ڕامسی کلارک پەیوەندیی

---

[1] ساڵی ١٩٩٧ ڕۆژنامەی "جامعه یا صبح امروز"، بابەتێکی بڵاو کردەوە کە ئاماژەیەکی دابوو بە دوا کۆبوونەوەی زلهێزەکان لەمەڕ چارەنووسی شای ئێران، گوایە لە کۆبوونەیەکیدا لە پاریس بە بەشداریی فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا و... فەڕەنسا داوای پشتگیری لە شا دەکات و ئەوانی دییش هاوسۆز دەبن، بەڵام نوێنەری ئەمەریکا هەڵیدەداتێ و دەڵێت: "نا... تەمەنی شا کۆتایی هات و..." بەم جۆرە پاش دەیان ساڵ درۆ و فرتوفێڵ، بەشێک لە خەڵکی ئێران نهێنییەکیان لا ئاشکرا بوو و تێگەیشتن کە ئەوە توانای قسە هەڵەقومەلەقەکانی خومەینییەکی پیری خەڵەفاو نەبوو شای ڕووخاند، بەڵکو پلانێکی تۆکمەی سی ئای ئەی بوو بۆ کۆتاییهێنان بە شای ئێران، کە لەو سەردەمەدا خەریک بوو لە ئەمەریکا دوور دەکەوتەوە و خۆی بە شت دەزانی و... دیارە ئەوە دوایین ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە بوو، هەم ئەو داخرا و هەم سەرجەم ڕۆژنامەنووسەکانیش کە تێیدا کاریان دەکرد، گیران و ڕەوانەی زیندان و تەنانەت هەندێکیان ڕەوانەی گۆڕ کران! (وەرگێڕ)

به ئەمەریکاوە کرد، دکتۆر ئیبراهیم یەزدی ڕاسپێررا بۆ سبەینێ سەفەری عێراق بکات و خومەینی لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە ئاگادار بکاتەوە. لە کۆتا چرکەکانیشدا لە کونسوڵگەریی کەنەدا لە پاریس، ٢ پاسپۆرتی دروستکراو بۆ سەرهەنگ ئەدوارد تامسۆن و خاتوو دۆریان مەکگرەی نێرران، کە من وەرم گرتن. دوایی دەرکەوت ئەم ٢ پاسپۆرتە بە مەبەستی سەفەری ئەم دوانە ساختە کراون بۆ عێراق، تا خۆیان بچنە لای خومەینی و هەر جۆرە شک و گومانێکی لە دڵدا بڕەوێننەوە.

کە سەعات ٣:٣٠ خولەکی بەیانی گەیشتمە نووسینگەکەی قوتبزادە، هەواڵی دامێ کە ئەو ٣٠ چەکدارەی دەستنیشانم کردبوون، ٢ ڕۆژی دیکە دەگەنە پاریس و من هەم دەبێت لەگەڵ برایانی شاکری ئامادەکاری بۆ گەیشتنیان بکەم، هەم سەرپەرشتیاریشیان بم. قوتبزادە لەگەڵ شاکرییەکاندا نێوانی باش نەبوو، بەردەوام هۆشداریی دەدامێ کە بۆیان نەنەوێنم و نەهێڵم کۆنترۆڵی چەکدارەکانم لە دەست دەربکەن. تاکە یەک کەسی بۆخی دیاری کرد کە من بە گوێی بکەم، ئەویش کابرایەکی پاکستانی بوو بە ناوی ئیقبال ئەحمەد، کە بڕیار وا بوو لە لەندەنەوە وەک پارێزەری تایبەتی خومەینی بێت بۆ پاریس. ئەمە خۆشترین هەواڵی ئەم هەفتەیە بوو بیستبێتم؛ دانیشتن و باسی سیاسی و پلاندانانی ئەوان منی ماندوو دەکرد، من خوازیاری دنیای خۆم بووم کە ئەویش هەمان گۆڕەپانی کردار و هێز و دەسەلات بوو، دیارە بە گەیشتنی کۆماندۆکانیش، هەلومەرجەکەم بۆ ڕێک کەوتبوو، کەواتە دەبوو دڵخۆشم بکات.

وەک پێشتر گوتم، هاتنی خومەینی بۆ پاریس و نیشتەجێبوونی لە نوفێل لوشاتوودا، بە ڕێکەوت نەبوو، لانیکەم ٣ رۆژ پێش گەیشتنی ئەو، من و ٣٠ کۆماندۆکەی ژێردەستم خرابووینە ئامادەباشییەکی تۆکمەوە بۆ پاراستنی ئەو ٢ خانووەی کە بۆ نیشتەجێبوونی خومەینی دیاری کرابوون. هەر لەم ماوەی ٣ ڕۆژەدا، شازدە هێڵی تەلەفۆن و چەندین جۆرە ئامرازی تری پەیوەندیکردن لەو ٢ خانووەدا جێگیر کران. ئێمە دەمانزانی کە خومەینی لەگەڵ گەیشتنی بۆ پاریس، ٣ رۆژ لە ماڵی بەنی سەدردا دەمێنێتەوە. لەو کاتەوەی ئێمە دیاری کراین بۆ پاسەوانی و پاراستنی ڤێللاکان لە نوفێل لوشاتوو، ١٤٠ مەلا و ئاخوند کە دواتر هەریەکەیان بوونە خاوەنی پلە و پێگەی تایبەت لە کۆماری ئیسلامیدا، لە تاران و نەجەفەوە هاتنە پاریس بۆ پێشوازیکردن لە گەیشتنی خومەینی. بەم پێیە، ئاشکرایە کە ئەفسانەی بە ڕێکەوت هاتنی خومەینی بۆ پاریس، هەر لە بنەڕەتدا دروست کراو و بێ بنەمایە. ئەوەیش کە گوایە ئەمەریکییەکان نزیک ڤێللاکانی نوفێل لوشاتوو خانوویەکیان بە کرێ گرتبوو بۆ چاودێریی کاروبار و جموجووڵی خومەینی، هەم ڕاستە و هەم نادروست: لەو لایەنەوە ڕاستە کە بەڵێ، ئەمەریکییەکان ئەو خانووەیان بە کرێ گرتبوو و ١١ ئەمەریکیی تێدا بوون بە هەموو جۆرە ئامێر و ئامرازێکی هەواڵگرییەوە. ناڕاستیشە ئەگەر بڵێین بۆ سیخوڕیکردن لەوێ بوون بەسەر خومەینییەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوان دانرابوون و

ڕاسپێررابوون بۆ ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی خومەینی. هەر کات و لە هەر شوێنێک و بە هەر جۆرێک، هەر کێشەیەک پێش هاتبا، ئەوا گورج دکتۆر ئیبراهیم یەزدی خۆی بەو بینایەدا دەکرد، ماوەیەک لەوێ دەمایەوە، پاشان دەگەڕایەوە و ئیدی خومەینی تیرێکی دیکەی دەهاویشت.

ئێمە کە لەوێ بووین و ئاگاداری ئیشوکارەکان بووین، دەمانزانی کە دکتۆر ئیبراهیم یەزدی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمەریکییەکان، بەنی سەدر ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل و قوتبزادەیش هاوکات لەگەڵ فەڕەنسی و بەریتانییەکاندا پەیوەندیی توندوتۆڵیان هەیە و سات بە سات یان ئەوپەڕی ڕۆژانە، دەچنە لایان و ڕاوێژیان لەگەڵ دەکەن و ئەنجامەکەش دەهێننەوە بەردەم خومەینی و دیارە ئەمەریکییەکانیش ئاگاداری ورد و درشتی ئەم جموجووڵانە بوون. لە ماوەی ئەو ٢ مانگەی مانەوەی خومەینی لە پاریس، ٢ جار چەند ڕاسپێرراوێکی ئەمەریکی، نیوەشەو بە ڕواڵەتی ڕۆژنامەنووسییەوە هاتنە لای خومەینی و ماوەی درێژ درێژ لەگەڵی دادەنیشتن. جارێکیان ئەو کاتە بوو کە مەهدی بازرگان سەفەرێکی کرد و هەر کە گەڕایەوە، یەزدی نیوەشەوێک ئەمەریکییەکانی هێنان بۆ ماڵەکەی خومەینی. سەرپەرشتیاریی ئەم گرووپە ئەمەریکییە لە ئەستۆی سەرهەنگ ئەدوارد تامسۆن بوو. خاڵێکی تر کە گێڕانەوەی لێرەدا بەجێیە، خەمساردی و خۆنەبانکردنی خودی خومەینی و بنەماڵەکەیشی بوو بە داب و دەستووری ئایینی... لەم ماوەیەدا، خومەینی بێجگە ئەو کاتانەی کامێرای لێ بوو، هیچ کات نوێژێکی نەکرد، خواردنی گۆشتیش چ بە شێوەی ئیسلامی و چ غەیرە ئیسلامی، بۆ ئەو هیچ جیاوازییەکی نەبوو.

خاڵێکی هەرە گرنگیش کە شیاوی ئاماژەپێکردنە، عەبای دژەگوولە و تەنانەت ئەگەر سەرتان ناسووڕمێت، مێزەری دژەگوولەی خومەینی بوو، کە لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە لە ئەڵمانیا دروست کرابوو و خومەینی بەردەوام لە سەر و لە بەری دەکردن. عەبا دژەگوللەکەی خومەینی دوولا بوو، لایەکی ناوەوەی پارچەیەکی دژەگوللە و لایەکەی دەرەوەی پارچەی ئاسایی بوو. ئەگەر وردتر سەرجی وێنەکانی خومەینی بدەن، دەبینن عەباکەی نوفێل لوشاتووی گەلێک لەو عەبایەی لە ئێران لە بەری دەکرد، قەبەتر و دەڵبترە. عەبا دژەگوللەکە سەرەتا تاقی نەکرایەوە، تا دواتر بە فەرمانی ئیقبال ئەحمەد و بە چاودێریی یەزدی، قوتبزادە و سەید ئەحمەد بردیانە ناو جەنگەڵێکی نزیک شاری وێرسای و لە بەری جەمشید نەعمانییان کرد و یەزدی بە چەکێکی ئەمەریکی تەقەی لێ کرد و چەندین جار پیوەی نا، تا لێی دڵنیا بن. کاتی تەقەکردنەکە، من بە یەزدیم گوت کە ئاگاداری خۆی بێت، چونکە چەکەکە تەکانی قورسە، ئەویش گوتی خولی کۆماندۆیی لەگەڵ چەمران و قوتبزادەدا لە میسر بینیوە!

بە هەرحاڵ، ڕووداوەکانی سەردەمی نیشتەجێبوونی خومەینی لە نوفێل لوشاتوو، لە بیری هەموو کەسدا ماونەتەوە، من تەنها هەوڵ دەدەم ئەو ڕاستییانە بخەمە ڕوو کە لە چاوی کامێراکان

شارراونەتەوە لە حاڵێکدا کرۆکی هەموو ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ئەو ڕۆژانە پێک دەهێنن. هەڵبەت پێویستە ئەوەیش بڵێم کە من پاسدارێکیّ سادە بووم و ئەو کاتانە گەلێک شت هەبوون تێیانەدەگەیشتم و زۆر کەس هەبوون من نەمدەناسین و لەبەر ئەوەی بەلامەوە گرنگ نەبوو، سەرنجی وردی زۆر شتیشم نەدەدا، بەڵام کەسانێک هەن کە زانیارییەکانیان بە بەراورد بە زانیارییەکانی من یەک بە هەزارە و دڵنیام ڕۆژێک دێت گەر بۆ پاکانەش بووبێت، دەم دەکەنەوە و باسیان دەکەن؛ مەگەر وەک قوتبزادە لەپڕێکدا بکوژرێن و بێدەنگ بکرێن.

ناچارم به مەبەستی پاراستنی زەمەنی ڕووداوەکان، شوێنپێی بیرەوەرییەکانم هەر لە نوفێل لوشاتووەوە بگرمە بەر تا تاران و قووم و جەماران، هەر بۆیە حەز دەکەم لێرەوە چەند یادەوەرییەکی سەردەمی پاریس و نوفێل لوشاتوو بخەمە ڕوو کە گەرچی ڕەهەندی سیاسییان نییە و زیاتر ڕەهەندی کەسییان هەیە، بەڵام دەبنە هۆی ناسیاویی زیاترتان لەگەڵ کەسێتیی هەندێک لە دەستوپێوەندییەکانی شۆڕشی ئیسلامی. بۆ نموونە، تێدەگەن کە هەندێک لەو ناکۆکی و ناتەباییانەی دواتر لە تاراندا ڕوویان دا، بناغەیان هەر لەم نوفێل لوشاتووەدا دامەزرێنرا، وەک ناکۆکییەکانی نێوان مەلا شەهابی ئیشراقی و حەسەنی نەزیە.

شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی هەر لە پاریسەوە خەونی سەرۆکایەتیی کۆمپانیان نەوتی دەدیت و ئینگلیزەکانیش حەسەن نەزیەیان بۆ ئەم پۆستە دانابوو، هۆکارەکەشی بەپێی قسەکانی قوتبزادە، نەزیە زیاتر متمانەی ئینگلیزەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. پاشان نەزیە یاساناس بوو، سەرۆکی یانەی پارێزەران لە وەزارەتی داد بوو. هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی ئەوەوە گرێبەستەکانی ئێران و کۆنسرسیۆم بە شێوەیەک نوێ بکەنەوە کە خومەینییش قبووڵیان بکات و بیانکەنە یاسا. قوتبزادە بۆی باس کردم کە ئینگلیزەکان لە ڕێگەی فایلێکەوە حەسەن نەزیەیان دەستەمۆ کردووە، ئەویش هاوکێشەی خۆکوشتنەوەی ژنی براکەی نەزیە بووە بە ناوی نەسرەتوڵڵا نەزیە، کە بە هۆی دەستدرێژییەکەوە بووە کە لە سەردەمی خوێندنی زانکۆدا کراوەتە سەری، ئینگلیزەکان گوایە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ئەو فایلەیان لە حەسەن نەزیە کردووە، ئەگەر بێتو کاریان بۆ نەکات. ئەم ناکۆکییە هێندە دەنگی دایەوە، خودی ئینگلیزەکان پێشنیاریان کرد شێخ شەهابی ئیشراقی ببێتە وەزیری نەوت و حەسەن نەزیەیش ببێتە سەرۆکی کۆمپانیان نەوت کە ئەوکات ئەم پێشنیارە پەسەند نەکرا، بەڵام سەرئەنجام خومەینی وەزارەتی نەوتی دانا.

نموونەیەکی تر، دزیکردن و گیرانی سەید مەحموود دوعایی بوو لە فرۆشگەیەکی بەناوبانگی گەلەریی لافایتی فەڕەنسادا. پێشتر ئاماژەم پێ کردبوو کە پێش گەیشتنی خومەینی و ئیدی تا ئەو ڕۆژەی لە پاریس مایەوە، ڕۆژانە کۆمەڵێک مێزەربەسەر دەهاتن و بەم شارە زیاد دەبوون. مەلا ئەورووپا نەدیتووەکان، بەو هەموو پارەیەی کە ئەحمەد سەلامەتیان بە فەرمانی خومەینی بەوانی دەدا، کەوتبوونە گیانی فرۆشگەکانی پاریس و دیارە هەندێک جاریش دەستیان دەچووە دزیکردنێک. عەبا و باڵاپۆشی مەلایانە شتێکی زۆر باش بوو بۆ شاردنەوەی ئەو جۆرە دزییانە؛ هەم لە بواری واتا و شێوازەکەیدا بۆ فەڕەنسییەکان کە وەک پیاوی خوا سەیریان دەکردن و هەم بۆ ئەوەیش کە گوڵدانێکی گەورەی کریستاڵ لە گیرفانێکیاندا جێی دەبووەوە، بەبێ ئەوەی قەبە دیار بێت و سەرنجی کەس ڕابکێشێت. حوجەتولئیسلام وەلموسلیمین، سەید موحمود دوعایی ١٠ ڕۆژێک پاش گەیشتنی نیشتەجێبوونی خومەینی، خۆی گەیاندێ و بووە نووری چاوی و سەرئەنجام دزییەکی کرد و ئاشکرا بوو و گیرا. هێندەی نەمابوو کار بگاتە حەیاچوونێکی

هەمەلایەنە و لە ڕاگەیاندنەکاندا دەنگ بداتەوە، بەڵام بە فەرمانی خودی خومەینی پارەیەکی زۆروزەوەند درا تا توانرا شتەکە کپ بکەنەوە و کابراش لە زیندان دەربهێنن. باشترە بزانین بۆچی ئەم سەید مەحمودە لای خومەینیی ئازیز بوو... خومەینی، گەرچی ماوەی ١٤ ساڵی تەواو لە عێراق ژیا، نەیدەتوانی و ئێستایش بە جوانی ناتوانێت بە زمانی عەرەبی قسە بکات، ئەویش وەک هەموو مەلاکانی ئێران، تەنها دەزانێت قورئان بخوێنێتەوە، هەر بۆیە لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا سەید مەحمود دوعایی وەرگێڕی خومەینی بوو، تەنانەت ئەو کاتەی کە بە پێشنیاری تەیموری بەختیار، ڕادیۆیەک کرایەوە بۆ خومەینی بە ناوی هاوکاریی ڕژێمی سەدام دژی ڕژێمی شای ئێران، ئەوە سەید مەحمودی دوعایی بوو کە بەرنامەکانی بە زمانی فارسی پێشکەش دەکرد. شێخ مەهدی کەڕوبی بۆی گێڕامەوە، جارێکیان کاربەدەستێکی عێراقی دێتە لای خومەینی بۆ گفتوگۆیەکی سیاسی، سەید مەحمودی دوعایی وەرگێڕیان دەبێت، کابرای عێراقی هەندێک فارسی دەزانێت و تێدەگات کە سەید مەحمود فێڵ دەکات و هەموو شتەکان وەک خۆیان بۆ خومەینی ناگوازێتەوە، بەڵکو خۆی هەندێک شتیان لێ دەپەڕێنێت یان پێیان زیاد دەکات. بۆیە هەڵدەچێت و بە فارسی دەست دەکاتە قسەکردن و باسی فێڵەکانی سەید مەحمود بۆ خومەینی دەکات.

بە هەرحاڵ، ئەم سەید مەحمودە هەموو ڕۆژێک سەردانی گەلەریی لافایێتی دەکرد و هەر جارەو شتێکی لێ دزیوە، تا سەرئەنجام ڕۆژێکیان چاودێرەکان پێی دەزانن و دەستگیری دەکەن. دوعایی تەلەفۆنی بۆ بەنی سەدر کرد و بە گریانەوە دەپاڕایەوە بگەینە فریای و نەهێڵین بخرێتە زیندان. بەنی سەدر ڕووداوەکەی بۆ خومەینی باس کرد و ئەویش شێخ مەلا شەهابی ئیشراقیی ڕاسپارد هەموو هەوڵێک بدات بۆ ڕزگارکردنی، ئەوە بوو کە سەلامەتیان و حەبیبی و غەزەنفەرپوور خۆیان گەیاندە پاریس و ٤٠،٠٠٠ فرانکیان دانا و حجەتی ئیسلامیان لە زیندان هێنایە دەر. لەوەبەدوا ناوی سەید مەحمود دوعایی گۆڕرا بە "دوعایی لافایت"، ناوێک کە هێشتاش هەر لەسەریەتی و من دەیان جار بە گوێی خۆم بیستوومە، کە هاشمی ڕەفسەنجانی و شەبستەری و خامنەیی هەر لە ئێرانیش بەو ناوە بانگی دەکەن. زۆر بە سادەیی دەکرێت تێبگەین کە ئاوا کەسانێک، کاتێک دەگەنە دەسەڵات چی دەکەن. من خۆم یەک لەو کەسانەم کە ئێستا ئیدی ئێوە دەزانن لە کوێ گەیشتمە کوێ و چۆن هەموو شتێک بەلامەوە تەنها پارە بوو و هیچی دی، بەڵام لە بیرتان نەچێت کە من کوڕە قەسابێکی نەخوێندەوار بووم، کەچی ئەمانە هەریەکەیان مەلا و مێژەربەسەر و ڕۆشنبیرێک بوون کە باسی بەهەشت و دۆزەخ و چاکە و خراپەیان بۆ خەڵک دەکرد؛ گەلێک جیاوازی لە نێوان من و ئەواندا هەبوو.

٢ هەفتەیەک لە هاتنی خومەینی تێدەپەڕی، کە شەوێکیان ئیقبال ئەحمەد بانگی کردم و گوتی خۆم ئامادە بکەم بۆ ڕاسپاردەیەکی شەوانە؛ پێویست بوو بچمە دەرەوەی نوفێل لوشاتوو. جەختی کردەوە کە دەبێت چەکم پێ بێت و بە هەموو توانامەوە ئەو کەسانە بپارێزم کە لەگەڵم دەبن.

دەمانچەیەکی دامیٚ کە مارکەی سوپای سووریای لەسەر بوو، پرسیم: "مۆڵەتی تەقەکردنیشم هەیە؟" ئیقبال ئەحمەد گوتی: "نا... مەگەر کاتێک دڵنیا بیت کە گیانی مەلازادەکە لە مەترسیدایە." بەم جۆرەیش دەرکەوت کە کەسایەتیی گرنگی ئەم جارە و ئەم ڕاسپاردەیە، هەمان سەید ئەحمەد خومەینییە. ئەو شەوە یەکێک بوو لە شەوە پڕ هاتوچۆ و قەرەباڵغەکانی نوفێل لوشاتوو. مانگرتنی فەرمانبەرانی نەوتی ئێران دەستی پیٚ کردبوو، کەسانێکیش دەستە دەستە دەهاتنە نوفێل لوشاتوو تا ئەم پیرەمێردە ڕازی بکەن بەوەی ڕاگەیاندنێک بدات بۆ شکاندنی مانگرتنەکە؛ تەلەڤیزیۆن هەندێک گرتەی وای پیشان دەدا کە خەڵکێکی زۆر لە شوێنی دابەشکردنی نەوت بە ڕیز وەستاون بۆ بەشە نەوتێکی کەم. هەوڵەکان بێسوود بوون، ئەو کەسانەی لە نوفێل لوشاتوو لێی دانیشتبوون، لەوە دڵخۆشتر بوون کە بیر لە سەرمای تاران و بارودۆخی خراپی لایەنگرانی شۆڕشەکەی خۆیان بکەنەوە. یەک لەمانە هەمان مەلازادە، سەید ئەحمەد خومەینی بوو.

سەعات ١٠:٠٠ی شەو گرووپێکی تازە هاتن و چوونە لای خومەینی، ئیقبال ئەحمەد منی ڕاسپارد کە لەگەڵ قوتبزادەدا دەستبەکار بین. ئەمە یەکەم یان دووەم جار بوو پاش گەیشتنی خومەینی لەگەڵ قوتبزادە بە تەنیا یەکمان دەگرتەوە. لەو ڕۆژەوەی خومەینی گەیشتبووە نوفێل لوشاتوو، بەردەوام پێشبڕکێیەک لە نێوان قوتبزادە و بەنی سەدر و یەزدیدا هەبوو بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆز و سەرنجی خومەینی بۆ لای خۆیان؛ هیچ کامیان ئامادە نەبوون بۆ چرکەیەکیش لەو ئیمامە دوور بکەونەوە کە هەر خۆیان دروستیان کردبوو.

قوتبزادە هەر کە نیشتە پشت سوکانی سەیارەکە، گوتی: "جەعفەر، دەبێت زۆر ئاگادار بین، ئەم پیرەمێردە هەر بە ڕاست بڕوای کردووە کە بووەتە ئیمام. من ١٦ میلیۆن دۆلارم لە ئەربابەکەی ئەوسای تۆ (قەزافی) وەرگرتووە، کەچی ئێستا ئەم یەزدی و بەنی سەدرە خۆیان تێهەڵقورتاندووە و وا دەزانن بەم چەند فلسەوە کە لە تارانەوە دەگات، هەموو شتێک دەکرێت. بەنی سەدر و سەلامەتیان حیسابێکی بانکییان کردووەتەوە و هەرچی پارە لە تارانەوە دەگات، یان دەخرێتە ژێر دۆشەکەکەی ئاغا، ڕاستەوخۆ دەخرێتە ئەم حیسابەوە، لەگەڵ ئەمەیشدا ٥ میلیۆن تمەن ون بووە. بە هەرحاڵ، تۆ دەبێت زۆر وریا بیت؛ ئەمانە هێشتا منیان نەناسیوە. ئەمشەو چاو و گوێت بکەوە، خەریکین سەید ئەحمەد دەبەین بۆ ڕابواردن و فسق و فجوور! خۆی داوای کردووە، منیش ئامادەکاریم بۆ کرد. وریا بە، ئەگەر هات و بینیت کەسێک خەریکە وێنە دەگرێت، چریکبازی دەرنەهێنیت و بچی بەرۆکی کابرای وێنەگر بگریت، خۆتی لیٚ نەبان بکە. دەزانم بەم زوانە پێویستمان بە وێنەی ئەوتۆیش دەبێت!"

سەعاتێک دواتر لە پاریسدا ٣ میوانی ئازیز گەیشتنە لامان: سەید ئەحمەد خومەینی و محەمەد مونتەزیری و بئاتریسی دۆستی قوتبزادە! بڕوا بکەن، ئەو برادەرانە بەو جلوبەرگە نوێیەوە هەر

نەدەناسرانەوە. سەید ئەحمەد قاتێکی ئاوریشمینی نیلیی لە بەر کردبوو و خاولییەکی لە ملی ئالاندبوو. محەمەد مونتەزیرییش بەو هەیکەلە بچووکەیەوە قاتێکی ڕەشی پۆشیبوو، قژیان جوان داهێنابوو، بۆنی کۆلۆنیا هەر لە دوورەوە دەهات. هەموان سوار بوون، من و قوتبزادە لە پێشەوە، بئاتریس لە دواوە لە نێوان سەید ئەحمەد و محەمەد مونتەزیریدا بوو. مارسیدسی ٤٥٠ بە شەقامی بەناوبانگی فۆشدا بەرەو کلیشی و نووسینگەکەی قوتبزادە کەوتە ڕێ. ڕاسپاردەی شەوانەمان دەستی پێ کرد.

لە نووسینگەی قوتبزادەدا، پاتریسیا چاوەڕوانمان بوو، بیساتی تلیاک و مەنقەل و وافووریش پێشاوپێش ئامادە کرابوو. تا سەعات ١١:٣٠ خولەکی شەو لەوێ خەریکی تلیاککێشان بوون، پاشان هەموومان بەرەو یانەیەکی شەوانە ڕۆیشتین بە ناوی ڕاسپۆتین لە شەقامی شانزەلیزێ؛ یانەیەکی ناسراو و ئاشنا کە قوتبزادە زۆری سەردان دەکرد و لەوێ دەستی دەڕۆیشت. ژنی جوان بە نیوەڕووتی و سینگی دەرپەڕیو پێشوازییان لە میوانەکان کرد. پاش نیو سەعاتێک، قوتبزادە چووە لای ٢ کچی ناسک کە دیار بوو هەر لەوێ چاوەڕوان بوون. هەندێک قسەی لەگەڵ کردن و هێنانی لە پاڵ دەستی هەردوو مەلازادەدا دای نان. سەعاتێک دواتر، قوتبزادە و هەردوو مەلازادەکە هێندە مەست و سەرخۆش بوون، کە هیچ ئاگایان لە هاتنی خاتوو دۆریان مەکگرەی نەبوو، بەڵام من هەر زوو بینیم و ناسیمەوە کە لە گۆشەیەکدا بە جلوبەرگێکی ڕازاوە و جوانەوە لەگەڵ ٢ پیاوی ئەمەریکی دانیشتبوو و خەریکی قسەکردن بوون. تا چاوم پێ کەوت، ورد بوومەوە بزانم ئایا کەسانی تریش هاتوون کە من بیانناسم، بەڵام بە ڕواڵەت بێجگە لەم ژنە سیحراوییە، کەسێکی تر لەوێ نەبوو کە هاوڕێکانی من بناسێتەوە. چەند خولەکێک دواتر، دۆریان هەستا و بەرەو دەستشۆرەکان چوو، منیش کەمێک دوای ئەو پاتریسیام جێ هێشت و دوای ئەو کەوتم. دۆریان هەندێک قسەی لەگەڵ دەرکەوانەکە کرد و پاشان بە دەرکەیەکی تەنیشت دەستشۆری ژنانەدا چووە ژوورێ، کە لێی نووسرابوو "هاتنەژوورەوە قەدەغەیە". شوێنەکە نەناسراو بوو، ویستم دوای بکەوم. تا ویستم لە دەرکە بدەم، دەستێک لە پشتەوە کەوتە سەر شانم. بە سەرسامی ئاوڕم دایەوە، قوتبزادەم بینی. گورج گوتی: "هێی... ئەی بڕیارمان وا نەبوو بهێڵیت هەر کەس ئیشی خۆی بکات؟" گوتم: "ئەمە هەمان خانمە ئەمەریکییەکەیە." گوتی: "دەزانم، ئەویش لە خۆمانە." سەرم زۆر سووڕمابوو، زیاتریش لەوەی کە دەمدیت قوتبزادە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی من، هیچ سەرخۆش نییە، بەڵکو لاسایی سەرخۆشەکانی کردووەتەوە و خۆی وا پیشان داوە. دوای چەند چرکەیەک، گەڕاینەوە و دیسانەوە قوتبزادە بووەوە بە هەمان مەست و سەرخۆشەکەی پێشوو.

سەعات ٤:٠٠ی بەیانی، لە حاڵێکدا من نەبێت، هەموویان بە تەواوەتی سەرخۆش بوون، سوار بووین. کچە میوانەکان، بە بیانووی نەبوونی جێگە، لە ناو سەیارەکەدا لە باوەشی سەید ئەحمەد و محەمەد مونتەزیری دانیشتبوون؛ سەیارەکەی قوتبزادە جێگەی هەناسەدانیشی تێدا نەمابوو. بەڕێ

کەوتین. ڕەنگە بڕوا نەکەن، بەڵام هەردوو کچەکەی یانەی شەوانەی ڕاسپۆتین بە نیوەڕووتی لە سەیارەکە دابەزین؛ بئاتریس سەرەڕای سەرخۆشییەکەیشی، ئاگاداری ئەوە بوو نەوەک هەڵەیەک بکەین و کەسمان پێ بزانێت. قوتبزادە چاوێکی لێ داگرتم و منیش ئەوانم بە کێشەکێش ڕاکێشایە ناو خانوویەکەوە، پاشان بە ئاسانسۆر گەیشتینە نهۆمی شەشەمی بینایەکی زۆر گەورە. بئاتریس دەرکەی کردەوە، هەر چووینە ژوورەوە، قاقای پێکەنین ژوورەکەی پڕ کرد. قوتبزادەیش کە سەیارەکەی لە شوێنی تایبەت وەستاندبوو، گەیشت و بەبێ هیچ نیشانەیەکی سەرخۆشی، پرسیی: "ئەم تورکە ندیوبدییانە چییان لێ هات؟" بئاتریس ئاماژەی بۆ ژووری نوستن کرد. قوتبزادەیش بە فەڕەنسی هەندێک قسەی لەگەڵ بئاتریس و پاتریسیادا کرد و پاشان ڕووی لە من کرد و گوتی: "ئادەی پاڵەوان، دوام بکەوە."

من و ئەو چووینە ژوورێکی تر کە خاتوو دۆریان مەکگرەی و ژن و پیاوێکی تری لێ بوون، دۆریان ماچێکی قوتبزادەی کرد و بە فارسییەکی جوان لە منی پرسی: "بۆچی لە یانەکەدا دوام کەوتیت؟"

پاتریسیا قاوەی بۆ هێناین، ئەمەیش شتێک بوو کە هەموومان پێویستمان پێی بوو. پاشان هەمووومان بەسەر مۆبێلە نەرم و خۆشەکانەوە دانیشتین تا بە گوتەی قوتبزادە، سەیری بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بکەین. من بە سەرسووڕمانەوە گوتم: "کوا ئێستا تەلەڤزیۆن بەرنامەی هەیە؟" دۆریان گوتی: "با... هەیەتی... تەلەڤیزیۆنەکانی سادق هەمیشە بەرنامەیان هەیە!"

پیاوەکە کە ناوی دۆمینیک بوو، کاسیتێکی خستە ناو ڤیدیۆکە. دەبینین فیلمی خۆگۆڕینی هەردوو مەلازادەیە کاتێک جلی ئاخوندی دادەکەنن و جلوبەرگە نوێیەکەیان لە بەر دەکەن. بە کورتی، هەموو هەڵسوکەوتی ئەو دوانەی پیشان دا تا پێش گەیشتنی من و قوتبزادە، پاشان بیساتی تلیاککێشانەکەیان و دواییش دانیشتنەکەی یانەی ڕاسپۆتین. سەرم لەوە سووڕمابوو کە لە هیچ بەشێکی فیلمەکەدا من و قوتبزادە و بئاتریس و پاتریسیا، هیچ کاممان نەدەبینراین. قوتبزادە و دۆریان، هەردووکیان دەستخۆشییان لە دۆمینیک کرد، من پرسیم: "ئایا ئێستایش فیلمی ژووری نوستنەکەیان دەگیررێت؟" دۆریان پێکەنیی و قوتبزادە گوتی: "پاڵەوان، خۆ ناکرێت بە یەک شەو هەموو کارەکان ئەنجام بدرێن." پاشان هەمووومان پێکەنیین.

پێش ئەوەی درێژە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانم بدەم، هەر لێرە دەبێت بڵێم کە کاریگەریی بەکارهێنانی ئەم فلیمە بوو کە سەید ئەحمەد لە تاران ناچار کرا بەوەی باوکی ڕازی بکات تا قوتبزادە ببێتە زاوایان، ئەو دەنگۆیەی کە گوایە قوتبزادە بە نیازە ببێتە مێردی نەوەی خومەینی، هەمووی پەیوەندیی بەم فیلمەوە هەبوو، هەر بە هۆی ئەم فیلمەشەوە بوو کە قوتبزادە کوژرا. دواتر و لە شوێنی خۆیدا باسی ئەم ڕووداوەش دەکەم.

سەعات ١١:٠٠ی بەیانی کاتێک بەرەو نوفڵ لوشاتوو دەگەڕاینەوە، ئاخوندزادەکان هەمان جلی ئاخوندی و عابا و مێزەریان لە بەر بوو و وایان دەنواند کە نوێژی بەیانییان کردووە و ئیدی نەخەوتوونەتەوە! کە گەیشتینە نوفڵ لوشاتوو، قوتبزادە بە گوێیدا چرپاندم: "ئەمشەو هیچ، سبەیشەو ئامادە بە؛ ئەمانە حەزیان لە نوێژی جەماعەتەکەی ئەمڕۆ بووە."

کاتێک گەیشتینەوە نوفڵ لوشاتوو، بینیمان خومەینی لە ماڵە تایبەتەکەی هاتووەتە دەرێ بە مەبەستی پیاسەیەکی ناو باخی سێوەکان. لە ناو ئەوانەدا کە دەورەیان دابوو، چاوم بە خاتوو دۆریان مەکگرەی کەوت، عابایەکی لە خۆی پێچابوو و لەگەڵی دەڕۆیشت!

دوای ئەو شەوە، هەر ٢ بۆ ٣ شەو جارێک بەرنامەی ڕابواردنەکانی هەمان شەو بۆ سەید ئەحمەدی خومەینی و محەمەدی مونتەزیری لە یانە ڕازاوەکاندا دووبارە دەکرایەوە، بە هاوکاریی قوتبزادە و بئاتریس و پاتریسیا و هەڵبەت لەژێر چاودێریی خاتوو دۆریان و بە هەمان وێنەگرتنە نهێنییەکانی دۆمێنیک و هاوڕێکەی. مەلازادەکان هێندە چەشە و بێ شەرم و پەروا بووبوون، کە کردار و هەڵسوکەوتەکانیان، تەنانەت لە پاریسێکیشدا کە ئەو جۆرە کارانە زۆر ئاسایی دەبینرێن، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا. ئەم ڕابواردنانە بە ڕووداوێکی ڕسواکەر، ئەویش هەفتەیەک پێش بەجێهێشتنی پاریس و گەڕانەوە بۆ تاران کۆتایی هات. هێشتاش بە تەواوەتی تێنەگەیشتووم کە ئەوەی ڕووی دا، ئایا یەکێکی دی بوو لە پلانەکانی قوتبزادە دژی سەید ئەحمەد خومەینی و محەمەد مونتەزیری، یان نا... بە هەرحاڵ، لەم شەوانەی دواییدا، ڕابواردنی مەلازادەکان بە جۆرێک بوو کە دەبوو هەموومان بچواینایەتە هۆتێلێکی نمرە ١ لە شەقامی فرانسوای یەکەمدا، کە مەکۆی سۆزانییە هەڵبژاردە و گرانەکانی پاریس بوو. مەلازادەکان، بە ناوی شازادەی عەرەبی، دەکەوتنە دوای سۆزانییەکان و دەیانهێنانە ئەپارتمانە تایبەتەکەی شەقامی فۆش. ئەو هەڵەخەرجی و دەستبڵاوییەی مەلازادەکان، وای کردبوو کە سۆزانییەکان بۆ بەدەسهێنانی پارەی زیاتر و دادۆشینی زیاتری ئەم نەدیتکە درۆزنانە، بکەونە پێشبڕکێی یەکدی. ئەو هەموو پارەیەی لە بازاڕییەکانی تاران وەردەگیرا، تەنها بۆ ڕابواردن و مێبازی و هەڵەخەرجیی مەلازادەکان خەرج دەکرا، خەرجییەکانی مانەوەی خومەینی و هاوڕێ و دەستوپێوەندەکانی لە هەمان ئەو ١٦ میلیۆن دۆلارە دابین دەکرا کە قوتبزادە لە قەزافیی وەرگرتبوو. مەبەستم لە بیرخستنەوەی ئەم شتانە ئەوەیە، کە بازاڕی و دەوڵەمەندەکانی تاران کە ئێستاکە خومەینی لێیان بەگومانە، بزانن و تێبگەن کە پارەکانیان هیچ سوودێکی بە شۆڕش نەگەیاند، بەڵکو کەوتە خزمەتی مێبازیی هەندێک مەلازادەی ناشایست، هەر ئەم پارە پێشکەشییانە بوون کە سەید ئەحمەدی خومەینی زێڕی ١٠٠،٠٠٠ فرانکیی دەبەخشییە سۆزانییەکان، تا یەک شەو لەگەڵی بخەون و چێژی پێ ببەخشن، ئەویش بە سۆزانییەک کە نرخە ئاساییەکەی، ئەوپەڕی دەگەیشتە ١٠٠٠ فرانک!

ئەو شەوە، واتە کۆتا شەوی ڕابواردنەکان، سەید ئەحمەد و محەمەد مونتەزیری، ٢ سۆزانیی جوان و گرانبابیان لە ڕێگەی کابرایەکی ئێرانیی قشتۆکە بە ناوی کامەران (شۆرەتەکەیم لە بیر نەماوە)، ناسین. یەکیان ناوی کارمێن و ئەوی دی سەروین بوو. دوای خواردنەوەیەکی زۆر، پێکەوە بەرەو ئەپارتمانە تایبەتەکە بەڕێ کەوتین. کارمێن و سەروین مەرجیان دانابوو بەوەی کە تەنها تا سەعات ٢:٠٠ی نیوەشەو لە لایان دەمێننەوە و دوای ئەوە دەبێت بگەڕێنرێنەوە ماڵی خۆیان. پێکهاتبوون لەسەر ١٠،٠٠٠ فرانک، بڕێک کە بۆ منیش و قوتبزادەیش جێی سەرسووڕمان بوو. هەموو شتێک ئەوەی دەگەیاند کە ئەمشەو شەوێکی جیاوازە و ڕابواردنێکی خۆش و جیاواز بۆ مەلازادەکان لەئارادایە. لە ڕاستیشدا هەر وا بوو؛ کارمێن و سەروین لە ورووژاندنی پیاواندا گەلێک شارەزا و کارامە بوون. ئەو شەوە، بۆ یەکەم جار بیساتی تلیاککێشانیش لە نووسینگەی قوتبزادەوە گەیەنرایە ئەپارتمانەکە.

شەوێک، کە بە شادی و دڵخۆشی و ئەوپەڕی خۆشڕابواردن دەستی پێ کردبوو، نزیک سەعات ١:٠٠ی نیوەشەو ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت. کارمێن و سەروین کە بڕیار بوو ١٠،٠٠٠ فرانک وەربگرن، لەپڕ نرخەکەیان گۆڕی و بیانووی ٢٠،٠٠٠ فرانکی فەڕەنسییان کرد؛ سەرەتا وەک گاڵتەکەی سەیرمان کرد، بەڵام هەڵسوکەوتی دواتری هەردوو سۆزانی، ڕاستیی مەسەلەکەی بۆ سەلماندین.

کارمێن، کە تەنها قسەکەر و بڕیاردەر بوو، هەندێک جار بە ناز و عیشوە و هەندێک جاریش بە هەڕەشە داوای پارەکەی دەکرد، سەرئەنجام دوا تیری هاویشت و گوتی: "بە ساویلکەمان مەزانن، ئێوە چاک دەناسین و دەزانین کێن و لە کوێوە هاتوون، جا ئەگەر دەربەستی حەیای خۆتانن، ئەوا داواکەمان قبووڵ دەکەن و تەواو. پێم وانییە ٢٠٠،٠٠٠ فرانک لە بەرامبەر حەیا و ئابڕووی ئێوەدا شتێکی زۆر بێت."

ئەم بگرەوبەردەیە تا ٢:٠٠ی نیوەشەوی خایاند. لە لایەکەوە سەید ئەحمەد و محەمەد مونتەزیری و قوتبزادە بەو بیانووە قایل نەدەبوون و هەڕەشەی ئەوەیان لێ دەکردن کە دەیاندەنە پۆلیس، لەم لاشەوە سۆزانییەکان دەیاندایە قاقای پێکەنین و ئەوانیان هان دەدا زووتر پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن. لە ناو فڵتەفڵتەکانی سەید ئەحمەددا کە بە فارسی دەیگوت "ئێمە شازادەی عەرەبیین و پارێزبەندیی سیاسیمان هەیە" و قاقای پێکەنینی گاڵتەجاڕانەی سۆزانییەکاندا، دەنگی لێدانی دەرکە بیسترا. بئاتریس گورج دەرکەی کردەوە؛ ٤ پیاوی کەتەی چەکدار هاتنە ژوورەوە و بە بیانووی ئەوەی گوایە کارمێن و سەروین خوشکی ئەوانن، گەلێک ترس و هەڕەشە و جنێویان خستە جێی خۆشی و پێکەنینەکانی چەند ساتێک پێشتر. هێندە گورجوگۆڵ هاتنە ژوورەوە، کە من دەرفەتی ڕووبەڕووبوونەوەیانم نەبوو. گورجوگۆڵیی ئەوان و گاڵتەجاڕیی شانۆییەکە، کە پێشتر دەیان جار

له سینەماکانی ئیسفەهاندا نموونەی وام دیتبوون، بە جۆرێک سەرسامی کردبووین کە هیچ جووڵەیەکمان پێ نەدەکرا. هێرشبەرەکان کەتە و کارامە و لێهاتوو بوون، مەلازادەکانیش مەست و سەرخۆش تا ئاستی نیوە بێهۆشی و هۆشیارەکانیش کە من و قوتبزادە و بئاتریس و پاتریسیا بووین، هیچ کارێکمان لە دەست نەدەهات. تەنها دڵخۆشیی من ئەوە بوو کە وام دەزانی خاتوو دۆریان لەگەڵ دۆمینیک و هاوکارەکەی تری لەوێن و بەبێ ئەوەی کەس بزانێت، خەریکی وێنەگرتنن و دیارە ئەم دیمەنەش دەبینن و ئەگەر کاری خۆیان نەبێت، ئەوا بەهانامانەوە دێن. هێشتا چەند خولەکێک تێنەپەڕیبوو کە ٣ کەسی تریش گەیشتن؛ من دڵنیا بووم کە کاتێک ٤ کەسە چەکدارەکە هاتنە ژوورەوە، دەرکەی ئەپارتمانەکەیان داخست، کەچی ئێستا کە ٣ پۆلیسی فەڕەنسی هاتن، دەرگاکە کرابووەوە و هیچ پێویستی بە لێدانی دەرکە نەکرد! پۆلیسەکان، کە من سەرەتا بە ساختەم دەزانین و وای بۆ دەچووم ئەمانەیش بەشێک بن لەو شانۆییە، بە ڕاست دەرچوون؛ دەستی هەموومانیان بەست بە ژن و پیاوەوە، پشکنینێکی چاکیان کرد و دەمانچەکەی منیان دۆزییەوە و هەموومانیان دایە بەرخۆیان بۆ فەرمانگەی پۆلیس.

نەزانینی زمان، گەر هەزار عەیبی هەبێت، ئەوا ئەو چاکەیەیشی تێدایە کە مرۆڤ سەر لە سەرجەم قسەوباسەکان دەرناکات و تێناگات چی ڕوو دەدات. ئەو شەوە من لە ئاوا دۆخێکدا بووم. جگە لە قوتبزادە و بئاتریس و پاتریسیا، ئیدی نە من و نە مەلازادەکانیش هیچمان زمانی فەڕەنسیمان نەدەزانی و هیچی لێ تێنەدەگەیشتین، هەر بۆیە نەماندەزانی چی لە نێوان پۆلیسەکان و گیراوە فەڕەنسییەکاندا دەگوزەرێت. ئەوەی بە گوێی من ئاشنا بوو، هەمان شیوەن و زاری و قیژوهوڕی مەلازادەکان بوو کە دوای مانگ و نیوێک ڕابواردن و مێبازی، تازە بەخۆ هاتبوونەوە و لەوە دەترسان بەو کارەی ئەوان، شۆڕشەکەی باوکی ئازیزیان بکەوێتە مەترسییەوە!

سەعاتێک دوای مانەوەمان لە فەرمانگەی پۆلیس، هەموومانیان جیا کردینەوە و هەریەکەیان خستینە ژوورێکی تاکەکەسییەوە. قوتبزادە بە چپەیەک پێی گوتم: "بارودۆخی تۆ بە هۆی چەکەکەتەوە لە هیی هەمووومان خراپترە، لەگەڵ ئەمەیشدا پێم وایە کەسیان نەبوو هێندەی من کەمتەرخەم و ئاسوودە کە هیچ گوێی بەو شتانە نەدەدا."

بیرم لەوە دەکردەوە چۆن هێندە خوێنسارد و کەمتەرخەمم لێ دەرچووە... سەردەمی شا، ئەو کاتەی بە تاوانی سەربڕینی ئاژەڵێک بەبێ مۆڵەتی کوشتارگە گیرام و کەوتمە زیندان، هێندە ترسابووم وەخت بوو دڵم بتەقێت. هەمان ئەو ترسە بوو وای کرد من لە سەید مەهدی هاشمی نزیک بکەومەوە، دواتریش ئیدی خۆتان دەزانن چیم بەسەرهات و بە چ قۆناغگەلێکدا تێپەڕیم و گەیشتمە ئەمڕۆ: بوومە کۆماندۆ... بوومە تیرۆریست... مرۆڤم کوشت... خەڵکم ئەشکەنجە دا... وام دەزانی بەم کارانەم خەریکم تۆڵەی خۆم دەکەمەوە. بەڵام ئێستا، لە پاریسدا، بە هۆی "فسق و

فجوور"ی مەلازادەکانەوە کەوتبوومە زیندان و هیچ نیگەرانیش نەبووم، وەک ئەوەی نە بام دیبێت و نە باران. ڕەنگە ئەم بێموبالاتییەش بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بۆ من زۆر جیاوازیی نەبوو؛ من نە کوڕی خومەینی بووم، نە کوڕی حسێن عەلی مونتەزیری، نە باوکم دەیویست شۆڕش بکات و نە خۆیشم دەمویست ببمە شتێک. سەرەڕای ئەمانەیش، خۆ لە سووریا و لیبیا هێندە فێر بووبووم کە بتوانم هەر جۆر بێت لە زیندان هەڵبێم. یەک دوو جارێک بانگی زیندانوانەکەم کرد و بە خەیاڵی خۆم بە فەڕەنسی قسەم لەگەڵ کردووە، دوایی دەرکەوت هیچیان لێم تێنەگەیشتوون، چونکە دوای قسەکانی من ڕۆیشتن خواردنیان بۆ هێنام و ٢ جاریش جگەرەیان هێنا.

سەعات ٩:٠٠ی شەو، سەرئەنجام لە زیندانی تاکەکەسی دەریان هێنام و بردمیانە هەمان ئەو ژوورەی سەرەتا هێنابوویانین. لەوێ بینیم هەموویان هێنراونەتە دەرێ، جگە لە کارمێن و سەروین و مێرد و براکانیان. دیتم بەنی سەدر، سەلامەتیان، حەسەن ئیبراهیم حەبیبین، حاجی مانیان، پرۆفیسۆر سەیفەدین نەبەوەی و یەک دوو پارێزەری فەڕەنسییش لەوێ دانیشتوون. پاتریسیا لە پێش چاوی هەموویان ماچی کردم و قوتبزادە بە فیزێکەوە گوتی: "زۆر دڵتان خۆش مەکەن، دادگایی سەرەکی لە نوفێل لوشاتوودا دەبێت!"

لەم بگرەوبەردەیەدا خاتوو دۆریان مەکگرەییش خۆی گەیاند و دوای ئەوەی منی ماچ کرد، گوتی: "لە ناو هەموویاندا تەنها نیگەرانی تۆ بووم، تۆ لە هەموویان بێتاوانتر بوویت، کەچی قورسترین حوکمیش کەوتبووە سەر تۆ. ئیدی هەرگیز نە لە ئیقبال ئەحمەد و نە لە هیچ گەمژەیەکی تر چەکێک وەرنەگریت کە نیشانەی حکومەت و وڵاتێکی تری پێوە بێت، ئەگەر بە زۆریش پێیان دایت، ئەوا لە یەکەم دەرفەتدا فرێی بدە. ئەگەر ئەم چەکە نەبوایە، ئەمڕۆ لە زیندان نەدەمایتەوە." بە سەرسووڕمانەوە گوتم: "بەڵام کێشەکە شتێکی دی بوو." گوتی: "هەمووی دەزانم و ئاگاداریم، لە بەختی خراپی ئێوە پۆلیس بە دوای ئەم ژن و پیاوانەوە بووە، چونکە ئەمانە تاقمێکن و ئەمەیش کاریانە. ماوەیەک لەمەوپێش هەمان بەڵایان بەسەر وەزیری نەوتی عەرەبستان، بەڕێز زەکی یەمانیدا هێنابوو، ملیۆنێک دۆلاریان لێ وەرگرتبوو." پرسیم: "باشە ئێستا چیمان بەسەر دێت؟" گوتی: "هەمووتان ئازادن و تەنانەت دەشتوانن سکاڵا لە دژی ئەوانە تۆمار بکەن، بەڵام هاوکێشەکەی تۆ بە هۆی چەکەکەوە جیاوازە، بڕیارە ئەویش چارەسەر بکەین، بەڕێز ژیسکار دەستن حەز ناکات هیچ کێشەیەک بۆ شۆڕش ڕوو بدات..." پاشان ماچی کردمەوە و گوتی: "دنیایەکی بۆگەنە، وا نییە؟" منیش هەر تەنها توانیم کەمێک پێبکەنم!

نزیکەی سەعات ١١:٠٠ی شەو، کاروباری ئازادکردنمان کۆتایی هات و هەموومان پێکەوە بەرەو نوفێل لوشاتوو کەوتینە ڕێ. هەر لەگەڵ گەیشتنمان، دکتۆر یەزدی بە جۆرە سەرزەنشتێکەوە گوتی: "پەرژوبڵاو مەبنەوە، چونکە ئیمام دەیەوێت هەمووتان پێکەوە ببینێت." قوتبزادە بە

بەرچاوی هەموانەوە کە چەند کەسێکیان هیچ ئاگاداری ڕووداوەکەش نەبوون، بەرۆکی یەزدیی گرت، لە حاڵێکدا جنێوبارانی دەکرد، پێی گوت: "کوڕی قەحبە، گەر وابزانیت دەتوانیت ئەم ڕووداوە بۆ بەرژەوەندیی خۆت بە کار بهێنیت، ئەوا زۆر زۆر بە هەڵەدا چوویت! ئاگادار بە، تا ئێستایش گەلێک گەورەییم کردووە و هیچم پێ نەکردوویت." پرۆفیسۆر نەبەوی، یەزدیی لە ژێر دەستی قوتبزادە ڕزگار کرد. بە هۆی هاتنەدەرەوەی سەرهەنگ تامسۆن و کابرایەک بە ناوی ساسانفەڕ ئەسەدوللا موبەشیری، کە دواتر لە کابینەی بازرگاندا بوو بە وەزیر، لە ژوورەکەی خومەینی، هاوکێشەکە کۆتایی پێ هات و هەمووومان بێدەنگ بووین و وەستاین تا خومەینی بانگمان بکات. سەرەتا سەید ئەحمەد و دوای ئەویش هەمووومان چووینە ژوورەوە. خومەینی لەوسەرەوە دانیشتبوو، تەنها کەسێک بۆی هەبوو بچێت و لە پاڵ دەستیدا دابنیشێت، هەمان خاتوو دۆریان بوو. دوای چەند ساتێک، خومەینی کە وای پیشان دەدا زۆر تووڕەیە، ڕووی لە بەنی سەدر کرد و پرسیی: "چی ڕووی داوە؟" بەنی سەدر گوتی: "شتێکی گرنگ نەبوو، خراپتێگەیشتنێک هەبوو کە بە هۆی ئەوەی هاوڕێیان جگە لە قوتبزادە زمانی فەڕەنسییان نەدەزانی، کەمێک ئاڵۆز بوو، خۆ لێرەیش کاغەزبازی و ڕۆتین حوکم دەکات، هەر بۆیە تا ئێشەکانمان تەواو کرد هەندێکی پێ چوو." خومەینی ڕووی لە سەلامەتیان کرد و گوتی: "ئەی مەسەلەی ۵۰۰،۰۰۰ فرانکەکە چییە؟" سەلامەتیان بە سەرلێشێواوی گوتی: "خۆشبەختانە پێویستمان پێی نەما." قوتبزادە کە لای من دانیشتبوو، بۆلاندی: "هەی کوڕی قەحپە!"

خومەینی بە دەنگی بەرز بە سەید ئەحمەد و شێخ محەمەد مونتەزیریی گوت: "ئێوە بەلای خۆیەوە ژن و منداڵتان هەیە و لە نزیکەکانی منیشن! ئەی نازانن جیهان چاوی کردووەتەوە تا ئێمە ببینێت؟ ئەم سەرەڕۆییانەتان دابنێن بۆ دواتر، هەمووی شەو و ڕۆژێکە... هەموان نیگەرانن. لە قوتبزادەیش دەخوازم چیتر گوێ نەداتە داخوازییەکانی ئەم ۲ خەبیسە!" پاشان ڕووی لە من کرد و لە حاڵێکدا بۆ یەکەم جار پێکەنینیم دەبینی، گوتی: "باسی ئێوەم زۆر بیستووە، باسی ئەو گیانبازییانەی بۆ ئێمە و ئیسلام کردووتانە، خوا خۆی پاداشتتان دەداتەوە. ئێستایش ئیدی ئەم ڕووداوە لە بیر خۆتان بەرنەوە و ئەگەر کەسێک پرسیاری لێ کردن، بڵێن بۆ ئەنجامدانی هەندێک کاروباری سیاسی دەرچووبووین. دەی فەرموون ئێوە هەمووتان بڕۆن، با ئەحمەد و محەمەد بمێننەوە."

هەر لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە، قوتبزادە بە سەلامەتیانی گوت: "یەکێکت لای من! ئێمە لە زینداندا‌ین و تۆ دەتەوێت ۵۰۰،۰۰۰ بخۆیت؟! ئەی من خۆم شیری کەرم خواردووە؟" دۆریان هاتە دەرەوە و قوتبزادەی لەگەڵ خۆی برد و ئێمەیش هەمووومان بڵاوەمان لێ کرد. خەو تاکە شت بوو کە من زۆر پێویستم پێی هەبوو، بۆیە ویستم بنوم، بەڵام ئایا فیکر و خەیاڵ دەیهێشت؟

بیرم لەوە دەکردەوە کە لێرە، لە نوفێل لوشاتوودا، هەرچی دەگوزەرێت درۆیە و درۆ، هەموویان هەوڵیان دەدا درۆ بکەن... ئیمان درۆی دەکرد... بەنی سەدر درۆی دەکرد... قوتبزادە درۆی دەکرد... یەزدی درۆی دەکرد... درۆ درۆ درۆ... ئەویش لە نێو کەسانێکدا کە زۆر چاک یەکیان دەناسی! من نامەوێت بچمە ناو لایەنی تایبەتیی ژیانی کەسەکانەوە، ئەگینا لەم درۆ و دەغەڵبازی و ناپاکییەکان گەلێک شتم لایە، ئەمەیش بەو واتایە نییە کە گوایە من خۆم چاک و پاک بووبم، بەڵام من هەر عەیبەیەکیشم هەبووبێت، کە باسیشم کردووە و دەشیکەم، هێندە هەیە هیچ دیعایەیەک بۆ خۆم ناکەم و باسی خوا و پێغەمبەر و قیامەت ناکەمە دروشمی قسە چەواشەکارانەکانی خۆم.

بە هەرحاڵ، هەر لێرەوە با ئەوەیش بڵێم کە دوای ئەم ڕووداوە، قوتبزادە لە بەرچاوی خومەینی کەوت؛ تا ئەو شەوە، هەموو شتێکی خومەینی بوو، بە تایبەتی بە هۆی ئەو یارمەتییە زۆرەوە کە لە سووریا و لیبیا و جەزائیر بۆ خومەینیی دابین کردبوون. لای خومەینی زۆر ئازیز بوو، خودی قوتبزادە پێی گوتم کە ئەگەر ئەم ڕووداوە نەبوایە، بە جێی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، دەبوو پۆستی سەرۆکوەزیرانی پێ بدرایە! شتێکی تریش هەیە کە دەبێت بیڵێم: دوای ئەم ڕووداوە ڕسواییئامێزە، نێوانی فاتیمەی خومەینی، واتە ژنەکەی سەید ئەحمەد و خوشکی تەباتەبایی، تا ئاستی لێکجیابوونەوە تێک چوو، بەڵام ژنەکەی ئیمام و براکەی و خوشکەکەی ئیمام مووسا سەدر کەوتنە نێوان و کێشەکەیان بێدەنگ کرد. فاتیمە، ڕەنگە هەر بۆ تۆڵەکردنەوەش بووبێت، دواتر عاشقی ڕۆژنامەنووسێکی کەنەدایی بوو، کە دواتر باسی دەکەم. کێشە و ناکۆکیی فاتیمە و سەید ئەحمەد تا ٤ ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش هەر درێژەی هەبوو.

لەبەر ئەوەی دەمەوێت زووتر بگەمە بیرەوەرییەکانی سەردەمی گەڕانەوەی ئێران، بە ناچاری دەبێت ئاماژە بە هەندێک شت بکەم کە یان لە نوفێل لوشاتوو ڕوویان داوە، یاخود بە جۆرێک بەستراون بە ڕووداوەکانی خودی ئێرانەوە، بەڵام هەر لە نوفێل لوشاتوو سەرچاوەیان گرتووە. وەک ڕووداوەکەی سەنجابی یان سەید جەلال تەهرانی، یاخود خشتەی ناوی ئەو کەسانەی بڕیار بوو لە سێدارە بدرێن. پێش ئەوەی باسی ئەمانە بکەم، با بڵێم کە لە ماوەی ٢ مانگی مانەوەی خومەینی لە پاریس، من وەک سەرپەرشتیاری پارێزەرە ئێرانییەکانی ئەو، لەو کەسانەی یان لە ئێرانەوە دەهاتن یاخود لە وڵاتانی ترەوە، نزیکەی ٣٣،٠٠٠ دۆلار دەستخۆشانەم وەرگرتبوو، کە بە پێشنیاری دۆریان مەکگرەی لە لەندەن خستمە حیسابێکی بانکییەوە، کە تا ئێستایش بە قازانجەکەی هەمان ئەو برە دەژیم. ئینجا خۆتان بڵێن... کە ئاوا بڕێک بە من بگات، ئیدی بەشی ئیقبال ئەحمەد کە بەرپرسی من بوو، یان کەسانێکی وەک یەزدی و بەنی سەدر و... دەبێت چەند بێت! ئەوەیش بزانن کە ئەم بڕانە هیی دۆست و لایەنگرەکانی خومەینی نەبوون، ئەوان لە ڕێگەی حاج عەراقی و مانیان و ئەو جۆرە کەسە تایبەتانەوە بوو. ئەو پارەیەی دەگەیشتە ئێمە، لە لایەن دۆستە بێئەمەکەکانی شاوە بوو، کە بە چ سووکییەکەوە و بە چ شێوازێک دەهاتنە پابووسی

خومەینی و لەبەر ئەوەی خەونیان بە شتی خۆشەوە دەبینی، دەمی ئێمەیشیان چەور دەکرد. خومەینی، ئەگەر لە هەموو تەمەنیدا کارێکی چاکی کردبێت، هەر ئەوە بوو کە پێش هەموو کەس هەمان ئەم خیانەتکارانەی لە نێو بردن.

کاتی مانەوەی خومەینی لە پاریس، جگە لەوەی لە لایەن ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاو دەکرایەوە و لە ڕاستیدا ڕواڵەتی شتەکان بوو، ڕووداوی تریش لە پشت پەردەوە هەبوون کە ئەگەر لە ١%یان لە لایەن هەمان ئەم ڕاگەیاندنانەوە بڵاو بکرایانەوە، بێگومان پێی خومەینی و تاقمەکەی، کە منیش یەکێکیان بووم، هەرگیز نەدەکەوتە خاکی ئێران. کاروباری نوفێل لوشاتوو ٢ ڕەهەندیان هەبوو: ڕەهەندێکی ئاشکرا و هەمەلایەنە و یەکێکیش شاراوە و زۆر تایبەت و نهێنی. ئێستا دوای ئەو چەند ساڵە و پاش ئەو هەموو ئەزموونەی هەمە، دەتوانم بڵێم لایەنە ئاشکراکەی ئەو کارانەی لە نوفێل لوشاتوو دەکران، سەرجەمیان درۆ و فرتوفێڵ و پلانگێڕی بوون، بۆ نموونە یارییپێکردنەکەی خومەینی لەگەڵ دکتۆر شاپووری بەختیار دوایین سەرەکوەزیرانی شا، هەموو ئەو شتانەی ئەو ڕۆژانە دەگوتران و دوایی نووسرانەوە، جگە لە درۆیەکی زل هیچی تر نەبوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر لە کۆبوونەکانی شەوانی نوفێل لوشاتوودا لەسەر خشتەی ناوی ئەوانەی کە دەبوو لە ١٠ ڕۆژی سەرەتای شۆڕشدا لە سێدارە بدرێن، پێک دەهاتن، ئەوا هەم بەختیار دەهات بۆ پاریس و هەم ئەگەر یەزدی و قوتبزادە و بەنی سەدر بیانهێشتایە، هەر لە جێی بازرگان دەبووەوە بە سەرەکوەزیران. ئەمەریکی و ئینگلیزەکان خشتەیەکی هاوبەشیان ئامادە کردبوو کە بریتی بوو لە ناوی ٤٨٣٠ کەس لە فەرماندە باڵاکانی ئەرتەش، وەزیران، بازرگان، دادوەر، مامۆستای زانکۆ، ئەندازیار، پزیشک، ئاخوند، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، کە دەبوو لە هەمان ١٠ ڕۆژی سەرەتای شۆڕشدا لە سێدارە بدرێن. خومەینی و ڕاوێژکارەکانی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوانەیان نەدەناسی، هەر بۆیە خومەینی گورج ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕی. بەڵام ناکۆکیی نێوان ئەمەریکی و ئینگلیزەکان بووە هۆی دواکەوتنی بڕیارەکە. ئەم خشتەیە ٣٠٠٠یان لە لایەن ئەمەریکا و ١٨٣٠ کەسیشیان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ئامادە کرابوو. هیچ کام لە ئێمە هیچ کات تێنەگەیشتین کە بۆچی لە جێی ئەوەی ئەو دوو لایەنە خۆیان کێشەکەیان چارەسەر بکەن، سەرهەنگ تامسۆنی ئەمەریکی و مستەر ساندرزی ئینگلیزیان دەهێنایە لای خومەینی. وەک دەگوترا، ئەمەریکییەکان هەمان ئەو خشتەیەیان دابووە سەفیری شا، واتە ئەردەشیر زاهیدی و کاتی گەڕانەوەی بۆ تاران لەگەڵ خۆی بردبووی. ئەو خشتەیەی ئەمەریکییەکان دابوویانە زاهیدی، لە سەرووی ٤٠٠٠ کەس بوو، هەڵبەت بەبێ خشتەی لای ئینگلیزەکان. دۆریان مەکگرەی دواتر لە ئێران و کاتی لەداردانەکان ئەم ڕاستییەی بۆ ئاشکرا کردم.

خشتەی ئەمەریکییەکان زیاتر سەربازی بوو، ئەوەی لای ئینگلیزەکانیش کەسایەتییەکانی لە خۆ گرتبوو. ناوی ٢٥٠ ئاخوندیش لە لیستی ئینگلیزەکاندا بوو، کە زۆربەی هەرە زۆریان بەبێ دادگایی و بە جۆرێکی زۆر دڕندانە کوژران؛ ئایەتوڵڵا عەللامە بووشەهری، ئایەتوڵڵا سەید محەمەد خەلەفی نائینی، ئایەتوڵڵا سەید مەحموودی ساداتی ئەشکەوەری، ئایەتوڵڵا حاجی سەید ئەسەدوڵڵای نیزامولعولەمای تەفریشی و ئایەتوڵڵا ڕەحمەتوڵڵای ئیمامیی دەسجردی لەو کەسانە بوون کە من ئاگاداری کوشتنە دڕندانەکانیان بووم. شتێک هەیە دەبێت لێرەدا بیڵێم، ئەویش هەبوونی ناوی

ئایەتوڵڵا سەید مەحموودی تاڵەقانی بوو لە خشتەکەدا، بەڵام خومەینی ڕازی نەبوو؛ خومەینی تەنها دژایەتیی ئەم ناوەی کرد و هیچی تر. ئەو دەنگۆیانەش ڕاست نین کە گوایە دواتر تاڵەقانی بە پلان و بە فەرمانی ئایەتوڵڵا بەهەشتی کوژرا، بەڵکو لە ڕاستیدا پلانداڕێژ و بەڕێوەبەرانی پلانەکە بۆ کوشتنی تاڵەقانی، دکتۆر چەمران و فەخرەدینی حیجازی بوون، کە دواتر دێمە سەری و باسی دەکەم[2].

بۆ ئەوەی باشتر ئاگاداری چارەنووسی ئاخوندەکانی تری ناو ئەو خشتەیە بین، دەبێت ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکەم کە لە هەمان شەوی کوشتنی ژەنەڕاڵەکاندا، کە تێیدا نەسیری و تاجی تیرباران کران، سادقی خەڵخاڵی ڕۆیشتە زیندانی قەسر و ٢١ ئاخوندی لە حەوشەی مزگەوتی زیندانەکەدا بە دەستڕێژ کوشتن. بە داخەوە هەندێک لە کۆماندۆکانی ژێر دەستی منیش بەشداری ئەو کوشتنە بوون و دواتر ناوی ئەو شەوەیان لە ناو خۆیاندا نابوو "شەوی ئاخوندکوژان".

ئێستا ئیدی تێدەگەن کە ئەم کارانە لە ڕاستیدا هەر لە نوفێل لوشاتوودا پلانیان بۆ داڕێژرابوو، نەک لە تاران و پاش سەرکەوتنی شۆڕش، کە بە هۆی ئاڵۆزیی بارودۆخەکەوە هیچ بڕیارێکی تێدا نەدەدرا و هیچ دەسەڵاتێک نەبوو بتوانێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات. با نموونەیەکی تریش باس بکەم: پلانی ڕژەی هومافەڕەکان لە بەرانبەر خومەینیدا هەر لە نوفێل لوشاتوو داڕێژرا، لە هەمان ئەو شەوانەدا کە ئەدوارد تامسۆن و هەندێک کەسی تر تا درەنگانێک بە تەنیا لەگەڵ خومەینی دەمانەوە و پلانیان بۆ دادەڕشت. بە هۆی ئەوەی کە کۆماندۆکانی لای من بەشداری کارەکە بوون، من بە تەواوەتی ئاگاداری چۆنێتیی پلانەکەم. دوابەدوای سەفەرەکەی ژەنەڕاڵ هایزەری ئەمەریکی بۆ ئێران، بیرۆکەی ناکۆکینانەوە و لێکترازاندن لە ناو ڕیزەکانی ئەرتەشدا کەوتە مێشکی ئەوانەی نوفێل لوشاتوو و بوو بە بنێشتەخۆشەی ناو دەمیان لە هەموو دانیشتنە شەوانەکانیاندا باس

---

[2] کاتی خۆی، من لە کرماشانەوە بەرەو تاران لە ڕێدا بووم، شەومان بەسەرهاتبوو، لە هەمەدان تێپەڕی بووین کە دەنگی ڕادیۆی ئوتۆبووسەکە ڕای چڵەکاندم: "ئایەتوڵڵا تاڵەقانی تیرۆر کرا." من، گەرچی هێشتا منداڵ بووم، بەڵام ئایەتوڵڵا تاڵەقانیم خۆش دەویست، چونکە لە نزیکەوە قسەکردنیم گوێ لێ بووبوو و دەشمزانی کە خودان خۆشەویستییەکی جەماوەریی زۆرە و یەکێکیشە لەوانەی دژی حکومەتی مەلاکان وەستاوەتەوە و دەیگوت: "دەبێت مەلا ئیشوکاری خۆی لە مزگەوتدا هەبێت و مێزەربەسەرێک ناتوانێت کاری سیاسەت و وڵاتداری بکات..." هەر هەمان کات لە ناو ئوتۆبووسەکەدا گوتم کە وادەزانم تاڵەقانی بە پلانی خامنەیی تیرۆر کراوە. ڕاستە ئەوکات خامنەیی زۆر نەدەناسرا و دەسەڵاتی زۆریشی نەبوو، بەڵام هەر ئەو سەردەمە زانیبووم کە کابرایەکی چەند ناپاک و شەیتان و فڵبازە. ئێستایشی لەگەڵ بێت من لەسەر هەمان گومانی خۆمم، کە تاڵەقانی بە پلانی ئەو تیرۆر کرا. (وەرگێڕ)

دەکرا. ئەمەریکییەکان و خومەینییش چاک دەیانزانی کە ئەرتەش چۆکیان بۆ دانادات و وەفادار دەمێنێتەوە بەو سوێندەی بۆ پاراستنی وڵات و شا کە خواردوویەتی. سوێندخواردن شتکی پیرۆز بوو لە بواری ئایینەوە و دیارە مەلایەک لەخۆیەوە نەیدەتوانی بەتاڵی بکاتەوە. هەر بۆیە بیریان لەوە کردەوە هەوڵی شەقکردنی و لێکترازانی ڕیزەکانی ئەرتەش بدەن و لەو ڕێگەیەوە سەربکەون. کۆڵۆنێل تامسۆنی ئەمەریکی هەمیشە دەیگوت: "دەبێت بیر لەوە نەکەنەوە کە دەکرێت کاریگەری بخەنە سەر ئەفسەرانی ئەرتەش یان دەتوانن بیانکڕن. ڕاستە هەندێک کەسی ناڕازی شک دەبەین، بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە دزەمان کردبێتە ناو ئەرتەشەوە. تەنها شتێک دەتوانێت بمانگەیەنێتە ئەنجامێکی باش، بەکارهێنانی هومافەڕەکانی هێزی دەریایی و ئاسمانین کە لە ئەمەریکا ڕاهێنراون و هەردوو دەستەش لەژێر چاودێریی ٢ فەرماندەی ڕاهێنەری ئاسمانی و دەریاییدا ئامادە کراون. بەڵام زۆر پێویستە سەرەتا ترسەکەیان بشکێنین و بە تەواوەتی ئامادەیان بکەین." بەم جۆرە کاروبارەکان ڕێک خران و هەماهەنگیی تەواو کرا بۆ ئەوەی کاتێک خومەینی دەگاتە تاران، هومافەڕەکان لە بەرانبەریدا ڕژە برۆن.

ئەوە بوو کە چاپچی و جەمشید نەعمانی و هومافەڕێکی هێزی دەریایی بە ناوی عەباس ڕەزازادە، بە فڕۆکەیەکی سەربازیی ڕاوێژکاری نێررانەوە تاران، تا لە ژێردەستی ئازەربەرزین، جێگری هێزی هەوایی و مەجیدی جێگری هێزی دەریایی و بە هاوکاریی کەسێک کە حاجی مانیان لە جەبهەی میللی هێنابووی، هەم پەیوەندی بەو هومافەڕانەوە بکەن کە ناوەکانیان لە لایەن تامسۆنەوە ئامادە کرابوون، هەم ئامادەکاری بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو شانۆیە لەگەڵ ئەوان، یاخود گەر ئەوانیش ڕازی نەبوون، لەگەڵ هەندێک کەسی دی کە پێشتر ئامادە کراون و جلوبەرگی هومافەڕانەیان لە بەر کردووە. بەم جۆرە، کۆماندۆکانی من بە هاوکاریی حاجی مانیان، ٤٠٠ دەست جلوبەرگی تایبەتیان لە لای خەیاتێک بە ناوی خەلیل عیمادی لە شەقامی ژاڵەی تاران بە دوورین دا و ئەوەندەش کڵاوی تایبەتیان لە فرۆشگە سەربازییەکانی شەقامی پالەوی و چوارڕیانی سپە کڕین؛ سەرئەنجام ڕژە ساختەکە بەبێ بەشداریی تاکە هومافەڕێکی ڕاستەقینەش لە لایەن کەسانێکەوە کە دڵیان تەنها بە قاتێک و بە ٥٠٠٠ تمەنێک خۆش بوو، ئەنجام درا و پشتی ئەو ئەرتەشە مەزنەی شکاند!

ناکرێت بەبێ ئاماژەدان بە دکتۆر کەریم سەنجابی و دەستلەکارکێشانەوەی سەید جەلال تەهرانی، کۆتایی بە بیرەوەرییەکانی نوفێل لوشاتوو بهێنم؛ بە تایبەتی کە پێشتر ئاماژەم پێ کردوون و بەڵێنی باسکردنیانم داوە. دوای ماوەیەک لە مانەوەی خومەینی لە نوفێل لوشاتوو، شەوێکیان قوتبزادە بانگی کردم و گوتی: "جەعفەر، ٢ لە هاوڕێ جێمتمانەکانی خۆت ئامادە بکە و سبەینێ برۆنە فڕۆکەخانە، دەبێت پێشوازی لە کەسێتییەکی پلەبەرز بکەن کە لە تارانەوە دێت." پرسیم: "ئێوەیش دێن؟" گوتی: "منیش و بەنی سەدر و حەبیبی و بئاتریسیش دێین." من ٢ کەسم

هەڵبژاردن، بەیانییەکەی بە ٣ سەیارەوە بەرەو فڕۆکەخانە چووین، میوانەکەمان دکتۆر کەریمی سەنجابی، سەرۆکی جەبهەی میللی بوو کە سەفەری کەنەدای دەکرد و بۆ کارێکی لە پاریس لای دابوو. سەنجابی، سەرەتا زۆر دەماربەرز و خۆبەزلزان بوو، بەڵام هەر گەیشتە نوفێل لوشاتوو و تێگەیشت کە هیچ کەس هیچ حیسابێکی بۆ ناکات، بەرە بەرە خۆی گۆڕی و قوتبزادە واتەنی، "بوو بە خاکی". خومەینی هەر بە ئەنقەست ٢ ڕۆژ ماتڵی کرد و هەر جارەو بە بیانوویەک دیدارەکەی دوا دەخست. ئەوەی خومەینیی هان دەدا ئاوا سارد بێت، دکتۆر ئیبراهیم یەزدی بوو؛ من خۆم بیستم کە ئەویش بە فەرمانی موهەندش بازرگان ئەو کارەی کردووە. دوای ٢ ڕۆژ، سەنجابی دەستی کردە پیشاندانی ناڕەزایەتی و بە حەبیبی و بەنی سەدر و قوتبزادەی گوت: "ئێوە لە پاریسەوە هیچتان پێ ناکرێت و تا جەبهەی میللی نەیەوێت، هیچ کارێک لە تاراندا ناگاتە ئەنجام." ئەم ٣ کەسە هەوڵیان دەدا ڕێزی لێ بگرن، بەڵام دکتۆر یەزدی بە پێچەوانەی ئەوان، کۆتا قسەی خۆی کرد و گوتی: "بەڕێز دکتۆر سەنجابی، ئیمام زۆر سەرقاڵن و ناتوانن کەس بە تایبەتی ببینن، بەڵام لەوانەیە بتوانین کارێک بکەین کە تۆیش وەک ئەوانی تر و لەگەڵ جەماوەردا بچیتە خزمەتی و بیبینی." حاڵەتی سەنجابی دوای بیستنی ئەم قسەیەی یەزدی، زۆر سەیر بوو، هێندەی نەمابوو جەڵتە لێی بدات، بەڵام دوای چەند چرکەیەک بە خۆیدا هاتەوە و گوتی: "مادەم وایە، منیش چیتر ناوەستم و دەڕۆم." قوتبزادە کە هەوڵی ئەوەی دەدا سەنجابی زیز نەبێت، لەگەڵی ڕۆیشتە ژوورێکی دیکە و کێشەکە بە ڕواڵەت کۆتایی پێ هات. بەڵام دوای سەعاتێک، من ڕاسپێررام کە دکتۆر سەنجابی لە نوفێل لوشاتووەوە بەرمە ئەپارتمانەکەی شەقامی فۆش بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت. بە سەیارەیەکی پیژۆ لەگەڵ دکتۆر سەنجابی و عەلی شاکریدا بەرەو ئەپارتمانەکە بەڕێ کەوتین. پاتریسیا دەرکەی لێ کردینەوە، من چاوم بە دکتۆر یەزدی و خاتوو دۆریان کەوت و تێگەیشتم کە پلانێکی دی لەئارادایە.

دۆریان مەکگرەی، سەرەتا دکتۆر سەنجابی و پاشان منی ماچ کرد و بەبێ ئەوەی هیچ ئاوڕێک لە عەلی شاکری بداتەوە، دۆسیەیەکی قەبەی دایە دەستی سەنجابی و گوتی: "تکایە جەنابی وەزیر، تا من قاوەیەک ئامادە دەکەم، ئێوە سەیرێکی ئەم دۆسیەیە بکەن."

سەنجابی، هەر دەستی دایە دۆسیەیەکە و لاپەڕەیەکی لێ دایەوە، ڕەنگی هەڵبزرکا. گوتم دۆسیەیەکە قەبە بوو، سەنجابی بە پەلە لاپەڕەی هەڵدەدایەوە و هەندێک جار لەسەر لاپەڕەیەک دەوەستا؛ بەو زستانە ساردە شەلاڵی ئارەقە بووبوو. سەرئەنجام نەیتوانی بگاتە کۆتاییەکەی، دای خست و بە یەزدیی گوت: "وادیارە ئیمام حسێبی هەموو شتێکی کردووە! دەی بەم حاڵەوە بڵێ بزانم دەبێت چی بکرێت؟" دکتۆر یەزدی بە پێکەنینەوە دۆسیەیەکەی لێ وەرگرت و گوتی: "ئێوە نابێت بۆ کەنەدا بچن، ئەمە فەرمانی ئیمامە. لەجیاتیی، سبەینێ چاوت پێی دەکەوێت، بەڵام بە مەرجێک ئەم ڕاگەیاندنە واژۆ بکەن تا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکرێتەوە."

من هیچ کات سەرم لەو دۆسیەیە دەرنەکرد و نەمزانی چیی تێدا بوو، لە حاڵێکدا قوتبزادە هەوڵی زۆری دا هەندێک شتمان دەست بکەوێت. هێندە دەزانم پاش بینینی دۆسیەیەکە بوو کە سەنجابی ڕاگەیەنراوی ناپاساییبوونی شایەتیی ئێرانی واژۆ کرد. هەڵبەت بەپێی ئەو شتەی بۆ سەید جەلال تەهرانی پێش هات، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە دۆسیەیەکەی لای سەنجابییش شتێکی وەک ئەوەی تەهرانیی تێدا بووە. با بێینە سەر باسی تەهرانی: ئەو وەک سەرۆکی شوورای پاشایەتی سەردانی پاریسی کرد، تا چاوی بە خومەینی بکەوێت. بەپێی پێکهاتنی پێشوویان، هیچ مەرجێک بۆ ئەم چاوپێکەوتنە دانەنرابوو. بەڵام دوای گەیشتنی ئەو بۆ پاریس و پاش کۆبوونەوەیەکی شەوانەی نێوان خومەینی، یەزدی، دۆریان مەکگرەی، قوتبزادە، برۆس لینگن و سەرهەنگ تامسۆن، دۆخەکە گۆڕا.

ئەم جارەیان ڕاسپێررام کە سەید جەلال تەهرانی بگەیەنمە ئەپارتمانەکەی شەقامی فۆش. بە گەیشتنی فەرمانەکە، دووبارە بۆنی پلانێکی دیم کرد؛ بیرم کردەوە کە دووبارە شانۆیی دۆسیە دەست پێ دەکات و ئەم جارە سەرۆکی شوورای پاشایەتی دەخرێتە داوەوە.

پاتریسیا دەرکەی کردەوە. ئەم جارەیان جگە لە خاتوو دۆریان، سەید ئەحمەد خومەینی، سەرهەنگ تامسۆن، شێخ شەهابی ئیشراقی و سەید محەمەد مونتەزیرییش بەشدار بوون. یەزدی دیار نەبوو، عەلی شاکرییش کە دزییەکی ٨٠٠٠ فرانکیی کردبوو، لەم کارانە دوور خرابووەوە و خرابووە شوێنێکی ترەوە. دوای ماچوموچ و سڵاوکردن، شێخ شەهاب ئیشراقی گوتی: "ئێستا کە لە هاتوهاواری نوفێل لوشاتوو دوور کەوتینەوە، باشتر وایە پێکەوە بۆ چەند خولەکێک سەیری فیلمێک بکەین."

گڵۆپی ماڵەکە کوژایەوە، سەرهەنگ تامسۆن دەزگایەکی بچووکی پیشاندانی فیلمی پێ کرد و هێندەی پێ نەچوو بەسەر دیواری سپیی ژوورەکەوە فیلمەکە پیشان درا: سەرەتا بیساتی تلیاککێشان بوو، جەنابی سەرۆکی شوورای پاشایەتی، واتە سەید جەلال تەهرانی، بەسەر دۆشەکێکەوە پاڵی دابووەوە و تلیاکی دەکێشا. گرتەکانی دواتری گەلێک دزێوتر بوون. نزیکەی ٣ چارەکێک، هەمووومان سەیری ڕابوارادنەکانی ئەم پیرەمێردەمان لەگەڵ سۆزانیی قژ ڕەش و هەروەها نێربازییەکانی کرد. گرتەگەلێک، کە مرۆڤ دڵی لێیان هەڵدەهاتەوە. شوێنی فیلمگرتنەکەیش بەلای منەوە ئاشنا بوو؛ بەڵێ، هەمان نووسینگەی قوتبزادە بوو لە شەقامی کلێشی. ئێستا ئیدی گومانم نەبوو کە فیلمی ئاوا لە خودی منیش تۆمار کراوە.

گرتەکانی ڕابواردن و مێبازیی سەید جەلال، خراپترین و قێزەونترین شت بوون لە تەمەنمدا ببینم. کابرای پیری پێست و ئێسقان، ڕووتوقووت و ڕەنگە لەژێر کاریگەریی مادەی هۆشبەردا هەندێک کار و هەڵسوکەوتی وای دەکرد، کە مرۆڤ دەڕشایەوە. فیلمەکە، کە دیار بوو بە چەندین جار

گیراوە و خراوەتەوە سەریەک، ٤٥ خولەکی خایاند. کاتێک گڵۆپەکان داگیرسانەوە، سەید جەلال وەک مشکێکی تەڕی لێ هاتبوو؛ شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی کە قاقا پێدەکەنی، گوتی: "فیلمێکی خۆش بوو بەڕێز تەهرانی! ئێستایش بەڕێزت بە ئاوا ڕابردوویەکەوە دەتەوێت بچیتە لای ئیمام؟!"

تەهرانی سەری داخستبوو و بە دەنگی بەرز دەگریا. چەند خولەکێک دواتر، دۆریان مەکگرەی لەسەر لێواری ئەو قەنەفەیە دانیشت کە سەید جەلال تێیدا کزی کردبوو؛ لە حاڵێکدا کە ماچی دەکرد، پێی گوت: "گوێی مەدەرێ دەی، دیارە کەمتەرخەمیی خۆتان بووە، خۆ ئەم جۆرە کارانە کەم نین، ئەی بۆچی کەس پێیان نازانێت؟ بە هەرحاڵ، ڕەنگە دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێزت لە سەرۆکایەتیی شوورای پاشایەتی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات."

١٠ خولەک دواتر، پاتریسیا بیساتی تلیاکی دانا و ئیدی سەید جەلال و شێخ مەلا شەهاب خەریکی کێشان و لەگەڵیشیدا خەریکی ئامادەکردنی دەقی دەستلەکارکێشانەوەکە بوون.

دواتر قوتبزادە بۆی گێڕامەوە کە کاتێک سەید جەلال چووەتە لای خومەینی، پێش هەموو شتێک خومەینی پێی گوتووە: "بیستم پێش نووسینی دەقی دەستلەکارکێشانەوەکەت چوویتەتە سینەما... لە تاراندا لەم جۆرە فیلمانە پیشان نادرێن، هەر بۆیە ئەگەر لێرە بمێنیتەوە باشترە بۆت."

بەم جۆرەیش، سەید جەلال مایەوە و هیچ کات نەگەڕایەوە تاران.

بیرەوەرییەکانی من لەم قۆناغە، ئیتر شتێکی وا نین کە شیاوی گێڕانەوە بن. لێرەدا دەمەوێت بڵێم کە گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییانەش تەنها بیانوویەک بوو بۆ گەیشتن بە قۆناغی سەرەکیی بیرەوەرییەکانی ژیانم لە ئێراندا.

چیرۆکی گەڕانەوەی خومەینی لە پاریسەوە بۆ تاران، هەمان ئەو شتە بوو کە تەلەڤیزیۆنەکان پیشانیان دا. نە لەو جیمبۆجێتە ئەیر فرانسەدا کە ئێمەی بەرەو ئێران هەڵگرتبوو، دەکرا پلانێک بگێڕرێت و نە ئەگەریش بکرایە، بە بەرچاوی ئەو هەموو ڕۆژنامەنووسەوە دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا دەکرێت بڵێم پێش هەستانی ئەم فڕۆکەیە لە فڕۆکەخانەی پاریسەوە، باڵەکان دیاری کرابوون، ناکۆکییەکان لەمەڕ نەوت و بواری دارایی و هەروەها لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و پۆستە گرنگەکان، هەر لە نوفێل لوشاتوو سەری هەڵدابوو و هەموو ئەوانەی من دەمناسین، وەک دوژمن و نەیارێک لە پاڵ یەکدی ڕیز کردبوون.

پلانگێڕی و باڵباڵێن لە هەمان سەرەتای گەیشتنە فڕۆکەخانەی میهراباد دەستیان پێ کرد: قوتبزادە، بەنی سەدر، غەزەنفەرپوور، دکتۆر ئیبراهیم یەزدی و حەسەن ئیبراهیم حەبیبی، کرۆکی باڵباڵێن و پلانگێڕییەکان بوون؛ لەو ماوەیەی نوفێل لوشاتوویشدا ڕاهاتبوون هەرچییان ویست، بەبێ زەحمەت و دەردیسەری بۆیان مسۆگەر بکرێت و پێی بگەن، لێرەیش هەر وا بیریان دەکردەوە و تارانیشیان هەروەک نوفێل لوشاتوو دەزانی، هەر بۆیە ئەو هەل و دەرفەتانەیان بەفیڕۆ دا کە دەبوو بۆ پتەوکردنی جێپێی خۆیان بە کاریان هێنابان، ئەمەیش هەلێک بوو بۆ تاقمی مێزەربەسەر کە بەهەشتی سەرۆکایەتیی دەکردن. سەرئەنجام بە جۆرێک خومەینیی لە هاوڕێکانی پاریسی دابڕی، کە چیتر بینینی بۆیان ئاسان نەبوو و دەبوو دوای هەندێک پاڕانەوە و بیانووهێنانەوە و تەنانەت بە دەستتێوەردانی خاتوو دۆریان بگەنە لای.

لە ناو ئەم چەند کەسەدا، بە بڕوای من سادق قوتبزادە هۆشیارتر و زیرەکتر بوو. ئەو مێشکێکی سەیری هەبوو بۆ داڕشتنی پلان، هەندێک تایبەتمەندیی تێدا بوو کە ئەوانی دی لێی بێبەش بوون. خۆیشی هەندێک جار دەیگوت کە ئەمانە لە من زیاتر و زۆرتریان خوێندووە، کەچی هەر هیچ تێناگەن. دەربارەی بەنی سەدر دەیگوت: "ئەم کابرایە حەزی لە خۆنواندنە و چونکە بیری کۆڵە، زۆر حەز دەکات وەک کەسێکی خوێندەوار سەیر بکرێت... ئاواتی ئەوە بوو یەک ڕۆژیش بووبێت لە زانکۆ وانە بڵێتەوە." کاتێ باسی یەزدی دەکرا، دەیگوت: "مانگا لە ئاستیدا سوکراتە، هیچ زانابیەکی نییە و هەرچی ئەمەریکییەکان پێی بڵێن، بە چاوی بەستراو وەک سەربازێک ئەنجامی دەدات." ڕای لەمەڕ حەبیبی باش بوو، دەیگوت: "هۆشیار و فێڵباز و خۆپارێزە." ئەوانی تریشی هەر بە مرۆڤ نەدەزانی.

هەر ئەم قوتبزادەیە کە گوتم زیرەکترینیان بوو و چاک دەیزانی چیی دەوێت و چی دەکات، هەمان ڕۆژی گەیشتنی خومەینی بۆ تاران و دوای ڕێوڕەسمەکەی بەهەشتی زارا، بانگی کردم و گوتی: "ئامادە بن تا لەگەڵ کۆماندۆکانت بچنە خزمەتی ئیمام." پرسیم: "چی بووە؟" گوتی: هیچ، ئیمام دەیەوێت سوپاستان بکات و لەوانەیە دەمیشتان چەور بکات."

هەر وایش بوو. خومەینی گەلێک تاریفی داین و باسی خزمەتەکانی من و کۆماندۆکانمی کرد و پاشان گوتی: "دەزانم ئەم چەند مانگە چەندە هیلاک بوونە و دەیشزانم چەند ساڵێکە لە خزم و کەسوکاری خۆتان دوورن، بۆیە بە باشم زانی کە ئێستا، مادەم بە سەلامەت گەیشتووین و ئیدی هیچ مەترسییەکمان لەسەر نەماوە و ئێرەش زۆر قەرەباڵغە، پێشنیارەکەی دکتۆر یەزدی پەسەند بکەم کە ئێوە چەند ڕۆژێک مۆڵەت بدرێن و بڕۆنەوە سەردانی کەسوکارتان، بەڵام دەبێت ڕۆژی هەژدەیەم لێرە ئامادە بن، چونکە کارەکانمان دەست پێ دەکەن. هەڵبەت جەعفەر ئاغا پێویستی بەو هەموو ڕۆژە نییە و دەبێت پێش هەموان، واتە رۆژی پازدەیەم لێرە بێت."

کە لە ژوورەکەی خومەینی هاتینە دەرەوە، کابرایەک بە ناوی دەسماڵچی کە یەکێک بوو لە بازاڕییەکانی تاران و بیستم دواتر خومەینی ئەویشی گوللەباران کردووە، بە بەرچاوی یەزدی و قوتبزادەوە یەک میلیۆن تمەنی دامێ، کە لە ناو پیاوەکاندا دابەشی بکەم.

کاتی ماڵئاوایی، بە قوتبزادەم گوت: "نازانم... بەڵام وای بۆ دەچم کەسانێک لێرەن کە حەز بە هەبوونی ئێمە ناکەن و دەیانەوێت لێرە دوور بکەوینەوە. هەر خوایش دەزانێت ئەم ماوەیە کە ئێمە لێرە نابین، چی ڕوودەدات."

قوتبزادە پێکەنیی و گوتی: "جارێ کە هیچ نەبووە، هەر خومەینییە و ئەم ئاخوندە سپێونانە. هەر ئەوە باشترە جارێ پشوویەک بدەین تا قۆناغی دووەمی یارییەکان دەست پێ دەکات. تۆیش بە ئاسوودەیی برۆ و بزانە نەوەک ئەم ناکەسانە پارەکانتیان دزیبێت. سەرلەبەیانیی پازدەیەمیش لێرە بە."

سەعات پاش ٢:٠٠ی نیوەشەو بوو و لە ڕاستیدا کەوتبووینە ناو ڕۆژی هەینیی سێزدەیەمی ڕێبەندانەوە، کە بە مارسیدسێکی دوا مۆدێل کە هەمان دەسماڵچی پێی دام، بەرەو ئیسفەهان بەڕێ کەوتم. لە دڵیشەوە نیگەران بووم و وای بۆ دەچووم ئەم دوورخستنەوەیەم لە تاران جۆرە پلانێکە، بەڵام بیریشم لەوە دەکردەوە کە تازە هەینییە و منیش بە گوتەی خومەینی، دەبێت سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە لە تاران بم، هەینییش کە پشووە و دەمێنێتەوە ڕۆژی شەممە، کە لەو تاکە ڕۆژەشدا کەس ناتوانێت کارێکی وا بکات، بەم دڵخۆشیدانەوەی خۆمەوە سەعات ٨:٠٠ی بەیانی گەیشتمەوە قەهدریجان. بارودۆخی دایکوباوکم لە قەهدریجاندا زۆر زۆر باش بوو، داود و خوشکیشم گوزەرانێکی زۆر باشیان هەبوو؛ دوکانی قەسابییەکەمان ئێستا ئیدی گەورەتر و مۆدێرنتر بوو، چەند ساردکەرەوەیەکی جوانی تێدا بوون، هەم داهاتی دوکانەکە باش بووبوو و هەم مانگانە ١٠،٠٠٠ تمەنیش ژیانی ئەوانی بە تەواوەتی گۆڕیبوو. دایکم بەردەوام خۆی بە قوربانم دەکرد، بەڵام هەڵسوکەوتی باوکم زۆر باش نەبوو، سەرئەنجام خۆی پێ ڕانەگیرا و کاتێک خۆمان تەنیا ماینەوە، دەستی کردە سەرزەنشتکردنم و گوتی کە نازانێت من خەریکی چیم و هیچ ئاگای

لێ نییە ئەم ماوەیە من لە کوێ بووم و چیم کردووە، بەڵام لەوە دڵنیایە کە هەرچی بێت، من ڕێگایەکی شەرافەتمەندانەم هەڵنەبژاردووە. ئەمە دەقی قسەکانیەتی: "من دەزانم لەم سەردەمەدا ئاوها پارەیەک بە خۆڕایی دەست ناکەوێت، دەترسم تۆ کەوتبیە ناو کاری خراپ و قاچاخەوە و..." باوکم ڕاستی دەگوت، بۆ یەکەم جار لە تەمەنمدا و لە ناو هەموو ئەوانەدا کە دەمناسین، ئەم تاکە کەسێک بوو فریوی پارە نەخوات. نازانم... ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە من کوڕی خۆی بووم، فریوی نەدەخوارد! تاقەتی شەڕەقسەی باوکمم نەبوو، زووتر نوستم، بەیانییەکەی لەگەڵ داود قسەم کرد تا بزانم بە چ جۆرێک دەکرێت سەید مەهدی هاشمی ببینم. سەردانی زیندانمان کرد و داود داوای بینینەکەی کرد بۆ ئەوەی ناوی من نەکەوێتە ناوەوە، بەڵام بەڕێوەبەری زیندان کە ئەفسەرێک بوو بە ناوی فەدەوی، مۆڵەتی نەداین و ئێمەیش دەستبەتاڵ و دڵشکاو گەڕاینەوە. سەردانی بانکم کرد، کە ئەویش بە هۆی مانگرتنەکانەوە داخرابوو؛ بەڵام داود لەمەڕ پارەکە ئاسوودەی کردم و گوتی عەلی ئەکبەر پەروەرش هەموو بەڵگەکانی ڕادەستی من کردووە و ئێستا حیسابەکەت ٢ میلیۆن و ٤٠٠،٠٠٠ تمەنی تێدایە. گەڕاینەوە قەهدریجان، ٥٠،٠٠٠ تمەنم دایە دایکم و ٢٠،٠٠٠یشم بە خوشکەکەم دا و پێشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەرەو تاران گەڕامەوە. هەستم بەوە دەکرد کە ئیدی قەهدریجان شوێنی ژیانی من نییە! نزیکەی سەعات ٦:٠٠ی پاشنیوەڕۆ گەیشتمە مەدرەسەی ڕەفا. قوتبزادە، گورج ڕای کێشامە گۆشەیەکەوە و گوتی: "پاڵەوان، تۆ ڕاستت دەگوت، باش بوو زووتر گەڕایتەوە. ئەگەر دەتوانیت، ئەوانی تریش ئاگادار بکەوە با تا ١٨ی مانگ نەوەستن و زووتر بگەڕێنەوە. ئەم شۆڕشە بەم قەحبەدایکانەوە و بەبێ هەبوونی ئێوەی کوڕەکانی لیبیا، هیچ چێژێکی نییە. خۆیشت چاک گوێت بکەوە، بزانە چی دەڵێم، یەکەم، لە من دوور ناکەویتەوە، دووەم، ئەم شێخ سادق خەڵخاڵییە خوێڕییە گرووپێکی گیانبازی بۆ خومەینی ئامادە کردووە کە زۆر بە ئاسانی دەکوژن و سەردەبڕن. دوورخستنەوەی ئێوەیش هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو کە بە داخەوە منیش فریوم خوارد و دەرکەوت گومانەکەی تۆ ڕاستە. ئێستایش ئیدی تۆیت و ئەم بەچکە ئاخوندانە، کە دەبێت دەسەڵاتی خۆتیان پیشان بدەیت. سێیەم، من توانیومە وا بکەم کە چاپچی ببێتە هەمەکارەی ئێرە و ڕام سپاردووە کە لەگەڵ تۆدا وەک فەرماندەیەک بجووڵێتەوە، هەر بۆیە دەبێت ئاگادار بیت و شتەکەمان لێ تێک نەدەیت. چوارەم، سەعات ١٠:٠٠ی شەو لێرە ئامادە بە، دەبێت سەردانی شوێنێک بکەین. دوایی قسەی زیاترمان دەبێت."

سەعات ١٠:٠٠ی شەو قوتبزادە هات و گوتی: "بڕۆین." بەڕێ کەوتین، بەڵام پێش بەجێهێشتنی مەدرەسەی ڕەفا، گوتی: "ئاخوندەکان خەریکی پلانێکن کە کارەکە لە دەستی ئێمە دەربکەن، منیش خەریکم یارییان پێ دەکەم، بەڵام تۆ ئاگادار بە، دەبێت بزانیت کە زۆربەی ئەوانەی لێرەن، بە چاوێکی دی سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە لەگەڵ خومەینی هاتوونەتەوە، ئێمەیش دەبێت بە مشتی قووچاوەوە یاری بکەین. بۆ نموونە، من هیچ حەز ناکەم تۆ وەک شۆفێرێک بچیتە پشت سەیارە، تۆ فەرماندەی گرووپی کۆماندۆیت و لێرەیش دەبێت وەک فەرماندەیەکی گەورە و

بەدەسەڵات بجووڵێیتەوە، تا هەموان حیسابی خۆیان بزانن؛ بە هیچ جۆرێک نابێت خۆت بە کەم بزانیت."

سەیارە گەیشت و شۆفێرەکەی کە مامۆستایەکی زانکۆ بوو بە ناوی پەرویز ساداتی، دابەزیی و دەرکەی بۆ ئێمە کردەوە. من و قوتبزادە سەرکەوتین بەرەو زەعفەرانیە. ئەوکات تێگەیشتم کە مەبەستی قوتبزادە لەو قسانەی چی بوو!

بەچکە قەسابی قەهدریجانی ئەوسا و فەرماندەی ئێستای کۆماندۆکانی پارێزەری خومەینی، دەبێت لە دواوەی سەیارەدا پاڵی لێ بداتەوە و دکتۆرێکی شۆڕشگێڕ و مامۆستایەکی زانکۆ، دەبێت ببێتە شۆفێری تایبەتی و وابزانێت کە خەریکە خزمەتی شۆڕش دەکات؛ ئەمە بوو مەبەستی "بە مشتی قووچاو یاریکردن"ی قوتبزادە.

دوای سەعاتێک گەیشتینە زەعفەرانیە و چووینە ناو خانوویەکی زۆر گەورە لە کۆڵانی ئێراندا. براکەی قوتبزادە و ئەندازیار تەوەسولی، کە سەردەمێک ناوی لە خۆی نابوو ئەبوشەریف و دواتر بووە سەرۆکی شارەوانیی تاران، محەمەد ڕەزا مەهدەوی کەنی و براکەی، هاشمی ڕەفسەنجانی و چەمران و خاتوونێکی عاباپۆش کە دەموچاوی بە پەچە شاردبووەوە، لەوێ بوون. ژنە عاباپۆشەکە لێم نزیک کەوتەوە و بە دەنگێکی خۆش و ئارام گوتی: "جەعفەر، یادی شەقامی فۆش بە خێر." من گورج خاتوو دۆریان مەکگرەیم ناسییەوە و لە ڕاستیدا خۆشحاڵ بووم کە ئەویش لەوێیە.

ئەو شەوە تەنها دۆریان قسەی دەکرد، مەگەر ئەو کاتەی کە پرسیارێکی لە یەکێک دەکرد یان کەسێک پرسیارێکی لێ دەکرد، هەموو کاتەکە هەر ئەو قسەی کرد: دامەزراندنی کۆمیتەکان و پلانی ژەهراویکردنی ئاوی خواردنەوەی تاران و دروستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا، گرنگترین شت بوون ئەو شەوە لە لایەن خاتوو دۆریانەوە باس کران و ئەنجامدانی هەر بەشێکیش خرایە ئەستۆی چەند کەسێکەوە. دامەزراندنی کۆمیتەکان خرایە ئەستۆی مەهدی کەڕوبی و براکەی، ئەندازیار تەوەسولی بە هاوکاریی زاواکەی بازرگان کە ناوی ئەندازیار حیجازی بوو و هەڵبەت بەشداری ئەم دانیشتنە نەبوو، ڕاسپێررا ئامادەکاری بۆ ژەهراویکردنی ئاوی تاران بکەن تا ئەگەر پێویست بوو، بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دروستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن تا دەگاتە هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵک و دەستدرێژیکردنە سەر ژیانی جەماوەر، ئەویش لە جلوبەرگی سەربازەکانی شادا، سپێررایە زەمانی، واتە هەمان ئەبوشەریف.

سەعات ٢:٠٠ی پاش نیوەشەو قوتبزادە هاتە قسە و گوتی: "ئێمە گەلێل پڕوپاگەندەمان کردووە کە گوایە خەرجییەکانی شۆڕش لەسەر بازاڕییەکانی تاران بووە، کەچی لە ڕاستیدا ئێمە ١٦ میلیۆن

دۆلارمان لە وڵاتێکی هاوسێ و دۆست بە قەرز وەرگرتووە کە ناچارین و دەبێت بە زووترین کات بۆیان بگێڕینەوە، ئەگینا هەندێک چاوەڕوانیی لەمەڕ داهاتی نەوت لێ دەکەوێتەوە... ئەمڕۆ کە لە خزمەتی ئیمامدا بووم، فەرموویان بەڕێز کەڕوبی یان هاشمی ڕەفسەنجانی، یاخود هەر بەڕێزێکی تر، هەرچی زووە و بە هەر جۆرێک بووە ئەم برە دابین بکەن بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر منەتی هێزێکی دەرەکی. بەم پێیەیش ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە هەوڵ بدەین و لە ماوەی هەفتەیەکدا بە هەر جۆرێک بێت، دابینی بکەین." هاشمی ڕەفسەنجانی گوتی: "بەڵێ، ئیمام بە منیشی فەرموو، بەڵام ئێمە نازانین ئەم هەموو پارەیە چۆن و لە کوێ دابین بکەین." قوتبزادە گوتی: "وابزانم بەڕێز ئەبوشەریف بتوانێت شتێک بکات. ڕاستە ١٦ میلیۆن دۆلار بڕێکی کەم نییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخە ئاڵۆزەکە، ڕەنگە بکرێت لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر مۆزەخانەکان و دەرهێنانی هەندێک شوێنەوار تێیاندا، کێشەکە چارەسەر بکەین." ئەبوشەریف گوتی: "دەرهێنانی شوێنەوار لە ناو مۆزەدا هێندەیش ئاسان نییە کە بەڕێز قوتبزادە بیری لێ دەکاتەوە، مۆزەخانەکان پاسەوانی تایبەتییان هەیە و بە چڕی دەپارێزرێن، بە تایبەتی لەم بارودۆخەدا هێندەیان چڕ و تۆکمە کردووەتەوە کە تەنانەت کۆترێکیش ناتوانێت توخنی بکەوێت." هاشمی ڕەفسەنجانی و برایانی کەڕوبییش هەریەکەیان شتێکیان گوت لە پشتگریی قسەکانی ئەبوشەریفدا و هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە کاری وا نەکردەنییە و پێویستە بۆ دابینکردنی بڕەکە بیر لە ڕێگە و شێوازی تر بکرێتەوە. دۆریان مەکگرەی، بە ئارامییەکی تەواو وەستا تا هەموویان قسەیان کرد، ئینجا یەک لە کارتە سەیروسەمەرەکانی خۆی دەرخست؛ لەو کارتانەی کە مرۆڤ هەم پێی خۆشحاڵ دەبێت و هەم تووڕە دەبێت کە ئەی بۆچی بە بیری خۆیدا نەهاتووە. کاتێک قسەی ئەوان کۆتایی هات، دۆریان بە دەنگی بەرز گوتی: "ئەوەی من تێگەیشتم، ئەوە بوو کە بەڕێز قوتبزادە باسی دزیکردنی کرد لە مۆزەخانەکان، دەشبینم زانیارییەکانی ئێوە لەمەڕ مۆزەخانەکان زانیاریی وردی بەراوردکراون. دەمەوێت بزانم ئێوە ئەم هەموو زانیارییانەتان چۆن و لە کوێ و بۆچی بە دەست هێناون؟!"

بە بیستنی ئەم قسانە، ڕەنگی ئەبوشەریف و هاشمی ڕەفسەنجانی و کەڕوبی هەڵبزرکا. هەرسێکیان کەوتنە هەوڵی داپۆشینی کەتنەکەیان، بەڵام دۆریان وازی نەدەهێنا و بەردەوام هەندێک پرسیاری لێ دەکردن کە ئەوانی زیاتر دەگوشی. سەرئەنجام هەڕەشەی لێ کردن کە ئەگەر وەڵامی تەواوی نەدەنەوە، شتەکە دەگەیەنێتە خومەینی و دیارە ئەمەیش واتە دەرکردنی ئەمان و دوورخستنەوەیان لە هەموو کارێک. هەڕەشەکەی دۆریان کاریگەر بوو؛ ئەبوشەریف گوتی: "ڕاستییەکەی، دوای ڕووداوەکەی گۆڕەپانی ژاڵە، ئێمە ویستمان گورزێکی دی لە ڕژێم بوەشینین و هەندێک شوێنەواری مۆزەخانەکان جێگۆڕکێ پێ بکەین و دزییەکە بخەینە گەردنی شا و دارودەستەکەی، بەڵام هەرچیمان کرد بۆمان نەکرا." دۆریان هێشتا هەر وازی نەدەهێنا، گوتی: "باشە، پێم بڵێن یەکەم کەس کێ بوو ئەم بیرۆکەیەی داڕشت، پاشان کێ و کێ لەگەڵی بوون و بە

کوێ و بە چی گەیشتن؟" ئەم جارە هاشمی ڕەفسەنجانی وەڵامی دایەوە و گوتی: "بیرۆکەکە هی مامۆستایەکی زانکۆ بوو بە ناوی قایم مەقامی. بۆ بەخشەکەیش لە ڕێگەی ناسری پاکدامن کە ئەویش مامۆستای زانکۆ بوو و ژنەکەیشی، واتە هوما ناتق، کە کچی ئەندازیار ناسحی ناتقە، بۆی چووین و بە دەستمان هێنان. ٢ مانگ ئیشمان لەسەر کرد، بەڵام کە گەیشتە قۆناغی کردار، ٤ لە هاوڕێیانمان دەستگیر کران و ئێمەیش ناچار بووین واز لە کارەکە بهێنین."

دۆریان مەکگرەی، کە بە ڕای من خۆی ئاگاداری هەموو ئەو شتانە بوو و تەنها دەیویست قسە لەوان دەربکێشێت و قوتبزادەیان بەسەردا زاڵ بکات، لە حاڵێکدا کە دەیتوانی لەوەش زیاتر بچێتە پێشەوە، سیناریۆکەی گۆڕی و گوتی: "هەڵبەت ئەم کارەی ئێوە شیاوی دەستخۆشییە، بەڵام هێندە هەیە کە بەبێ ئەزموون و ڕاوێژ کارەکەتان کردووە. بە هەرحاڵ، ئەوەی ڕۆی ڕۆی، ئێستا لە بیرتان بێت کە ئەوکات ساواکێکی زۆر بەهێز لەسەر کار بوو کە ئێمە دامان ڕووخاند و ئێستا ئیدی بارودۆخەکە جۆرێکی ترە و پێم وانییە کاربەدەستانی حکومەت کەسیان دەرفەت و بوار و تەنانەت تاقەتی ئەوەیان هەبێت، خۆیان خەریکی ئەم جۆرە شتانە بکەن. بە بۆچوونی من، دەبێت پلانەکەی بەڕێز قوتبزادە بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، بە تایبەتی کە ئێستا فەرماندەیەکی زۆر کارامەی کۆماندۆیش ئەو شەرەفەی پێ بەخشیوین کە هاوکاریمان بکات و یاریدەمان بدات، هەر بۆیە ئاوا کە ئیمامیش ئاگادار کراوەتەوە، بەڕێز شەفیعزادە ڕێبەرایەتیی کارەکە دەگرێتە ئەستۆ و دڵنیام سەرکەوتوو دەبێت، ئێوەیش دەبێت هەرچی لە تواناتاندایە و هەرچی ئەو داوای دەکات، بیخەنە خزمەتیەوە." ڕاستییەکەی، هێندە سەرم سووڕمابوو، کە توانای هیچ کاردانەوەیەکم نەمابوو، متبوون و بێدەنگی نەبێت! قوتبزادە پێی نەگوتبووم بۆ کوێ دەچین و چی دەکەین، منیش کە بەبێ هیچ بەرنامە و پلانێک لە ئیسفەهانەوە لێم دابوو هاتبوومەوە، کەچی ئێستا لەپڕ دەکرامە فەرماندەی چالاکیی هێرش بۆ سەر مۆزەخانەکان! کەمێکی پێ چوو تا بە خۆمدا هاتمەوە، بەو هۆشیاری و زیرەکییەوە کە لە دۆریان ڕام دەدیت، زانیم لەخۆڕا هیچ کارێک ناکات و بە دڵنیاییەوە پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەی لە پشت ئەو قسانەیەوە شاردووەتەوە.

بێدەنگییەکەی من کە بە گوتەی دۆریان بەلای ئەوانەوە نیشانەی هێز و دەسەڵاتی زۆرم بوو، بەوە شکا کە گوتم بەم زوانە لەمەڕ وردەکاریی پلانەکە قسەیان لەگەڵ دەکەم. ئیتر سەعات گەیشتبووە ٤:٠٠ی دەمبەیان و لەبەر هەبوونی قەدەغەی هاتوچۆ، وامان بڕیار دا کە جگە لە من و دۆریان و قوتبزادە، ئەوانی تر هەر لەوێ بمێننەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە. کاتێک لە ماڵەکە هاتینە دەرەوە، گوتم: "ئەی چی بکەین بەم قەدەغەی هاتوچۆیە؟" دۆریان لەژێر عاباکەیەوە دەستمی ڕاکێشا و گوتی: "بیریشی لێ مەکەرەوە، ئەوەیان بۆ من." نزیکەی سەعات ٤:٣٠ خولەک بوو لە خانووەکەی زەعفەرانیە دەرچووین، بە فەرمانی دۆریان مەکگرەی، من نیشتمە پشت ڕۆڵی سەیارەکە، خۆی، کە ئیدی عابای لە سەر نەبوو و قژی پەخشان کردبوون، لە پاڵ دەستم دانیشت و قوتبزادە و

شۆفێرەکەی پێشتەمان کە وەک گوتم، مامۆستایەکی زانکۆ بوو، لە دواوە دانیشتن. هێشتا مابوو بگەینە ناو شەقامی پالەوی، کە پاسەوانی سەربازی فەرمانی وەستانیان پێ کردین. دۆریان گورج گوتی: "شێتی مەکە و بوەستە." ئەفسەرێک کە بلّندگۆیەکی بە دەستەوە بوو، پێی گوتین دەستمان بخەینە سەر سەرمان و دابەزین. دۆریان گوتی: "هەرچی گوت وا بکەن." هەموومان دابەزیین، سەربازێک سیرەی لێ گرتبووین و لە بەرانبەرمان چۆکی دادابوو، یەکێکی تر هات و داوای ناسنامەی لە من کرد. پێش ئەوەی من هیچ بلّێم، دۆریان پێناسەی هاتوچۆی شەوانەی پیشانی ئەفسەرەکە دا، سەیرێکی پێناسەکە و دۆریانیشی کرد و گوتی: "ئەم بەڕێزانەیش لەگەڵ ئێوەدان؟" دۆریان گوتی: "بەڵێ، لەگەڵ منن." ئیدی کابرای ئەفسەر سەلامێکی سەربازیی دا و گوتی: "فەرموون تێپەڕن." ئەو سەربازەی سیرەی لێ گرتبووین، لە جێی خۆی هەستا و ئێمە تێپەڕیین. من دووبارە چوومەوە ناو دنیای سەرسووڕمان کە ئەم ژنە، ئەم دۆریانە کێیە کە لە پاریس تا دلّی تاران... لە دەزگای دادی فەڕەنسا تا قایمقامیەتی سەربازیی تاران، لە هەموویاندا دەستی دەڕوات... بەسەر هەموو کەسدا فەرمان دەکات و ئاوا هەڕەشە لە ئاخوندەکانی لای خومەینی دەکات. ڕاگرتن و پشکنینەکانی ناو ڕێگا ٢ جاری تر ڕوویان دا و هەردوو جارەکەش وەک هەمان یەکەم جار، بە ئاسانی دەرباز بووین. بە ڕێنمایی دۆریان چووینە ناو شەقامی دەوڵەت لە قولهەکدا و لە کۆڵانێک بە ناوی داراب ڕامان گرت. دۆریان و قوتبزادە نزیکەی ٢٠ تا ٢٥ خولەک پێکەوە بە ئینگلیزی قسەیان کرد، پاشان دۆریان بە منی گوت کە لەگەڵ خۆی دابەزم. قوتبزادە گوتی: "٥ بۆ ٦ خولەکی ماوە بۆ سەعات ٦:٠٠ی بەیانی و ئیدی ترسمان لە سەربازەکان نابێت." پاشان گوتی کە شەو دووبارە لەگەڵ دۆریان دەمانبینێتەوە. هێشتا دۆریان دەرکەی ماڵەکەی نەکردبووەوە کە سەیارەکەی قوتبزادە ڕۆی و لە بەرچاو ون بوو. چووینە ناو حەوشەیەکی گەورەوە کە حەوزێکی جوانی لێ بوو، لەوێوە بۆ ناوەوەی خانووەکە. دۆریان کیف و پێڵاوی خۆی فڕێدانە لایەک و ئاماژەی بە من کرد دانیشم، خۆیشی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بەبێ زیادەڕۆیی، نزیکەی سەعات و نیوێک لەگەڵ چەند کەسێکدا و هەموویشی هەر بە زمانی ئینگلیزی، قسەی کرد. سەعات ٧:٣٠ خولەک تەلەفۆنەکەی دانا و بە گاڵتەکردنێکەوە دەستی کردە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی پاریس و نوفێل لوشاتوو و منی بەرەو چێشتخانەکە ڕاکێشا؛ لەوێ هەروەک کابانێک خۆی خەریکی ئامادەکردنی خواردنی بەیانی کرد. پێکەوە نانی بەیانیمان خوارد، لە حاڵێکدا ئەم ژنە سیحراوییە بۆ ساتێکیش دەستی لە گاڵتەکردن و ڕابواردن و پێکەنین هەڵنەدەگرت و ماندوو نەدەبوو. دوای کۆکردنەوەی سفرەکە، گوتی: "هەردووکمان ماندووین و دەتوانین تا ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ بخەوین." دەستی گرتم و پاڵی پێوە نام بۆ ناو گەرماو و گوتی: "خۆشوشتنێکی بەیانیان نیوەی ماندوێتی لە لەشی مرۆڤ دەردەکات." هەر بە ڕاستییش گەرماوەکە کاریگەرییەکی هەرە باشی هەبوو لە حەسانەوە و تەنانەت نوستنیشم. کە لە گەرماو هاتمە دەرێ، دۆریان بە دەنگی بەرز هاواری لێ کردم کە بڕۆمە نهۆمی دووەم. بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم بەرەو ئەو تاکە ژوورەی کە دەرکەی

ئاوەڵا بوو. بینیم دۆریان ڕووتوقووت، تازە لە گەرماو دەرچووە و خەریکە کریم لە جەستەی دەدات. ویستم بگەڕێمەوە کە دەنگی هەڵبڕی: "ئەریّ تۆ بۆچی هێندە شەرمنیت؟ پێت وایە ئەگەر منیش وەک ئێوەی پیاوان نەبام، لەم هەموو بگرەوبەردەیەدا دەمتوانی لەگەڵتان بم؟" گوتم: "وایە، بەڵام ئاخر منیش هێشتا هەر شەرم و حەیای گوندم تێدا ماوە." دۆریان پێکەنیی و گوتی: "ئەی بۆچی لەگەڵ پاتریسیا ئەم شەرم و حەیا گوندییەت نەبوو؟" گوتم: "لەوانەیشە ئێستا بڵێیت دانیشە سەیری فیلمی خۆت و پاتریسیا بکە!" دایە قاقای پێکەنین و خاولیە تەڕەکەی بۆ فڕێ دام و گوتی: "نا... تۆ هەر بە ڕاستی کوڕێکی باشیت." لەگەڵ لەبەرکردنی باڵاپۆشەکەیشیدا درێژەی دایە: "پاتریسیا خۆی بۆی گێڕامەوە کە چەندی خۆش دەوێیت. ڕەنگە ئەگەر پاتریسیا ئەم قسانەی بۆ نەکردبام و خۆیشم دەرفەتم هەبووبا، منیش عاشقت دەبووم!"

دەمزانی درۆ دەکات؛ دۆریان لەو ژنانە بوو کە هیچ کات ناتوانن قسەیەکی ڕاست بکەن. ڕەنگە بە هۆی پیشەکەیشیەوە بێت. ژنێکی بزێو بوو کە تەنها حەزی لە ڕووداو و کێشە هەبوو. بە هەرحاڵ، گوتی لە ژوورەکەی تەنیشتی پشوو بدەم و تا سەعات ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ ئاسوودە بم. خۆی بەتانییەکەی بە خۆیدا دا و منیش چوومە ژوورەکەی تەنیشتی. ژوورێکی زۆر ڕازاوە بوو، هەموو دیوارەکانی بە وێنەی جۆراوجۆری سێکسی داپۆشرابوون. نەمدەزانی ئەم خانووە هەر بە ڕاستی هیی خودی دۆریانە، یاخود بە ئەمانەت خراوەتە بەردەستی.

سەعات ١:٠٠ لە خەو هەستام، دۆریانم بینی کە زووتر هەستاوە و دووبارە خەریکی قسەکردنە بە تەلەفۆن. سەرم کەمێک دێشا، کە قسەکانی تەواو بوون، پەرداخێک ویسکیی بۆ تێکردم و خۆی خەریکی خۆگۆڕین بوو. بۆ ساتێک، بیرم کردەوە کە ژنێکی جوانە و خۆیشی چاک دەزانێت کە جوانە.

ئەو هەمیشە منی غافڵگیر کردبوو؛ لە کۆبوونەوە و قسەکردنی لەگەڵ ئەحمەد خومەینی یان بەنی سەدر، یاخود قوتبزادە یان سەرهەنگ تامسۆنی ئەمەریکی، یاخود مستەر ساندەرزی ئینگلیزیدا زیاتر لە فەرماندەیەکی باڵای سەربازی دەچوو تا ژنێکی جوان و ناسک. کاتێک لە لای خومەینی بایە، ژنانە و هێمن و لەسەرخۆ دەجووڵایەوە، وەک بڵێیت یەکێکە لە موریدەکانی. لە کلۆبی ڕاسپۆتیندا دەتگوت دەرمانبەری بارەکەیە. زۆر بە سادەیی، ڕووتقووت لە بەرانبەرمدا دەوەستا، کاتێکیش عابای دەکردە سەری، خاتوونێکی حاجیەی شەست حەفتا ساڵەت دەبینی، کە زۆر وەستایانەیش شارەزای ئادابی ئیسلامییە! ئەم شتانە بۆ ئەوە دەڵێم کە زیاتر ئەم ژنە و تایبەتمەندییەکانی بناسن، چونکە لەم بیرەوەرییانەدا زۆر جار باسی دەکرێت و بوونی هەیە.

بە هەرحاڵ، ئەو ڕۆژەش، دوای ئەوەی ئارایشتێکی چاکی کرد و پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد، لەناکاو حاڵەتی خۆی گۆڕی و گوتی: "بڕوانە جەعفەر، ئەوە ٢ مانگێکە من و تۆ یەکمان ناسیوە،

هەڵبەت من پێش ئەوەیش تۆم دەناسی؛ تۆ منت لە پاریس ناسی، بەڵام من هەر لە دیمەشقەوە تۆم دەناسی و ئاشنای کاروبارت بووم. تۆ کۆماندۆیەکی ڕاستەقینەیت، دەتوانیت کارلۆسێکی ڕاستەقینە بیت، لەگەڵ ئەمەیشدا من ناچارم باسی کەموکووڕییەکانتت بکەم و پێت بڵێم کە بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکووڕییانەت دەبێت چی بکەیت. تۆ دەبێت زۆر زۆر وریا بیت و زۆر ئاگات لە خۆت بێت، تۆ دڵ و جورئەتت هەیە، بوێریت، زیرەکیت، دەتوانیت زوو بجووڵێیتەوە، بەڵام عەیبێکی گەورەت هەیە: نەک هەر خوێندنی باڵات نییە، بەڵکو هەر خوێندەوارییەکی مامناوەندیشت نییە، ئەمەیش بە زیانی خۆتە، ئەگەر هیچ نا، دیپلۆمێکت هەبا. جوان گوێ بگرە... مەبەستم بڕوانامەکەی نییە، مەبەستم خوێندەوارییەکەیەتی؛ ئەگەر هێندە خوێندەواریت هەبا، ئەوا بۆ زۆرێک لە کارەکان تۆ شیاوتر بوویت لە زۆربەی ئەوانەی کە دەوروبەری ئەم پیرەمێردەیان گرتووە. بەڵام چی دەکرێت، هەر ئەوەیە و هیچیشمان پێ ناکرێت، هەر بۆیە زۆر پێویستە بۆشایی ئەم لاوازیی نەخوێندەوارییەت بە شتی تر پڕ بکەیتەوە، بۆ نموونە هەر ئەم کارەی ڕفاندنی شوێنەوارەکانی هەردوو مۆزەی ئێرانی دێرین و کۆشکی گوڵستان شتێکە دەتوانێت چارەنووسی تۆ بە زووترین کات بگۆڕێت. ئێمە وا دەکەین هەموو بەرنامە و پلانەکانی ئەم کارە بە ناوی تۆوە تەواو ببن و تۆ لای خومەینی وەک پلاندارێژ و هۆکاری سەرەکیی ئەم کارە بناسرێیت، کاتێکیش خومەینی کار و کاریگەرییەکەی تۆی پەسەند کرد، ئیدی دوژمنەکانت هیچیان لە دەست نایەت."

کە قسەکانی تەواو بوون، پێیم گوت: قسەکانت هێندە ڕەق و ڕێک بوون، ڕاستیت بوێت هێشتا نەمتوانیوە هیچیان لێ تێبگەم، بەڵام هاوکێشەی دوژمنەکانم، ئەمەیان منی خەمبار کرد... ئاخر خۆ من هێشتا هیچم نەکردووە تا دوژمنم بۆ پەیدا ببن."

دۆریان گوتی: "هەڵەکەی تۆ ئا لێرەدایە... تۆ لە دنیای بەرتەسکی خۆتدا قەتیسماویت، لە حاڵێکدا ئەوانی تر زۆر سەرنجت دەدەن و باست دەکەن... زۆربەی ئەوانەی لە دیمەشقدا ڕاهێنانیان پێ کراوە، دواتر لە زمانی ڕاهێنەرە سوورییەکانتەوە گەلێک شتیان لەمەڕ ئازایەتی و بوێری و کارامەیی تۆ بیستووە، هەموویشیان ئاگایان لە چیرۆکی کوشتنی ئەفسەرە سوورییەکان هەیە، هەر ئەمەیش وای کردووە وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دنیای کۆماندۆزی سەیرت بکەن. ئەم کابرا شەلوشێتە کە ناویان لێ ناوە ئەبوشەریف و یەکێک بووە لە گەمژەترینی ئەو کوڕانەی چوونەتە سووریا، ئێستا خراپترین دوژمنی ئاغایە و حەزیش دەکات تەنانەت بە چەقۆی کولی سەوزەبڕینیش بووە، سەری تۆ ببڕێت! هەر بۆیە دەبێت زۆر وریا بیت و ئاگات لە خۆت بێت... نابێت متمانە بە هیچ کەس بکەیت... دەبێت کەمتر قسە بکەیت و زۆرتر کار و چالاکیت هەبێت... تۆ دەبێت بەردەوام لەگەڵ سادق بیت. ئەویش گوێی بە قسەکانی من نەدا و ئێستا دەبینیت چۆن تەنیا ماوەتەوە؛ هەر تەنها تۆ شک دەبات. زۆربەی کاروبارەکان ڕێک خراون، لە بیر نەکەیت کلیلی سەرکەوتن و درەوشانەوەی تۆ تەنها لە چاکتر ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی چالاکییەکەدایە."

گوتم: "بڕوانە خاتوو دۆریان... مادەم ئاوها دەمناسیت، کەواتە دڵنیایشی لەوەی کە من مزوور و خزمەتکارێکی چاک و گوێڕایەڵم... گەر پێم بڵێیت ئەوە بگرە، ئەوە بکوژە، ئەوە بکە و ئەوە مەکە، دڵنیا بە زۆر بە جوانی ئەنجامی دەدەم، بەڵام گەر بتەوێت خۆم دابنیشم و پلان دابڕێژم، ئەوەم لێ ناوەشێتەوە... بۆ نموونە هەمان ئەم کارەی بڕینی مۆزەکان، ئێ من لە هەموو تەمەنمدا تەنانەت جارێکیش مۆزەم نەبینیوە، ئەی کەواتە چۆن دەتوانم بڕۆم و بیبڕم و دزیی تێدا بکەم؟!" دۆریان، لە حاڵێکدا دووبارە قاقای لێ دابوو، گوتی: "ئەوە چییە... دووبارە شێت بوویتەوە؟ وەک بڵێیت هیچ گوێت لە قسەکانی من نەبووە، خۆ من گوتم هەموو کاروبارێک لە لایەن من و هاوڕێکانمەوە ئامادە کراوە، هەر هێندەیە بە ناوی تۆوە تەواوی دەکەین، واتە گوایا تۆ هەموو کارێکت ئەنجام داوە؛ هەر هێندەیە و تەواو." لەم کاتەدا لە دەرکە درا و دۆریان لە ژوورەکە چووە دەرێ تا دەرگاکە بکاتەوە. خولەکێک دواتر، لە بەرچاوی واقوڕماوی منەوە، ٥ پیاوی کەڵەگەتی ئەمەریکی لەگەڵ ٢ ژندا وەژوور کەوتن. دۆریان منی بەوان ناساند، پاشان لە ژووری نانخواردن پێکەوە دانیشتین. یەک لە ژنەکان کە ئێرانی و ناوی سەودابە بوو، لە پاڵ دەستم دانیشت و دوای کەمێک قسەی پرژوبڵاو، گفتوگۆیان بە ئینگلیزی دەست پێ کرد. لە هەر شوێنێک پێویست بوایە، ئەو ژنە ئێرانییەی پاڵ دەستم یان هەندێک جاریش دۆریان، بۆیان وەردەگێڕام و تێیاندەگەیاندم. دوای نیو سەعات لە تێپەڕبوونی گفتوگۆکانمان، ئینجا تێگەیشتم کە کاروباری ڕفاندنی شوێنەواری دێرینی ناو مۆزەکان، لە لایەن ئەم ئەمەریکییانەوە ئەنجام دەدرێت نەک من یان ئەبوشەریف یاخود تاقمی دەوروبەری ئاخوندەکان!

کۆبوونەوەکە تا ٦:٠٠ی پاشنیوەڕۆی خایاند و بڕیار درا سبەی سەعات ١٠:٠٠ی بەیانی هەر لەوێ یەک ببینینەوە. ئەوان ڕۆیشتن و ماینەوە من و دۆریان. دۆریان کە وەک جاران دووبارە خۆی گۆڕی و خۆی کردەوە ژنێکی ئیسلامی، پێی گوتم کە جگە لە من و خۆی، تەنها یەک کەس دەبێت ئاگاداری ئەم کۆبوونەوەیە بێت، کە ئەویش سادقی قوتبزادەیە و تەواو. بە تایبەتی جەختی کردە سەر دکتۆر ئیبراهیم یەزدی، کە نابێت بە هیچ کلۆجێک تەنانەت وشەیەکیش لەم بارەیەوە ببیستێت و بزانێت. دوای ئەم هۆشدارییە توندە، تەلەفۆنی بۆ شوێنێک کرد و دواییش گوتی: "ئەوەتا، سادق کەمێکی دی دەگاتە ئێرە." گوتم: "خاتوو دۆریان، ئایا دەتوانم تەنها یەک پرسیارت لێ بکەم؟" گوتی: "بەڵێ، بپرسە." گوتم: "ئایا خومەینی دەزانێت کە ئێمە ئەم ١٦ ملیۆن دۆلارە ئاوا بەم شێوەیە دابین دەکەین؟" دۆریان دووبارە پێکەنییەوە و گوتی: "بەڵام لای خۆمان بێت... هەر سەرەتا ئەمە بیرۆکەی خودی ئیمام بوو، یەکەم جار کەوتە مێشکی خۆیەوە؛ هەڵبەت نەک وەک ئێستا. ئەم ئیمامە وەک ئەو ئیمامانەی دی نییە کە پێشتر هەتبوونە، ئەمەیان ئیمامی ڕاستەقینەیە." دواییش قاقایەکی لێ دا.

ئەو دنیایەی کە ٢ ساڵ بوو منی تێکەوتبووم، دنیای سەیروسەمەرە و سەرسووڕمان و شتە کتوپڕە خافڵگیرەکان بوو، بەڵام ئەوەی کە خومەینی، کەسێک کە نازناوی ئایەتوڵڵای هەیە، کەسێک بەو هەموو هاتوهاوار و هەیمەنەیەوە، پلانی سەرەتایی بڕینی مۆزەکانی وڵاتی داڕشتبێت، ئەو کاتانە هیچ جێی بڕوا نەبوو بۆم، تەنانەت ئەگەر دۆریانیش پێمی گوتبێت! هەر بۆیە قسەکانیم بەهەند وەرنەگرت، دواییش قوتبزادە گەیشت و ئیدی دەرفەتی قسەکردنی زیاترمان نەبوو.

ئەم جارەیان، من نیشتمە پشت سوکان و قوتبزادە لە پاڵ دەستم و دۆریانیش کە خۆی بە تەواوەتی لە ژێر چارشێوەکە داپۆشیبوو، لە پشتەوە دانیشت. قوتبزادە گوتی دەچینە مەدرەسەی ڕەفا و پاشان مەیدانی بەهارستان، بەڵام کە گەیشتینە مەیدانی بەهارستان، گورج گوتی دەبێت لە شەقامی شائابادەوە بچینە ناو کۆڵانی زەهیرەلئیسلام. کە گەیشتمێ، هەر لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا گوتی: "بوەستە." وەستام، قوتبزادە دابەزیی و هەر لەگەڵ دابەزینی ئەودا، بێ ئێمێکی سەوز لە پشتەوەی من وەستا، دۆریانیش گورج دابەزی و هاتە پێشەوە لە پاڵ من دانیشت. دەمویست سەیارەکە بکوژێنمەوە، بەڵام دۆریان نەیهێشت و گوتی: "مەیکوژێنەوە، ئامادە بە، هەر کە ئیمام و سادق و دکتۆر یەزدی سەرکەوتن، گورج بەڕێ بکەوە. بەڵام بە جۆرێک بڕۆ کە بی ئێمەکە بتوانێت بە دوامان‌دا بێت. ڕێک دەشچینە ئەو خانووەی کۆڵانی ئێران لە زەعفەرانیە." ئەم وەستانە پڕدڵەڕاوکێیە نزیکەی ٢٠ خولەکی خایاند، تا سەرئەنجام سەرەتا دکتۆر یەزدی و پاشان خومەینی و قوتبزادە، بە تاریکایی شەو سەرکەوتن و هێشتا قوتبزادە دەرکەکەی پێوە نەدابوو، کە دۆریان ئانیشکێکی تێسرەواندم و من گورج بەرەو زەعفەرانیە بەڕێ کەوتم. لە ناوڕێدا خومەینی و دۆریان بەردەوام قسەیان دەکرد؛ دۆریان باسی دەوڵەتەکەی بەختیار و چۆنێتیی پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا، هەروەها باسی نەخۆشییەکەی شای بۆ خومەینی دەکرد. سەعات نزیکەی ٨:٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆ گەیشتینە زەعفەرانیە و کۆڵانی ئێران و چووینە ناو ماڵەکەوە. هیچ کەس لەوێ نەبوو براکەی قوتبزادە نەبێت، کەچی هێندەی پێ نەچوو، کاتێک خومەینی لە ژووری ژوورەوە بەسەر دۆشەکێکەوە دانیشت، مەهدی بازرگان، دکتۆر یەدوڵڵا سەحابی، دەریادار مەدەنی و سەید ئەحمەدی خومەینی خۆیان کرد بە ژووردا و بە دەوری خومەینیدا لەسەر زەوی دانیشتن. میوانەکانی دی، ڕێک پێنج خولەکی مابوو بە دەستپێکی قەدەغەی هاتوچۆ، واتە ٩:٥٥ خولەکی شەو گەیشتن: ولیام سالیڤان، باڵیۆزی ئەمەریکا و ٢ کەسی تر کە یەکێکیان ئێرانی بوو. کە ئەمان هاتن، ئەوانەی دانیشتبوون کەمێک خۆیان کۆ کردەوە تا جێگە بۆ دانیشتنیان بکەنەوە، ئەوانیش هەر لەسەر زەوی دانیشتن. من چام بۆ بردن، قوتبزادە ئاماژەیەکی دامێ کە لەگەڵ براکەی خۆی بچینە دەرێ. کە هاتینە دەرەوە، قوتبزادە گوتی کە تا بانگم نەکات نەچمە ژوور و هیچ کەسی تریش بۆی نییە بێتە ژوورەوە.

من و براکەی قوتبزادە، لە هۆڵەکە دانیشتبووین کە کتوپڕ کەسێک لە دەرکەی دا. هەردووکمان واقمان وڕمابوو، نەماندەزانی چی بکەین؛ براکەی قوتبزادە گوتی: "میوانەکان تەواون و ئەمەیش هەر کەس بێت، تەنها ئیزعاجێکە و هیچی دی." منیش لەولاوە ترسی ئەوەم هەبوو پیاوی حکومەت بن. کابرایش دەستبەردار نەبوو، بەردەوام دەستی بەسەر زەنگی دەرگاکەوە بوو. هێندەی پێ نەچوو قوتبزادە هاتە دەرێ و گوتی: "ئەوە چییە؟" براکەی گوتی: "لە دەرکە دەدەن و ئێمەیش دەستەوەستان ماوین، بیکەینەوە یان نا؟" قوتبزادە کە کەمێک تووڕە دیار بوو، گوتی: "گوێی مەدەنێ، با ئەوەندە لە دەرکە بدات تا گیانی دەرێ." پرسیم: "واتە دەزانیت کێیە لە دەرکە دەدات؟" گوتی: "بەڵێ، ئایەتوڵڵا بەهەشتییە!"

هێندەی نەمابوو سەرم شەق بەرێت و دڵم بوەستێت... ئەگەر کەس نەیزانیبا، خۆ من دوای میوانییەکەی باخی حاجی توراب سوور دەمزانی کە سەرجەم کاروبارەکانی ناوەوەی ئێران بە دەستی بەهەشتییەوە بوون و ئەو هەڵی دەسووڕاندن. ئەو بوو فەرمانی کوشتنی ئایەتوڵڵا شەمس ئابادیی دەرکرد، ئەو بوو کە دژبەرە ئایینییەکانی ڕژێمی پێکەوە کۆ کردنەوە، ئەو بوو کە منی ناردە سووریا و لیبیا، ئەو بوو کە شۆڕشی لە ئیسفەهانەوە دەست پێ کرد و گەیاندیە تاران... لە ڕاستیدا ئەوە ئەو بوو کە هەموو ئەمانەی گەیاندبووە ئەم دۆخە، ئەی ئێستا چۆنە کە لە کۆڕی باڵیۆزی ئەمەریکادا هەموان دانیشتبن و جێی ئەو نەبێتەوە؟!

کۆبوونەوەی ئەو شەوەی خومەینی و ولیام سالیڤان و هاوڕێکانیان، تا سەعات ٦:٠٠ی بەیانیی خایاند، بەبێ ئەوەی نە کەسێک بێتە دەر و نە کەسێکیش بچێتە ژوورەوە. دوای ئەوە و لە تاریکایی ئەو دەمبەیانە زستانییەدا، سەرەتا باڵیۆزی ئەمەریکا و ٢ هاوڕێکەی، دوای ئەو بازرگان و هاوڕێکانی و سەرئەنجام تاقمی خومەینی کە ئێمە بووین، لێک جیابووینەوە و هەر کەسەو بە شوێنێکدا ڕۆیی. تەنها ئاڵوگۆڕ ئەوە بوو کە سەید ئەحمەد خومەینی هاتە لای ئێمە و دکتۆر یەزدی نێررایە لای بازرگان. خومەینی و سەید ئەحمەدمان گەیاندنە مەدرەسەی عەلەوی، قوتبزادە گوتی کە کەمێک بوەستین بە دیارییەوە تا دێتەوە، کاتێکیش گەڕایەوە، بە بەرچاوی دۆریانەوە ١٠٠،٠٠٠ تمەنی دایە من و گوتی: "جارێ با ئەمەت پێ بێت تا دوایی." پاشان گورج هەڵی دایە و گوتی: "ئەم سەیارەیە لای خۆت دەمێنێتەوە، بەڵام سویچەکەی نادەیتە هیچ کەسێک. لەبەر نزیکبوونەوەی کاری بڕینی مۆزەکان، تا ماوەیەک من و تۆ یەکدی نابینین و تۆ لای دۆریان دەبیت و تەنها ئەوە دەتوانێت پێت بڵێت چی بکەیت و چی نەکەیت؛ هیچ کەسی تر بۆی نییە هیچت پێ بڵێت. ئەگەر کارێکیشمان بۆ پێش هات، چ تۆ و چ من، ئەوا دۆریان بۆمانی ئەنجام دەدات." یەکدیمان لە ئامێز گرت و لێک جیا بووینەوە. من و دۆریان مەکگرەی کە سات بە سات لە لام گرنگتر دەبوو، بەرەو ماڵەکەی ئەو بەڕێ کەوتین. دۆریان سەرلەنوێ لە قاوغە ئیسلامییەکەی هاتە دەر و هەر کە گەیشتینە ژوورەوە، خۆی ڕووت کردەوە و چووە گەرماو. پێش ئەوەی بچێت، گوتی: "دەبێت

ئەمڕۆ تۆ نانی بەیانی ئامادە بکەیت جەنابی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی مۆزە؛ سوپاکەت سەعات ۱۰:۰۰ دەگاتە ئێرە!"

دوای نانی بەیانی و کاتێک خەریکی کۆکردنەوەی سفرەکە بووین، میوانەکانی دوێنێ وەژوور کەوتنەوە و دوای یەک دوو خولەک کارەکان دەستیان پێ کرد. بە چاوترووکانێک مێزی خواردن و هەموو دیوارەکان بە چەندین نەخشەی جۆربەجۆر داپۆشران و قسەی نێوانیان دەستی پێ کرد، کە وات دەزانی هیچ کات کۆتایی نایەت. بارودۆخی من بە هۆی نەزانینی زمانەوە خراپ بوو، زۆر خراپ، دۆریان و سەودابە، ئەگەر شتێک پەیوەندیی بە منەوە بایە، کە زۆریش کەم بوو، تێیاندەگەیاندم و منیش دەبا دەیان جار ئەوەی بیستوومە دووبارەی بکەمەوە، تا فەرماندەی ئۆپەراسیۆن کە سەرهەنگێکی ئەمەریکی بوو بە ناوی ویلیەم بەیکەر، دڵنیا بێت لەوەی کە من تێگەیشتووم. بە فەرمانی بەیکەر دەبوو لە سەرەتا تا کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکە، سەودابە لە لای من بێت تا ئەگەر شتێکی تازە هەبوو، بتوانێت تێمبگەیەنێت. سەعات ٤:۰۰ی پاشنیوەڕۆ کۆبوونەوە شەشقۆڵییەکەی ماڵی خاتوو دۆریان مەکگرەی کۆتایی هات؛ دەمانچەیەک درایە سەودابە و یۆزییەکی ئیسرائیلی و دەمانچەیەکی ئەمەریکییش بە من. ئەو شەوە و بەیانییەکەی و سبەیشەویشی هەر پشوومان دا، چونکە ۲ ڕۆژی تر سەعات ٦:۰۰ی بەیانی دەبوو هەموومان لە ماڵی دۆریان ئامادە بین بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی بڕینی مۆزەی ئێرانی دێرین. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا سەرهەنگ ولیام بەیکەر خشتەیەکی خستە بەردەستم کە ئەمانەی تێدا نووسرابوو: ۳۷ ڕەشاش، ۱۱ دەمانچە، ۳۰ نارنجۆک، ۳۰۰،۰۰۰ تمەن پارەی کاش، ۱۱ تاقم جلوبەرگی ئەفسەری بەو سایزانەی لە بەرامبەر هەریەکەیاندا نووسرابوو، هەندێک تەناف، مەتەیەک بۆ کونکردن و هەندێک کەلوپەلی تری پێویست. بەیکەر گوتی: "دەبێت ئەم خشتەیە بدەیتە دەستی هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەبوشەریف بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک و داوایان لێ بکەیت ئەوپەڕی تا ۱۵ ڕۆژی تر هەر جۆر هەیە، هەموویان دابین بکەن و بیگەیەننە دەستت." ئەمەیش ئەو بەشە لە پلانەکە بوو کە ڕێبەرایەتیی منی لەو ئۆپەراسیۆنەدا پیشانی لایەنە ئێرانییەکان دەدا. هێشتا میوانەکان بە تەواوەتی دەرنەچووبوون کە دۆریان گوتی: "من چیتر تاقەتم نییە، تۆ ئەگەر دەتەوێت بچیە گەرماو بڕۆ، من دەچم دەنوم، سبەینێیش هیچ کارێکمان نییە، هەر بۆیە پێویست ناکات زوو لە خەو هەستین." منیش هێندە هیلاک و ماندوو بووم کە جگە لە لاساییکردنەوەی کارەکەی دۆریان، توانای هیچ شتێکی ترم نەبوو، هەر بۆیە گورج چوومە ناو جێگە و لێی خەوتم.

کاتێک لە خەو هەستام، سەعات ۱۱:۰۰ی شەو بوو. دۆریانیش هەستابوو، لە حاڵێکدا تەنها ڕۆبەکەیی لە بەردا بوو، لە پاڵ قەرەوێڵەکەی من دانیشتبوو و بە ئارامی ویسکیی دەخواردەوە. سەرم لێ تێک چوو، ویستم بە پەلە خۆم داپۆشم؛ دۆریان بۆ سەدەمین جار قاقا تایبەتەکەی خۆی لێ دا و گوتی: "جەعفەر، تۆ نابیتە بنیادەم، ئەرێ ئەوە تۆ کچێکی ١٤ساڵەیت کە ئاوا شەرم

دەکەیت! من کە ژنیشم، زۆر لە تۆ باشتر و ئاسوودەتر و کراوەترم. ئادەی بزانم، ئایا ئەم یەک دوو ڕۆژەی کە چەند جارێک منت بە ڕووتی بینیوە، هیچ شتێک قەوما؟" بە پەلە گوتم: "نا... ئاشکرایە کە نا... بەڵام هەندێک شتیش وەک ئەم ڕووتی یان پۆشتەبوونە خۆی عادەتە، ڕاهاتنە؛ ئێوە ڕاهاتوون بە ڕووتوقووتی بێن و بڕۆن، ئێمەیش وا ڕاهاتووین خۆمان داپۆشین." دۆریان دووبارە پێکەنیی و گوتی: "کەوابوو جەنابی فەرماندە، زووتر خۆت داپۆشە تا ناموۆست و عادەتەکەت نەکەوێتە مەترسییەوە، ئەویش بەم نیوەشەوە!"

سەعاتێک دواتر، شیوێکی زۆر بەلەزەتمان خوارد کە دۆریان ئامادەی کردبوو، لەگەڵ شەرابێکی نایابی فەڕەنسی. پاشان هەندێک قسەمان سەبارەت بە داهاتووی کارەکانمان کرد و دۆریان هەندێک ڕێنمایی و بەرچاوڕوونیی زۆر بەسوودی دامێ، ئیدی مەست و سەرخۆش هەر لە هۆڵەکە و بەسەر مۆبێلە نەرم و نایاب و گرانبابییەکانەوە خەوێکی خۆش بردینیەوە.

سەرەتا من و دواییش دۆریان بە دەنگی لێدانی دەرکە لە خەو ڕابووین، ڕەنگە هەر ٢ سەعاتێک نوستبووبێتین کە ئاوا هەڵیانساندین. دۆریان دوای کەمێک بیرکردنەوە، پێی گوتم: "تۆ بڕۆ دەرگاکە بکەوە." خۆیشی خەریک بوو بە کۆکردنەوەی پەرداخ و بتڵە شەرابە بەتاڵەکانی شەومان. خەریک بوو هەوا ڕۆشن دەبووەوە؛ کە دەرکەم کردەوە بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دەبینم ئایەتوڵڵا بەهەشتی و دکتۆر موفەتیح وەستاون، هێشتا سڵاو و بەخێرهێنان تەواو نەبووبوو کە ئەوان خۆیان بە ژووردا کرد و یەکسەر بۆ ناو بینایەکە؛ دیار بوو زۆر شارەزای خانووەکە بوون. دوای کەمێک گەیشتنە ناو هۆڵەکە، دۆریان کە هەمان ڕۆبە تەنکەکەی لە بەر بوو کە هەموو جەستەی تێیدا دیار بوو، ماچی هەردووکیان کرد و چەند خولەکێک دەستی هەر لە ملی ئایەتوڵڵا بەهەشتیدا بوو و قسەی لەگەڵ دەکرد. کاتێک من سینیی چا و قاوەکەم هێنا، دەبینم بەهەشتی بە تووڕەیی و هەڵچوون و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد: "ئەم پیرە خەڵەفاوە خەریکە یاری بە منیش دەکات! هێشتا عاباکەی تۆزی ڕێگای پێوەیە، کەچی خەریکە منیش هەڵدەخەڵەتێنێت! ئەمڕۆ سەعات ٤:٠٠ کۆ دەبینەوە... هاتم قسە لەگەڵ تۆیشدا بکەم... ئاوا نابێت... ئەو ٣ هەرزەکارە لووسکەڵەیە دەوریان داوە و ئەویش بڕوای بەوە کردووە گوایە بووەتە ئیمام و پێڵاوی بۆ دادەنەرێت! شەوی ڕابردوو لەگەڵ باڵیۆزی ئەمەریکا کۆ دەبێتەوە، کەچی تەنها هەواڵەکەی بە من دەگات. منیش ڕۆیشتم تا بزانم چی ڕوو دەدات، دڵنیا بووم لەوێن، کەچی هەرچی لە دەرکەم دا کەس بۆی نەکردمەوە. ٢٠ خولەکێک لەسەر یەک هەر لە دەرکەم دا..."

دۆریان قسەی پێ بڕی و بە ڕاشکاوی گوتی: "منیش لەو کۆبوونەوەیەدا بووم... کتوپڕیش نەبوو، بەڵکو پێشتر ئامادەکاریی بۆ کرابوو... هیچ پێویستیشی بە بەشداریکردنی تۆ نەبوو... چەند جار دەبێت ئەم شتانە دووبارە ببنەوە و من تێتانبگەیەنم و هەفتەی دواتر هەر دووبارە ببێتەوە؟

ئێرەش خەریکە وەک عێراق و پاریسی لێ دێت… لەو کۆبوونەوەیەدا هەندێک شت باس کران کە دەبوو باڵیۆز و ئیمام هەردووکیان پێکەوە یەکلاییان بکردایەتەوە. باشتریش کە تۆ بەشدار نەبوویت، ئەگینا لەوانە بوو پیرەمێرد ڕازی نەبوایە. هەمان ئەو قسانەیش کە باڵیۆز کردنی، هەموان پەسەندیان کردن."

قسەکانی دۆریان وەک ئاوێک بوون بەسەر ئاگردا بکرێن؛ ئەو هەر قسەی دەکرد و بەهەشتی و موفەتیح سەرتاپا بووبوونە گوێ. سەرئەنجام بەهەشتی گوتی: "ئاووووا…" دۆریان گورج هەڵی دایە: "ئێ، ئێستا گریمان بارودۆخەکە بە دڵی ئێوە نەبوو، تۆیش و موفەتیحیش، چیتان دەکرد؟" بەهەشتی بە پێکەنینێکەوە گوتی: "لێرەیش هەندێک شت دەکرێت کە حاڵەتی ڕێککەوتیان هەبێت و پاشان تاوانەکەیشیان بخرێتە ئەستۆی شا و ساواک… بڕوانە دۆریان، خودی خومەینی کێشە نییە، من لەو ٣ سەوقاتییەی فەرەنگ نیگەرانم، خەریکە ئاڕاستەی هەموو شتەکان دەگۆڕن." دۆریان زۆر بێموبالاتانە گوتی: "سەد جارم پێ گوتیت، شتەکان هێندە بە قورس مەگرە، هێشتا هەر پێت بڵێمەوە؟!" هەموومان پێکەنیین. بەهەشتی، کە ئیدی هیچ تووڕەییەکی پێوە دیار نەبوو، گوتی: "بە ڕاست دۆریان، بڕیار بوو ئەمڕۆ ئەمانەتەکان ئامادە بن، ئایا ئامادە دەبن؟" دۆریان گوتی: "بەڵێ، لەوانەیە تا نیوەڕۆ بگەن، ئێوە دادەنیشن یان دەڕۆن؟" بەهەشتی گوتی: "دادەنیشین تا ئەمانەتەکان بگەن… بەم دۆخە ئاڵۆزەوە، دیار نییە سەرئەنجامی کارەکان بە کوێ دەگات، ئەگەر سوپا کودەتا بکات، ئەوا کاری هەموومان تەواوە."

قسەوباسی ئەوان تا سەعات ١٠:٣٠ خولەکی خایاند، تا کاتێک کە ماتۆڕسوارێک هات و ١١٧ پاسپۆرتی ئەمەریکیی دایە دەستی دۆریان. ئەو کە پاسپۆرەتەکانی لە کابرای پیرە ماتۆڕسوار وەرگرت، گەڕایەوە هۆڵەکە. سەرجەم پاسپۆرتەکانی لەگەڵ خشتەیەکی بەردەمی خۆیدا بەراورد کردن، پاشان هەموویانی ڕادەستی بەهەشتیی کرد و گوتی: "ئەمەیش ئەمانەتەکان، هەم بە دارودەستەی مەلاکان و هەم بازرگان و هەم جەبهەی میللییش بڵێ، گەر تاکە یەک دانە لەمانە بکەونە دەستی سەربازەکانی شا، ئەوا هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت و فاتیحە بۆ هەموو کارەکانمان."

کاتێک بەهەشتی و دکتۆر موفەتیح ڕۆیشتن، دۆریان تەلەفۆنی بۆ هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەبوشەریف کرد و گوتی کە بەڕێز شەفیعزادە (واتە من)، دەیەوێت سەعات ٧:٠٠ی پاشنیوەڕۆ چاوی بەوان بکەوێت، شوێنی دیدارەکەیش هەمان ماڵی دۆریان دەبێت.

من و دۆریان دووبارە تەنیا ماینەوە؛ لێیم پرسی: "ئەم پاسپۆرتانە بۆ چی بوون؟ ئەگەر بەکەڵک دێن، ئەی بۆچی نابێت منیش هەمبێت؟" دۆریان گوتی: "ئێستە ئیدی نۆرەی تۆیە کارەکانم لێ تێک بدەیت؟ تۆ دەزانیت من ڕانەهاتووم وەڵام بدەمەوە، بەڵام بەبێ گاڵتە حەز دەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ

زانیارییەکانی تۆ فراوانتر بن، بۆیە وەڵامت دەدەمەوە: ئەم دارودەستەیەی خومەینی و بازرگان و جەبهەی میللی، بڕوا بەوە ناکەن کە دەبنە پیاوی دەسەڵاتی داهاتووی ئێران، لەبەر ترسی زۆریان لە ڕوودانی کودەتایەک، وا دەزانن ئەگەر پاسپۆرتێکی ئەمەریکییان پێ بێت، ئەوا دەتوانن زووتر هەڵبێن و پاش هەڵهاتنەکەیش بە ئەمنیەت و ئاسوودەیی بژین." گوتم: ئێ بەڵام خۆ ئەمانە ئەمەریکی نین! لە دوورەوەیش هاوار دەکەن کە لە دەرەوەی ئەمەریکاوە هاتوون." دۆریان بە پێکەنینەوە گوتی: "فەقیرانە دڵیان بەوە خۆشە، چی بکەین." پرسیم: "واتە ئەمەریکا بەم ئاسانییە پاسپۆرت دەداتە خەڵک؟" دۆریان لە وەڵامدا گوتی: "گوێ بگرە... ئەو شتگەلەی تۆ دەبێت بیانزانیت، هەمان ئەم جۆرە شتانەن. ڕاستە کە ئەم پاسپۆرتانە ئەمەریکین و لە باڵیۆزخانەیشەوە هاتوون، بەڵام جۆرێک لەو پاسپۆرتگەلەن کە بیدەتیە دەستی هەر ئەمەریکییەک، بە هۆی ژمارەکانیەوە گورج تێدەگات کە ساختەن، لەم حاڵەتەیشدا خاوەنی پاسپۆرتەکە ڕووبەڕووی ئێف بی ئای و سی ئای ئەی دەبێتەوە و ئیدی ئەوان بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدەن. ئێستا تێگەیشتیت کە بۆچی تۆ یەکێک لەوانەت نییە و نایشبێت هەتبێت؟" گوتم: "ئەی ئەگەر پاسپۆرتی یاساییم ویست دەبێت چی بکەم؟" دۆریان قاقا پێکەنیی و گوتی: "جەعفەری ئازیزی من، هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە جگە لەوەی ببێتە هاوسەری من و بە جێگەی جەعفەر ببێتە جێفری. خۆ تۆیش هاوسەرێکت ناوێت کە ڕووتوقووت بە بەرچاوی پیاوی ترەوە بێت و بچێت، کەواتە باشتر وایە بیریشی لێ نەکەیتەوە... بەڵام، دوور لە گاڵتەوگەپ، دەکرێت شتێکت بۆ بکەین، هەڵبەت نەک ئێستا و لەم بارودۆخەدا، کەواتە دەبێت سەبرت هەبێت. تا سەعات ٧:٠٠ی پاشنیوەڕۆ و هاتنی ئەبوشەریف و شێخ عەلی ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، کاتێکی شیاو بوو کە من باشتر خاتوو دۆریان مەکگرەیی ئەمەریکی بناسم. کەوتینە قسە، بەڵام تا سەعات ٧:٠٠ زیاتر لە ٣٠ جار تەلەفۆنی بۆ کرا. لە هەموو شوێنێکەوە: لە مەدرەسەی عەلەوی، شوورای شۆڕش، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، باڵیۆزخانەی کەنەدا، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، ٢ جار لە واشینگتۆن و جارێکیش لای خومەینییەوە. فەرمانی بە هەموان دەکرد: "ئەوە بکەن... نا ئاوا باش نییە، ئەمە بکەن..." من لە زمانەکەی تێنەدەگەیشتم، بەڵام لە ڕوخساریدا هەمان ئەو شتەم دەخوێندەوە کە بە ئێرانییەکانیشی دەگوت. سەعات ٦:٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆ دۆریان دووبارە چووەوە ناو دەمامکە ئیسلامییەکەیەوە، چادرەکەی لە بەر کرد و ئیدی چاوەڕوانی گەیشتنی میوانەکان بووین. لە بەردەم هاشمی و ئەبوشەریفدا وای دەردەخست کە گوایە من فەرماندەم و ئەویش لە منەوە فەرمان وەردەگرێت، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە ئەم قسانە لای ئەبوشەریف بەهەند وەربگیررێت، بەڵام لای هاشمی ڕەفسەنجانی کە چ لەگەڵ من و چ بێ من لە کۆبوونەوەکانی دۆریاندا بەشدار بووە و ئاگاداری دەسەڵاتە ڕەهاکەیەتی، ئەم شانۆییە چۆن قبووڵ دەکرێت؟! بیرم کردەوە، لە ڕاستیدا هەموومان، بە خۆیشمەوە، ئەکتەرێکین کە هەرچی دۆریان ئیرادەی دەکات، هەمان ڕۆڵ دەگێڕین بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکییش لە نێواندا هەبێت!

به هەرحاڵ، ئەو شەوە، شەوی نواندنی دەسەڵاتی فەرماندەیی من بوو. هاشمی و ئەبوشەریف، بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکەی پێشووتر، ئاوا ڕێزێکیان لێ دەگرتم کە هەندێک جار خۆیشم پێکەنینم پێی دەهات. بەرلەوەی من خشتەی ئەو کەلوپەلانەیان بدەمێ کە لە کۆلۆنێل بەیکەرم وەرگرتبوو، هاشمی ڕەفسەنجانی دەستی بە قسە کرد و گوتی: "من زۆر دڵخۆشم کە بەڕێز شەفیعزادە هاوکارێکی دڵسۆز و ئیماندار و لێهاتووی وەک ئەبوشەریفی بۆ ئەم کارە مەزن و قورسە هەڵبژاردووە، لەم چەند ڕۆژەدا بەڕێز ئەبوشەریف هەندێک ئیشی چاکی بۆ ئەم پلانە کردوون کە حەز دەکەم هەر خۆی باسیان بکات."

من سەرم سووڕمابوو کە ئایا ئەم قسانەی واتایان چییە و ئەم کارە گرنگانە چین، خۆ من هێشتاش داوای هیچم لێ نەکردوون. بەڵام هەرچۆنێک بێت، بیرم کەوتەوە کە دەبێت کەمتر قسە بکەم، دەبێت زیاتر ببیستم و ئارام بم، هەر بۆیە بەبێ هیچ کاردانەوەیەک گوێم بۆ ڕاپۆرتەکەی ئەبوشەریف گرت. ئەبوشەریف جانتاکەی کردەوە و شتێکی دەرهێنا و گوتی: "ئێمە لە ڕێبازی ئیمام و شۆڕشدا سەروگیانمان خستووەتە سەر لەپی دەستمان، ئەو شەوەیش هەستمان بەوە کرد کە پێویستە شتێک بکەین تا ئەو ١٦ میلیۆن دۆلارە زووتر دابین بکرێت، بۆیە بەپێی ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی، هەندێک ئیشمان کرد کە ئێستا لە خزمەتتاندا باسیان دەکەم." ئەبوشەریف ئەو شتەی لە ناو جانتاکە دەری هێنابوو، بەرەو منی ڕاداشت، منیش بە ئارامی ئاماژەیەکم بۆ دۆریان کرد، دۆریان لە ئەبوشەریفی وەرگرت، کردیەوە و پاش کەمێک وەستان، هەموو ئەو خشڵ و زێڕانەی تێیدا بوون، هەڵڕشتە سەر زەوی. نازانم دۆریان بۆ وای کرد، بەڵام من بە نیشانەی ناڕازیبوونی ئەو تێگەیشتم لە کارەکە، بۆیە بە بزەیەکەوە گوتم: "ئێ... ئەمە واتە..."

ئەبوشەریف کە دەستەپاچە بوو، گوتی: "واتە ئەگەر ئێمە نەجووڵاباین، خەڵکی تر ئەمانەی دەبرد، ئێمەیش گوتمان بۆچی بەشێک لەو ١٦ میلیۆن دۆلارە لە ڕێگای ئەمانەوە دابین نەکەین."

دۆریان بێدەنگییەکەی منی قۆستەوە و گوتی: "بڕوانن، پێشتریش هۆشداریمان دابوو کە نابێت خۆسەرانە هیچ کارێک بکەن، کەچی بە داخەوە ئێوە کردتان و ئێستایش من حەز دەکەم بزانم ئەمانەتان لە کوێ هێناون؟" ئەبوشەریف: "گوتی بە هۆی هەڵهاتنی خەڵکەوە دیاردەی دزی و تاڵانکردنیماڵەکانیان دەستی پێ کردووە، ئێمەیش بە ڕێنمایی ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی سەرنجمان خستە سەر هەندێک لە کەسایەتییە گەورە و دەوڵەمەندەکان، ئەمانەیش تەنها لە ٢ ماڵ هێنراون: ماڵی سیناتۆر حەمەد عەلی مەسعودی و محەمەدی خەیامی." دۆریان ڕووی کردە من و گوتی: "بە هەرحاڵ، کارێکە و کراوە، ئێستا چی بکەین؟" پاش کەمێک بێدەنگی، گوتم: "دەبینم لێرە هەموو شتێک بە قەبارەی زۆر بچووک و بە شێوەی دزیی گەمژانە سەیر دەکرێت، منیش نازانم

چی بکەم... بە هەرحاڵ، من دەمەوێت ئەم کارە زۆر نهێنی بێت. ئێوە هەڵدەستن و شەوانە دەچن دزی دەکەن، هەڵبەت ئەبوشەریف چەکدارە و چەکداریش تەنها فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، ئەمە هەڵەی ئەو ئایەتوڵڵایە بووە کە ناوتان برد، منیش چیتر نامەوێت هیچ هاوکارییەکی بکەم، ئەم زبڵانەش ناتوانن وەڵامدەرەوەی قەرزەکانی ئێمە بن، بە تایبەتییش کە نازانین چەندی لێرەیە و چەندیشی لێ شارراوەتەوە!" هاشمی ڕەفسەنجانی دەمی کردەوە و گوتی: "بەپێی متمانەیەک کە من بە ئەبوشەریفم هەیە، پێم وانییە هیچی لێ دزرابێت و دەبێت هەر ئەمە بێت و تەواو." دۆریان گوتی: "ڕاستە، وایە، بەڵام مەبەستی بەڕێز شەفیعزادە ئەوەیە کە ئەگەر بەبێ فەرمانی خۆیان شتێک بکرێت، دوور نییە بە زیانی هەمووومان بشکێتەوە." ئەبوشەریف گوتی: "من جگە لە دڵسۆزی هیچ نیەتێکی دیکەم نەبووە، ئێستایش کە دروست یان هەڵە، کارەکە کراوە، دەبێت چی بکەین؟" من خشتەکەی لای کۆلۆنێل بەیکەرم بۆ ڕاداشت و گوتم: "ئیشی کۆماندۆیەکی چاکی وەک تۆ ئەوەیە کە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا هەموو ئەم پێداویستییانە دابین بکات." دۆریان گوتی: "ئەی چی بەم زێڕە بکەین؟" گوتم: "هیچ پەیوەندیی بە من و کارەکەمەوە نییە، ئەمانە هیی دزین و دەبێت هەر ئەو ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنییە خۆی بیانباتە خزمەتی ئیمام تا حەڵاڵیان بکات، ئینجا کونێکیان پێ بگرین." هاشمی ڕەفسەنجانی گوتی: "بەم جۆرە بێت، پێم وانییە ئیمامیش جگە لە دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆی، شتێکی دی بکات. من دەڵێم هەر جۆر بێت هەڵەیەکە و کراوە، باشتر وایە خاتوو مەکگرەی کە پەیوەندیی لەگەڵ ماڵی ئیمامیش باشترە، ئەم زەحمەتە بکێشێت و لە دەرفەتێکی گونجاودا هاوکێشەکە یەکلایی بکاتەوە." من چیتر لەسەری نەڕۆیشتم و هێشتم ئەوان خۆیان باسەکە تەواو بکەن، ئەنجامی قسەکانیش دانانی زێڕەکان بوو لە ماڵەوە. کاتێک ئەوان ڕۆیشتن، دۆریان گورج چارشێوەکەی فڕێ دا و لە باوەشی کردم و دەستی کردە ماچکردنم، هەر لەگەڵ ماچکردنەکانیدا گوتی: "کوڕە جەعفەر! تۆ بێوێنەیت، هەی دەست خۆش! بە ڕاستی شاکارت نواند... بێموبالاتیت بە ئاوا خەزێنەیەکی گرانبایی، تووڕەییەکەت، سەرکوتکردنەکەت بەوەی کە کۆماندۆ چەک دەدزێت نەک زێڕ و پاشان ئەم مەسەلەی حەڵاڵکردنی دزییە و لە هەموویشیان گرنگتر، ئەم بزمارە ئەستوورەی لەسەر بناغەی فەرماندەییەکەی خۆتت کوتا!" گوتم: "باشە پێت وایە نرخی ئەمانە چەند بێت؟" دۆریان گوتی: نزیکەی ٢٠ تا ٢٥ میلیۆن دۆلارە. بەڵام دڵنیام ئەو گەمژانە بەمەیان نەزانیوە!"

سەرئەنجام ڕۆژی دیاریکراو گەیشتت... ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی تاڵانکردنی مۆزەی ئێرانی دێرین و کۆشکی گوڵستان. سەعات ٦:٠٠ی بەیانی، هەموان لە ماڵی دۆریان مەکگرەی کۆ بوونەوە. سەرهەنگ ویلیام بەیکەر چاودێر و فەرماندەی ڕاستەقینەی ئۆپەراسیۆنەکە بوو. سەعات ٧:٠٠ ڕێژەکەمان گەیشتە ٢٦ کەس؛ ١١ ئەمەریکی و ٢٥ ئێرانی، کە بە فەرمانی بەیکەر جلوبەرگی تایبەتی ئەفسەر و سەربازانی سوپای ئێرانیان پۆشیبوو. دوای گۆڕینی جلوبەرگ، لە ڕاستیدا من ئەگەر خۆم بە چاوی خۆم نەمدیبا، هیچ گومانێکم لەوە نەدەبوو کە ئەمانە بە ڕاستی ئەفسەر و

سەربازی ئەرتەشی شای ئێرانن. بە فەرمانی بەیکەر، بوونە ٢ گرووپ و هەموو ئیمکانیاتێک خرایە خزمەتمان. هەموویان دەمانچە و بێتەلیان پێ بوو، ئەفسەرەکان جگە لەمانە ڕەشاشی یۆزی و ژ-٣یشیان درایە دەست. پاشان پێناسی سەربازی درایە هەموویان، بۆ هەر گرووپێکیش کەسێک دەستنیشان کرابوو وەک سەرهەنگ و فەرماندەی گرووپەکە. من و سەودابە و ئەمەریکییەکان جیا بووین، ئێمە جلوبەرگی سەربازیمان لە بەر نەکرد و بێتەلەکانیشمان لەگەڵ هیی ئەوانی تر جیاواز بوون و بە ٢ فریکوانسی جیاواز ئیشیان دەکرد. پاش ئەم کاروبارە سەرەتاییە، کۆتا کۆبوونەوە لە هۆڵی نانخواردن و بە بەشداریی هەموان ساز درا و بەبێ ئەوەی من هیچی لێ تێبگەم، گوێیان سپاردە قسەکانی بەیکەر. سەودابە ببووە گوێی من، لە سەرەتا تا کۆتایی کارەکە ئەو بوو فەرمانی لە بەیکەر وەردەگرت و دەیگەیاندە من. سەعات ٨:٣٠ خولەکی بەیانی، من و سەودابە و بەیکەر و ئەمەریکییەکانی دیکە، دواین کەس بووین کە لە دۆریان جیا بووینەوە و ماڵەکەمان بەجێ هێشت. من و سەودابە بە مارسیدسێک و ئەمەریکییەکانیش بە ٤ سەیارەی دی بەڕێ کەوتین. هێشتا لە کۆڵانی داراب تێنەپەڕیبووین و نەگەیشتبووینە وێستگەی قەنات لە شەقامی دەوڵەت لە قولهەک، کە هەر بە ڕاستی هێندەی نەمابوو لە ترسی ئەو شتەی بە چاوی خۆم دەمدیت، دڵم ڕابوەستێت. لە هەردوو لای شەقامە باریەکەکەی دەوڵەت، ٢ کەژاوەی سەیارەی سەربازی وەستابوون. بە ترسەوە گوتم: "دەڵێیت بە تەڵەوە بووین!" سەودابە پێکەنیی و گوتی: "نا، ئەوانە هاوکارەکانی خۆمانن و ئێستا بەڕێ دەکەون. تۆ کەمێکی تر پێش بکەوە و بوەستە! کاتێک ئەمانەی ئەملا بەڕێ کەوتن، تۆیش بە دوایاندا بڕۆ و تا دەگەینە جێ، نێوانی خۆت لەگەڵ ئەواندا بە جوانی بپارێزە." بە ناچار مەترێک پێش کەوتم و لە لێواری جادەکە وەستام، سەودابە بە بێتەل قسەی لەگەڵ بەیکەر کرد و دوای ئەوە کەژاوە سەربازییەکە کەوتە ڕێ؛ سەرەتا جیێپێکی ئەمەریکی، ئینجا جیێپێکی ڕووسی و پاشان ٥ زیلی گەورەی ئەرتەش. بە ئاماژەی سەودابە، منیش بە دوایاندا بەڕێ کەوتم. هێشتا مابوو بگەینە سێڕیانی قولهەک و جادەی کۆن، کە پەردەی سەر دەرکەی دوایین زیل هەڵدرایەوە؛ بەوپەڕی سەرسوورمانەوە بینیم ٢٠ بۆ ٢٥ سەربازی پڕچەک لە ناو زیلەکەدان. بە بینینی ئەوان پێکەنینم بە سادەیی و نەزانیی خۆم هات و تێگەیشتم کە ئۆپەراسیۆنی تاڵانکردنی مۆزەکان بەو ئاسانی و سادەییەش نییە کە من بیرم لێ دەکردەوە، بەڵکو پلانێکی تۆکمەی بۆ داڕێژراوە و ڕاهێنانێکی زۆری لەسەر کراوە، هەروەها ئامادەکارییەکی تۆکمەی بۆ کراوە. ئەو وێنایەی من لەمەڕ دزی و جەردەیی سیاسی هەمبوو، زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە بەرچاوم بوو. لە جادەی کۆنی شەمێرانەوە بەرەو ناوەندی شار بەڕێ کەوتین. پۆلیسی هاتوچۆ، تەنانەت ئەگەر گڵۆپیش سوور بوایە، ئەوانی تریان ڕادەگرت تا کەژاوە سەربازییەکە تێپەڕێت، ئەمەیش هەندێک جار دەبووە هۆی کێشە بۆ ئێمە و کەژاوەکە، چونکە کە ئەوان تێدەپەڕین، ئیدی نەیاندەهێشت ئێمە بڕۆین و دەبا ڕابگرین تا گڵۆپی سەوز پێ دەبێت، ئیتر هەندێک نێوانمان دوور دەکەوتەوە. بەڵام بە هەرحاڵ، جگە لەوە ئیدی هیچ کێشەیەک ڕووی نەدا تا گەیشتینە شوێنی

مەبەست. هەڵبەت دەبێت بڵێم لە چوارڕیانی فیردەوسی و مەیدانی تۆپخانە و شەقامی سپە هەندێک بەردی گیرایە کەژاوە سەربازییەکە، خۆ ئەگەر وایش نەبا، ئەویش لەو ڕۆژانەدا، ئەوا جێی سەرسووڕمان دەبوو. سەعات ١٠:٠٠ی ڕێک کەژاوەکە لە بەردەم مۆزەی ئێرانی دێریندا وەستا، گورج بەیکەر و هاوکارێکی تری دابەزین و هاتنە لای من و سەودابە. لەگەڵ سەرکەوتنی ئەمان، سەربازە پڕچەکەکانی ناو هەرپێنج زیلەکە دابەزین و بە فەرمانی فەرماندەکانیان، هەرچەند کەسێکیان بەرەو ئاڕاستەیەک تێیانتەقاند. ١٠ کەسیان بە نیوەڕاکردن بەرەو شەقامی سپە، ١٠ی تر بەرەو شەقامی سەبت، ١٠ی تر بەرەو وەزارەتی دەرەوە و شارەوانی و ١٠ تریشیان بەرەو شەقامی قەوامولسەڵتەنە بەڕێ کەوتن و ئەوانی دییش هەرچواردەوری مۆزەخانەکەیان گرت و هێندەی پێ نەچوو، هاتوچۆ لەو ناوەدا نەما. بەیکەر و سەودابە بەردەوام بە بێتەل قسەیان پێکەوە دەکرد، بە ئاسانی دەکرا بزانیت کە هەریەکەیان بە فریکوێنسێکی جیا و تایبەت قسە دەکەن. دوای ١٠ خولەک سەرهەنگ بەیکەر و ٣ ئەمەریکیی تر و هەندێک لە ئەفسەر و فەرماندە درۆیینەکان بە پلیکانەکانی مۆزەخانەدا سەرکەوتن. پێشتر، چەند ئێرانییەک بە جلوبەرگی مەدەنییەوە لە بەردەم دەرکەی مۆزەخانەدا، چاودێریی جموجووڵی گرووپەکەیان دەکرد، وەک بڵێیت چاوەڕوان بن، هەر دوای بەیکەر و هاوڕێکانی، ئەوانیش چوونە ناو مۆزەخانەکەوە. ئێستا ئیدی جگە لە من و سەودابە و هاوڕێکەی بەیکەر و ئەو سەربازانەی چواردەوری مۆزەخانەیان دابوو، کەسی تر لە دەرەوە نەدەبینرا. بۆ ماوەیەک، نزیکەی نیو سەعات، هیچ جووڵەیەک هەست پێ نەدەکرا. تەنها سەودابە و هاوڕێکەی بەیکەر نەبن کە پێکەوە بە بێتەل قسەیان دەکرد، سەرئەنجام سەودابە بە خۆشحاڵییەوە ڕووی تێکردم و گوتی: "دەبینیت ئەمەریکییەکان چ پەرجوویەک دەکەن؟ ئەوانەی کۆشکی گوڵستانیش سەرکەوتن، ئەمە بە ڕاستی شاکارە." ئیتر بەبێ ئەوەی دەرفەتی هیچ قسەیەکم بداتێ، گوتی: "گورج یۆزییەکەت هەڵبگرە و تۆیش بڕۆرە ناوەوە، ئەوان چاوەڕوانی تۆن!" گوتم: "هەر بەم ئاسانییە؟" گوتی: ئاسوودە بە، هەموو شتێک بەپێی پلان پێش دەچێت." یۆزییە ئیسرائیلییەکە لە پاڵ دەستم بوو، هەڵم گرت و تا ویستم داببەزم، سەودابە بیری خستمەوە بێتەلەکەش لە بیر نەکەم و هەرکات پێویست بوو، پەیوەندیی پێوە بکەم.

نووکە، کە ساڵیانی ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە، دەبێت بڵێم کە ئەوەی ڕاستی بێت، تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەزموون و ئاوەزی ئێستام نەبوو، ئەو کارەم بە نابەدڵی دەکرد؛ هەر چۆن بیرم لێ دەکردەوە، دزیکردن بوو کە من هیچ دڵم پێی خۆش نەبوو. بەلای منەوە کوشتن زۆر لە دزیکردن باشتر و ئاسانتر بوو، خۆیشم هۆکارەکەیم نەدەزانی، بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەوە کارێک بوو تێیکەوتبووم و هیچ ڕێگەیەکی پاشگەزبوونەوەیشم لە بەردەم نەبوو. سەرهەنگ ویلیام بەیکەر کە ئیدی منیش وەک ئەمەریکییەکانی دیکە بە بیڵ بانگم دەکرد، لە ڕێڕەوی مۆزەخانەکەدا چاوەڕوانم بوو، گورج دەستی گرتم و بردمیە نهۆمی سەرەوە. هەر زوو گەیشتینە ژوورێک کە بە دەرگاکەیەوە نووسرابوو "بەڕێوەبەری گشتی". کە دەرگاکەی کردەوە، ئەوەی بینیم هیچ بڕوام پێ

نەدەکرد. ٩ کەس بە دەم و دەست و قاچی بەستراو دەمەوڕوو کەوتبوون، دوانیش لە ژێر مێزەکەدا لە خوێنی خۆیان گەوزابوون؛ دڵنیا بووم کە هەر یازدەکەیان، واتە هەم ٩ کەسە دەست و قاچ و دەم بەستراوەکە و هەم ٢ کەسە کوژراوەکەش، فەرمانبەری ئەم مۆزەخانەیە بوونە. هێشتا هەر وڕ و کاس و گێژ بووم کە بێتەلەکەم دەنگی لێوە هەستا… سەودابە گوتی: "بە داخەوە بۆ ڕوودانی ئەم ڕووداوە نەخوازراوە، بەڵام بەیکەر دەڵێت زۆر گرنگ نییە و هەموو شتێک بەپێی پلان دەچێتە پێش. ئێستا ئەرکی گواستنەوەی دیل و کوژراوەکانیش بۆ شوێنێکی تایبەت کەوتووەتە ئەستۆی تۆ، ئەگەر یارمەتیت پێویستە پێم بڵێ." گوتم: "بەڵێ، من پێویستم بە چەند کەسێک لە کۆماندۆکانی خۆم هەیە کە وەک ئەم گوێرەکانە نەبن و بزانن چی دەکەن و چۆن دەکەن." گوتی: "واتە کەسانێکی تایبەتت پێویستن؟" گوتم: "بەڵێ، بەڵام سەرەتا پێم بڵێ بزانم چەند کاتم بە دەستەوەیە؟" گوتی: "کەمێک ڕاوەستە تا بپرسم." ٣٠ چرکەی پێ نەچوو سەودابە هاتەوە سەر هێڵ و گوتی: "لە ئێستاوە تا خۆرئاوابوون، باشە؟" گوتم: "زۆریشە، بەڵام لە بیرت نەچێ من لێرە بە تەنێ نامێنمەوە کە بکەومە داوی پیاوەکانی شا." سەودابە گوتی: "لانیکەم من و ٢٠ بۆ ٣٠ کەسی تر دەمێنینەوە، هیچ خەمت نەبێت!" گوتم: "دەمەوێت قسە لەگەڵ دۆریان بکەم." گوتی: داینێ بۆ دواتر." گوتم: "دواترێک لەئارادا نییە، من پێویستم بە کۆماندۆکانی خۆم هەیە و ئەوانیش تەنها لە دۆریان فەرمان وەردەگرن، لە بیریشت نەچێت لە ئێستاوە ئیدی ئەوە منم بڕیار دەدەم." سەودابە، کە بە دەنگیدا دەردەکەوت نیگەرانە، گوتی: "تکا دەکەم تووڕە مەبە، هەر ئێستا ئەنجامی دەدەم." گوتم: "دەشمەوێت بزانم چۆن بە ڕۆژی ڕووناک ئەم مۆزەیە داخراوە و کەسی تێدا نەبووە." گوتی: "مۆزە هەموو پێنجشەممانێک دادەخرێت، چ بگات بەم ڕۆژانە کە سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە!" گوتم: "ئاگادار بە، من یۆزییەکم پێیە و فریوی کەسیش ناخۆم، کوشتن بەلای منەوە لە ئاواخواردنەوەیش ئاسانترە، هەموو ئەم ئەمەریکییانە دەنێرمە دۆزەخ، بە تایبەتی ئەمەریکییەکان، ئەمەیان بە کۆلۆنێلە درێژە ئەمەریکییەکەش بڵێ." سەودابە، بە دەنگێک کە تکای لێ دەتکا، گوتی: "جەعفەر… لێت دەپاڕێمەوە تووڕە مەبە، من تێدەگەم ئێستا چەندە تووڕەیت، بەڵام ئەمە تەنها ڕووداوێکی نەخوازراو بووە و هیچی تر، کاری گرووپەکەی مۆزەی کۆشکی گوڵستان بە ئارامی تەواو بووە، بە سەرکەوتوویی و بەبێ هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ، بەڵام لێرە بە داخەوە ئەمە ڕووی دا. تەنها هەوڵ بدە ئارام بیت، تکایە." لەم کاتەدا سەرهەنگ بەیکەر کە کەمێک پێشتر چووبووە دەرێ، گەڕایەوە و منیش خۆم پێ نەگیرا و لوولەی یۆزییەکەم بەرەوڕووی گرت و بە تووڕەییەوە هاوارم بەسەردا کرد: "دەستەکانت هەڵبڕە!" بە ڕق و تووڕەییەکەوە ئەو کارەم لەگەڵ کرد کە هیچ ڕێگەچارەیەکی نەما جگە لەوەی بە بێتەلەکەیشیەوە دەستی هەڵببڕێت. هەر هاوارم دەکرد، بە هەر جۆرێک بوو تێم گەیاند کە دەبێت بێتەلەکەی دەستیشی بخاتە سەر مێزەکە. بەیکەر خەریک بوو بێتەلەکەی باوێتە سەر مێزەکە، کە ئەوەی من دەنگی لێ هەستا، سەودابە بوو، گوتی: "کەمێکی دی تەلەفۆنە خۆڵەمێشییەکەی سەر مێزی بەڕێوەبەری گشتی زەنگی لێوە دێت، ئەوە

دۆریانە و قسەت لەگەڵ دەکات." گوتم: "ئاگادار بە، هیچ فرۆفیڵێک لەئارادا نەبێت، چونکە ئێستا کۆلۆنێل بەیکەر دیلی منە." گوتی: "گاڵتە دەکەیت!" گوتم: "لە هەموو تەمەنمدا گاڵتەم لەگەڵ کەس نەکردووە!" گوتی: "من هەر ئێستا دێمە سەرەوە." گوتم: "هەر کەس بێتە ئێرە تەقەی لێ دەکەم، تەنانەت تۆیش!" سەودابە، کە ئیدی بە تەواوەتی ترسابوو، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: "ئاخر ئەگەر کۆلۆنێل نەتوانێت قسە لەگەڵ هاوکارەکانمان بکات و فەرمانی پێویستیان بداتێ، هەموومان دەکەوینەوە داوەوە." گوتم: "هەڵبەت جگە لە من. بە هەرحاڵ تا لەگەڵ دۆریان قسە نەکەم بەردەوام دەبم." تەلەفۆنە خۆڵەمێشییەکە کە سەودابە گوتبووی، دەنگی لێوە هەستا. هەڵم گرت، دۆریان بوو، گوتی: "جەعفەر چی ڕووی داوە؟ جارێ سوپاس کە متمانەت بە من کردووە، من دەبێت چیت بۆ بکەم؟"

گوتم: "ئەمانە ٢ کەسیان کوشتوون، ٩ کەسیشیان بە دیل گرتوون و گواستنەوەیشیان خراوەتە ئەستۆی من. قسەکان یەک ناگرنەوە، من دەبێت ئەمانە لێرە بەرمە دەرەوە... دواییش دەڵێن تا خۆرئاوابوون دەرفەتم هەیە، هەموو گەمژەیەک دەزانێت و تێدەگات کە ئەمەیان واتای ئەوە دەدات کە من دابنیشم و چاوەڕوانی دەستگیرکردنی خۆم بم. منیش بەیکەرم بە دیل گرتووە تا قسە لەگەڵ تۆ بکەم و لەم هاوکێشەیە تێبگەم." دۆریان بە سەرسامییەوە پرسیی: "باشە بەیکەر بۆچی؟ خۆ ئەگەر ئەو نەبێت هەموو کارەکان دەشێوێن، بهێڵە با من قسەی لەگەڵ بکەم." گوتم: "تۆ متمانەت بەو هەیە؟" دۆریان گوتی: "ئێ دیارە کە متمانەم پێیەتی." گوتم: "باشە، کەواتە تەلەفۆنەکەی دەدەمێ." نزیکەی ٢ بۆ ٣ خولەک ئەوان قسەیان کرد، منیش هەر وا نیشانەم لە بەیکەر گرتبوو. کە قسەکانیان تەواو بوون، بەیکەر تەلەفۆنەکەی خستە سەر مێزەکە و ئاماژەیەکی دامێ بەوەی هەڵی بگرم، دۆریان بە پێکەنینەوە گوتی: "بڕوانە جەعفەر... هەرچەندە کەمێک کۆماندۆبازیت دەرهێناوە، بەڵام بەیکەر پێی وایە تۆ تاکە کەسێت مێشکت ئیش دەکات و لەمەودواش تەنها کار لەگەڵ تۆ دەکات؛ حەزی شێوازی جووڵانەوە و گورجوگۆڵییەکەت بووە. منیش تا نیو سەعاتی تر دەگەمە لات، هەڵبەت ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دراوە، بەڵام هێنانەدەری ئەو هەموو شتە بە ڕۆژی ڕووناک بە هیچ جۆرێک کردەنی نییە و هەر دەبێت بوەستین تا ئێوارە. سەودابە نەیتوانیوە ئەمەت بە جوانی تێبگەیەنێت، بەڵام دڵنیا بە کە بەیکەر و ئەمەریکییەکان و نزیکەی ٥٠ کەسی تر تا ئێوارە لەوێ لەگەڵ تۆ دەمێننەوە." گوتم: "تۆ بەڵێنم دەدەیتێ کە ئاوها دەبێت؟" گوتی: "چ بەڵێنێک لەوە زیاتر کە خۆیشم ئێستا دەگەمە لات؟" گوتم: "هیوادارم..." ئیدی تەلەفۆنەکەم داخستەوە. بە زمانی فارسی داوای لێبووردنم لە بەیکەر کرد، ئەملاولایم ماچ کرد، ئەویش خۆشحاڵ و دەمبەخەندە، بەردەوام لە پشتی دەدام و دەیگوت: "ئۆکەی جێفری... ئۆکەی..." بەیکەر لە ژوورەکە چووە دەرەوە و هەر لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا، تەلەفۆنەکە لێی دایەوە، بەڵام من هەڵم نەگرت. هێندەی پێ نەچوو سەودابە بە بێتەل پێی ڕاگەیاندم کە تەلەفۆنەکە هەڵبگرم. هەڵم گرت، هەر دۆریان بوو، گوتی: "هێندە دەستەپاچە بووبووم لە بیرم چوو

بپرسم کام لە کوڕەکانت دەوێت؟" گوتم: "خۆیشم لە بیرم چوو… زەحمەت بکێشە و پەیوەندی بە قوتبزادەوە بکە و پێی بڵێ چایچی، ئەحمەدی، جەمشید نەعمانی و تەقەوی نیام بۆ بنێرێت." دۆریان بە پێکەنینەوە گوتی: "یارانی لیبیا؟" گوتم: "بەڵێ، تەنها ئەوان پیاوی کارن، بەڵام ئەگەر بمانەوێت کەمێک ئەوانەی دی چاوترسێن بکەین، خراپ نابێت ئەگەر دەمەوئێوارە ئەبوشەریفیش بنێریتە لام." دەنگی قاقالێدانە هەمیشەییەکەی بەرز بووەوە و گوتی: "تۆ شەیتانێکی زەبەلاحیت… مێشکت زۆر باشە… ڕاوەستە تا نیو سەعاتی تر لە لات دەبم."

نیو سەعات دواتر، دۆریان مەکگرەی گەیشت؛ لە ناو هاوڕێکانی و دیلەکان و ٢ کوژراودا! وەک هەمیشە جوان و دڵبەر بوو، هەر گەیشتە ناو ژوورەکە، بە بەرچاوی دیلەکان و بەیکەر و هەموو ئەمەریکییەکانەوە باوەشی پێدا کردم و ماچی کردم؛ تەنانەت دەمی خستە ناو دەمم و لێویشمی ماچ کرد. نزیکەی سەعات ١:٠٠ بوو کە چایچی، ئەحمەدی، نەعمانی و تەقەوی نیا لە حاڵێکدا جلوبەرگی تایبەتی فڕۆکەوانییان لە بەر بوو، گەیشتنە لام. چەند چرکەیەکی دڵخۆشکەر بوو، بەبێ ئەوەی هیچ سەرنجی ئەو ٩ کەسە بدەین کە بە دەم و دەست و قاچی بەستراو لەسەر زەوی کەوتبوون، یاخود دیمەنی ترسێنەری لاشەی کەوتووی ٢ کوژراوەکە کارمان لێ بکات، یەکدیمان لە ئامێز گرت. ئەوانم بە بەیکەر ناساند و پاشان هەمووومان، بە دۆریانیشەوە، کۆبوونەوەیەکی نیو سەعاتیمان کرد تا چۆنێتیی گواستنەوەی دیلەکان و ٢ کوژراوەکەش تاوتوێ بکەین. سەرهەنگ بەیکەر بە شێوەیەکی زۆر تایبەت گوێی بۆ ڕاداشتبووین و لە هیچ بڕگەیەکیشدا بچووکترین دژەڕای دەرنەبڕی. دوای کۆبوونەوەکە دەستمان کردە کارکردن، کە بە داپۆشینی لاشەی کوژراوەکان دەستی پێ دەکرد. لە گەرمەی کارەکەدا بە کوڕەکانم گوت: "لە بیرتان نەچێت کە دەمانەوێت ئەبووشەریف بترسێنین، هەر بۆیە هەرکات ئەم دێوەزمەیە هات، دەبێت هەموو جووڵەیەکمان پڕ بێت لە ڕق و تووڕەیی و توندوتیژی." دۆریانیش کە لەمە تێگەیشت، بە پێکەنینەوە دەستی کردە هاندانی کوڕەکان بۆ ئەم کارە.

سەعات ٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆ بوو کە سەودابە بە بێتەل پێی ڕاگەیاندم گوایە کابرایەکی ڕیشنی ناشیرین هەواڵی دۆریان مەکگرەی دەپرسێت. هەموومان دامانە قاقای پێکەنین، چونکە زانیمان کە ئەبوشەریفە هاتووە، چونکە لە ناو هەموو ئەوانەی دەوروبەری خومەینی، تەنها ئەم کابرایە ئاوها بلّح و ناشیرین بوو. دۆریان گوتی: "من دەچمە خوارەوە کەمێک ڕای دەگرم، گوایە جەنابی فەرماندە جارێ کاتی نییە." هەموومان پێکەنییینەوە و دۆریان کە حەزی دەکرد لەم سیناریۆ گاڵتەجاڕییانەدا بەشدار بێت، ڕۆیشت تا کەمێک یاری بە عەقڵی ئەبوشەریف بکات. ٢٠ خولەکێکی پێ چوو تا بێتەلەکە دەنگی لێوە هات… دۆریان گوتی: "بەڕێز ئەبوشەریف لێرەیە." منیش گوتم: "١٠ خولەکی تر پەیوەندی بکەرەوە." ئیدی دام خستەوە. دوای چەند جارێک دووبارەبوونەوەی ئەم یارییە، سەرئەنجام مۆڵەتی هاتنیم دا و دوای ئەوە، دۆریان و ئەبوشەریف پێکەوە هاتنە

ژوورەوە. ئەبوشەریف، کە چاوی بە دیلەکان و ٢ لاشەی داپۆشراوی پێچراوەیش کەوت، ترسێکی وا نیشتە دڵیەوە کە بە ئاشکرا دەستەکانی و دەنگیشی لەگەڵیدا دەلەرزین. با لێرەدا ئەوە بڵێم کە ئەبوشەریف و زۆربەی ئەوانەی ئەو ڕۆژانە لە دەوروبەری خومەینیدا بوون و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە خولی کۆماندۆییان بینیوە، چ مەلا و چ غەیرە مەلا، هەموویان لەوانە بوون کە لە ئۆردووگا فەڵەستینییەکاندا هەندێک ڕاهێنانیان پێ کرابوو، ئەمەیش لەگەڵ ئەو ڕاهێنانەی ئێمە لە لیبیا و سووریادا زۆر جیاواز بوو. لە ڕاستیدا وەک ئەوە وا بوو ئێمە ڕاهێنانی کۆماندۆیی ڕووسیامان بینیبێت و ئەوانیش هەندێک شتی منداڵانە فێر کرابوون کە تەنها بە کەڵکی شانۆیی دەهات؛ شتێک کە یاسر عەرەفات دروستی کردبوو تا لە بەرانبەریدا هەندێک پارە وەربگرێت! بۆ ئەوەی ئاستی ئاوەزی ئەم ئەبوشەریفە کە دواتریش کرایە فەرماندەی سوپای پاسدارانی خومەینی، پیشان بدەم، هێندە بەسە کە بڵێم کاتێک هاتە ژوورەوە و بارودۆخەکەی ئاوا بینی، کە ٩ کەس بە دەم و دەست و قاچ بەستراوی لەوێ داکەوتوون و ٢ کەسیش بە کوژراوی و خەڵتانی خوێن لەوێ خراونەتە ناو پارچەیەکەوە و ئەمیش خۆی بە پێی خۆی هاتووەتە شوێنێکی ئاوها، بە ترس و لەرزەوە گوتی: "ئەو شتانەی فەرمانتان کردبوو ئامادەیان بکەین، لەم ڕۆژانەدا دابین دەکرێن..." کاتێکیش کە من بە تووڕەیی وەڵامم دایەوە و گوتم "هەر سەرەتایش دەمزانی ئەم منداڵانەی تاران دڵ و جورئەتی ئەم جۆرە کارە پیاوانەیەیان نییە"، هێشتایش هەر تێنەگەیشت کە پێدانی ئەو خشتەیە تەنها هەڵخەڵەتاندنێک بووە؛ هەڵخەڵەتاندنێک کە دەبوو ئەم کابرایە دووبارەی بکاتەوە، ئەویش هەر هەمان ڕۆژ و هەمان کات! بۆ نزیکەی نیو سەعات ئەبوشەریف و تەرم و دیلەکانیش لەگەڵ تەقەوی نیادا لە هەمان ژوور مانەوە، من و دۆریان لەگەڵ چایچی و ئەحمەدی و نەعمانیدا چووینە لای بەیکەر و بە پێشنیاری من، بڕیار درا ڕاسپاردەیەکی تری ساختە بە چاودێریی چایچی بە کۆڵی ئەبوشەریفدا بدەین. ئەبوشەریف ناچار کرا تا سەعات ٨:٠٠ی ئێوارە، واتە کەمتر لە ٣ سەعات لە نزیک سەربازگەیەک بدۆزێتەوە، کە هەم ئەمن بێت، هەم دەرکەی هەبێت و هەم ٥ ژووریشی تێدا بن؛ کارێک کە دەکرێت بڵێم نەکردەنی بوو! ئەبوشەریف، کاتێک ئەم ڕاسپاردەیەی بیست، هێندەی نەمابوو بکەوێت. فەرمانەکانی دواتر لەوە بێڕەحمانەتریش بوون... بێجگە لە هاشمی ڕەفسەنجانی، بۆی نەبوو پەیوەندی بە هیچ کەسی ترەوە بکات. چایچی کە بێتەلێکی بەهێزتری درایە دەست، لەگەڵ ئەبوشەریف لە مۆزەخانەکە چوونە دەرەوە، بە هۆی تاریکداهاتنی دنیایشەوە، ئێمەیش خەریکی ئەنجامدانی سەرەکیترین بەشی ئۆپەراسیۆنەکە بووین. دوای نیو سەعات، بەپێی ڕاپۆرتەکانی سەودابە، تێگەیشتین کە هاتوچۆ لە شەقامەکانی سەبت و قوامەلسەڵتەنە وەستاوە، ئێمەیش گورج دەستبەکار بووین و سەرەتا تەرمەکان و پاشان هەرنۆ کەسە دیلەکەمان گواستنەوە ناو یەکێک لە زیلە سەربازییەکان. یەکێک لە ئەمەریکییەکان بە پەلە جلوبەرگی پلەدارێکی سەربازیی ئێرانیی لە بەر کرد و نیشتە پشتی سوکانەکە، ئەحمەدی لای ئەو لە پێشەوە دانیشت و ئێمە هەموومان، واتە دیلەکان و من و دۆریان و سەودابە و نەعمانی، لە

پشتەوە جێی خۆمان کردەوە، تەقەوی نیایش نیشتە پشت مارسیدێسەکە، تا جیا لە ئێمە بڕوات و پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵماندا هەبێت و کاتێک گەیشتینە جێی مەبەست، ئەویش بگاتە لامان. سەعات ٦:٣٠ خولەکی دەمەوئێوارە گەیشتینە گەراجێک لە سێڕیانی ئەمین حزوور و بە ڕێنمایی دۆریان، بەبێ ئەوەی کەسمان دابەزین، چاوەڕوان ماینەوە. وەستانەکەمان هەر نیو سەعاتێکی خایاند، دوای ئەوە دووبارە بەڕێ کەوتینەوە بەرەو خاڵێکی دیکەی نادیار. نزیکەی سەعات ٨:٠٠ی شەو چاپچی پەیوەندیی پێوە کردین و گوتی هێشتا ئەبوشەریف نەیتوانیوە شتێک بکات و ئەو شوێنانەیش ئەو دۆزیبوونیەوە، بە کەڵک نایەن. من کە دەمزانی ئەبوشەریفیش گوێی لە دەنگم دەبێت، بە دەنگی بەرز و بە تووڕەیی گوتم: "ئەم لاتولووتانە هیچیان لە دەست نایەت، بەڵام من سەعاتێکی تر دەرفەتتان دەدەمێ، ئەگەر هیچ نەکرا، ئەوا تۆ دەبێت پلانی دووەم جێبەجێ بکەیت، لەم ماوەیەیشدا هەر چارەکە سەعاتێک جارێک، دەبێت من ئاگادار بکەیتەوە." ئەوەم گوت و پەیوەندییەکەم داخست. هەمووومان، بە چاپچییشەوە، دەمانزانی کە ئەم سیناریۆیە تەنها بۆ سووک و ترۆکردنی ئەبوشەریف و داروودەستەکەیەتی، ئەگینا نە شوێنێکی ئاوا لەو ماوە کورتەدا دەدۆزرێتەوە و نە ئەگەر بیشدۆزرێتەوە، جێی متمانەپێکردنە. ئەم سیناریۆیە تەنها بە کەڵکی یارییپێکردنی ڕاهێنراوەکانی ئۆردووگا فەڵەستینییەکان دەهات و ئەگەرنا، ئاشکرایە لە ئۆپەراسیۆنێکی کۆماندۆییدا دابینکردنی ئاوا شوێنێک تەنانەت لە خودی کارەکەش ئاستەمترە. چونکە لە ئاوا بارودۆخێکدا، بۆ نموونە کاری تاڵانکردنی مۆزەکە سەعاتێک یان ئەوپەڕەکەی ٧ بۆ ٨ سەعاتی پێ دەچێت، بەڵام مانەوە لە ماڵێکی ئەمیندا کاری چەندین ڕۆژ و هەفتەیە، هەر بۆیە دەبێت زۆر بە وردی ڕەچاوی هاوکێشە ئەمنییەکان بکرێت. بەڵام وەک گوتم، نیازی ئێمە هەمان گاڵتەپێکردنی ئەمانە بوو، بە هۆی ئەوەیشەوە کە ئاوەز و ئەزموونی پێویستیان نەبوو، ئێمە لە یارییپێکردنەکەماندا سەرکەوتوو بووین و سەرەڕای ئەمانەیش هەبوونی چاپچی لەگەڵیدا، ئاشنای دەکردین بە چۆنێتیی کارکردنیان و تەنانەت پەیوەندییەکانیشیان.

لەوە گەڕێین و بگەڕێمەوە سەر هێڵی سەرەکیی باسەکە...

پێش دەستپێکردنی قەدەغەی هاتوچۆ، بە ناو شەقامە چۆڵەکانی تهرانپارسدا گەیشتینە لای خانوویەکی گەورە و ڕازاوە. بەبێ هیچ کێشەیەک تەرمەکانمان گواستنەوە ژێرزەمینی خانووە گەورەکە و دیلەکانمان لە ژوورێکی دیکە دانان و بە گوتەی ئەحمەدی، ئیدی کاری تایبەتی ئێمە لەو چرکەساتەوە دەستی پێ دەکرد. کەمێک ئاومان دایە دیلەکان، بە نۆرە ناردنمانە دەستشۆری، پاشان کەمێک خواردنمان دانێ کە بریتی بوو لە بیسکویت و نان و پەنیر و چای شیرین. دواتر دووبارە دەم و دەست و قاچیانمان بەستن و خستنمانە ژێر چاودێریی تەقەوی نیا و ئەمەریکییەک و خۆمان بۆ گەیشتنە بڕیارێک لەمەڕ چارەنووسیان و تاوتوێی کاروبارەکانمان، چووینە ژوورێکی ترەوە. دۆریان کە بڕیار نەبوو بە هیچ جۆرێک لە ئۆپەراسیۆنی تاڵانکردنی

مۆزەکەدا بەشداری بکات، دوای ڕووداوەکەی بەیانی، بە کردار کەوتبووە ناو کارەکەوە و هەروەک فەرماندەیەکی ڕاستەقینە هەڵسوکەوتی دەکرد؛ کارێک کە ئێمە زۆر زۆر نیازمان پێی هەبوو.

سەعات ١١:٠٠ی شەو، سەرەڕای قەدەغەی هاتوچۆیش، قوتبزادە و سەید ئەحمەد خومەینی و کەسێکی دی هاتنە لامان و گورج کەوتینە تاوتوێی ئۆپەراسیۆنەکەی مۆزەخانە. سەرهەنگ ویلیام بەیکەر، خاتوو دۆریان، سەید ئەحمەد خومەینی، سادقی قوتبزادە، سەودابە، من و ئەوەیش کە لەگەڵ سەید ئەحمەددا هاتبوو، بەشداری کۆبوونەوەکە بووین. تا سەرهەگ بەیکەر ویستی دەست بە قسە بکات، من بە قوتبزادەم گوت: "ڕەنگە ئێوە هەمووتان ئەم کابرایە بناسن، بەڵام من نایناسم و فێریش بوومە تا کەسێک نەناسم، کاری لەگەڵ نەکەم، بۆیە دەپرسم ئەم بەڕێزە کێیە و چۆن لە کۆبوونەوەیەکی ئاوا گرنگدا بەشداری دەکات؟" چاوی دۆریان و قوتبزادە بروسکەیان لێ هەستا، ئەمەیش نیشانەی ئەوە بوو کە من زۆر جوان و بە کاتی خۆی تیرەکەم هاویشتووە. سەودابە خەریک بوو قسەکانی منی بۆ بەیکەر وەردەگێڕان و سەید ئەحمەدیش وەڵامی منی دایەوە: "بەڕێزیان سەرهەنگ تەوەکلییە و جێگەی بڕوا و متمانەی هەموومانە." لە حاڵێکدا بە نیشانەی زیزبوون یاخود هەڕەشەکردن لە پشت مێزەکە هەڵدەستامەوە، گوتم: "من نە بەڕێزیان دەناسم و نە پێشتریش بینیومە و نە ئامادەیشم یەک وشە لەمەڕ کارەکانم قسەی لەگەڵ بکەم." هەیکەلی سەرهەنگ تەوەکلی کە ڕەنگی هەڵبزرکابوو و دەستی دەلەرزین، زۆر سەرنجڕاکێش بوو، تەنانەت بە پێکەنینە ساختە و ڕواڵەتییەکانیشی نەیدەتوانی پێش بە دەستلەرزینەکەی بگرێت. من ویستم لە ژوورەکە بچمە دەرێ کە سەرهەنگ بەیکەر لە جێی خۆی هەستا و بەرەولام هات و دەستی کردە قسەکردن، کە دۆریانیش گورج هەستا و قسەکانی بۆ وەرگێڕام. ئەو دەیگوت: "تۆ هەقی خۆتە... هەڵەی من بوو کە پێتانم نەناساند... کۆلۆنێل لەم ئۆپەراسیۆنەدا کاری زۆری بۆ کردووین، دابینکردنی هەموو سەیارە و جلوبەرگ و کەلوپەلی سەربازی بە هۆی بەڕێزیەوە بووە و ئەم خانووەیش هەر ئەو بۆی دابین کردووین. کۆلۆنێل لە ناو ئەرتەشی ئێراندا زۆر دەستی دەڕوات، هەرچەندە خۆی هیچ ئەرکێکی تێیدا نییە."

دۆریان دەستی گرتم و دووبارە دانیشتینەوە. سەرهەنگ تەوەکلییش، گەرچی هێشتا ڕەنگی نەهاتبووەوە سەرخۆ، بەڵام بە حاڵەتێکی ڕواڵەتی دەیگوت کە من ناهەقم نییە و لە بنەڕەتدا کار و چالاکیی شۆڕشگێڕانە دەبێت دیسپلین و لێپرسینەوە و سەختگیریی ئاوهای تێدا ڕەچاو بکرێت. منیش داوای لێبوردنم لێ کرد لەوەی بە توندی لەگەڵی جووڵاومەتەوە. دڵخۆشترین کەسی ناو کۆڕەکەمان، هەمان دۆریان و قوتبزادە بوون. کۆبوونەوەکەمان تا بەیانیی خایاند. سەرهەنگ بەیکەر گوتی کە لە هەردوو مۆزەخانەکە ١٦ سندووق شوێنەواری سووک، بەڵام زۆر گرانبایی کۆ کراونەتەوە کە بە ڕای ئەو پسپۆڕانەی پێشتر نرخاندنیان بۆ کردوون، لە ٤٠٠ ملیۆن تمەن زیاتر

دەکەن. پاشان کەوتینە بڕیاردان لەمەڕ درێژەی ئۆپەراسیۆنەکە. سەرهەنگ بەیکەر گوتی لەبەر ئەوەی کە ئەم ڕووداوە بەم زوانە ئاشکرا دەبێت، تا زووە دەبێت خومەینی ڕاگەیاندنێک بڵاو بکاتەوە و تاوانەکە بخاتە ئەستۆی شا و دارودەستەکەی. پاشان ئەوانەیشمان دیاری کردن کە دەبێت تاوانبار بکرێن. ئەوانیش فەرەح پەهلەوی و ئەشرەف پەهلەوی و شەهرامی پەهلەوی نیا بوون. بەیکەر گوتیشی تا ئەو کاتەی هەرشازدە سندووقەکە لە ئێران دەنێررێنە دەرەوە، دەبێت لەژێر ڕکێف و چاودێریی من و تیمی کۆماندۆکانی لیبیادا بن. دواتر باسی دی و کوژراوەکان هاتە گۆڕێ، هەندێکیان و لەوانەیش سەید ئەحمەد پێیان باش بوو بە سەرنجدانە بارودۆخەکە، باشترە هەر ئەو شەو ٩ کەسەکەیش هەر بکوژرێن و ببڕێتەوە و پاشان هەموویان لە شوێنێک بخرێنە چاڵ و سەرنگوم بکرێن. من و سەرهەنگ تەوەکلی و دۆریان دژی ئەم کارە بووین، بە تایبەتی من، دەمویست ئەوان زیندوو بمێننەوە تا ئەگەر هات و شتێکی نەخوازراو هاتە پێشمان، وەک دیل بە کاریان بهێنین و سوودیان لێ وەربگرین. سەرئەنجام هەموان بەم پێشنیارە ڕازی بوون. بەڵام کێشەی تەرمەکان شتێکی دی بوو، جگە لە دەردیسەری هیچ سوودێکیان نەبوو بۆمان. بەیکەر دەیگوت بە سەرنجدانە بارودۆخی ڕۆژ، ڕەنگە حکومەت باسی تاڵانکردنی مۆزەخانەکان نەورووژێنێت، بەڵام ئەم دیلانە خێزان و کەسوکاریان هەیە و تا ئێستایش بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانیانن و دیارە بە شوێنیاندا دەگەڕێن، ئەمەیش دەبێتە دەردیسەری بۆ ئێمە، هەر بۆیە پێویستە هەم تەرمەکان بە زووترین کات سەرنگوم بکرێن و هەم بیرێکی باشیش بۆ ئەم دیلانە بکرێتەوە. دۆریان، سەرئەنجام کێشەی تەرمەکانی چارەسەر کرد... گوتی: "ئەگەر هادی غەفاری فەرمانێک لە خومەینییەوە بهێنێت، ئێمە تەرمەکان بە ئەمبۆلانس دەبەینە بەردەرکەی بەهەشت زەهرا و لەوێیش هادی غەفاری وەک شەهید باسیان دەکات کە گوایە بە دەستی هێزەکانی شا کوژراون[3]. بەم چەشنە هەم ئەوان دەنێژین و هەم بە سوودی خۆمان و دژی دەسەڵاتی شا بە کاریان دەهێنین!" لە ڕاستیدا پلانەکەی دۆریان شاکارێکی بێوێنە بوو، با هەر لێرەوە بڵێم کە هەر وایشمان کرد؛ لە بەرانبەر بارەگای ژاندارمریدا ڕێپێوانێکمان ساز کرد کە تێیدا ژەنەڕاڵێکی

---

[3] دواتر و لە درێژەی تەمەنی نەگریسی حکومەتی ئیسلامیی ئاخوندیدا، ئەم دابە کرێتە پەرەی سەند و بوو بە خاڵێکی چەسپاو لە سیاسەتی چەوتی ئەم ڕژێمەدا: هەر پاسدارێک لە کوردستان دەکوژرا یان تەنانەت بە مردنی خۆی بمردایە، پاش مردنی سەریان دەبڕی و دەیانناردەوە بۆ کەسوکارەکەی و دەیانگوت "ئەوە کوردەکان سەریان بڕیوە، ئێوەش وەرن بتاننێرینە کوردستان تۆڵەی شەهیدەکانتان بکەنەوە". بەم جۆرە هەموو ئەو کەسانەی دەنێررانە کوردستان، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیە ڕقیان لە کورد دەبووەوە و هەوڵی کوشتنیان دەدا. خودی خۆم نموونەی زیندووی ئەم پلانە ئەهریمەنییەم لایە. (وەرگێڕ)

ئەرتەشی شا کوژرا، لەوێ تەرمەکانمان ڕادەستی هادی غەفاری کردن و ئەویش وەک ٢ شەهید کە بە دەستی هێزەکانی ڕژێم کوژراون، ڕادەستی جەماوەری کردن!

بە هەرحاڵ، سەعات ٨:٠٠ی بەیانی و پاش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە، بڕیار درا من و دۆریان و کۆڵۆنێل بەیکەر بڕۆین بە سەروەختی وەرگرتنی ١٦ سندووقەکە و قوتبزادەیش ئەمبۆلانسێک بۆ تەرمەکان دابین بکات، تا ئیدی جگە لە دیلەکان و پیاوەکانی من، کەسی تر لەو خانووەدا نەمێنێتەوە و هاتوچۆیشی نەکات. بە بەرچاوی هەموویانەوە بە کۆماندۆکانمم گوت هەر کەس ویستی بێتە ناوەوە، بۆتان هەیە تەقەی لێ بکەن. کاتێک من و دۆریان و بەیکەر لە خانووەکەی تارانپارس دەرچووین، تەنها سەودابە و نەعمانی و تەقەوی نیا و ئەحمەدی لەگەڵ دیلەکان مانەوە و ئەحمەدی بوو بە فەرماندەی ئەوێ.

بە ڕێگەی جادەی ٤٥ مەتریی نارمەک بۆ قولهەکە بەڕێ کەوتین و لەوێ چووینە ماڵەکەی دۆریان. هەرشازدە سندووقەکە لە ماڵی دۆریان دانرابوون. من بە سەرنجێکی فراوان خەریکی وەرگرتنیان بووم؛ کێشیان زۆر کەم بوو، بە جۆرێک دەکرا هەموویان بخرێنە ناو ١ سندووقەوە، بەڵام دەمبینی بە وەسواسێکی وا پێچراونەتەوە کە گومانم نەدەما لەوەی چەند کەسێکی ناو سەربازە ساختەکانمان پسپۆڕی ئەم چەشنە دانان و پێچانەوەیە بووبن. بۆ من، کە لەو ڕۆژانەدا هیچ ئەزموونێکی ئەم جۆرە کارانەم نەبوو، ئەو شتانە هەموویان مشتێک شتی بێکەڵکی وەک کاسە و گۆزە و چەند پارچەیەک زێڕی شکاو و هەندێک کتێبی دەستنووس و تابلۆی هونەری بوون، کە بە هیچ جۆرێک ٤٠٠ میلیۆن تمەنیان نەدەهێنا. ماوەیەک دواتر شێخ محەمەدی مونتەزیری ڕاسپێررا بۆ گواستنەوەی شتەکان بۆ دەرەوەی ئێران، ئەویش بە هۆی ئەو پەیوەندییە باشەی لەگەڵ عەبدولسەلام جەلوودی دووەم کەسی دەسەڵاتی لیبیادا هەیبوو، توانیی ئەو ڕووداوەی فڕۆکەخانەی میهراباد دروست بکات و سەرئەنجام بە فڕۆکەیەکی لیبیایی بیانباتە دەرەوە و بیانگەیەنێتە لیبیا. ماوەیەک دوای ئەو ڕووداوە، سەفەرێکی لیبیام کرد و لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیانەی لیبیامەوە ئاگادار کرامەوە، کە بەشێکی ئەو شوێنەوارانە بە دیاری دراوەتە خودی قەزافی و ئەوانی تریش بە هۆی بیڵی کارتەری برای جیمی کارتەر، کە ئەو کاتە ڕاوێژکاری قەزافی بوو، ڕەوانەی ئەمەریکا کراون. حەز دەکەم ئەوە بڵێم گەرچی هیچ بەڵگەیەکیشم نییە، بەڵام دڵنیام لەم ئۆپەراسیۆنەدا ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەو ١٦ سندووقە شوێنەوار دزران و ئەمەریکییەکان زۆربەی هەرە زۆریان لە ڕێگەی فڕۆکەکانی خۆیانەوە کە ئەو ڕۆژانە خەریکی گواستنەوەی خەڵکی ئەمەریکا و کەلوپەلەکانیان لە ئێرانەوە بۆ ئەمەریکا بوون، گواستنەوە. بە هەرحاڵ، دوای وەرگرتنی ١٦ سندووقەکە، کۆڵۆنێل بەیکەر کاتی ماڵئاوایی پیرۆزبایی لێ کردم و هیوای خواست بەو توانایەوە کە هەمە، دوای ڕووخانی رژێمی شا بگەمە پلەی زۆر باڵا. کاتێک کۆڵۆنێل بەیکەر لە ماڵەکەی دۆریان چووە دەرەوە، بە دۆریانم گوت: "واتە ئیدی نایبینین؟" دۆریان پێکەنیی و گوتی:

"هەر کاتێک تۆ بتەوێت دەیبینیت، ئەی نازانیت بەیکەر هاوسێی ماڵی منە و پاراستنی منی لە ئەستۆدایە؟!" ئینجا دۆریان هاتە سەر باسی هەڵسوکەوتە توندەکەی من لەگەڵ سەرهەنگ تەوەکلی؛ هەندێک بە شانوباڵیدا هەڵدام و دواییش گوتی: "با بچین بخەوین، ئەگینا ئەم ماندوێتییە دەمانکوژێت و زیندوو نابین تا ڕووخانی شا ببینین!"

گوتم: "منیش پێویستم بە خەوە، بەڵام دەمەوێت بگەڕێمەوە ماڵەکەی تارانپارس کە هەم خۆم پشوویەک بدەم و هەم کوڕەکانیش بتوانن کەمێک بخەون." دۆریان گوتی: "ڕەنگە هەندێک شت ڕوو بدات، لێرە بین باشترە، ئەوانیش بۆخۆیان بە نۆرە پشوویەک وەردەگرن، من و تۆیش سەعات ٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆ دەچینە لایان." وەک هەمیشە تەسلیمی قسەکانی دۆریان بووم و گورج خۆم گەیاندە گەرماو تا ئەو هەموو چڵک و ئارەقەی لەشم خاوێن بکەمەوە، کەچی دۆریان تەلەفۆنەکەی بۆ ڕاداشتم و گوتی: "ئیمام دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات." گورج بەلۆعەی ئاوەکەم بەست و بەو خاولییەی دۆریان بۆی هێنام، دەستم وشک کردەوە و وەڵامی خومەینیم دایەوە. خومەینی پیرۆزبایی لێ کردم و هیوای خواست بەم زوانە بتوانێت لەگەڵ من و کۆماندۆکانم کە لای ئەو "ستوونی ئیسلامی"ن، دابنیشێت. هەر تەلەفۆنەکەم داخست، قاقای پێکەنینی دۆریان بەرز بووەوە و لە حاڵێکدا ئاماژەی بە ڕووتبوونم دەکرد، گوتی: "بینیت، سەرئەنجام تۆیش خۆت ڕووت کردەوە و هیچ شەرمیشت نەکرد؟" تازە بیرم هاتەوە کە هەموو ئەو ماوەیە بە ڕووتوقووتی لە بەردەمی دۆریان وەستاوم. گوتم: "ئەم هەقە بەو هەقە." ئیدی دەرکەی گەرماوەکەم داخست. کە لە گەرماو هاتمە دەر، دەبینم دۆریان ڕووتوقووت بەسەر قەرەوێڵەکەمەوە ڕاکشاوە؛ زۆر سەرنجڕاکێش بوو، جوان و ناسک و وروژێنەر. ئامێزی بۆ گرتمەوە و منیش چیتر خۆم پێ ڕانەگیرا و خۆم خستە باوەشیەوە. بەم جۆرە، سەرەڕای ئەو هەموو ترسەی لەم ژنە سەیروسەمەرەیە هەمبوو، پەیوەندییەکی ئەویندارانە لە نێوانماندا چێ بوو.

لەگەڵ دۆریان بەرەو تارانپارس دەڕۆیشتین، کە دەنگی بێتەل بەرز بووەوە و چایچی بە دەنگێکی نیگەرانەوە داوای کرد کە من لە هەر کوێ هەم، بە پەلە خۆم بگەیەنمە لای. گوتم: "بە ڕێگاوەم و تا نیو سەعاتی تر دەیگەمێ، بەڵام پێم بڵێ چی ڕووی داوە؟" چایچی کە دەنگی هەر دەلەرزی، گوتی: "نیو سەعات پێش ئێستا لەگەڵ هادی غەفاری و شێخ عەلی ئەکبەر (هاشمی ڕەفسەنجانی) و ئەبوشەریف هاتینە ئێرە بۆ وەرگرتنی ٢ ئەمانەتییە پێچراوەکە، هەموو شتێک بە باشی و لە جێی خۆیدا بوو، ئەمانەتییەکانیشمان وەرگرتن و خستنماننە ناو ئەمبولانسەکەوە، کەچی لەپڕ شتێک ڕووی دا و ئێوە دەبێت هەرچی زووە خۆتان بگەیەننە لامان..." هەرچی من و دۆریان ویستمان شتێکمان پێ بڵێت و هەرچی پێداگیریمان کرد، هیچ سوودی نەبوو. هەردووکمان بۆ چرکەساتێک لەوە ترساین نەوەک خانووەکەی تارانپارس کەشف کرابێت و قسەنەکردنی چایچی لەبەر ئەوە بێت سەربازەکانی شا بەسەریەوە بن، بەڵام هەردووکمان هەر زوو ئەم ترسەمان لە دڵی خۆمان

ڕەواندەوە و دۆریان گوتی کە لەوانەیە ئەبوشەریف کەتنێکی کردبێت؛ کە هەر وایش بوو! لە نیو سەعات کەمترمان پێ چوو خۆمان گەیاندە ئەوێ. ئەمبولانسێکی سپی لە حەوشەکەدا بوو و کوڕەکان دەیانپاراست. ئەحمەدی کە لە هەموو کاتێک تووڕەتر دەردەکەوت، بەبێ هیچ قسەکردنێک ئێمەی ڕاکێشایە ژووری نانخواردنەکەوە؛ یەکەم شت بینیمان لاشەی ٣ لە دیلەکان بوو بە کوژراوی کە هێشتا خوێنیان لێ دەچۆڕا. چایچی بە یۆزییەکەوە بەسەر سەری غەفاری و ڕەفسەنجانی و ئەبوشەریفەوە بوو، ترسێک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، گورج یۆزییەکەم لە دەستی چایچی گرت و شەپازللەیەکی توندم تێسرەواند و هاوارم بەسەردا کرد: "لاوازی و هیچلێنەهاتوویی ئێوەی بێشەرەفی بوودەڵە بوو وای لە ئێمە کرد! ٢٤ سەعاتە چوونە شوێنی ئەمنم بۆ بدۆزنەوە کەچی ئێستا ٣ تەرمیشتان خستووەتە بەردەمم؟" لێدانێکی زۆر کاریگەر بوو، ڕەنگی هەموویان پەڕیبوو، تا ئەبوشەریف ویستی دەم بکاتەوە و شتێک بڵێت، بە پشتەدەستی ڕاستەم کە یۆزییەکەم پێ گرتبوو، توند کێشام بە دەمیدا. دووەم کەس هاشمی ڕەفسەنجانی بوو، هەمان لێدانی توندی خوارد و دەمی پڕ بوو لە خوێن. بە هاتوهاوار بانگی نەعمانی و تەقەوی نیام کرد و پێم گوتن دەستوپێی هەرسیانیان ببەستنەوە و لە ناو دیلەکان دایان بنێن! لە کەمتر لە ٥ خولەکدا فەرمانەکەم جێبەجێ کرا. ئەم گورجوگۆڵییە پێویست بوو تا بتوانم دواتر ڕاستییەکان وەک خۆیان بزانم، ئەمەیش لە ڕاهێنانەکانی لیبیا فێر بووبووم: کاتێک ڕووبەڕووی ڕووداوێکی نەخوازراو دەبیتەوە، گورج ڕووداوێکی دی بخوڵقێنە تا دەرفەت دروست بکەیت بۆ توێژینەوە لەسەر ڕووداوەکەی یەکەم. ئێستایش ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو لە چۆنێتیی ڕووداوەکە بکۆڵمەوە و بزانم ئەو ٣ دیلە چۆن کوژراون. کۆبوونەوەیەکمان لەسەر ڕووداوەکە کرد، هەرسێ کوژراو لە پاسەوانەکانی مۆزەخانەی ئێرانی دێرین بوون کە دیارە پێشتر هەندێک ڕاهێنانی تایبەتیان پێ کراوە، هەر بۆیە بە جۆرێک توانیویانە دەستوپێی خۆیان بکەنەوە و لە کاتی گواستنەوەی تەرمەکان بۆ ناو ئەمبولانسەکە، ویستوویانە هاوڕێکانی تریشیان ڕزگار بکەن و هەڵبێن، تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش لە نێوان ئەوان و سەودابە و تەقەوی نیادا هەبووە، کتوپڕ ئەبوشەریف دێتە ناویان و یۆزییەکەی دەستی نەعمانی دەڕفێنێت و هەرسیانیان دەداتە بەر ڕێژنە. دۆریان نیگەران بوو لەوەی دەنگی تەقەکان لە دەرەوە بیسترابن، بەڵام بە هەرحاڵ، ٤٥ خولەکێک بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیبوو و دیار بوو ئەم ڕووداوە سەرنجی کەسی ڕانەکێشاوە و نەگەیشتووەتە دەرەوەی مۆزەخانەکە، بەڵام هەردووکمان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە چیتر مانەوە لەو خانووەدا باش نابێت و دەبێت بیر لە شوێنێکی دی بکەینەوە. بە پێشنیاری دۆریان، پەیوەندیمان بە مەدرەسەی عەلەوییەوە کرد و قسەمان لەگەڵ خومەینی کرد، ڕووداوەکەمان گەورەتر کردەوە و هەموو تاوانەکانمان خستنە پاڵ ئەبوشەریف و هاشمی ڕەفسەنجانی و داکۆکیمان کردە سەر ئەمننەبوونی شوێنەکە و داوامان کرد بە زووترین کات قوتبزادە بنێرێتە لامان. سەعاتێکی پێ نەچوو قوتبزادە شاد و دڵخۆش و دەم بە پێکەنین گەیشتە لامان و گوتی: "ئەو بۆمبەی ئێوە

تەقاندنتان، ئەو پیرەمێردەی زۆر ترساندووە، تازە بە تازە خەریکە تێدەگات کە بەم وڵاخانەی دەوروبەریەوە بە هیچ کوێ ناگات. هەر زۆر زۆر باش بوو، با ئێستایش بڕۆین ٣ دیلە تازەکەتان ببینین کە بە ڕاستی زۆر خۆش دەبێت!" قوتبزادە کە لە خۆشیدا باڵی دەرهێنابوو، هەر گەیشتە ژێرزەمینەکە، ڕواڵەتی خۆی گۆڕی و وای پیشان دا گوایە زۆر نیگەرانە و داوای لە من کرد کە بە فەرمانی ئیمام بەریان بدەم، منیش وێڕای ڕێزگرتنێکی زۆر لە قوتبزادە، گوتم: "لەبەر گرنگیی کارەکە، مۆڵەت بدەن خۆیشم پرسیار لە ئیمام بکەم." ١٥ خولەکێکی دی کاتمان بەسەر برد و باسەکەمان درێژە پێ دا و سەرئەنجام فەرمانی بەردانیانم دەرکرد. ڕێک بەرەبەری مەغریب بوو کە هادی غەفاری و ٢ کەسی تر ٥ تەرمەکەیان بردنە دەرەوە تا شانۆیی شەهیدکردنیان پیشان بدەن و هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەبوشەریف (لە ڕاستیدا بۆ لێبوردن و ئاشتبوونەوە) لە لامان مانەوە. با هەر لێرەوە بڵێم کە هاشمی ڕەفسەنجانی هەرگیز لە من خۆش نەبوو و ئەو لێدانەی لە بیر نەکرد و ئەگەر ئەمڕۆ من بەم جۆرە لە هەموو دنیادا ئاوارە و سەرگەردانم، ئەنجامی هەمان ئەو ڕق و کینەیەی ڕەفسەنجانییە. هەڵبەت ڕووداوی تیرۆرکردنەکەیشی لە بیر نەکردووە کە هەر ئێمە پلانمان بۆ دانابوو؛ بە کاتی خۆی باسی ئەو ڕووداوەش دەکەم. با ئەوەیش بڵێم کە هۆکاری سەرەکیی کوشتنی قوتبزادە هەر ئەم ڕەفسەنجانییە بوو؛ من بە چاوی خۆم بینیم کە دوای لەسێدارەدانی قوتبزادە، ئەوەی لە بەرچاوی محەمەد ڕەیشەهریدا گوللەی کۆتایی بە نێوچەوانی قوتبزادەوە نا، هەمان ڕەفسەنجانی بوو.

ئەو شەوە پاش کەمێک گفتوگۆ، کە زیاتر ڕەهەندی ئاشتبوونەوەی هەبوو و ئەوەی کە پێویستە هاریکارییەکی تۆکمەترمان پێکەوە هەبێت، هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەبوشەریف ڕۆیشتن و قوتبزادە مایەوە، تا دوای ئەو ماوە دوورودرێژەی تێپەڕیبوو، پێکەوە دابنیشین و هەندێک گفتوگۆ بکەین. قوتبزادە مزگێنیی داینێ کە بە فەرمانی خومەینی ٥٠٠،٠٠٠ دۆلار خراوەتە سەر حیسابە بانکییەکی خاتوو دۆریان و ١٠،٠٠٠ دۆلاریش بۆ حیسابەکەی من لە پاریس. کاتێ ئێمە پرسیمان "باشە بۆچی؟" قوتبزادە گوتی: "پاداشتی ئۆپەراسیۆنەکەی مۆزەخانەیە." دۆریان قاقا پێکەنیی و بە قوتبزادەی گوت: "فێر بە... تەمەنێک ئیشم بۆ تۆ کرد یەک سەنتت نەدامێ، بەڵام لە کارێکدا کە هەر بڕیاریش نەبوو من بەشداریی تێدا بکەم، ئەوەتا جێفری ٥٠٠،٠٠٠ دۆلاری بۆ بەرهەم هێنام." قوتبزادە دەستی کردە قسەکردن و باسی چەکەرەکردنی ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان سەید ئەحمەد خومەینی و یەزدی و بەنی سەدردا کرد و داوای لە دۆریان کرد، زیاتر ئاگاداری خومەینی و بنەماڵەکەی بێت. پاشان گوتی: "وا هەست دەکەم دوای ئەو ڕووداوە ناشیرینەی پاریس کە بۆ کوڕەکەی ڕووی دا، خومەینی وەک جاران لێم نزیک نییە و زۆر حەزی بە چارەی من نایەت؛ جاران لە هەزار دەرکەی دەدا تا زیاتر لەگەڵ من بێت، کەچی ئێستا تەنانەت کاتێکیش دەرفەتێک دەڕەخسێت تا پێکەوە تەنیا بمێنینەوە، هەوڵ دەدات بیانوویەک بدۆزێتەوە و یەکێک لە ڕیشدرێژەکانی لای خۆی بانگی ژوورەوە بکات تا من نەتوانم قسەی خۆمان بکەم." دۆریان گوتی:

"من ئاگاداری هەموو شتێکم، تۆیش بۆ ئەوەی لێرە جێی خۆت بکەیتەوە، دەبێت ئەم جۆرە شتانە قبووڵ بکەیت و بەهەندیان وەرنەگریت. لە بیرت نەچێت تۆیش کاتی خۆی لە پاریس کەم گاڵتە و سووکایەتیت بەمانە و بە تایبەتی بە یەزدی و بەنی سەدر و بازرگان و سەنجابی نەکرد. ئێ ئەمانەیش خۆ ئاژەڵ نین، ئەوەیان لە بیر ماوە و بە دڵنیاییەوە دەیانەوێت تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. تۆ دەبێت ئەوپەڕی توانای خۆت بخەیتە گەڕ بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی ناو ئێراندا. بڕوانە، بەنی سەدر بەو گەمژەییەی خۆیەوە ڕووی لە زانکۆکان کردووە، یەزدی داروودەستەی بازرگانی لەگەڵە. تۆ، خۆ ناتوانیت پشت بە ژنە ناسکەکانی پاریس ببەستیت، ئێ کەواتە برۆ ڕوو بکەرە بازاڕ و بازاڕییەکان، پێگەی تۆ دەبێت لەوێ بێت."

دوای ڕێنموێنییەکانی دۆریان مەکگرەی، قوتبزادە پێی گوتم: "بۆ چرکەیەکش لە دۆریان دور نەکەویتەوە و تەنها بە قسەی ئەو بکە، چونکە بەم زوانە ئیشی زۆر گەورەت پێ دەسپێرن."

ئەو شەوە، هەموومان تا بەیانی لە ناو ماڵەکەی تارانپارس ماینەوە و زۆرتر بیرمان لە دۆزینەوەی پەناگەیەکی نوێ کردەوە، چونکە دۆریان بڕوای وابوو کە دوای ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، دوور نییە ئەبوشەریف یان ڕەفسەنجانی بە جۆرێک سەربازەکانی شا ئاگادار بکەنەوە و ئیشوکارەکەمان لێ تێک بچێت. سەرئەنجام، بەیانییەکی توانیمان بە هاوکاریی قوتبزادە، خانوویەک لە تارانی نوێ بدۆزینەوە و ئیدی بە پەلە و بەبێ ئەوەی کەس پێمان بزانێت، دیلەکانمان گواستنەوە ئەوێ و چاپچیمان وەک سەرپەرشتیاری کاروبارەکانی ئەو خانووە نوێیە دیاری کرد و خۆمان، پاشنیوەڕۆکەی لەگەڵ دۆریان گەڕاینەوە ماڵەکەی ئەو. بڕیارمان وا بوو هەر سەعاتێک جارێک چاپچی پەیوەندیمان پێوە بکات و لە دۆخەکە ئاگادارمان بکاتەوە. ئەوە شەوە دۆریان بە تەنیا بەجێی هێشتم و ڕۆیشت، بەیانی بۆی گێڕامەوە کە لەگەڵ ئەو هەموو هیلاکی و ماندوێتییەی، هەموو شەوەکەی لە ماڵی خومەینی و لەگەڵ ژن و منداڵەکانی ئەو بەسەربردووە. کاتێک دۆریان گەڕایەوە، زۆر هیلاک بوو، سەرەڕای ئەوەیش دانیشت و بە تەلەفۆن دەستی کردە قسەکردن لەگەڵ ئەم و ئەو، چ لە ناوەوە و چ لەدەرەوە، تا سەرئەنجام سەعات ١١:٣٠ خولەک تەلەفۆنەکەی داخست و خۆی خستە باوەشمەوە و گوتی: "ئەگەر هیچ شتێکی نەخوازراو ڕوو نەدات، ئەم یەک دوو ڕۆژە کۆتایی بە شا و ڕژێمەکەی دێت؛ سەرئەنجام فەرمانی یەکلاکەرەوەمان لە دی سییەوە پێ گەیشت!" دۆریان، هەرکات بیویستایە باسی واشینگتۆن و ئەمەریکا بکات، تەنها دەیگوت "دی سی". دیاریش بوو کە قسە و بڕیاری کۆتایی هەمیشە لای "دی سی" بوو!

دۆریان لە باوەشمدا نوستبوو، کەچی من وام هەست دەکرد حەز دەکات قسەم لەگەڵ بکات... لە لام بوو، بەڵام هەندێک جار بیری وا دەڕۆیشت کە هیچ هەستی بەوە نەدەکرد نزیکی منە و منیش چام بۆ داناوە و دەبێت بینۆشێت... نووکەش لەو کاتە دەگمەنانە بوو کە ڕۆ دەچووە ناو ناخی

خۆی و بە قووڵی بیری دەکردەوە، بەڵام من وام هەست دەکرد کە دەیەوێت لەگەڵ کەسێکدا قسە بکات کە متمانەی پێیەتی، ئەم کەسەش، لەو ئانوساتەدا، تەنها من بووم. هەوڵم دا لەو دۆخە بێتە دەرێ، بۆیە پرسیارم دەربارەی دی سی لێ کرد و لەبارەی ئەوەی کە ئەگەر هات و شکستمان خوارد، چارەنووسمان چی دەبێت... لەمەڕ ئەوەی کە بۆچی ئەمەریکا دژی شا وەستاوەتەوە لە حاڵێکدا هەمیشە بە ئێمەیان گوتبوو کە گوایە شا جاشی ئەمەریکییەکانە... سەرئەنجام دۆریان تەلیسمی بێدەنگییەکەی شکاند... پەرداخێکی پڕ کرد لە ویسکی و سەهۆڵ و گوتی: "چووزانین، هات و تۆ واتەنی شکستیشمان خوارد، خۆ ئەم کارانە هەمیشە سەرکەتوو نابن. دەزانیت جەعفەر، لەم دنیایەی من و تۆی تێدا دەژین، ئەگەری هەموو شتێک هەیە، تەنانەت ئەگەری ئەوەیش هەیە منیش بکەنە قوربانی... باشە... تۆ وادەزانیت شا و ڕژێمەکەی چ خراپەیەکیان بۆ من هەبووە کە من ئاوا بوومەتە دوژمنیان؟ هیچ! بەڵام دەبێت بزانیت کە هاوکێشەی من و تۆ، هیچ پەیوەندییەکی بە من و تۆوە نییە؛ بە هیچ کەسەوە نییە. هەر ئەم شایە، ئەی وادەزانیت کەسێکی کەمە؟ هەموو دنیا دەزانێت کە کڵەکەیەکی ئاشتی و سەقامگیریی جیهان هەر ئەم پیاوەیە. جاشی ئەمەریکییەکانیش نییە، ئەمەریکییەکانیش خۆشیان دەوێت، چونکە هەرچۆنێک بێت باری سەرشانی ئەوانیشی سووکتر کردووە. بەڵام... ئێستا ئیدی دەبێت بڕوات! ڕێک وەک من و تۆ کە ئەگەر پێویست بوو، زۆر بە ئاسانی سەرمان دەبڕن، لە حاڵێکدا نووکە خۆشیان دەوێین و خۆشمان دەوێن!" لەو سەروەختەدا زۆر لە قسەکانی دۆریان تێنەدەگەیشتم، هەر بۆیە لێیم پرسی: "باشە، ئێستا فەرمانی دی سی چییە و تۆ چۆنی بۆ دەچیت؟" دۆریان، لە حاڵێکدا بۆ یەکەم جار هەموو ویسکیی ناو پەرداخەکەی بە قومێک خواردەوە، گوتی: "٤ پلان داڕێژراون کە هەموویشیان بۆ لێدانی ڕژێمی شا ئامادە کراون، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکەمیان سەری نەگرت، ئەوەی دووەم بخرێتە گەڕ، دووەمیان سەری نەگرت بچنە سەروەختی ئەوەی سێیەم و تەنانەت ئەگەر ئەویش سەری نەگرت، پلانی چوارەم هەر سەردەگرێت." پرسیم: "ئایا من و تۆیش ڕۆڵێکمان تێیاندا هەیە؟" گوتی: "هەر ئەم کارانەی ئێستا من و تۆ ئەنجامیان دەدەین، بەشێکن لەو پلانەی کە ئێمە دەتوانین کاری بۆ بکەین." گوتم: "بڕوانە، من هیچ لە قسەکانی تۆ تێناگەم، بە جۆرێک قسە بکە منیش تێبگەم!" دۆریان، دوای پڕکردنەوەی پەرداخەکەی، لە تەنیشتم دانیشت، دەستی خستە ناو قژەکانم و گوتی: "خەرمانێک گەنم بهێنە پێش چاوی خۆت... هێنات؟" گوتم: "بەڵێ." گوتی: "ئێ... ئەگەر بمانەوێت ئەم خەرمانە بسووتێنین، دەبێت ئاگرێک بکەینەوە. ئێستا ئەم خەرمانە وڵاتی ئێرانە و ئاگرەکەیش هەمان فیلمی نیشتنەوەی خومەینییە لە فڕۆکەخانەی میهراباد کە بەم زوانە لە تەلەڤیزیۆن پیشان دەدرێت، ئەمەیش واتە فەرمانی دی سی!" گوتم: "باشە... ئاخر چۆن بە پیشاندانی ئەم فیلمە کۆتایی بە شا و ڕژێمەکەی دێت؟" دۆریان بزەیەکی تاڵ گرتی و گوتی: "٤ بەرنامە لەبەرچاو گیراون: یەکیان لە ناوەندەکانی پۆلیسدا، یەک لە هێزی ئاسمانیدا، یەکێک لە ناو بازاڕی تاران و ئەوی دییش لە مەشهەد." پاشان بەبێ ئەوەی من داوای هیچ شیکردنەوەیەکی لێ بکەم، درێژەی دایە و

گوتی: "ئینجا بیری لێ بکەوە، ئەگەر بۆ نموونە لە مەزاری ئیمام ڕەزادا پشێوییەک ڕوو بدات و لەناکاو گۆڕی ئیمامەکەتان ئاگری تێبەربدرێت، لە حاڵێکدا کۆمەڵێک سەرباز و چەکداری ڕژێم لەوی ئامادە بن، چی دەبێت؟" وا بە ترسەوە ڕاچڵەکیم و لە جێی خۆم هەستامەوە، کە دەستم بەر پەرداخە ویسکییەکە کەوت و هەمووی ڕژایە سەر پێخەفەکە. بە هەمان ترسەوە پرسیم: "واتە هەر بە ڕاستی بەنیازن گۆڕی حەزرەت بتەقێننەوە؟!" دۆریان بە پێکەنینەوە گوتی: "ئێ قەیدی چی دەکات؟ دواتر بە شێوەیەکی زۆر جوانتر و مودێرنتر نۆژەن دەکرێتەوە."

قسەکانی دۆریان، وەک چەکوشێک بوو بە سەری منیدا بکێشن. با ئەمڕۆ دان بەوەدا بنێم کە سەرەڕای هەموو ئەو کارانەی کردبوومن، چ ئەشکەنجەدان، چ دزی و چ کوشتن تا دەگاتە دیلگرتن و کوشتنی سوورییەکان، ئامادە نەبووم تەنانەت هەنگاوێکیش بۆ ئەم کارە باوێم. من، ئەو کاتانە هێشتا هەر دەمارگیرییە گوندییانەکانی خۆم هەبوون؛ حەزرەتی ڕەزا بۆ من، پەنایەک بوو، پیرۆز بوو، تەقاندنەوەی ئاوا شوێنێکی پیرۆز ئەویش بە حەوت هەشت هەزار زیارەتکەری بێتاوانەوە، شتێکی نەبوو نەبێتە هۆی درووستبوونی ڕق و کینە و تووڕەیی لە دڵی مندا... بازاڕی تاران و تەقاندنەوە و سووتاندنی، ئەویش لە یەک شەودا، بەرنامەی دیکەیان بوو؛ هێندە تووڕە و پەست بووم کە دەمویست هەر بە دەستی خۆم خومەینی بخنکێنم، بەڵام هیچ زیانێک نەگاتە حەزرەتی ڕەزا. دۆریان، کە سەرنجی هەڵچوونەکەی منی دابوو، لەگەڵ دڵدانەوەم و بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ۲ بەرنامەکەی دی بکات، گوتی: "ئەمە نرخێکە و دەبێت لەپێناو هەموو شۆڕشێکدا بدرێت، ئیدی لە هەر کوێی دنیادا هەبێت. ئایا تۆ ڕووداوەکەی سینەما ڕێکسی ئەبادان بە شتێکی جیا لەمە دەزانیت؟ گوتم: "واتە..." قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: "نازانم... بەڵام لەوانەیە... نا... بە دڵنیایی..."

دانی پێدا دەنێم لە هەموو ژیانمدا ئاوا دۆخێکی خراپم نەبووە، نە پێش ئەوە و نە پاش ئەوەیش. ئیدی تەنانەت قسەکانی دۆریانیشم نەدەبیست؛ ئەو قسەی دەکرد و من هیچ تێنەدەگەیشتم... تووڕە بووم، زۆر تووڕە، سەرئەنجامیش نازانم چۆن خەوم لێ کەوت. خەو... خەوی پاشنیوەڕۆ، ئەویش دوای ئەو هەموو شەونخوونییە و ئەم جەنجاڵی و هەڵچوونانە...

سەعات ٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆ، بە دەنگی دۆریان لە خەو ڕابووم، بەڵام ئەوم لە پاڵ خۆمدا نەبینی. دۆریان ڕۆیشتبوو، ئێستاش خەریک بوو بە بێتەل بانگی دەکردم. هیلاک و ماندوو، وەڵامم دایەوە و گوتم:

- تۆ لە کوێیت؟

- من لێرەم، لە مەدرەسەی عەلەوی و پێویستە تۆیش بە زووترین کات بگەیتێ؛ زۆر پێویست و گرنگە.

– شتێک ڕووی داوە؟

– هێشتا نا... تۆ گورج بگەرە ئێرە.

پەیوەندییەکەی داخست. هێشتا خەواڵوو بووم و سەرەڕای ئەوەیش دوای بیستنی جۆری بەرنامەکە و تەقاندنەوەی مەزاری ئیمام ڕەزا، ئیدی هیچ حەزم نەدەکرد بڕۆم، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیشم نەبوو، هەر بۆیە دوای سەعاتێک گەیشتم و لەگەڵ دۆریان و قوتبزادە چووینە ژوورەکەی خومەینی. ئەوان پێش ئەوەی بچینە لای خومەینی، هیچیان پێ نەگوتم، خومەینییش هەر دوای کورتە سوپاسکردنێک، یەکسەر گوتی: "من لێرە متمانە بە کەس ناکەم، لەخۆڕا تۆیان لێرە دوور خستووەتەوە، هەر ئێستا لەگەڵ ئەم بەڕێزانە بڕۆ و میوانەکانت ڕادەستی شێخ سادق بکە و خۆت و چەکدارەکانت یەکسەر وەرنەوە ئێرە، لێرە زیاتر پێویستمان بە بوونی ئێوەیە." نازانم چۆن دۆریان و قوتبزادە هەواڵێکی ئاوا خۆشیان لێم شاردبووەوە... ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە ئێمە هەرسێکمان ئاواتمان بۆ دەخواست، ئێستاش بەم ئاسانییە ڕێک کەوتبوو. گورج ئامادەیی خۆم دەربڕی و ئیدی لەگەڵ قوتبزادە هاتینە دەرەوە و دۆریان هەر لە لای خومەینی مایەوە. چەند چرکەیەک دواتر، کاتێک قوتبزادە لەشکرێکی لەوانەی دەوروبەری خومەینی پێ ناساندم کە دەبوو دیلەکانیان ڕادەست بکەم، تازە بە تازە تێگەیشتم کە هاوکێشەکان بەو سادەییەش نین کە من بیرم لێ کردوونەتەوە! ئەم لەشکرەیش بریتی بوون لە شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی، شێخ سادقی خەڵخاڵی، شێخ جەعفەری سبحانی، لاهوتی، هادی غەفاری، ئیبراهیم یەزدی، هاشمی سەباغیان، دکتۆر موعینفەر، میناچی و ئەبوشەریف! ئەم بەڕێزانە هێندە بە پەلە بوون بۆ گەیشتنە تارانی نوێ و وەرگرتنی دیلەکان، کە تەنانەت دەرفەتیان نەدامێ چاوەڕوانی هاتنەدەرەوەی دۆریان بم لە ژوورەکەی خومەینی. لە کۆتا چرکەدا کە دەمویست سواری سەیارەکە ببم، سادقی قوتبزادە بە گوێیدا چرپاندم: "جەعفەر... زوو بگەڕێوە و ئەگەر شتێکیش ڕووی دا، هیچ هەوڵ مەدە خۆت تێکەڵ بکەیت!" دەبوو بمزانیایە کە کۆتایی بە ژیانی دیلەکان دێت، بەڵام ئەگەر مەبەست تەنها کوشتنیان با، خۆ دەکرا کارەکە بخرێتە ئەستۆی هاوڕێکانی من، یاخود ئەبوشەریف بە تەنیا دەیتوانی ئەم کارە بکات، کەواتە شتێک لەئارادا هەبوو؛ گەلێک دواتر ئەبوشەریف بۆی گێڕامەوە، هەڵبەت ئەوەیش کاتێک بوو کە ئەویش لە دامودەزگا دوور خرابووەوە و هەڵاتبوو. لەبەر ئەوەی لێرەبەدوا ئیدی دیلەکان هیچ باسێکیان لەم بیرەوەرییانەی مندا نابێت، با هەر لێرەدا لە زمانی ئەبوشەریفەوە بیگێڕمەوە کە هەمان شەو کاتێک دیلەکانیان لە هاوڕێکانی من وەرگرتن و ئێمە لەو خانووە دەرچووین، نوێنەرەکانی خومەینی تا نیوەشەو دەوەستن، ئینجا سەرەڕای هەبوونی قەدەغەی هاتوچۆش، دیلەکان دەگوازنەوە گۆڕەپانی ئەسپسواریی فەرەحئاوا و بەپێی شانۆییەک دەست و قاچیان دەکەنەوە و بەرەڵایان دەکەن و بەڵێنیان لێ وەردەگرن کە باسی ڕووداوەکان بۆ کەس نەکەن. پاشان کە خەریکی ڕۆیشتن دەبن،

لە پشتەوە دەیاندەنە بەر ڕێژنەی گوللە و هەرشەش کەسیان دەکوژن. ئەم گوللەبارانە بە دەستی ئاخوندەکان دەکرێت، بەڵام گوللەی کۆتایی بە دەستی عەلمانییەکان لە نێوچەوانیان دەدرێت و دیار نییە کێ و چۆن بەو تاریکەشەوە وێنەی کوشتارەکە دەگرێت؛ وێنەیەک کە دواتر بڵاو کرانەوە و بوونە هۆکارێک بۆ گوشار خستنە سەر لایەنگرەکانی بازرگان، واتە یەزدی و موعینفەڕ و میناچی و هاشم سەباغیان!

لاشەی ٦ دیلە کوژراوەکە، سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر و دوای ڕووداوەکەی دۆشان تەپە، وەک یەکەمین شەهیدی دەستی لەشکری تایبەتی شا، بە ناو شەقامەکانی تاراندا دەگێڕرێن، کە ئەمەیش بە تەواوەتی تارانی شڵەژاند!

بە هەرحاڵ، ئەو ڕۆژە دوای ئەوەی هاوڕێکانی خۆم، واتە چایچی، ئەحمەدی، نەعمانی، تەقەوی نیا و سەودابەم بانگ کردن و ڕاسپاردە نوێیەکەم پێ ڕاگەیاندن، هەم دیلەکان و هەم خانووەکەمان ڕادەستی نوێنەرەکانی خومەینی کرد و جگە لە بێتەلی گەورە و چەکە ئەمەریکییەکان، هەموو ئەو شتانەی ترم کە بۆ ئۆپەراسیۆنەکەمان هێنابوون، ڕادەستی سەودابە کرد تا هەرچۆنێک بووە بیانگەیەنێتە دەستی کۆلۆنێل بەیکەر. بەم جۆرەیش پێش سەعات ٨:٠٠ی ئێوارە، هەموومان پێکەوە ئەرکە نوێیەکەمان لای خومەینی، کە زۆریش نیگەران بوو، دەست پێ کرد. ئەمەیش کاتێک بوو کە تەلەڤیزیۆن فیلمی هاتنەوەی خومەینیی پیشان دەدا و پیرەمێرد دەرکەی لەسەر خۆی داخستبوو و سەیری فیلمەکەی خۆی دەکرد! ٤ ڕۆژی ڕەبەقی دوای ئەو کارەساتە، من بەردەوام لە لای خومەینی بووم و هیچ ئاگام لە دەرەوە نەبوو و نەمدەزانی چی دەگوزەرێت. ئەوەی دەگەیشتە من و کۆماندۆکانم، یان هەواڵە تایبەتەکان بوون لەمەڕ سەرکەوتنی شۆڕش، تا ڕاپۆرت و هەواڵی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بوو، کە من هیچ دەرفەتی بینینیانیشم نەبوو. بە هەرحاڵ، هەر لەم ٤ ڕۆژەدا بوو کە شۆڕش سەرکەوت، حکومەتی بەختیار شکستی هێنا و دەورانی حکومەتی خومەینی و دەستوپێوەندەکانی دەستی پێ کرد. ئەوەی ڕواڵەتی دەرەوەی شۆڕش پێک دەهێنێت، هەر ئەوەیە کە هەموان لێی ئاگادارن، جگە لە من و کەسانێکی وەک من کە لە پاڵ دەستی خومەینیدا بووین. بەڵام لەو ڕۆژانەیشدا هەندێک ڕووداوی تر هەر لە پاڵ دەستی خومەینیدا ڕوویان دەدا، کە بە تەنها ئێمە ئاگاداریان بووین و کەسی تر نەیاندەزانی. بە ڕای من نهێنییەکانی شۆڕش لێرەوە بوون، نەک ئەوەی کە خەڵک لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆنەکانەوە دەیانبیست و دەیانبینی. بۆ ئەوەی نموونەیەکی ڕۆشنتر بە دەستەوە بدەم، باشترە باسی شتێک بکەم: هەمان شەو کە ئێمە خانووەکەی تارانی نوێمان ڕادەست کرد و گواستمانەوە لای خومەینی و دوای پیشاندانی فیلمەکەی هاتنەوەی خومەینی، ڕووداوەکەی هێزی ئاسمانی ڕووی دا. هومافەڕەکان ڕاچەنین، لەگەڵ لەشکری تایبەت ڕووبەڕوو بوونەوە و پێکیاندا دا و سەرئەنجام توانییان دەرکەی جبەخانەکە بشکێنن و ئیدی چەک کەوتە دەستی جەماوەر. ئەمە ڕواڵەتە دەرەکییەکە بوو،

بەیانییەکەی، سەعات ١٠:٠٠ بوو کە سەرهەنگ تەوەکلی منی بردە گۆشەیەک و گوتی هەر جۆرێک بکرێت، هەواڵ بدە بە ئیمام کە بۆ چەند ساتێک تەشریف بهێنێتە ئەندەروونی، واتە حەرەمسەرا. ئەو کاتە خومەینی لەگەڵ هەندێک لە نوێنەرەکانی مەجلیسی شادا کۆ بووبووە کە هاتبوونە سەردانیکردنی. لەو جۆرە کاتانەدا، کاتێک من یان نزیکەکانی دیکەی خومەینی دەچووینە ژوورەوە، خومەینی هەر وا کە قسەی دەکرد یان گوێی لە قسەی میوانەکانی دەگرت، دەستی دەخستە سەر گوێی ڕاستەی و ئەمەیش واتە مۆڵەتی داوە بڕۆمە لای و قسەکە بە گوێیدا بچرپێنم. خۆ ئەگەر وای نەکردبا، ئەوا دەبوو هەر وا چاوەڕوان بین و بوەستین. منیش بۆ ڕاگەیاندنی پەیامەکەی سەرهەنگ تەوەکلی وەژوور کەوتم، بەڵام خومەینی دەستی بۆ گوێی نەبرد و منیش بە ناچار هاتمە دەرەوە. سەرهەنگ تەوەکلی گورج پرسیی: "چی بوو؟" گوتم: "هیچ، ئیمام سەرقاڵە." گوتی: "هەرچۆنێک بووە بگەرە لای و بە ناونیشانی 'مالک ئەشتەر' پێی بڵێ." دووبارە چوومەوە ژوورەوە، کە ئەم جارە بینیمی، دەستی خستە لای گوێی، منیش لێی نزیک کەوتمەوە و گوتم: "سەرهەنگ تەوەکلی بە ناوی 'مالک ئەشتەر' داوا دەکات کە حەزرەتی ئیمام چەند خولەکێک تەشریف بەرنە حەرەمسەرا." خومەینی سەری وەرگێڕا و لە ژێر لێوەوە گوتی: "باشە، کەمێکی دی."

دوای چەند خولەکێک، خومەینی و سەید ئەحمەد لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە و پێکەوە چووینە حەرەمخانە. سەرهەنگ تەوەکلی کە لەوێ چاوەڕوان بوو، ٣ بۆ ٤ خولەکێک بە چپە قسەی لەگەڵ خومەینیدا کرد و پاشان هەموومان چووینە ژوورێکی ترەوە، ئەمەیش یەکێکی دی بوو لەو کاتانەی کە منی تووشی سەرسووڕمان دەکرد؛ بە منیان گوتبوو کە بێجگە لە ئەندامانی خێزان و کەسە زۆر نزیکەکانی خومەینی، هیچ کەسی تر بۆی نەبوو پێ بخاتە ناو حەرەمخانەوە، بۆ نموونە کەسانێکی وەک بازرگان و بەهەشتی و مونتەزیری و موفەتیح و موتەهەری، هیچ کات نەدەچوونە ناو حەرەمخانەی تایبەتی خومەینییەوە، کەچی ئێستا من دۆریان مەکگرەیم بینی کە لە تەنیشت کۆلۆنێل بەیکەر و ژەنەڕاڵێکی هێزی ئاسمانی، کە لەوێ دانیشتبوون و لە بەر خومەینی هەستانە سەر پێ! خومەینی تەوقەی لەگەڵ دۆریان و پاشان کۆلۆنێل بەیکەردا کرد، شتێک کە هیچ کات لێم نەبینیبوو. بەڵام کاتێک ڕووی کردە ژەنەڕاڵە ئێرانییەکە، گورج کابرای ٣ ئەستێرە چۆکی دادا و کەوتە سەر قاچەکانی خومەینی، سەرەتا قاچی و پاشان دەستی ماچ کردن؛ خومەینی کە شاگەشکە بوو، دوای چەند چرکەیەک دەستی خستە ژێر شانی ژەنەڕاڵەکەی هێزی ئاسمانی و بەرزی کردەوە و لە حاڵێکدا کەوتبووە دۆخی مۆنیی جارانی و نیشانەی پێکەنینەکەی بە ڕوخساریەوە نەمابوو، گوتی: "سوپاس بەڕێز سپابۆد ئازەربەرزین، هەقی تەعالا پشتوپەنای موسڵمانێکی ئیمانداری وەک تۆ بێت، ئەم سەرکەوتنەی ڕۆژی خوا ئەنجامی خزمەتە دڵسۆزانەکانی ئێوەیە بە ئیسلام."

نیو سەعات زیاتر خومەینی و کۆلۆنێل بەیکەر و سپابۆد ئازەربەرزین پێکەوە قسەیان کرد و پاشان دۆریان چەکێکی دایە دەستی خومەینی و ئەویش هەندێک نزای پێدا خوێند و دایە دەستی ژەنەڕاڵ ئازەربەرزین. دواتر دۆریان پێی گوتم کە چەکەکە بە بڕی میلیۆنێک دۆلار بووە. من پێشتریش باسی ئەم سپابۆد ئازەربەرزینەم کردووە کە کاتێک لە نوفێل لوشاتوو بووین و بۆ ئامادەکاریی هومافەڕەکان چ سوودێکمان لێ برد. کاتێک ئەوان خەریکی قسەکردن بوون، من بۆ چرکەساتێکیش نەمدەتوانی بیر لە چارەنووسی خۆم و بەراوردی لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە نەکەمەوە؛ ئەو تاوانگەلەی کە لەم ٢ ساڵەدا ئەنجامم دابوون، کەم نەبوون، من تێکەڵی تاوانی دزی و داگیرکردنی سامانی خەڵک و ئەشکەنجە و دەستدرێژی و کوشتن بووبووم، ئێ بەڵام خۆ من خوێندەوار نەبووم... من لە ئەرتەشی شادا نەگەیشتبوومە پلەی ژەنەڕاڵی، من لە بەستێنێکی ئایینیدا گەورە بووبووم، گوندی بووم، بەچکە قەسابێک بووم، عەوداڵی پارە و سامان بووم و مێشکیشم کراوە نەبوو، بەڵام ئەم جەنابی سپابۆدە چی؟ خۆ ئەو خوێندبووی، پارەی هەبوو، پلەی هەبوو، دەسەڵاتی هەبوو، ئەی ئەو بۆچی دەبێت لە من خراپتر و تاوانبارتر بێت؟ هەر بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک بکرێتە سەرۆکی هێزی ئاسمانیی خومەینی و دواتر هەڵبێت و لە دەرەوەیش ببێتە دەڵاڵی چەک بۆ ئیمام؟ هاوشێوەکانی ئازەربەرزین زۆر بوون: سیناتۆرەکان، نوێنەرەکانی مەجلیس، مافناس و پارێزەرەکان، ژەنەڕاڵەکان، بازرگان و گەلێک کەسی تریش کە بەردەوام بە دزییەوە دەهاتن و ئەگەر ئەمەیان میلیۆنێک دۆلاری وەرگرت، ئەوان تەنانەت پارەیشیان دەدا. هەر ٢ یان ٣ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی لەسەر سفرەی شیو، لە ڕاپۆرتێکدا بە خومەینیی گوت کە لەو دوو سێ ڕۆژەدا 386 میلیۆن پارەی کاش لە لایەن بازرگانەکانی تارانەوە دابین کراوە؛ 386 میلیۆن پارە بۆ ئیمام، ئەویش بە ماوەی دوو سێ ڕۆژ، ئەمەش ڕێک لە کاتێکدا بوو کە بە قسەی سەید مەحموودی دوعایی، خومەینی کرێخانووی ١٨ مانگی لە نەجەف نەدابوو. کاتێک خومەینیم بەڕێ دەکرد بۆ دەرەوەی حەرەمسەرا تا چاوی بە بەهەشتی و موجتەهیدی شەبستەری و فەلسەفی و واعیزی بکەوێت، بە گوێیدا چرپاندم: "سەید ئەحمەد ئیشێکی پێتە، با کەس نەزانێت، ئیشەکەی بۆ بکە." ڕاسپاردەکەی خومەینی، سەرلەنوێ لەو دنیا خەیاڵاوییە ئاڵۆزەی دەرهێنام و دڵی خۆش کردمەوە. شۆڕش سەرکەوتبوو، خومەینی ئیمامی مەزن بوو و سەید ئەحمەد جێگرەوە و هەمەکارەی ئەو. هەرچی کار و بەرنامەی خومەینی هەبوو هەر ئەو دای دەنان و زۆر بە ئاسانی هەر خۆی دەیتوانی هەر ئەرکێکم پێ بسپێرێت و بۆ هەر کارێکیش ڕاستەوخۆ بە خۆم بڵێت. کەواتە، مادەم پەنای هێناوەتە باوکی، ئەوا هەم ئیشەکە دەبێت زۆر زۆر گرنگ بێت و هەم منیش بوومەتە کەسێکی گرنگ و بەرچاو. هەموان بارودۆخی وڵاتیان لەو ڕۆژانەدا لە بیرە، هەموو شتێک ئاڵۆز و تێکشێواو بوو. هەر لەو کاتەوە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بە فەرمانی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی کەوتە دەستی شۆڕشگێڕەکان، گورج ٤ باڵ لە دەوروبەری خومەینی دروست بوو و ئیدی هەر لەو چرکەساتەوە چاوچنۆکی و ڕق و کینە، تێکدەری و هەوڵی

وەدەستهێنانی پلە و دەسەڵات و سامان دەستی پێ کرد. بە کاتی خۆی باسی ئەم باڵباڵێن و ناکۆکییانە دەکەم، بەڵام لێرەدا دەبێت بڵێم کە ئەو ڕۆژانە، گەرچی سەرچاوەی هەموو هەواڵەکان هەر خومەینی بوو و سەرجەم فەرمانەکانیش هەر لەوێ و لە لایەن خۆیەوە دەردەکران، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە کە لە لای بووین، کەمتر ئاگاداری ڕووداوەکان دەبووین، هەر کەس لە شارەکاندا هەرچی خۆی بیویستایە وای دەکرد و لەبەر ئەوەی بە جۆرێک پەیوەست بوو بە خومەینی و بە ئاڕاستەی شۆڕشەکەی ئەو بوو، ئەویش دوای ئەنجامدان یان ڕوودانی شتەکان، پەسەندی دەکردن. ئەم سیاسەت و ئاڕاستەیە کە هێڵە سەرەکییەکانی لە نوفێل لوشاتوو و لە کۆبوونەوەکەی کلارک و تامسۆن و دۆریان مەکگرەی و ساندەرزی ئینگلیزی داڕێژرابوون، ڕێگەی بۆ هەر جۆرە توندوتیژییەک کردبووەوە کە خۆیان ناویان لێ نابوو ڕق و تووڕەیی شۆڕشگێڕانە. لەم پلانەدا پێشبینیی ١ میلیۆن کوژراو کرابوو!

بە هەرحاڵ، ئەو ڕۆژە هێندە گرفتار و سەرقاڵ بووین کە من و سەید ئەحمەد دەرفەتی دانیشتنمان بۆ نەڕەخسا. شەوەکەی، سەعات ١١:٣٠ خولەک هەموومان بۆ خواردنی شیو چووینە حەرەمخانە، یەزدی و قوتبزادەیش هاتبوون. شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی کە زاوای خومەینی بوو، ڕاپۆرتێکی لەمەڕ ئەو پارەیە دایە خومەینی کە دەستیان کەوتبوون. قوتبزادە داوای لە خومەینی کرد کە منیش لەگەڵ خۆی بەرێتە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، بەڵام خومەینی داواکارییەکەی ڕەت کردەوە و گوتی: "ئەم جەعفەرە دەستەڕاستی منە و دەبێت هەر لێرە لای خۆم بمێنێتەوە." ئەمە یەکەمین دژایەتیی خومەینی بوو لەگەڵ قوتبزادە و منیش پێی دڵخۆش بووم، بەڵام دواتر دۆریان و قوتبزادە بۆیان گێڕامەوە کە بە ئەنقەست ئەو داواکارییەیان داوەتێ تا بزانن خومەینی تا چ ڕادەیەک متمانەی بە من هەیە. بڕیارمان وا بوو، ئەو شەوە دوای ٤ بەیانیی ئیشوکاری بەردەوام، من و دۆریان بۆ پشوودان بچینەوە ماڵەکەی ئەو، هەر بۆیە کە سەعات ٢:٠٠ی نیوەشەو سەید ئەحمەد پێی گوتم: "تۆ کەمێک بمێنەوە، ئیشێکم پێتە." دۆریانیش گوتی: "ئێ منیش دەمێنمەوە تا تۆ ئیشەکەت تەواو دەبێت." ئیتر قوتبزادە و یەزدی و ئەوانی دی ڕۆیشتن، دۆریان چووە ژوورێکی دی و من و سەید ئەحمەد بە تەنیا ماینەوە. عابا و مێزەرەکەی خۆی فڕێ دایە گۆشەیەک و دەستی کردە گێڕانەوەی بیرەوەرییە خۆشەکانی پاریس، کتوپڕ وەستا و دواییش گوتی: "ئەرێ تۆ ئەم کابرا کەنەداییە، ڕاجێر جۆنز دەناسیت؟" گوتم: "نا..." گوتی: "ئەو کوڕە باڵابەرزە قژ بۆرە کە لە نوفێل لوشاتوویش لەگەڵمان بوو و بە فڕۆکەکەی خۆیشمان لەگەڵمان هات بۆ تاران. گوتم: "خۆتان دەزانن کە من تێکەڵی ئەم کارانە نابم، بەڵام... ئەگەر بیبینم لەوانەیە بیناسمەوە." سەید ئەحمەد لەسەر جێگە تایبەتەکەی باوکی دانیشت و گوتی: "دڵنیام کە دەیناسیت، چونکە چەند جارێک بینیومە پێک هەڵشاخاون، لێرەیش و لە نوفێل لوشاتوویش، لەسەر وێنەگرتن و ئەم جۆرە شتانە." گوتم: "نازانم... من ناوی ئەمانەم لە بەر نییە." سەید ئەحمەد گوتی: "بڕوانە... ئەم شتەی بۆتی باس دەکەم، بابەتێکی خێزانییە و جگە لە من و باوکم و تۆ، کەسی تر ئاگای لێ نییە، هەر بۆیە زۆر

پێویستە و دەبێت تا کۆتاییش هەر وا بمێنێتەوە و کەس پێی نەزانێت." گوتم: "وابزانم لەم ماوەیەدا نهێنیپارێزیی خۆمم سەلماندووە." سەید ئەحمەد پێکەنیی و گوتی: "هەر ئەوەیش وای کرد کە حەزرەتی ئیمام بڵێت ئەم کارە تەنها بە بەڕێز جەعفەر دەکرێت." گوتم: "لە خزمەتتدام." سەید ئەحمەد کە پچڕ پچڕ قسەی دەکرد، گوتی: "هەروەک گوتم، ئەمە بابەتێکی خێزانیی تایبەتە، بەڵام دەتوانێت بیانوویەک بداتە دەستی ناحەزانی ئیمام، هەر بۆیە دەبێت بە جۆرێکی زۆر بێدەنگ و نهێنی کارەکە بکرێت. ڕاستییەکەی، دوای ئەو ڕووداوەی ئەپارتمانەکەی شەقامی فۆش کە کێشرایە پۆلیس و زیندانیکردنمان، فاتی (فاتمە تەباتەبایی، خوشکی سادق تەباتەبایی و هاوسەری سەید ئەحمەد) کەوتووە بە ڕقدا و هێشتایش لەگەڵم ئاشت نەبووەتەوە، لەبەر ئەوەی کە ژنە و عەقڵی ناتەواوە، لەوانەیە بکەوێتە بیری تۆڵەسەندنەوە یان ترساندنی من و باوکم... چۆنچۆنی بیڵێم... کاکە ئەم کابرا نامەردە، ڕاجێر جۆنز عاشقی فاتی بووە و ئەمەیش هەموومانی بێزار کردووە، هەڵبەت فاتی هیچ گرنگییەک بەو کابرایە نادات! بەڵام... ئێ... باشترە بیرێکی لێ بکەینەوە و بە جۆرێک خۆمان لەم دەردیسەرییە ڕزگار بکەین. گوتم: "ئەها! ئێستە ناسیمەوە، ئەو پێکهەڵشاخانەی منیش هەر بۆ ئەو بوون... کاتی خۆی لە پاریس کە خاتوون لەگەڵ فیروزەی کچی بەنی سەدر و کچەکەی سەید مەهدی ڕۆحانی سەردانی بازاڕیان کردبوو، ئەم کابرایەیش دوایان کەوتبوو، هەر ئەو کاتە ئیقبال ئەحمەد پێی گوتم کە چاوم لەسەر ئەم کابرایە بێت." سەید ئەحمەد کە دیار بوو بۆ یەکەم جارە گوێی لەم قسەیە بێت، گوتی: "بە هەرحاڵ، من و باوکم بڕیارمان داوە هەر جۆرێک بێت ئەم کابرایە لەسەر ڕێمان لا بدەین. گوتم: "ئێ ئەم کابرایە ٢ مانگ زیاترە لای ئێمە دەخوات و دەخەوێت، دەرکردنی ئاستەم نییە، هەروەک ئەو حەوت هەشت هەزار ئەفغانییەی کە دەرکران، دەکرێت ئەمیش دوای تێهەڵدانێک دەربکەین." سەید ئەحمەد گورج هەڵی دایە: "نا... هەموو ڕێگەیەکمان لەبەرچاو گرتووە و هیچیان بە کەڵک نایەن، تاکە ڕێگە لەنێوبردنیەتی و هیچی دی." گوتم: "مۆڵەت بدە من ئەمشەو بیرێکی لێ بکەمەوە، با ڕێگەیەکی بۆ بدۆزمەوە، هات و توانیمان بەبێ ئەوەی دەستمان بچێتە خوێنی ئەم کابرایە، بە جۆرێک لێرە لە ناوی بەرین و کۆتایی پێ بهێنین." ئەمەم گوت و هەستامەوە، چونکە دەمزانی دۆریان دەمێکە چاوەڕوانە. کاتی ماڵئاوایی، سەید ئەحمەد پاکەتێکی زەردی دایە دەستم کە دڵنیا بووم وەک جاران هەندێک پارەی تێدایە... بۆ من؛ ئەوان زۆر باش خاڵی لاوازی منیان دۆزیبووەوە!

هەر لەگەڵ سەرکەوتین و سەیارەکەم پێ کرد، دۆریان گوتی: "ئەوە چییە... بۆچی دیسان داگیراویت... دووبارە کوشتنی کەسێکیان پێ ڕاسپاردوویت؟" گوتم: "تۆ چۆن دەزانی؟" گوتی: "ئەوەی ڕاستی بێت نازانم، بەڵام هەڵسوکەوتە تووڕەکانت وام پێ دەڵێن، ئێ ئەم پاکەتەش دەبێت پارە بێت، وا نییە؟" پاشان هەروەک جاران قاقایەکی لێ دایەوە و درێژەی دایە: "ئەگەر وادەزانیت شتێکە و دەبێت بە منی بڵێیت، زوو پێم بڵێ، چونکە ئەگەر بگەینە ماڵەوە قوتبزادە لەوێ دەبێت و لەوانەیە نەتوانین لای ئەو قسە بکەین." گوتم: "ئێ خۆ قوتبزادە ماڵئاوایی لێ کردین و ڕۆیشت!"

گوتی: "بەڵێ وایە، بەڵام بڕیارە ئەمشەو کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵیمان هەبێت." گوتم: "بەیانی کە بەیکەر و ئازەربەرزین ڕۆیشتن، خومەینی پێی گوتم سەید ئەحمەد ئیشێکی تایبەتی پێت هەیە، بۆی ئەنجام بدە. ئێستاش جەنابی کوڕی فەرمانی کردووە پەیامنێرێکی کەنەدایی بکوژم." دۆریان بە سەرسامییەوە پرسیی: "ڕاجێر جۆنز؟!" گوتم: "بەڵێ ئەو، بەڵام تۆ چۆن دەزانیت؟" دۆریان کە بە جۆرێکی سەیر سەری خۆی دەجووڵاند، گوتی: "من هەر لە پاریسەوە ئاگاداری پەیوەندیی ژنەکەی سەید ئەحمەدم لەگەڵ ئەودا، پاش ئەو گەندەڵکارییەی ئەپارتمانی فۆش، خوشکەکەی ئیمام مووسا سەدر کە دەکاتە پووری فاتی، لەسەر کێشەکەی ئیمام مووسا و ئەوەی کە گوایە سەید مەهدی ڕۆحانی گوتبووی خومەینی و سەید ئەحمەد دەستیان لەگەڵ قەزافیدا تێکەڵ کردووە بۆ کوشتنی ئیمام مووسا، فاتیی هان داوە داوای جیابوونەوە بکات و تۆڵەیان لێ بکاتەوە، ئێ ڕاجێری جوانکەلەش دەکەوێتە داویان، بەڵام تۆ ئاگادار بە... نابێت وەک ئێوەی ئێرانی دەڵێن، 'یەک تاڵە موو لە سەری ڕاجێر کەم ببێتەوە'، من خۆم کارێک دەکەم کە تا سبەیئێوارە ئەو لە ئێراندا نەمێنێت!" ئیدی نۆرەی سەرسوورمانی من بوو، بۆیە بە هەمان سەرسوورمانەوە لێیم پرسی: "کەواتە، ئایا ڕاجێر پەیوەندیی بە تۆیشەوە هەبوو؟!" گوتی: "بڕوانە جەعفەر... ڕاجێر جۆنز نە پەیامنێرە و نە خەڵکی کەنەدایش، ئەو یەکێکە لە پیاوەکانی سی ئای ئەی و پلانی کوشتنیشی هیچ پەیوەندییەکی بە باسی خۆی و فاتییەوە نییە، هاوکێشەکە لە شوێنێکی ترەوە ئاڕاستە دەکرێت؛ ئەم فەقیرە جارێکی تریش لە چیکۆسلۆڤاکیادا هێندەی نەمابوو بکوژرێت، لەوێیش بە فریای گەیشتین و ڕزگارمان کرد. ئینجا دەمەوێت شتێکی دیت پێ بڵێم، کە دەیشزانم بڕوای پێ ناکەیت و گرنگیش نییە بڕوا بکەیت یان نا... بەڵام دەبێت زۆر زۆر ئاگاداری ئەوەیش بیت." گوتم: "لەم ماوەیەدا هێندە شتی سەیر سەیرم بینیون، کە ئیدی بڕوا بە هەموو شتێک دەکەم، تەنانەت گەر ئێستا پێم بڵێیت کە تۆ ژن نیت و پیاویت!" دۆریان گوتی: "تەنها دەتوانم هێندەت پێ بڵێم کە دەبێت زۆر بە وردی و بە وریاییەوە چاوێکت لە پەیوەندیی تایبەتی خومەینی بێت لەگەڵ ئەم خاتوو فاتییەدا، هۆکارەکەیت دواتر پێ دەڵێم. بە هەرحاڵ، سبەینێ پێت دەڵێم دەبێت چی بکەیت و چۆن بکەیت تا هەم متمانەی خومەینی و سەید ئەحمەد لە دەست نەدەیت، هەم ڕاجێر جۆنز بتوانێت دەربچێت. ئیتر دەستی برد بۆ پاکەتەکە و گوتی: "با بزانم نرخی سەری ڕاجێری چارەڕەش چەندە..." پاکەتەکەی کردەوە و گورج گوتی: "هەر لێرە ڕای بگرە..." لە ڕۆخی جادەی کۆنی شەمیران، بەرانبەر وەزارەتی تەندروستی ڕام گرت. پاکەتەکەی لای سەید ئەحمەد ٢ شەدە ١٠٠٠ تمەنیی تێدا بوو، کە دەیکردە ٣٠٠،٠٠٠ هەزار تمەن. وێنەیەکی منیشی تێدا بوو کە تێیدا خەریکی ئەشکەنجەدانی کچێکی نیوەڕووت بووم لە ژووری لێپێچینەوە لە تەرابلۆس، چاپچییش لە وێنەکەدا دیار بوو. دۆریان وێنەکەی لێ وەرگرتمەوە و بە ئینگلیزی شتێکی گوت، کە من لێی تێنەگەیشتم، بەڵام کە دواتر بە فارسی گوتی: "سەگبابینە!" زانیم کە ئینگلیزییەکەیش هەر دەبێت ئاوا جنێوێک بووبێت.

من ئەو شەوە لە واتای ئاگرگرتن و هاربوون تێگەیشتم... هاوارم دەکرد و باسی تۆڵەسەندنەوەم دەکرد... زۆر بە ڕاشکاوی بە دۆریانم گوت: "هەر خۆیان فێری کوشتنیان کردم، ئێ ئێستایش نۆرەی خۆیانە، دەیانکوژم و دەڕۆم!" دۆریان هەوڵی دەدا هێورم بکاتەوە، دەیگوت: "ئێستا کە ئەوان نامەردییان کردووە، تۆ جارێ واز بهێنە تا دەرفەتت بۆ دەڕەخسێت و بە کاتی خۆی تۆڵەیان لێ دەکەیتەوە."

بە درێژایی ئەو شەوە و لە هەموو گفتوگۆکانمان لەگەڵ دۆریان و قوتبزادەدا، هەر بیرم بەلای خۆم و ئەو کارەوە بوو، بەڵام ڕاستییەکەی دەشمزانی هیچم لە دەست نایەت. دەردەدڵەکانی قوتبزادە جۆرێکی دی بوون، زۆر بە ڕاشکاوی بە دۆریانی گوت: "من بۆیە هاتوومەتەوە ببمە سەرۆککۆمار، کەچی ئێستا بەسترامەتەوە بە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە. ئەم پیرەمێردەیش هەر خەریکی فەرمان دەرکردنە، ئەوانی دییش هەموویان دەیانەوێت ئەم هێلانە زەردەواڵەیە تێک بدەن. کۆمۆنیستەکان چواردەوری خومەینییان گرتووە، دەبێت شتێک بکەین... من لە ڕێی ئەو بڵاوکراوانەوە ئەمە تێگەیشتم کە لە نووسینگەی خومەینییەوە دەردەچن... لە تەلەڤیزیۆنیشدا من تەنیام... هەر کەس بۆ خۆی تاقمێکی دروست کردووە، کەچی من جگە لە تۆ و جەعفەر و براکەم، کەسی ترم نییە!" دۆریان گوتی: "تا من و جەعفەر لێرەین، تۆ خەمی هیچت نەبێت. ئەوەیش بزانە کە تۆ لە پێگەیەکی کاریدایت کە هەر هەموویان بە چەپ و ڕاستەوە، پێویستییان پێت هەیە. تۆ ئەو شتە خراپانەی پاریس کە نەدەبوو بیانکەی، دەتکردن و لێرە دەبێت ئەوانە بکەیت، کەچی نایکەیت! توند خۆت ڕابگرە... خۆت لە هەموان بە بەرزتر بزانە، هەڵبەت تا کاتێک کە بارودۆخەکە ئاوا ئاڵۆز و شڵەژاوە، با جارێکی دی پێت بڵێمەوە کە ئەم بارودۆخە زۆر ناخایەنێت."

قسەکانی دیکەیش هەر لەو پەیوەندییەدا بوون و زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوون. سەرئەنجام هەموومان سەعات ٥:٠٠ی بەیانی نوستین، بۆ ئەوە سەعات ٦:٠٠ هەستینەوە. بەیانییەکەی، کاتێک بەرەو نشینگەکەی خومەینی بەڕێ کەوتین، دۆریان گوتی دەبێت لای ئەوان ڕازی ببم بە کوشتنی ڕاجێر جۆنز... دەبێت بهێڵم خۆیان سەرجەم پلانەکان دابڕێژن و لەمەڕ وێنەکەی خۆیشم هیچ نەڵێم و گلەیی نەکەم.

کاتێک گەیشتین، هێشتا خومەینی لە حەرەمسەراکەی بوو، بە جۆرە نەرمییەکەوە گوتی پێویستە وا بکەن کە من هەر لەوێ بمێنمەوە و ئیدی ئەو هەموو هاتوچۆیە نەکەم. سەید ئەحمەد، کاتێک منی بینی، بە بیانوویەک باسەکەی کردەوە و کاتێکیش تەنیا ماینەوە، پرسیی: "ئێ چی بوو، بڕیارت دا؟"

گوتم: "پێویستی بە بیرکردنەوە و بڕیاردان نەدەکرد، هەر دەمویست کەمێک بیری لێ بکەمەوە تا بزانم چۆن کارەکە ئەنجام بدرێت باشتر بێت. بە سەرنجدانە ناشارەزایی منیش لەم شاری تارانە، وای بە باشتر دەزانم کەسێک، هەر کەس ئێوە پێتان باش بێت، لەم کارەدا یارمەتیم بدات تا

سەرەتا پلانەکەی دابڕێژین و پاشان هەوڵی کرداریی بۆ بدەین." سەید ئەحمەد گوتی: "ئەمشەو باسی دەکەین، بەڵام ئاگادار بە کە خوانەکردە خاتوو مەککگرەی بەم شتە نەزانێت." گوتم: "باشە... بەڵام گلەییەکیشم لەمەڕ وێنەکە هەبوو؛ هەموان دەزانن کە ئەم کارانەی من لەپێناو شۆڕشدا بووە، منیش کەسێک نیم پێگەم هەبێت و بکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی، بەڵام ئەم جۆرە شتانە ئەوە دەخەنە مێشکی مرۆڤەوە تا بیر بکاتەوە کە ئایا چەندە جێی متمانەیە و چەندە دەبێت متمانە بکات." سەید ئەحمەد بە پێکەنینەوە دەستێکی لە پشتم دا و گوتی: "متمانەیەک کە ئیمام بە تۆی هەیە، بە منی نییە کە کوڕی ئەوم!"

بە هەرحاڵ، بڕیارمان دا شەو پێکەوە پلانی کوشتنەکەی ڕاجێر جۆنز دابڕێژین.

یەکێک بوو لەو ڕۆژە ئاڵۆز و پڕ هاتوهاوارانە، خومەینییش لە گفتوگۆیەکی بازرگان زۆر تووڕە بوو، بە تەلەفۆن خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیدا، کە لەناکاو دکتۆر ئیبراهیم یەزدی بە سەروڕووی خوێناوییەوە لەگەڵ دکتۆر حاجی سەید جەوادی و ئەسەدوڵڵا موبەشیری خۆیان بە ژووردا کرد. یەکەم جار بوو ببینم خومەینی ئاوا تووڕە و تۆسنە. پرسیی: "چی ڕووی داوە؟" ئەسەدوڵڵا موبەشیری گوتی کە ٢ لە ژەنەڕاڵەکان، واتە نادر جەهانبانی و مەنوچەر خوسرەوداد لە کاتی لێپرسینەوەدا بە دەست و قاچی بەستراوەوە هێرشیان هێناوەتە سەر یەزدی، ئەو کورسییەی پێوەی بەستراونەتەوە دەشکێت و یەزدییش ئاوا بریندار دەکەن. خومەینی بە بیستنی ئەم هەواڵە تووڕە بوو و بە دەنگی بەرز قیڕاندی: "ئەم سادقە شێتە لە کوێیە؟! لە هەر کوێیەک بێت بۆمی بدۆزنەوە و بیهێننە ئێرە." هەمووومان دەمانزانی کە مەبەست لە "سادقە شێت"، هەمان شێخ سادقی خەڵخاڵییە کە بە هۆی دۆستایەتی و نزیکایەتیی لەگەڵ مستەفای کوڕی خومەینیدا، وەک کوڕی ئەوانی لێ هاتبوو. چەند خولەکێک دواتر، شێخ سادق هاتە ژوورەوە.

خومەینی پێی گوت: "هەر ئێستا دادگای شەرعی دادەنێیت و بەپێی یاساکانی ئیسلام، حوکم دەدەیت. دەمەوێت پێش ئاوابوونی هەتاو ئەنجامی حوکمەکەت ببینم... تا خوێن نەڕێژرێت، ئەم شۆڕشە سەرناگرێت." خەڵخاڵی داوای کرد چەند خولەکێک بە تەنیا قسەی لەگەڵ بکات و ڕێنمایی تایبەتی لێ وەربگرێت. گورج هەمووومان ژوورەکەمان بەجێ هێشت و ئیدی خومەینی و خەڵخاڵی تا سەعات ١:٠٠ی نیوەڕۆ بە تەنیا و لە پشتەوەی دەرکەی داخراودا، کە تەنانەت سەید ئەحمەدیش بۆی نەبوو بیکاتەوە، هەر قسەیان کرد. سەعات ١:٠٠ خومەینی بانگی منی کرد و هەر چوومە ژوورەوە، گوتی: "دادگای شۆڕشی ئیسلامی لەژێر چاودێریی شێخ سادق، لەمڕۆوە دەستبەکار دەبێت... تۆیش مەچەک و بازووی منیت، هەر بۆیە پێویستە دەستەیەکی کارامە لە هاوڕێکانی لای خۆت ئامادە بکەیت کە حوکمەکانی ئیسلام لەسەر هەڵگەڕاوە و دژبەرەکانی خوا و پێغەمبەر بەڕێوە بەرن. هەر ئێستا نووسینگەکەم ڕادەسپێرم فەرمانەکەی شێخ سادقیش و تۆیش بنووسن.

له دەستی خوادا بن، ئەم شێخ سادقە وەک کوڕی خۆم وایە، دەبێت پەیمانی دۆستایەتیی لەگەڵ ببەستیت..."

بەم چەشنە، تیغەکەی شێخ سادقی خەڵخاڵی تیژ کرا و کەوتە بڕین؛ بە داخەوە، منیش و هاوڕێکانیشم بۆ ماوەیەکی زۆر هاوبەشی ئەو ستەم و تاوانکارییانە بووین.

ئەو ڕۆژە ڕووداوێکی سەرنجراکێش ڕووی نەدا، یاخود ڕووی دابوو و من لێی بێئاگا بووم، چونکە بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەر سەرقاڵی ئامادەکاری بووم بۆ ڕێکخستنی دەستەکە، هێندە دەزانم سەعات ٤:٠٠، دووبارە خەڵخاڵی لەگەڵ خومەینی دانیشتەوە و گوتی دادگاییکردنەکە لەو ڕۆژەدا کۆتایی نایەت و دەکەوێتە سبەینی، کە پێم وایە دەیکردە چوارشەممە؛ خومەینییش ڕەزامەندیی خۆی ڕاگەیاند. سبەینێ، دادگاییکردنەکە لە خوێندنگەی ژمارە ٢ی عەلەوی بەڕێوە چوو. یەکەمین تۆمەتبارەکان کە هێنرانە دادگا، بریتیبوون لە ژەنەڕاڵ نەسیری و سەرلەشکر خوسرەوداد و سوپاسالار ڕەحیمی، کە هاوشاریی خۆم بوو و سەرلەشکر ناجی، هەموویان لە بەردەم خەڵخاڵیدا وەستێنران. ئەوەیش ئاگرەکەی خۆش دەکرد، سەرهەنگ تەوەکلی بوو. بۆ ئەوەی ناپاکیی ئەم کابرایە باشتر پیشان بدەم، دەبێت بڵێم کە خەڵخاڵی، سەرەتا زیندانی هەتاهەتایی بەسەر ناجیدا سەپاند، بەڵام تەوەکلی هێندەی بە گوێی خومەینیدا دا، تا بە تەواوەتی تووڕەی کرد، بە جۆرێک هاواری بەسەر خەڵخاڵیدا کرد. بەم جۆرەیش ئەو شەوە لە سەربانی خوێندنگەی عەلەوی هەرچوار کەسیان، کە هەر بە ڕاستی گاڵتەیان بە مەرگ دەهات، لە بەرانبەر دەستەی ئیعدامدا کە هەمان کۆماندۆکانی لیبیا بوون، ڕیز کران و بە فەرمانی من، پێکڕا درانە بەر ڕێژنە و خەڵتانی خوێن و کەوتنە سەر خاک. بە پێچەوانەی ئەوەی کە نووسراوە، دوای ئیعدامکردنەکە، خومەینی هاتە سەر کوژراوەکان؛ ئەو و سەید ئەحمەد و دارودەستەکەیان هەر لە هەمان سەرەتای کارەکەوە لە سەربان خۆیان مەڵاس دابوو. دوای ئەوەی لە کوژرانی هەموویان دڵنیا بوونەوە، خومەینی هەر لەوێ نوێژی شوکرانەی کرد. کاتێک خومەینی و ئەوانەی دەوروبەری خەریکی نوێژی شوکرانە بوون و من و کۆماندۆکانم دەبوو چاودێر و پارێزەریان بین، بینیم جگە لە پەیامنێرەکانی هەردوو ڕۆژنامەی کەیهان و ئیلاعات، ڕۆژنامەنووسێکی بیانییش لەوێیە، ئەویش هەمان ڕاجێر جۆنز بوو کە دوای کەمێک لەگەڵ سەید ئەحمەدی خومەینی پێکەوە شوێنەکەیان بەجێ دەهێشت. هیچم لە دەست نەدەهات، هیچ ئامێرێکم لە بەردەست نەبوو تا لانیکەم دۆریان لەو ڕووداوانە ئاگادار بکەمەوە. دوای نوێژەکە، هەموومان گەڕاینەوە حەرەمخانەی خومەینی. ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار، خومەینی تا ٤:٠٠ی دەمبەیان نەخەوت و بە ناچار منیش دەبوو بێدار بمێنمەوە. سەعات ٤:٠٠ خومەینی چووە ژووری نوستن و من و سەید ئەحمەد تەنیا ماینەوە. گوتم: "هەرچەندە درەنگوەختە، بەڵام با بە بیرت بهێنمەوە کە بڕیار بوو من و تۆ ئەمشەو هەندێک قسە بکەین." سەید ئەحمەد گوتی: "بوەستە تا ئیمام بخەوێت و تۆ ئازادتر بیت. هەر لێرە

دابنیشە تا دێمەوە." هەر ٥ خولەکێکی پێ چوو کە سەید ئەحمەد گەڕایەوە و گوتی برۆین. لە حەرەمخانە هاتینە دەر و یەکسەر بەرەو خوێندنگەی ژمارە ٢ی عەلەوی بەڕێ کەوتین. ئەبوشەریف و محەمەد غەرەزی کە ئێستا وەزیری نەوتە، چاوەڕوانمان بوون، دیاریش بوو کە زۆر سەریان لێ شێواوە و ترساون؛ سەید ئەحمەد گورج لێی پرسین: "لە کوێیە؟" محەمەد غەرەزی گوتی: "تەواو بوو." سەید ئەحمەد گوتی: "یانی چی؟ چۆن تەواو بوو؟" غەرەزی گوتی: "کابرا هێزی زۆری دەکرد، خوێندنگەیش قەرەباڵغ بوو، هێندەی نەمابوو ببێتە هەرا. لەم نێوانەیشدا موتەهەری و بەهەشتی هاتن و ماوەیەک لە بەردەرکە وەستان و قسەیان کرد، بەڵام هەرچۆنێک بوو نەمانهێشت ئەو دەمی بکاتەوە و هاوار بکات، تا سەرئەنجام کۆتایی هات." سەید ئەحمەد زۆر لەسەرخۆ و بە ئارامی پرسیی: "واتە خنکا؟" ئەبوشەریف گوتی: "نەماندەویست وا بکەین، بەڵام وای لێ هات." سەید ئەحمەد خومەینی بە پێچەوانەی ترس و سەرلێشێواوییەکەی غەرەزی و ئەبوشەریف، زۆر بە ئارامی گوتی: "خنکا بە جەهەننەم... بەڕێز شەفیعزادە لە بەهەدەردانی چەند گوللەیەک ڕزگاری بوو... باشە ئێستا لاشەکەی لە کوێیە؟" غەرەزی و ئەبوشەریف کە بە هۆی قسەکانی سەید ئەحمەد ترسەکەیان شکابوو، دەستیان کردە گێڕانەوە کە لاشەکە لە دەستشۆرەکەدایە و هەوڵیان داوە کەس نزیکی شوێنەکە نەکەوێتەوە. سەید ئەحمەد پرسیی ئایا جانتای وێنەگرییەکەی یان کەلوپەلەکانی پشکێنراون؟ ئەوانیش وەڵامی نەرێیان دایەوە، هەر بۆیە گورج گوتی: "یەڵلا با برۆینە سەروەختیەوە." محەمەد غەرەزی لە پێشەوە، سەید ئەحمەد و ئەبوشەریف و منیش بە دوایەوە بەرەو دەستشۆرەکە ڕۆیشتین. سەعات لە ٤:٣٠ خولەکی بەرەبەیان تێپەڕیبوو، ٥ دەستشۆر لە پاڵ یەکدا بوون و غەرەزی بەرەو لای پێنجەمینیان ڕۆیشت، بەڵام کاتێک دەرکەی کردەوە، هیچ نیشانەیەک لە لاشەکە نەبوو! دووبارە لە یەک شوێن و کاتدا ڕووبەڕووی چەند کارێکی غافڵگیرانە بووبوومەوە! بەو باسەی کە دۆریان لەمەڕ پاراستنی گیانی ڕاجێر جۆنزی کردبوو و پاش ڕووداوە سەیرەکەی سەربان و چوونە دەرەوەی سەید ئەحمەد و ڕاجێر جۆنز پێکەوە و ئێستایش هاوکێشەی خنکاندن و نەمانی لاشەکەیشی؛ ئیدی پێویست بە هیچ شیکردنەوەیەک ناکات کە من لە چ دۆخێکی پڕ ترس و ئاڵۆزدا بووم، بارودۆخی ئەوان زۆر لە منیش خراپتر بوو؛ سەید ئەحمەد تەواو تێک چووبوو، غەرەزی و ئەبوشەریفیش دەتگوت ئێستا دڵیان دەوەستێت.

دەرکەی هەرچوار دەستشۆرەکەی دیکەیش کرایەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەک لە لاشەی ڕاجێر جۆنز نەبوو، چ مردوو و چ زیندوو. سەید ئەحمەد بەردەوام دەیپرسی: "ئێوە دڵنیان... دڵنیان کە بە تەواوەتی خنکابوو؟ خۆتان جەستەی ساردەوەبوویتان بینی؟" ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوە: "نەک هەر جەستەی ساردەوەبوویمان بینی، نەک هەر دڵنیاین خنکابوو، بەڵکو نزیکەی سەعاتێک دوای مردنیشی هەر لێرە بەسەر سەریەوە بووین."

من گوتم: "'لەوانەیە ئەو کاتەی ئێوە هاتن بۆ کردنەوەی دەرکە بە ڕووی ئێمەدا، کەسێک لاشەکەی بینیبێت و بردبێتیە نووسینگەکەی سەرهەنگ تەوەکلی؛ با سەردانێکی ئەوێش بکەین." ڕۆیشتین، بەڵام لەوێیش هیچ نیشانەیەکیمان نەبینی و پاسدارە کێشکچییەکان هیچ جموجوولێکی سەرنجڕاکێشیان نەدیتبوو، ئیدی هیچمان لە دەست نەدەهات. سەید ئەحمەد، غەرەزی و ئەبوشەریفی ناردنەوە و پاشان بە منی گوت: "هیچ ڕێگەچارەیەکمان نییە و دەبێت ئیمام لە خەو هەستێنین و ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ باس بکەین." من هەلومەرجەکەم بۆ گورزوەشاندن بە چاک زانی و گوتم: "من پێم وایە ئەمانە هەردووکیان درۆ دەکەن... لێرە باڵداریش ناتوانێت بەبێ ئاگاداربوونی پاسەوانەکان بفڕێت، چۆن دەکرێت لاشەیەکی مردوو لە خۆیەوە ون بووبێت، ئەویش لە بەردەستی ئەم دوانە؟!"

سەید ئەحمەد گوتی: "هەموو شتێک لەمانە دەوەشێتەوە، بە تایبەتی ئەبوشەریف، خۆ پێشینەی چاک دەزانیت..."

گوتم: "کە من دەڵێم دروشم لەگەڵ کردەوەدا جیاوازە و دەبێت پلان هەبێت و نەخشەی بۆ دابنرێت و... پاشان دەستی پێ بکەین، تۆ وادەزانیت من نامەوێت کارەکە بکەم و ئیدی دەچیت ئەم هیچوپووچانە دێنیت." سەید ئەحمەد قسەکانی پەسەند کردم و گوتی: "جارێ خۆ لە شەڕی جۆنز ڕزگارمان بوو، بەڵام دەترسێم ئەم ونبوونی لاشەیە بۆمان ببێتە کێشە!"

نزیکەی چارەکێک مابوو بۆ ٦:٠٠ی بەیانی کە من و سەید ئەحمەد گەیشتینە پشت دەرکەی ژوورەکەی خومەینی. سەید ئەحمەد، کە ئەویش وەک من وای دەزانی خومەینی نوستووە، بە ئارامی دەرکەی کردەوە، کەچی تەقەوی نیا کە ئەو شەوە پاسەوانی ژووری خومەینی بوو، گورج خۆی گەیاندێ و گوتی: "ئیمام فەرموویانە کەس نەچێتە ژوورەوە، میوانی هەیە." سەید ئەحمەد گوتی: "تەنانەت منیش؟!" تەقەوی نیا گوتی: فەرمووی هیچ کەس!" لە تەقەوی نیام پرسی: "چۆنە ئیمام نەخەوتووە، ئەی میوانەکەی کێیە؟" گوتی: "سەعاتێک دەبێت هەستاوە و لەگەڵ بەڕێز دکتۆر کیانووری کۆبوونەوەی هەیە." بە پەلە پرسیم: "هەمان ئەو کیانوورییە تودەییەکە؟" لەجیاتیی تەقەوی نیا، سەید ئەحمەد وەڵامی دامەوە و گوتی: "ئەو خزمایەتییەکی لەگەڵمان هەیە." پاشان لە تەقەوی نیای پرسی: "خۆیان تەنیان؟" تەقەوی نیا گوتی: "خاتوو کیانوورییش لە خزمەتی خاتوونی ئیمامدان!" سەید ئەحمەد تا گوێی لە ناوی خاتوونی کیانووری بوو، گورج بەرەو ژوورەکەی دایکی وەرسووڕا. تەقەوینیا زۆر بە ئارامی پێی گوتم: "خاتوو مەکگرەی چەند جارێک هەواڵی تۆی پرسی و گوتی هەر گەیشتیتەوە، پەیوەندیی پێوە بکە." گوتم: "ئێستا لە کوێیە؟" گوتی: "لەگەڵ خاتوونی کیانووری لای خاتوونی ئیمامن!"

شەونوخوونی و ڕووداوی بەردەوام و ئەم هەواڵە سەرسووڕهێنەرانەیش، هەموویان پێکەوە خەریک بوو بڕستیان لێ دەبڕیم، هەر بۆیە بیرم لەوە کردەوە تەنها خەو دەتوانێت هەندێک هێزم بۆ بگێڕێتەوە. بە تەقەوی نیام گوت: "من پێنج شەش شەوە نەخەوتووم، دەچم و سەرخەوێک دەشکێنم، ئەگەر ئیمام یان دۆریان داوایان کردم، هەڵمبستێنە و ئیدی هەر کەسێکی دی داوای کرد، پێی بڵێ نازانی لە کوێم." کاتێک هەستام، سەعات ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ بوو؛ سەرم دێشا، ڕەنگە ئەگەر تەقەوی نیا هەڵینەساندبام، تا ئێوارەش بخەوتمایە. مەدرەسەی عەلەوی پڕ بوو لە هاتوهاوار و منیش خۆم سەرم سووڕدەما لەوەی چۆن لەو ئاپۆڕایەدا خەوم لێ کەوتووە. تەقەوی نیا گوتی کە خومەینی و کیانووری تا دوای سەعات ٩:٠٠یش هەر خەریکی قسە بوون و دواییش خومەینی خۆی بە تەنێ هاتووەتە دەرێ. کە پرسیاری دۆریانیشم لێ کرد، گوتی کە تا سەعات ٩:٣٠ خولەک هیچ هەواڵێکی نەزانیوە. گورج ئاوێکم بە دەموچاوی خۆمدا کرد، ٢ حەبی سەرئێشەم خواردن و گەڕامەوە سەر ئیشەکەم. ئێرەش هەر زۆر قەرەباڵغ بوو، ژوورەکەی خومەینی پڕی بوو لە ئەندامانی دەوڵەتی بازرگان و کۆمەڵێک مەلای تاران و هەندێکیش هیی شارەکانی دی. چایچی و نەعمانی پاسەوانییان دەکرد، کاتێ لێم پرسین ئایا سەید ئەحمەدیان بینیوە، گوتیان کە لەگەڵ قوتبزادە و دکتۆر یەزدی بەرەو بارەگای سەرۆکایەتیی وەزیران چوون. دۆریانیش ڕای سپاردبوو هەر لە خەو هەستام پەیوەندیی پێوە بکەم. چوومە ژوورەوە بۆ لای خومەینی، لە دوورە خۆم پێ نواند، کە دڵنیا بووم لەوەی بینیومی، بۆ لای تەلەفۆنەکە هاتمە دەرەوە. ئەو کاتە هێشتا هیچ باسێک لە کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لەئارادا نەبوو، هەر بۆیە هەر لە نووسینگەکەی خۆم و بە ئاسانی ژمارەی دۆریانم لێ دا، کەچی تەلەفۆنەکەی پەیوەندییەکی تری لەگەڵ بوو. ماوەیەکی پێ چوو تا توانیم وەری بگرم و گوێم لە دەنگی دۆریان بێت. گوتم: "دەبێت زووتر بتبینم و باست بۆ بکەم." گوتی: "ئەی بۆچی بە تەلەفۆن باسم بۆ ناکەیت؟" گوتم: "ناکرێت بە تەلەفۆن باسی بکەم." گوتی: "من ناچار دەبێت لە ماڵەوە بمێنمەوە، بەڵام وام کردووە تۆ بتوانیت ئەمشەو بێیتە لام، زۆریش بیرت دەکەم." گوتم: "هەندێک شت لەئارادایە و دەترسم بۆ باسکردنیان درەنگ ببێت، گەرچی ئێستایش هەر پێم وایە درەنگ بووە." دۆریان گوتی: "پەیوەندیی بە ڕاجێرەوە هەیە؟" گوتم: "بەڵێ." گوتی: "زۆر خۆت ئازار مەدە، هێندەیش گرنگ نییە. سەعات ٧:٠٠ لێرە دەبیت و باسی دەکەین."

دڵنیا بووم کە دۆریان لەخۆڕا قسە ناکات، هەر بۆیە کاتێک وا دەڵێت، دیارە یان ئاگاداری ڕووداوەکەیە، یاخود کارێکی بۆ کردووە و نایەوێت من خۆم خەریکی ئەو ڕووداوە بکەم. دوای قسەکردن لەگەڵ دۆریان، کەمێک حاڵم باشتر بوو، ئیدی چوومە سەروەختی سەید ئەحمەدەوە کە لە سەرۆکایەتیی وەزیرانەوە گەڕابووەوە. گوتی: "ئیمام بە لەناوچوونی جۆنز دڵخۆش بووە، سەبارەت بە ونبوونی لاشەکەیش، مەهدەوی کەنی و براکەیی ڕاسپاردوون بەدواداچوونی بۆ بکەن. تۆیش سەعات ٥:٠٠ لێرە بە، چونکە ئیمام کارێکی تایبەتی پێتە!" گومانم لەوە نەبوو کە

خومەینی لەوە تووڕەیە کە دەیویست کوشتنی ڕاجێر بە دەستی من بێت، کەچی بەو دەستتێوەردانە نەزانانەیەی سەید ئەحمەدی کوڕی ئاوا تێک چووە. سەعات ٥:٠٠ی پاشنیوەڕۆ، سەید ئەحمەد، شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی، قوتبزادە و من، پێکەوە بانگ کراینە ژوورەکەی خومەینی. ئەمەیش یەک واتای هەبوو، ئەوەی کە لە هاوکێشەیەکی زۆر گرنگدا تەنها متمانەی بەم ٤ کەسە هەیە. خومەینی گورج سەری قسەی کردەوە: "شەوی ڕابردوو ڕووداوێک لە مەدرەسەی عەلەوی ڕووی داوە کە ئێمەی لە ئاست زۆر شت و زۆر کەس دڕدۆنگ کردووە، سەرەڕای هەوڵ و کۆششی بەڕێزان و زەحمەتی پاسدارەکانیشمان، بەڵام بە هۆی سەرنجڕاکێشانی ئەم شوێنەوە وادەزانم مانەوەی ئێمە لێرە باش نییە و نابێت بە شەو لێرە بمێنینەوە، نابێت لە پلانی دوژمنان غافڵ بین. ئەمڕۆ لەگەڵ بەڕێز کیانووریدا بە دوورودرێژی باسی ئەم هاوکێشەیەمان کرد، ئەو لە لایەن ڕووسەکانەوە نێررابوو، هەندێک هەواڵ و زانیاریی پێ بوو گوایە پلانێک هەیە بۆ لەناوبردنی ئێمە. بۆیە ویستم ئێوەیش ئاگادار بکەمەوە و پێتان بڵێم وا بکەن شوێنی مانەوەی شەوانەمان زۆر بە نهێنی بگوازرێتەوە شوێنێکی دیکەی نەناسراو کە جگە لەم چەند کەسەتان، کەسی دی پێی نەزانێت. بە ڕۆژ لێرە بین و بە شەو بچینەوە ئەولا، تا کاروبارەکان سەربگرن و بچینەوە قووم." شێخ مەلاشەهابی ئیشراقی و دوای ئەویش قوتبزادە و سەید ئەحمەد، پاڵپشتیی بیرۆکەکەی خومەینییان کرد و پاشان خومەینی ڕووی لە من کرد و گوتی: "ئەم جەعفەر ئاغایە و هاوڕێکانی، ڕێکوپێکترین و ئیماندارترین کەسن، بەڵام من وا هەست دەکەم دەستیان زۆر کراوە نەبێت بەم بگرەوبەردەیەی دروست بووە، ئێمەیش وامان بە باش زانی کەسێکمان هەبێت تایبەت بێت بە خۆمان و نزیکی خۆمان بێت، تا بتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و ئاگاداری پلانگێڕییەکان بێت. کاتێک لە نەجەف بووین، ئەو عێراقییە مەلعوونانە دەستەیەک پارێزەری تایبەتیان هەبوو، هەرچەندە بەو گەورەییە نا، بەڵام پێویستە ئێمەیش شتێکی وامان بۆ خۆمان هەبێت، هەر بۆیە پێویستە جەعفەر ئاغا مشووری ئەم کارە بخوات و ئەو هێزە لە خۆی و هاوڕێکانی ئامادە بکات، کە لە فەرەنسایش لەگەڵمان بوون. دیارە دەبێت خەرجییەکانیان لە ئەستۆی خودی شێخ شەهاب بێت لەسەر بەشەبودجەی ئیمام، ئیدی نابێت نە دەوڵەت و نە کەسی تر خەرجییان بکێشێت، هەڵبەت نابێت ئێستا هیچ باسێکیشی بکەن." شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی پێشنیاری ئەوەی کرد ناوی ئەم گرووپە بنرێتە "دەستەی شەهادەت"، بەڵام خومەینی گورج بەرپەرچی دایەوە و گوتی: "زۆر لەسەر ناو مەڕۆن، ئێستا کەی کاتی ناولێنانە، بەڵام بە ئیزنی خوا کاتێک گەیشتنە سێ چوار هەزار کەس، ئەوکات ناوی لێ بنێن؛ بۆ نموونە سوپای دەستوەشاندن، یان شتێکی ئاوا..."

بەم شێوەیە و بە خواستی خودی خومەینی، من بوومە سەرۆک و بەرپرسی کارێک کە گێڕانەوەی ئەم هەموو بیرەوەرییانە لە ڕاستیدا پێشەکییەکە بۆ باسکردنی ئەو کارە؛ کار و کارنامەیەک کە سەرئەنجام دەیگەینێ و باسی دەکەین. نشینگەی نوێی خومەینی بوو بە هەمان خانووی ناو

زەعفەرانیەی ناو کۆلانی ئێران و پلانی گواستنەوەکەیش هەمان شەو بە بێدەنگی جێبەجێ کرا. چایچی و ئەحمەدی و نەعمانی گواسترانەوە زەعفەرانیە و تەقەوی نیا ڕاسپێررا هەموو کۆماندۆکانی دیکە ئاگادار بکاتەوە و ئامادەیان بکات بۆ کۆبوونەوەیکی گرنگی بەیانی. خومەینییش مۆڵەتی منی دا بڕۆم و تا ڕۆژی ٥ی ڕەشەمە پێداویستییەکانی گرووپی دەستوەشاندن ئامادە بکەم. بۆ یەکەم جاریش ژمارەی تەلەفۆنی تایبەتی خۆی دامێ تا ڕاستەوخۆ و لە کاتی دیاریکراودا کە هەر خۆی دیاریی کرد، پەیوەندی بە خودی خۆیەوە بکەم. پاشان شێخ شەهابی ڕاسپارد جارێ ٥ میلیۆن تمەنم بداتێ بۆ ئەنجامدانی کاروبارە سەرەتاییەکان. منیش دەستی خومەینیم ماچ کرد و بە دڵخۆشی لە خانوەکەی کۆلانی ئێران دەرچووم و نزیکەی سەعات ٨:٠٠ی شەو بوو گەیشتمە لای دۆریان.

وەک هەمیشە، جوان و سەرنجڕاکێش بوو، جلوبەرگی ئاسایی لە بەردا بوو، لە جاران زیاتر ئارایشتی کردبوو. تا گەیشتمە لای، لە ئامێزی گرتم و گوتی: "هیچ کات لە هەموو تەمەنمدا ئاوا دڵم بۆ کەس تەنگ نەبووە و ئاوا بیری کەسم نەکردووە." کاتێک هەواڵی دامەزراندنی گرووپەکەم دایێ، لە خۆشیدا هاواری کرد و کاتێکیش گوتم ٥ ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرتووە، هاوارەکەی بەرزتر کردەوە و گوتی: "لەوە باشتر نەبووە و نابێت! ئەمشەو کە میوانەکان ڕۆیشتن ئێمەیش مانگی هەنگوینیمان دەست پێ دەکەین!" پرسیم: "واتە میوانت هەیە؟" گوتی: "بەڵێ، میوانی پایەبەرز کە هەموویشیان موشتاقی بینینی فەرماندە جەعفەرن!" گوتم: "دەی کەواتە با پێش ئەوەی میوانەکان بگەن، باسی جۆنزت بۆ بکەم..." بەڵام ئەو قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: "باسی هەڵهاتنی مردوویەک ئەویش لە بنگوێی ئیمامدا، ئەمشەو هیچ خۆشییەکی بۆم نابێت." گوتم: "واتە تۆیش ئاگاداریت؟" گوتی: بە هەرحاڵ.. وا درەنگ دەبێت... هەستە گورج گەرماوێک بکە، دواییش ئەو قاتە نوێیە لە بەر بکە کە ئەمڕۆ بۆتم کڕیوە، ئینجا وەرە لە لام دابنیشە، چونکە تا گەیشتنی میوانەکان کات و دەرفەتێکی وامان نەماوە."

ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانمدا کەسێک شتێکم بۆ بکڕێت، ئەویش قاتی چاکەت و پانتۆڵ! بۆیە ناهەقم نەبوو دڵخۆش بم، ئەویش بەو هەواڵە خۆشە و دوای ئەویش بەم دیارییە. تا بە بیرم دێتەوە، هەر خۆم جلوبەرگم بۆ خۆم کڕیوە، ئەویش بەپێی توانا و سەلیقەی قەهدریجانییانەی خۆم. ئەو جلوبەرگەش کە سەلامەتیان لە پاریس بۆمی کڕی، لە ڕاستیدا بە پارەی خودی خۆم بوو و لەبەر پاراستنی کەشوفشی خۆیشیان بوو. بەڵام ئەمەیان، ژنێک بۆی کڕیوم، ژنێکی جوان و نازدار و دڵخواز و پڕ ڕاز و ڕەمز. چەندە بە بەریشم جوان بوون، بازم دا و بە دڵخۆشییەکی منداڵانەوە دۆریانم کردە باوەش و ماچم کرد. چوومە گەرماو، ڕیشە درێژەکەم کەمێک کورت کردەوە و بۆ یەکەم جار قۆڵۆنیایەکی زۆرم لە خۆم دا و شاد و دڵخۆش بە پلیکانەکاندا هاتمە خوارەوە. دۆریان لەگەڵ کەسێکدا بە زمانی ئینگلیزی خەریکی قسەکردن بوو، من وام زانی بە

تەلەفۆن قسە دەکات، بەڵام کە هاتمە ناو هۆڵەکەوە، هێندەی نەمابوو دڵم بوەستێت. ڕاجێر جۆنز، زیت و زیندوو، لە حاڵێکدا پەرداخێکی پڕ ویسکیی بە دەستەوە بوو، بە بینینی من لە جێی خۆی هەستا و ئاماژەیەکی بە دۆریان کرد کە پشتی لە من بوو و بە فارسی گوتی: "ئەمەیش جێفریی ئازیز... سڵاو جێفری!" پاشان بێ ئەوەی هیچ لە سەرسووڕمانەکەی من کەم بووبێتەوە، جۆنز پەرداخەکەی لەسەر مێزەکە دانا و توند باوەشی پێدا کردم و دەستی کردە پێکەنین. بێگومان دیمەنێکی زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو بۆ من. جۆنز بە هەمان خۆشحاڵییەوە گوتی کە گیان و ژیانی خۆی قەرزاری من و دۆریانە، گوتی ئەگەر هۆشیاریی ئێمە نەبوایە، لەوانە بوو هەر بە دەستی خودی من بکوژرێت. دەیگوت: "کاتێ مرۆڤ ئاگاداری پلانێک دەبێتەوە، ئیدی ڕێگای بەرەنگاربوونەوەکەیشی دەدۆزێتەوە... من هەر لەو سەربانەی مەدرەسە کە لەگەڵ سەید ئەحمەد هاتمە خوارەوە، ئیدی تا ڕادەیەک ئاگاداری بەشەکانی تری ئەم سیناریۆیە بووم... دەمزانی دەبێت بخنکێم تا بتوانم ڕزگارم ببێت، بەڵام ئەمانە هەر بە ڕاستی گەمژەن!" لێم پرسی: "بەڵام بەلای منەوە هەڵاتنەکەت زۆر لە خنکانەکە گرنگترە، خنکانەکە دەکرێت ساختە بێت، بەڵام پێم بڵێ چۆن لەو زنجیرە پاسەوانییە توندوتۆڵە هەڵاتیت؟" جۆنز بە پێکەنینەوە گوتی: "هەڵنەهاتم، بەڵکو بە پێش چاوی هەموویانەوە لەوێ هاتمە دەرەوە، هەڵبەت بە هاوکاریی دۆریان و فاتی و عەباکەی." قاقای پێکەنینی هەرسێکمان بەرز بوو کە لە دەرکە درا. کاتێک دۆریان چووە پێشوازیی میوانەکانی، جۆنز کە وەک دۆریان بە جوانی فارسیی دەزانی و قسەی پێ دەکرد، گەرچی من لەو دوومنگەدا تەنانەت وشەیەکیشم لێ نەبیستبوو، گوتی کە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ئەمەریکا، دەبێت شەوێک هەرسێکمان لە دەوری یەکدی کۆ بینەوە تا بەسەرهاتەکەت بۆ بگێڕمەوە و کەمێک پێبکەنین.

میوانییەکە تا سەعات ١٢:٠٠ی شەوی خایاند؛ میوانەکان بریتی بوون لە ویلیام سالیڤانی باڵیۆز، ژەنەڕاڵێکی ئەمەریکی، سەرهەنگ بەیکەر و چەند ژن و کچی جوان. خواردنی ئێوارەش چەند سەندەویچێکی بچووک بوون کە دۆریان خۆی ئامادەی کردبوون. دوای خواردن، بێجگە لە من و جۆنز و ژنەکان، ئەوانی دی هەموویان چوونە ژوورێکەوە بۆ قسەکردن، ئێمەیش خۆمان سەرقاڵی بینینی فیلمێکی ئەمەریکی بە ڤیدیۆ کرد.

دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، من و دۆریان تەنیا ماینەوە، ژووری نوستنیشمان کردبووە یەک، هەر بۆیە لە باوەشی یەکدیدا خەوتین.

کە بەئاگا هاتمەوە، سەعات ٩:٠٠ی بەیانی بوو و دۆریان هێشتا لە خەودا بوو. لە ماوەی چەند ساڵدا ئەمە یەکەم جار بوو بە هۆی ماندوێتیی زۆرەوە، ئەوەندە لە خەودا بمێنم. تەقەوی نیام وەرگرت و بە تەلەفۆن لە چۆنێتیی پێشەوەچوونی کارەکەم پرسی بۆ کۆکردنەوەی هاوڕێکان. هەموویانی کۆ کردبوونەوە و وەک دامان نابوو، سەعات ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ کۆبوونەوەکەمان

دەستی پێ دەکرد. بە دەنگی قسەکردنەکەی من، دۆریانیش بەخەبەر هات و هەردووکمان دوای چەندین ڕۆژ، دەرفەتێکمان وەرگرت کە لەگەڵ خواردنی نانی بەیانیدا، هەندێک قسە و دەردەدڵیش بکەین. دۆریان، بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی پێشوو، ئێستا مات و خەمبار دەکەوتە پێش چاوم؛ هیچ نیشانەیەک لەو شادی و دڵخۆشی و پێکەنینە بەردەوامەی جارانی تێدا نەدەبینرا. منیش گومانم لەوەدا نەبوو کە سەرچاوەی ئەم خەمبارییەی، هەرچییەک بێت دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەکەی شەوی ڕابردووی لەگەڵ باڵیۆزی ئەمەریکی، سالیڤاندا. هەرچی پێداگیریم کرد کە بزانم هۆی ئەو نیگەرانی و خەمبارییەی چییە، وەڵامی نەدامەوە و تەنها گوتی: "دەبێت زۆر زۆر وریا و ئاگادار بین، زۆربەی شتەکان خەریکە دەگۆڕڕێن و گەر وا بڕواتە پێش، دوور نییە ناچار بین بەوەی ئێران بەجێ بهێڵین." لەوە زیاتر هیچی نەدرکاند و گوتی: "با بمێنێت بۆ دواتر." ئەوەیشی پێ گوتم کە هەرچی زووترە هەوڵ بدەم سوپای دەستوەشێن دابمەزرێنم... نەکەومە ژێر کاریگەریی کاروباری ئەو مندالانەی ئێرە و هەرچۆنێک بووە، سەردانێکی دۆستەکانی پێشوومان بکەم، واتە سەید مەهدی هاشمی و داروودەستەکەی کە نووکە لە قووم دادەنیشتن، چونکە لە داهاتوودا ئەوان بە کەڵکمان دێن. کاتێکیش بە سەیارە دەمگەیاندە نشینگە نوێیەکەی خومەینی، گوتی: "سەعات ٨:٠٠ی شەو کۆبوونەوەیەکی گرنگ دەبێت و تۆیش دەبێت بەشدار بیت." گوتم: "لەم هەموو کۆبوونەوەیە بێزار بووم، ئەمەیان ئیدی بۆ چییە؟" دۆریان، کە پێم وابێت چاوەکانی فرمێسکیان تێزابوو، گوتی: "کۆبوونەوەکەی پاریست لە بیرە لەمەڕ خشتەی ناوی ئەوانەی دەبوو بکوژرێن کە لە لایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە دانرابوو؟ ئەم کۆبوونەوەیە بۆ هەمان مەبەستە!" ئیدی لە حاڵێکدا توند باڵی دەگوشیم، گوتی: "جەعفەر... من ئەم جۆرە شۆڕشانە چاک دەناسم و زۆر شارەزایانم... هەموو شتێک خەریکە تێک دەچێت... بەڵێنم پێ بدە تا کۆتایی لەگەڵم بیت، تەنها لەگەڵ من بیت." گوتم: "دڵنیا بە." گەیشتینە ماڵە نوێیەکەی خومەینی، بۆیە بە هیوای دیداری شەومان، لێک جیا بووینەوە. سەردانێکی مەدرەسەی عەلەویم کرد، وەک هەمیشە ئاپۆڕا و جەنجاڵ بوو. سەید ئەحمەد گوتی: "ئیمام کاری پێتە، بەڵام دەبێت چەند خولەکێک چاوەڕێ بکەیت تا دەوروبەری چۆڵ دەبێت." لێم پرسی: "ئەی هیچ هەواڵێک لە جۆنز نەبوو؟" گوتی: "هێشتا هیچ هەواڵێکمان لا نییە، بەڵام مەهدەوییەکان خەریکن، سادقی خۆیشمان (تەباتەبایی) گوتوویەتی ئەگەر پێویست بکات حیزبوللاییەکانی لوبنان دەهێنین شوێنی کارەکە بکەون." گوتم: "واتە ئەویش ئاگادارە؟" گوتی: "ئەگەری ئەوە هەیە کە چەمران ئاگاداری کردبێتەوە، ئێستایش ئەمە بووەتە پرسیار لای منیش و ئیمامیش، کە چەمران چۆنچۆنی بەم کارەی زانیوە. گومانم لە ئەبوشەریفە کە پیاوی چەمرانە و یەکێکە لە ئەندامانی ئۆردووگای ئەمەل، کە لەگەڵ چەمران بوون. گومانێکیشمان لەسەر منداڵەکانی تاڵەقانی هەیە کە ئەم ڕۆژانە زۆر سەیر بوونەتە شۆڕشگێڕی ئیسلامی، لە حاڵێکدا لە ناخەوە کۆمۆنیستێکی تۆخن!"

پاش چەند خولەکێک، گەیشتمە لای خومەینی. ئاگادارم کردەوە لەوەی ئەمڕۆ یەکەمین کۆبوونەوەی سوپا دەکەین و گورج ئامادە دەبین. خومەینی لە وەڵامدا گوتی: "لەمەڕ تۆ هەندێک دەنگۆ بڵاو بووەتەوە و ڕەنگە شووڕای شۆڕش داوات بکات. گەر وا بوو، هیچ ململانێ مەکە و برۆ، بەڵام موحکەم لە بەرانبەریاندا بوەستە و پێیان بڵێ کە لە ناو شۆڕشدا نیت و تەنها لە ئاست خودی مندا بەرپرسیاریت." گوتم: "ئەگەر مۆڵەتم بدەن دوای ئامادەکارییەکانی دامەزراندنی سوپا، لەم دوو سێ ڕۆژەی دواییدا سەردانێکی قووم و ئیسفەهان بکەم و هەندێک لە فەقێ گەنجەکان و ئەوانەیش کە لە قەهدریجاندا دەیانناسم و دەزانم دڵیان پاکە، بهێنمە ناو سوپاوە." خومەینی بزەیەکی هاتێ و گوتی: "خۆت خەریکی فەقێکان مەکە، ناکرێت متمانە بەم جۆرە کەسانە بکەین، بەڵام لە قووم و ئیسفەهانیشدا خەریک بە، شتێکی باشە." دەستیم ماچ کرد و هەستام بێمە دەرەوە، کە گوتی: "بۆ ئەو سەفەرانەشت کۆپتەر بە کار بهێنە، ئەو باشترە؛ هەر ئێستا فەرمانەکەی بۆ دەنووسم."

لەگەڵ تەقەوی نیادا بەرەو کەرەج بەڕێ کەوتین، تا بە بەرنامەکەی سەعات ۲:۰۰ی پاشنیوەڕۆماندا ڕابگەین. باخەکەی نادری جەهانبانیمان پێ درابوو، تا ئەو کاتەش سەربازگەیەکیان بۆ ئامادە کردین و باخەکەمان ڕادەستی خەڵخاڵی کرد، ئەم شوێنە پێگەی سەرەکیی سوپای دەستوەشێن بوو. بە درێژایی ڕێگاکە هەرچی بیرم لێ دەکردەوە، نەمدەتوانی پەیوەندییەکی لۆژیکی بدۆزمەوە لە نێوان ئەو قسە هیوابەخشانەی خومەینی و ئەو متمانە زۆرەی بە من و ئەو قسانەیش کە بەیانییەکەی لە زاری دۆریانەوە بیستبوومن. لەبەر ئەوەیش کە ئاگاداری ڕۆڵی دیار و بەرچاوی دۆریان بووم لە سەرجەم ڕووداوەکانی شۆڕشدا، ئیدی ئەوەندەی قسەکانی ئەو کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، هێندە قسەکانی خومەینی نەیانبوو. بەڵام بە هەرحاڵ، ئەوە خومەینی بوو کە ئێستا بە یەک ئاماژەی، سپی دەبوو بە ڕەش و ڕەش دەبوو بە سپی، دیارە بۆ کەسێکی وەک منیش کە ئەزموونی ئەمڕۆم نەبوو، هەڵبژاردنی یەک لەو دوانە کارێکی سادە و ئاسایی نەبوو. بۆ ئەوەی خۆم لەم هەموو سەرگەردانییە فیکرییە ڕزگار بکەم، ڕووم لە تەقەوی نیا کرد و لێم پرسی: "بە ڕاست... دەنگوباسی بنەماڵەکەت؟ ئایا توانیت پەیوەندییان پێوە بکەیت و هەواڵیان بزانیت؟" تەقەوی نیا بە سەرسووڕماوییەوە چاوی تێبڕیم، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە حەسرەتەوە گوتی: "ئایا من ئیدی دەتوانم بنەماڵەیەکم هەبێت و خۆم بە خاوەنی خێزانێک بزانم؟!" پاشان لەسەری ڕۆیی: "نا... هێشتا نەمتوانیوە." گوتم: "دەبینیت ئەم دنیایەی ئێمە چ جۆرە دنیایەکە؟ یان نابێت ببێت، یاخود کە هاتیشی ئیدی چ بتەوێت، چ نا، هەر دەبێت بمێنیەوە و جگە لە مانەوەیش، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە. دڵنیام ئێستا چاک دەزانیت کە بۆچی لە یارییەکانی تەرابلۆس و لێپێچینەوە لە تۆ و نەعمانی، من هیچ توانایەکی دیکەم نەبوو جگە لەوەی پێی ڕاسپێررابووم و دەبا ئەنجامی بدەم. پێش من، چاپچی و ئەحمەدی و دیارە دوای تۆیش زۆر کەسی دی... بە هەرحاڵ، پێم وایە بە دامەزراندن و دەستپێکردنی کاری سوپا، ئیدی کەم کەم بکرێت نزیکی بنەماڵەکانمان ببینەوە."

کۆماندۆکانی ئەوکاتی لیبیا، هەرسی کەسەکەیان، لە باخی جەهانبانی کۆ بووبوونەوە و هەموویشیان شاد و تەندروست و ئامادە بوون. هەندێکیان لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا بە تەواوەتی خرابوونە لاوە و ئەمەیش جۆرە زویری و دڵتەنگییەکی بۆ دروست کردبوون، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە کۆتایی بەو هەموو دڵەڕاوکێ و دڵتەنگییەی ئەوان دەهێنا. چوار سەعاتی تەواو قسەمان کرد، هەمان شێوازی دەستەی پارێزەری تایبەتی قەزافیمان خستە بەردەم تا بتوانین گرووپێکی هاوشێوەی لێ دروست بکەین. ئەمەیش پێشڤەچوونێکی باشی بە کارەکەمان بەخشی، چونکە هەموومان شێوازی کار و چۆنێتیی پێکهاتەی ئەو گرووپەمان دەناسی و ئیدی پێویستی بە ڕاهێنان و فێرکاری نەبوو. لە کۆبوونەوەکەدا بە زۆرینەی دەنگی هەموان من وەک فەرماندەی گشتی و پاشان چایچی و ئەحمەدی و نەعمانی و تەقەوی نیا وەک جێگرەکان و هەریەکەیشیان وەک سەرۆکی ٤ ڕوکنی سوپا دیاری کران. ناوەندی فەرماندەییمان دامەزراند و ٣٦ کەسی ترمان وەک فەرماندەی یەکە جۆربەجۆرەکان دانان، کە دواتر خۆیان ئەندامانی گرووپەکانیان هەڵببژێرن و ڕاهێنانیان پێ بکەن و سەرئەنجام هەریەکەیان، یەکەیەکی ٣٥ کەسیی هەبێت. قسەکانی دواترمان تایبەت بوون بە جۆر و چۆنێتیی چەک و کەرەستەی جەنگی و پێداویستیی کۆماندۆیی و ڕێگەی دابینکردنیان، بە چڕوپڕی و تێروتەسەل هەموو ڕەهەند و بوارەکانمان تاوتوێ کردن. هەر لەوێ هەریەکەیان ١٠٠،٠٠٠ تمەنی درایە و بڕیار درا هەمان باخی جەهانبانی و ئۆردووگای مەنزەرییە وەک بنکەی چالاکیی سەربازی و ٧ ئەپارتمانی داگیرکراوی بینای سامان و ١٢ ئەپارتمانی ناو بیناکانی ئا ئێس پی و ٢ی دیکەیش لە بیناکانی ئێران سەکەن، بۆ پێگەی گرووپەکان بە کار ببرێن، بە مەرجێکیش کە دواتر هەموویان بە ناوی کۆماندۆکانەوە بکرێن. بە گوتەی چایچی، سوپا بەبێ سوپایی ئامادەی کار و چالاکی بووبوو. سوپایەک کە دەبوو بە ماوەیەکی کەم سێ چوار هەزار کەس وەربگرێت و ڕاهێنانی سەربازییان پێ بکات تا ڕێبەری شۆڕش ترسی نەمێنێت و دڵی ئاسوودە بێت. هەر لەوێ و بۆ یەکەم جار بەو ژمارەیەی کە خومەینی دایبوومێ، پەیوەندیم پێوە کرد، لە ئامادەبوونی سوپا ئاگادارم کردەوە و بڕیار درا هەر هەمان کات چایچی بچێت و ئەو پلانە داڕێژراوەی بۆ بەرێت کە تایبەت بوو بە پاراستنی نشینگەی نوێ و پاراستنی خودی خومەینییش تا ئەویش پەسەندی بکات. خومەینی کە وا دیار بوو بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بووە، پێش تەواوبوونی پەیوەندییەکە گوتی: "پێش ئەوەی سەفەری قووم و ئیسفەهان بکەیت، وەرە با بتبینم تا باسی شێوازی پاراستنی خانووەکەی قووم بکەین، کە بەم زوانە بۆی دەگوازمەوە." لە حاڵێکدا بە هۆی کۆبوونەوە دڵخۆشکەرەکەی کەرەجەوە شاگەشکە بووبووم، بەرەو ماڵی دۆریان بەڕێ کەوتم تا پێش سەعات ٨:٠٠ و دەستپێکردنی کۆبوونەوەکەی لای ئەو، لە هەموو ئاڵوگۆڕەکان ئاگاداری بکەمەوە. دۆریان، هەر کەمێک پێش من گەیشتبوو، هە وایش خەمبار و داگیراو دیار بوو. بە پێشەوەچوونی کارەکانم خۆشحاڵ بوو، زیاتر لە ١٠ جار داوای لێ کردمەوە کە وشە بە وشەی قسەکانی خومەینی و سەید ئەحمەدی بۆ دووبارە بکەمەوە. هەستم

دەکرد شتێک ڕووی داوە کە ئاوا دۆریانی نیگەران کردووە. بەڵام نەدەمتوانی لێی تێبگەم و نە ئەویش ئامادە بوو هیچ باسێکی بکات. سەرئەنجام میوانەکانیش گەیشتن و ئیدی درێژەی قسەکانمان دانا بۆ دوای کۆبوونەوە و ڕۆیشتنی میوانەکان. کۆبوونەوەکەی ئەو شەوە زۆر لە کۆبوونەوەکانی هۆتێلی مریدیەنی پاریس دەچوو، بە تایبەتی کە دوای ڕووداوەکانی نوفێل لوشاتوو، ئامادەبوونی سەرهەنگ تامسۆن بۆ یەکەم جار لە کۆبوونەوەکانی ناو ئێراندا دەیتوانی هەڵگری واتایەکی زۆر تایبەت بێت. ٢ تاقمی دیاریکراو لە ٢ نەژادی جیاواز لە بەرانبەر یەک دانیشتین: ویلیام ساریڤان، سەرهەنگ ئەدوارد تامسۆن، ژەنەڕاڵ گۆست، سەرهەنگ بەیکەر و دۆریان مەکگرەی لە لایەک و سەید ئەحمەد خومەینی، دکتۆر چەمران، دکتۆر یەزدی، سادقی قوتبزادە، ئازەریی قوومی، دکتۆر ئایەت، ئایەتوڵڵا بەهەشتی و منیش لە لایەکی ترەوە. بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی پێشتر، ئەو شەوە دۆریان جلوبەرگی ئیسلامیی نەپۆشیبوو و ئارایشتێکی تایبەتی شەوانەیشی کردبوو، ئەمەیش لە حاڵێکدا بوو کە لانیکەم ٣ لە بەشداربوانی کۆبوونەوەکە مەلا بوون. یەزدی و چەمران و قوتبزادە بە نۆبە کاری وەرگێڕانیان دەکرد. کۆبوونەوەکە بە باسکردنی ئەو دەردەسەرییە نەخوازراوانەی هاتبوونە پێش، دەستی پێ کرد و بە کەم یان زیادکردنی ناوەکانی ناو ئەو خشتەیەی بڕیار بوو ئیعدام بکرێن، کۆتایی هات. دکتۆر ئایەت و ئایەتوڵڵا بەهەشتی دەیانگوت دەبێت سەرەتای کوشتنەکان لە وەزیر و وەکیلەکان و بە کورتی لە مەدەنییەکانەوە دەست پێ بکات، ئەمەریکییەکانیش بە بیانووی بێهێزترکردنی ئەرتەشی لێکترازاوی شا، داکۆکییان دەکردە سەر ئەوەی کە پێش هەموو کەس دەبێت فەرماندە سەربازییەکان ئیعدام بکرێن. تامسۆن ڕاشکاوانە گوتی: "هەموو ئەم گیروگرفتەی تووشی شۆڕش بووە، ئەنجامی ئەو خەمساردییەی پێشووە، هیی ئەوەیە کە سەرەتا ناوەکانی ناو خشتەکەمان نەکوژران و ئێستایش زۆربەیان هەڵاتوون. بە هەرحاڵ، دڵنیا بن کە مەترسی و هەڕەشەی سەرەکی بۆ ڕژێمی نوێ هەر ئەوانن."

سەعات ١١:٠٠ی شەو، کە کۆبوونەوەکە خەریک بوو کۆتایی پێ بێت، ژەنەڕاڵ گۆست خشتەیەکی نوێی دایە دەستی ئایەتوڵڵا بەهەشتی کە ناوی ٦٣٤ کەس لە فەرماندە سەربازییەکانی ڕژێمی شای تێدا نووسرابوو. ئەم خشتەیە تایبەت بوو بەوانەی کە دەبوو بە زووترین کات بگیرێن و ئیعدام بکرێن. خشتەکە هەمان شەو دابەش کرا و بەشێکیشی خرایە ئەستۆی من تا بە یارمەتیی کۆماندۆکانم لە ماوەی ٣ ڕۆژدا دەستگیریان بکەین. هێشتایش ئەم خشتەیەم لە بەردەستدایە کە دەکرێت ئەم ناوانەی تێدا هەم بە ئینگلیزی و هەم بە فارسی ببینرێن: سەرلەشکر پەرویز ئەمینی ئەفشار، سەرلەشکر موعتەمیدی فەرماندەی تیپی زرێی قەزوێن، سەرتیپ مەلک، سەرتیپ هەمەدانیان، سپابۆد فەخر مودەڕیس، سپابۆد نەوزەری بەقا، سەرتیپ ئایەتی موحەقیق، سەرتیپ ئەمجەدی، سەرتیپ فەتحی موقەدەم، سەرلەشکر خواجە نووری، سپابۆد هاشم برنجیان، دەریاوان شەهریاری شەفیق، ئەرتەشبۆد توفانیان، سەرلەشکر مەنووچەری، سەرتیپ محەمەدی شەهنام،

تیمسار شوعاعی فەرمانداری سەربازیی جەهرۆم، تیمسار ئازادی، سەرهەنگ سەلامی، تیمسار عەینولقوزات، سەرلەشکر زەند کەریمی، سەرهەنگ مەسعوود زەمانی، سەرلەشکر خەلوەتی، سەرلەشکر کازم خەزاعی، سەرهەنگ کەمانگەر، سەرهەنگ ئیبراهیم هوشەنگی، سەرهەنگ غەرەوی، سەرهەگ یاسایی، سەرلەشکر سەوداگەر، سەرهەنگ کەریمیان ئازەر، سپابۆد ناسر موقەدەم، سپابۆد ئیرەج موقەدەم، سەرهەنگ جەهانبینی، ئەرتەشبۆد ڕەزا عەزیمی، سپابۆد موحسین هاشمی نەژاد، کەمالەدین حەبیبوڵلایی فەرماندەی هێزی دەریایی، سپابۆد موحسین زادە کرمانی، سپابۆد هاشمی نەجەفی نەژاد، سپابۆد هاشمی حوجەت، سپابۆد مووسا ڕەحیمی لاریجانی، سپابۆد ناسری فیروزمەند، سپابۆد ئەبولحەسەنی سەعادەتمەند، سپابۆد وەشمگیر، سپابۆد جەعفەر سانعی، سپابۆد محەمەد کازمی، سپابۆد سیاوەش بێهزادی، سپابۆد نەسرەتوڵلای فەڕدوست، سپابۆد حسێن جەهانبانی، سپابۆد جەلالی پەژمان، سپابۆد حەبیب نیعمەتی، سپابۆد ئەمیرفەرهەنگی خەلعەتبەری، سپابۆد جەمالەدین تەسلیم تەوەکلی، سپابۆد عەلیمحەمەدی خواجە نووری، سپابۆد ڕەزا مەهدەوی ئەردەستانی، سپابۆد پەرویز سەقایی نیلی، سپابۆد محەمەدڕەزا وەحدانی، سپابۆد ڕەزا پەروانە، سپابۆد محەمەدی ڕەحیمی ئابکەناری، سپابۆد جەوادی موعتەزید، دەریاسالار ئەبولفەتحی ئەردەڵان، سپابۆد عەبدولعەلی نەجیمی نائینی، سپابۆد هوشەنگی حاتەم، سپابۆد خەلیلی بەخشی ئازەر، سەرلەشکر حەمید جەهانبانی، سەرلەشکر عەلی ئەکبەر دێهپەنا، سەرلەشکرد محەمەد حسێنی شەهیر موتڵەق، سەرلەشکر عەلیڕەزا سابت ئازاد، سەرلەشکر محەمەد گۆران، سەرلەشکر مورتەزا فەکوور، سەرلەشکر سادق حەریری، سەرلەشکر هورمز مەقسوودی، سەرلەشکر حسێنعەلی علمیە، سەرلەشکر عەلی بەیات، سەرلەشکر حەمید داوەران، سەرلەشکر مەنووچەر فەوزی، سەرلەشکر محەمەد حسێن میرمەوجی، سەرلەشکر کازم نەجەفی نەژاد، سەرلەشکر حەبیبەڵڵا سەمەری کرمانی، سەرلەشکر مەحموود ماهڕویان، سەرلەشکر حسێن عەزیمی، سەرلەشکر خەلیل شوجاعی، سەرلەشکر حەیدەر وەفا، سەرتیپ فەزلوڵڵا ئەفشار، سەرتیپ محەمەد ساوجی، سەرتیپ عەبدوڵڵا عەسرجەدید، سەرتیپ هوشەنگ فیلسوفی گیلانی، سەرتیپ پەرویز ئەمینیان، سەرتیپ مەنسوور ئەمیرئەردەڵان، سەرتیپ حسێن فەرەجیفەڕ، سەرتیپ سولخانیان، سەرتیپ ڕەزا کازمی، سەرتیپ ئەردەشیر شەکیب، سەرتیپ محەمەدحسێن ڕیازی، سەرتیپ هادی قائیمی، سەرتیپ عەتائوڵڵا نامدار عەراقی، سەرتیپ مستەفا کەریمی ئەفشار، سەرتیپ ئیرەج مەستروشد، سەرتیپ عزەتوڵڵا ئازمودە و سەرتیپ محەمەد جەلالی[4].

---

[4] بۆ ناونیشانی سەربازیی ئەم کەسانە، بە تایبەتی هەمان ناونیشانە سەربازییە ئێرانییەکەم بە کار هێنا، چونکە لە کوردیدا و بە کوردییەکی پەتی شکم نەدەبرد و پێشم وایە هەمان ئەو ناونیشانە ئێرانییە زۆر نزیکترە لە زمانی کوردی. پاشان، دەکرا پلەکەیان دووبارە نەکەمەوە، بەڵام هەم وەک چۆن نووسراوە، منیش هێنام و هەم ویستم خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت کە وڵاتێک کاتێک ئەو

دەبوو من و کۆماندۆکانم ئەمانە دەستگیر بکەین و ڕادەستی مەهدەوی کەنییان بکەین، تا بە گوتەی سەرهەنگ تامسۆن، "شۆڕشی ئیسلامی لە مەترسی ڕزگاری ببێت"! بۆ دەستگیرکردنی ئەوانی دیکەیش، چەمران ئامادەیی خۆی پیشان دا کە بە هاوکاریی چەکدارە ئێرانی و لوبنانی و فەڵەستینییەکانی ناو گرووپی ئەمەل، کارەکە ئەنجام بدات. با ئەوەیش بڵێم، بە درێژایی ئاشنایەتیم لەگەڵ دۆریاندا، ئەمە یەکەم جار بوو کە ئەو لە کۆبوونەوەیەکی درێژخایەندا لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی بێدەنگ بێت و یەک وشەیشی بە زاردا نەیەت، ئەمەیش بەلای منەوە زۆر سەیر بوو. هەر کە میوانەکان لە ماڵ دەرچوون، دۆریان، لە حاڵێکدا وەک هەمیشە خۆی ڕووت دەکردەوە تا بچێتە گەرماو، بە زمانێک کە یەکدنیا خەم و خەفەتی لێ دەچۆڕا، گوتی: "وێدەچێ خەریک بێت بگەینە کۆتایی... ئەم سالیڤانە گەمژەیە ئێرانی بە هەڵە وەک لائۆس و فلیپین لەبەرچاو گرتووە..." ئیتر لە حاڵێکدا هەموو شتێکی دابووە بەر جنێو، خۆی بە گەرماوەکەدا کرد.

دۆریان، بە ڕووتی و لە حاڵێکدا تەنها خاولییەکی بە خۆیەوە پێ چابوو، بوتڵێک ویسکی و پەرداخی بە دەستەوە، خۆی بە ژووری نوستنەکەدا کرد و بەبێ وەستان دەستی پێ کرد: "بڕوانە جەعفەر! گەرچی من خۆیشم لە دروستکردنی ئەم دۆخەدا تاوانبارم، بەڵام تۆ، ئێستا وەک پیاوێکی خوێنڕێژ، مرۆڤکوژ و بێبەزەیی لە شۆڕشدا ناسراویت و هەموو کەس باسی ئەوە دەکات کە وەک ئاوخواردنەوەیەک دەتوانیت سەری خەڵک بپەڕێنیت. منیش هیچ حەز ناکەم هەرکات باسی مرۆڤکوشتن کرا، ناوی تۆ وەک یەکەم کەسی ئەو بوارە بهێنرێت. لەم دۆخەدا گرفتەکانی خۆم کەمن، ئەم باسە خراپەی تۆیشیان هاتووەتە سەر!" لە حاڵێکدا دوای زەمەنێکی دووردرێژ خەریکی سوێندخواردن و پاکانە بووم، گوتم: "تۆ لە هەموان باشترم دەناسیت و چاک دەزانیت نیوەی ئەوەی ئێستا لە مەدرەسەی عەلەوی کەوتووەتە سەرزاران، درۆیە. هەر ئەمڕۆ یەک لە چەکدارەکانی شۆڕش لێی پرسیم تا ئێستا چەند جار بەشداریی ڕفاندنی فڕۆکەم کردووە... هەرچی من دەمگوت هیچ بەشداریم نەکردووە، ئەو بڕوای نەدەکرد. بەڵام، نازانم... ئەگەر بەرنامەکەی پێشووتر تێک نەچووبێت، دروستکردنی ئەم دەنگۆیانە پێشنیاری خودی تۆ بوو، ئەویش بە مەبەستی ترساندنی ئەمانەی دەوروبەرمان بوو." دۆریان، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بەم بابەتە بدات، گوتی: "جارێ خۆ ئەم سالیڤانە گەمژەیە خەریکە هەموو بەرنامەکان تێکوپێک دەدات." گوتم: "بڕوانە دۆریان! من هەر لە شەوی ڕابردووەوە سەرنجی تۆم داوە و هەستم کردووە شێواویت و

---

هەموو فەرماندە باڵا سەربازییەی لێ بکوژرێتن، هیچ دەسەڵاتێکی سەربازی و لەشکریی نامێنێتەوە و دیاریشە پلانەکەی ئەو کەسانەی ئەو شۆڕشەیان دروست کرد، هەمان ئیفلیجکردنی سەربازیی ئێران بوو تا باشتر بتوانن دەستی بەسەردا بگرن و دەستەمۆی بکەن؛ پلانێک کە دواتر ئەنجامەکەیمان بینی... ئەنجامێک کە تا ئێستایش کاریگەرییەکانی هەر ماونەتەوە. (وەرگێڕ)

لەسەر خۆت نیت، دیارە هیچ شتێکیشم لە دەست نایەت و لەو جۆرە شتانەیش تێناگەم، بەڵام بە هەرحاڵ، حەز ناکەم تۆ ناڕەحەت بیت و دەبێت بزانیت کە هەر کارێکم پێ بکرێت و تۆ بتەوێت، من ئەنجامی دەدەم." دۆریان بە بزەیەکی تاڵەوە هاتە پێش، ماچی کردم و گوتی: "تۆ ئەم دکتۆر یان خۆتان واتەنی، ئایەتوڵڵا بەهەشتییە چۆن دەناسیت و لە کوێی دەناسیت؟" گوتم: "بەهەشتی خەڵکی ئیسفەهانە، ژنەکەیشی هەر خەڵکی ئیسفەهانە، لە بنەماڵەی ئیمامییەکانە، بەڵام من لە ڕووداوەکەی باخی حاجی تورابی دەرچەیی ناسیم، کە پێشتر بۆم باس کردوویت. هەڵبەت نەک وەک ناسینی ئێستا؛ ئەو کاتە ئەو دکتۆر بەهەشتی بوو و من منداڵی قەسابێک، ئیدی نەدەکرا هیچ پەیوەندییەک لە نێوانماندا هەبێت تا باشتر بیناسم." دۆریان، کە لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابوو و سەری خستبووە سەر سینگی من، گوتی: "ئەمە ناسینەکەی تۆ، بەڵام من ئەم ئایەتوڵڵایەی ئێوە لە ڕۆژێکەوە دەناسم کە تۆ هێشتا لە دایک نەبووبوویت. ئەوکات من لە ئەمەریکاوە هاتبوومە ئێران تا لە فەرمانگەی بنەمای چواری ترۆمەن لە ئێراندا کار بکەم. ئەو سەردەمە من تەمەنم ١٦ ساڵ بوو، بووبوومە سکرتێر. وارن سەرۆکی بنەمای چوار بوو، گەرچی تەمەنی ١٦ ساڵی بۆ دامەزراندن نەدەبوو، بەڵام وارن ئەو ئیشەی کرد و منی لەگەڵ خۆی بۆ ئێران هێنا. زۆرێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی ڕژێمی شا، ئەوکات فەرمانبەری فەرمانگەی بنەمای چوار بوون. ئەم بەهەشتییە، ئەوکات هێشتا نەبووبووە ئاخوند و قات و ڕیباتی لە بەر دەکرد و وەک فەرمانبەرێکی ئاسایی لەوێ لە بەردەستی غەفووری ئالبادا کاری دەکرد."

ئەگەر بڵێم بە سەرنجدانە زانیارییە کەمەکەی من و ئەو جیاوازییەی تەمەنیشم لەگەڵ دۆریاندا، ئەوەی ئەو باسی دەکرد لای من وەک ئەفسانە وا بوو؛ بڕوام پێ بکەن. من نە دەمزانی فەرمانگەی بنەمای چواری ترۆمەن چییە و نە دەشمتوانی زۆربەی ئەو ناوانەی ئەو باسی دەکردن، بڵێمەوە و بە دروستی گۆیان بکەم. لەو سەردەمەدا هەر ئەوەم بەلاوە گرنگ بوو کە ژنێکی بەدەسەڵاتی وەک دۆریان، کە هەموان ڕێزیان لێ دەگرت و تەنانەت لێیشی دەترسان، نهێنیترین سکاڵاکانی خۆی تەنها لای من دەکات. ئەو ناو و بیرەوەری و ڕووداوانە بە هۆی دووبارەبوونەوەکانیان لە چەندین کات و بۆنەدا وایان لێ هات لە زیهنمدا بمێننەوە. ئێستایش کە بوومەتە خودان ئەزموونێکی دوورودرێژ و بە ناچار کەمێکیشم خوێندووە، تازە تێدەگەم کە بێئاگایی چ دەردێکە و زانیاری و ئاگاییش چ دەردیسەرییەک!

دۆریان بەردەوام بوو لە دەردەدڵەکانی و لەگەڵ خواردنەوەیەکی بەردەوام و پەیتا پەیتادا، ڕاز و نهێنییەکانی خۆی بۆ دەدرکاندم: "ئەو ڕۆژانە، واتە ئەو ساڵانەی موسەدیق سەرەکوەزیران بوو و من لە ئێران بووم، ئەم بە ناو ئایەتوڵڵا بەهەشتییەی لای ئێوە، دڵێک نا، سەد دڵ عاشقی من بووبوو. هەندێک جار منیش کەمێک سەرنجم بۆی دەچوو، بەڵام گورج غەفوور ئالبا دەهاتە پێش و هێندە باسی گەمژەیی و نەزانی و گەوجێتیی ئەوی بۆ دەکردم، کە بێزم لە هەموو پیاوێک

دەهاتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا، ئێمە هیچ کات لە دۆخی ئەم کابرایە بێئاگا نەبووین. ئێستا ئیدی بەم کورتە زانیارییەوە کە فایلی پەیوەندیی تایبەتی منیشی پێ زیاد دەکرێت، ئیدی دەبێت چاو و گوێی خۆت بکەیتەوە تا بزانیت چ خەونێکیان بۆ ئەم کابرایە و بۆ وڵاتەکەی تۆیش بینیوە و من و تۆیش چۆن دەتوانین پێش بە وەدیهاتنی ئەو خەون و خەیاڵانە بگرین." دووبارە غافڵگیر بووبوومەوە و تازە بە تازە تێدەگەیشتم کە ئەو پێشەکییە بۆ گێڕانەوەی حەکایەت نەبووە، بەڵکو مەبەستێکی تری لە پشتەوە بووە. دۆریانیش کە وەک من هەستابووە سەر پێ، بەسەر تەختەکەی بەرانبەرمەوە دانیشت و گوتی: "دوێنێشەو، سالیڤان، هەمان پیاوە قژ سپییەکە کە باڵیۆزی ئەمەریکایە، لە کۆبوونەوەکەدا تەلگرافێکی خوێندەوە کە تێیدا نووسرابوو گوایە بە فەرمانی سەرکردەکانی دی سی، من دەبێت لە حەرەمخانەی خومەینییەوە بگوازرێمەوە بۆ حەرەمخانەی بەهەشتی، چونکە بەم زوانە وڵاتەکەی ئێوە دەدرێتە دەستی ئەو، نەک خومەینی. ئەمەیش لەم چەند ڕۆژەدا بووە هۆی ناکۆکیی نێوان من و باڵیۆز، کە بە ڕواڵەت ئەو سەرکەوت، چونکە توانیویەتی ئەو گەمژانەی دی سی بە پلانەکانی خۆی ڕازی بکات. ئەمانە بە دوای قەشە ماکاریۆسێکی[5] نوێوەن بۆ وڵاتەکەی تۆ." گوتم: "باشە چ جیاوازییەکی بۆ تۆ تێدایە، ئەم بێت یان ئەو؟" دۆریان، کە دووبارە خەریک بوو ڕادەکشایەوە، گوتی: "بە تێڕوانینی دی سی، خومەینی گەمژەیەکی توندئاژۆی مەزهەبییە، لە حاڵێکدا بەهەشتی زیرەک و هۆشمەندە! ئەم بیرکردنەوە سەقەتەیش لە مێشکی ئیفلیجی سالیڤانەوە هەڵقوڵاوە، لە حاڵێکدا ئەگەر ئەم قسەیەیش ڕاست بێت، کە نییە، هێشتا بۆ ئەنجامدانی ئەم ئاڵوگۆڕە زووە. سەرەڕای ئەمەیش، بە ئەنجامدانی ئەم کارە هەڵەیە، ئەوا ئینگلیزەکان ڕووبەڕوومان قووت دەبنەوە و ئەمەیش واتە کۆتایی شۆڕشەکە!" گوتم: ئەی بۆچی دی سی ئاگادار ناکەیتەوە؟"

دۆریان گوتی: "چونکە من بە بۆنەی نهێنییەکەوە، ساڵەهایە ڕووداوێکم بە قازانجی بەهەشتی لە دی سی شاردووەتەوە، ئێستایش ئەگەر باسی بکەم، ئەوا باوەڕم پێ ناکەن!" گوتم: "باوەڕت هەبێت هیچ سەری لێ دەرناکەم؛ بۆچی تۆ دەبێت بە قازانجی بەهەشتی شتێک لە دی سی پەنهان بکەیت؟ پاشان، ئەمە چ شتێکە کە ئەوان بڕوای پێ نەکەن؟"

---

[5] میخائیل خریستۆدۆلۆمۆسکۆس، ناسراو بە قەشە ماکاریۆس یان ماکاریۆسی سێیەم (١٩١٣ – ١٩٧٧)، مەتران و پێشەوای کڵێسەی ئۆرتۆدۆکسی قوبرس کە بووە یەکەمین سەرەککۆماری ئەم وڵاتە لە ٢ خولی نێوان ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٤ و ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٧. سەرئەنجام بە هۆی کودەتایەکەوە بە ڕێبەرایەتیی نیکۆس سامپسۆن، لەسەر کار لا درا و دواییش بە هۆی وەستانی دڵ، کۆچی دوایی کرد. گوایە ئەم ماکاریۆسە پیاوێکی ئایینی، بەڵام کراوە و تێگەیشتووتر بووە. (وەرگێڕ)

دۆریان گوتی: "ئەوەی کە بۆچی لە بەرژەوەندیی بەهەشتی ئەو کارەم کرد، نهێنییەکی تایبەتە. ئەوەیش کە دی سی نایزانێت و بڕوایشی پێ ناکات، ئەوەیە کە ئەم دکتۆر بەهەشتییە، هەر ئەو کاتەی کە لە هامبۆرگ پێشنوێژی مزگەوت بوو، لە ڕێگەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتییەوە پەیوەندییەکی ژێربەژێری لەگەڵ کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتیدا دروست کردبوو. کەواتە چۆن دەتوانێت بخرێتە جێی خومەینی؟ ئەمەیە کە ئەوان نە قبووڵی دەکەن و نە بڕوایان پێی هەیە. ئێستا تێگەیشتیت هاوکێشەکە چۆنە؟ ئێستا زانیت بۆچی لە دوێنێشەوەوە من وەک شێتم لێ هاتووە؟"

گوتم: "باشە، ئێستا بە ڕای تۆ ئێمە چیمان لە دەست دێت بیکەین تا پێش بەم کارە بگرین؟"

دۆریان گوتی: "دەمەوێت کارێکی خۆسەرانە ئەنجام بدەم و دی سی تووشی شۆک بکەم." قسەکەیم پێ بڕی و گوتم: "واتە کوشتنی بەهەشتی؟!"

دۆریان پێکەنیی و گوتی: "بەڵێ... بەڵام نەک بە دەستی تۆ، دڵت ئاسوودە بێت، بە دەستی بەیکەر... کۆڵۆنێل بەیکەر."

گوتم: "واتە ئایەتوڵلایەکی ئێرانی بە دەستی کۆڵۆنێلێکی ئەمەریکی بکوژرێت؟" گوتی: "ئافەرین... واتە لەنێوچوونی بەهەشتی و ئیدی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ ئەمەریکا و مانەوەی خومەینی تا کۆتایی." گوتم: "ئەم ناڕەحەتییەی تۆیش تەنها لەبەر ئەم بڕیاردانە ساکارەیە؟"

دۆریان، کە پێدەچوو بە هۆی سکاڵاکانییەوە کەمێک هێور بووبێتەوە، یاخود ئەو هەموو ویسکییە سڕی کردبوو، گوتی: "بڕیار نەبوو پرسیاری زۆر بکەیت، ئێستایش بڕۆ بخەوە، چونکە ئەم ڕۆژانە لە هەموو شتێک زیاتر پێویستمان بە پشوو دەبێت؛ هەم تۆ و هەم منیش."

تا من دەستێکم بە ئاو گەیاند، دۆریان خەوی لێ کەوتبوو. منیش بە ناچار، دوای کەمێک تێڕامان و بیرکردنەوە لەو قسانەی بیستبوومن، لێی خەوتم. بەڵام نازانم چەندی پێ چوو کە بە هەنسکدان و گریانی دۆریان لە خەو ڕابووم.

ئەوەی کە دۆریان بتوانێت بگری، ئەویش ئاوا بە دەنگی بەرز، قورسترین پرسیار بوو لە ناو مێشکمدا پاش ڕاچەنینەکەم. ئەم ژنە کە بۆ من سیمبولی ڕاستەقینەی هێز و هۆش و دەسەڵات بوو، نووکە وەک منداڵێک مووروویی یارییەکەی لێ ون بووبێت، دەگریا و کەوتبووە هەنسکدان!

توند لە ئامێزم گرت و دەستم خستە ناو قژەکانی و دڵم دایەوە. وەک کەسێک دەمێک بێت چاوەڕوانی شتێکی وا بکات، سەری خستە سەر سنگم و دەنگی گریان و هەنسکەکانی بەرزتر کردەوە. هێندەم نەوازش کرد و دڵم دایەوە، تا سەرئەنجام کەمێک هێور بووەوە و داوای

پەرداخێکی تری پڕ ویسکی و سەهۆڵی لێ کردم. کاتێک بە پەرداخە ویسکییەکەوە لە چێشتخانە دەگەڕامەوە، دۆریان خەریکی سڕینەوەی فرمێسکەکانی بوو؛ بە نیگایەکی میهرەبانانەوە گوتی: "جەعفەر... تۆ زۆر چاکیت، داوای لێبوردن دەکەم لە خەوم کردیت."

ماچێکم کرد و گوتم: "بەڵام لای من گریانی ژنێکی بەدەسەڵاتی وەک تۆ لە سەرجەم شتە سەیرەکانی جیهان سەیرترە... دۆریان و گریان؟ واتە شتێک کە تەنانەت بە خەویش نەمدەبینی."

دۆریان، کە خەریک بوو دەهاتەوە سەرخۆی، دووبارە دەستی پێ کردەوە و بە هەنسکدان قیژاندی: "جەعفەر... جەعفەر... ئاخر تۆ نازانی نا... بەهەشتی باوکی کچە ١٧ ساڵانەکەیشمە... باوکی کاترین... کاترینی من!"

بەبێ هیچ دوودڵییەک، ئەگەر ئاسنێکی هەزار کیلۆییان بە سەرمدا بدایە، بەلامەوە ئاسانتر بوو لەوەی دۆریان بڵێت کچێکی ١٧ ساڵانی لە ئایەتوڵڵا بەهەشتی هەیە. ئیدی هاوکێشەی زیندوو مانەوە یان مردنی بەهەشتی بەلامەوە هیچ گرنگ نەبوو، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو کە چۆن سەیدێکی ئەولادی پێغەمبەر، ئەویش ئایەتوڵڵایەک، ئەویش ئایەتوڵڵا بەهەشتی، دەچێتە لای ژنێکی ئەمەریکی کە کار و پیشەی سیخوڕییە و لەگەڵی دەخەوێت و دەبێتە باوکی کچێک لێی، کە ئێستە ١٧ ساڵ تەمەنیەتی؟! دووبارە دۆریانم لە ئامێز گرتەوە و دەستم کردە دڵدانەوەی، ئەویش ڕاستەوخۆ دەستی بە قسە کرد: "ئێستا... ئێستا ئیدی ئاگاداری کێشەکەی منیت؟ ئیدی تێدەگەیت کە بۆچی ڕاپۆرتەکەی لەمەڕ پەیوەندیی بەهەشتیم بە ڕووسەکانەوە ڕادەستی دی سی نەکرد؟ ئینجا ئێستایش بیر لەوە بکەوە کە لەناوچوونی بەهەشتی بە دەستی بەیکەر، واتە لەناوچوونی باوکی کچەکەی من، لەناونەچوونیشی واتە هەڵەیەکی تری مێژوویی بۆ وڵاتەکەم، وڵاتێک کە لە ١٥ ساڵیمەوە خۆمم بۆی تەرخان کردووە." گوتم: "بڕوانە، من سەرم لە زۆر شتی ئەم هاوکێشەیە دەرناچێت... چۆن... ئاخر چۆن ژنێکی وەک دۆریان دەتوانێت لەگەڵ مەلایەکدا پەیوەندیی عاشقانەی هەبێت، ئەویش کەی؟ ١٨ ساڵ لەمەوپێش!"

دۆریان گوتی: "ئەمە لە فرانکفۆرت ڕووی دا. من نەخۆشیی ژنانەم هەبوو، دکتۆرەکانیش دەیانگوت هەر دەبێت منداڵێکم ببێت. هەموو شتێک کتوپڕ بوو. ئەو کاتە من لە بنکەی ئەمەریکییەکاندا کارم دەکرد کە لە ویسبادن لە ١٥ بۆ ١٦ کیلۆمەتری فرانکفۆرت بوو. بەهەشتی لە هامبۆرگەوە هاتبووە فرانکفۆرت و بە ڕێکەوت و دوای چەندین ساڵ یەکدیمان لە فرۆشگەیەکی ئەڵمانیادا بینی. ئەو دەستی کردە باسی پەیوەندییە عاشقانەکەی ساڵی ١٣٢٩ (١٩٥٠)، ئیدی کار گەیشتە هاوخەوی و ٢ مانگ دوای ئەو شەوە زانیم سکپڕم. پەیوەندیم بە بەهەشتییەوە کرد، زۆر دڵخۆش بوو، گوتی منداڵەکە بپارێزم. لەوەبەدوا بەردەوام سەردانی فرانکفۆرتی دەکرد. دواتر کە من بۆ منداڵبوونەکەم چوومەوە ئەمەریکا، ئەویش هات و ڕازی بوو بەوەی ناوی بەهەشتی بخرێتە سەر ناوی کاترینی

کچم. ئیدی دوای ئەوە، گەرچی هەموو بەرپرسیاریێتیی کاترین لە ئەستۆی من بوو، بەڵام بەهەشتییش جاروبار کەمێک پارەی بۆ دەنارد. ئەمە هەموو ڕووداوەکەیە و ئێستایش تۆ ئەگەر دەتوانیت دەست لە حەسادەتی ڕۆژهەڵاتییانەت هەڵبگریت، بیرێک بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەم بکەرەوە، نەک بتەوێت باسی ئەوەت بۆ بکەم کە ئێمە چۆن لە باخەڵی یەکدیدا دەنوستین." ئەم ڕستەیەی دوایی بە جۆرە تووڕەییەکەوە دەربڕی و دووبارە منی خستەوە سەرسووڕمان، کە چۆن دەتوانێت بیری بەرانبەرەکەی بخوێنێتەوە؟!" گوتم: "بەم حاڵەوە باشتر وایە تۆ خۆت لەگەڵ بەهەشتی قسە بکەیت و پێی بڵێیت دەست لە کاروباری سیاسەت هەڵبگرێت، بە پێچەوانەوە، هەموو نهێنییەکانی ئاشکرا دەکەیت." دۆریان کە دوای ئەو هەموو گریانە دووبارە قاقای پێکەنینەکانی بەرز بووەوە، گوتی: "ئەگەر ئەویش وەک تۆ سادە و باش بوایە، ڕەنگە ئەوە ڕێگەچارەیەکی شیاو با، بەڵام ئەو ئایەتوڵڵایەی کە من دەیناسم و ئێستا دوای تەمەنێک گەیشتووە بە ئاواتەکانی، مەحاڵە دەست لە سیاسەت هەڵبگرێت، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی تۆ یان ئەبوشەریفیشەوە فەرمانی کوشتنی من یاخود تەنانەت کچەکەی خۆیشی دەربکات، بەڵام دەست لە سیاسەتبازی هەڵناگرێت." گوتم: "ئەگەر دووبارە پێم پێناکەنی، ڕێگەچارەیەکی دیم پێ شک دێت، ئەویش ئەوەیە کە هەستیت و بچیەوە بۆ ئەمەریکا و سەرەتا بڕوا بە دی سی بهێنیت، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێکی دی بدەیت..." چاوەکانی دۆریان درەوشانەوە، گورج هەستایە سەر پێ، توند باوەشی پێدا کردم و لە حاڵێکدا ماچی دەکردم، گوتی: "براقۆ جەعفەر... ئەگەر بیرم لەمەڕ ئێرە ئاسوودە بێت و کاتێک من نیم سالیڤان لێرە نەبێت، ئیدی گەر لە خودی ئەمەریکایشدا بێت، گەلێک ئیش دەکەم. ئەم بیرۆکەیە شایستەی بەدواداچوونە، هەر زۆر باشە، بە مەرجێک تۆیش بەڵێن بدەیت کە لەگەڵم دێیت." گوتم: "بینینی ئەمەریکا بۆ من وەک ئاواتێکی لێ هاتووە، بەڵام ئەی پێم ناڵێیت بە هەبوونی سوپای دەستوەشێن و ئەم هەموو ناکەسەی خۆیان بۆ مەلاس داوە، ئایا دەکرێت ئێرە بە جێ بهێڵین؟" دۆریان گوتی: "تۆ وادەزانیت ئێمە دەمانەوێت بچینە سەفەرێکی ١ مانگی؟ ئەوپەڕەکەی ٢ یان ٣ ڕۆژ لەوێ دەمێنینەوە. دەشکرێت بە جۆرێک پلانی بۆ دابنێین کە یەک دوو کەس نەبێت، کەسی دی ئاگادار نەبێت." گوتم: "بەم پێیە من دەبێ‌ر پلانی سەفەرەکەی قووم پێش بخەم، بە تایبەتی کە خومەینی دووپاتی کردووەتەوە دەیەوێت بەرەو قووم بچێت و منیش دەبێت لە بیری پاراستنی نشینگەکەیدا بم." دۆریان گوتی: "ئەمەیش یەک لەو هەڵانەیە کە ئەم پیرەمێردە بە هاندانی بەهەشتی و سالیڤانی بالیۆز تووشی دەبێت، واتە شتێک دەکات کە نابێت بیکات، ئێ خۆ قسەیش لە کەسمان نابیستێت." گوتم: "واتە تۆ لەم بارەیەوە قسەت لەگەڵ کردووە؟" گوتی: "نەک جارێک، بەڵکو دوو سێ جار. دوای ئەو دیدارەی کیانووری کە نەمزانی بۆ دەبێت ٣ سەعات بخایەنێت، پێم گوت: "باش نییە بچیتە قووم." کەچی پێم دەڵێت: "ئەگەر تۆیش لە جێی من بایت و بەو شێوازە لە قووم دەربکرابایت، ئەوا ئاواتت دەخواست بەم جۆرە بگەڕێیتەوە."

سەعات ٥:٣٠ خولەکی بەیانی بوو کە هەردووکمان هیلاک و ماندوو خەوتین، بەو هیوایەی سبەینێ ئەو بیر لە سەفەری ئەمەریکا بکاتەوە و منیش لە قووم و هەردوکیشمان بیر لە دواخستنی ڕۆیشتنەکەی خومەینی لە تارانەوە بۆ قووم بکەینەوە.

هێشتا لە ماڵ دەرنەچووبووین کە سادق قوتبزادە پەیوەندیی کرد و دوای نیو سەعاتێک قسەکردنی لەگەڵ دۆریاندا، بە منی گوت بۆ ئەمشەو بانگ کراوم بچمە شوورای شۆڕش، گوتیشی: "وریا بە، هیچ خاڵێکی لاواز پیشان نەدەیت و زۆر مەحکەم لە بەرانبەریان بوەستە، من و بەنی سەدر و مەلاکان لایەنی تۆ دەگرین و داروودەستە فۆکۆلییەکەی بازرگان دژت دەوەستنەوە." بە قوتبزادەم گوت: "هیچ نیگەرانی ئەم بابەتە مەبە، بەڵام ئایا ئیمام ئاگاداری ئەم بانگکردنەی منە؟" قوتبزادە گوتی: "هێشتا نا... شوورای شۆڕش دەڵێت پێویست ناکات بۆ هەموو شتێکی بچووک دەستەوداوێنی ئیمام ببین، بەڵام من پێشنیوەڕۆ دەچمە لای و ئاگاداری دەکەمەوە."

گوتم: "من وا بەرەو ناو سوپا دەچم، حەز دەکەم تۆیش ڕۆژێک بێیت و کەمێک قسەیان بۆ بکەیت." قوتبزادە کە بەم پێشنیارە دڵخۆش بوو، گوتی: "جارێ ئیمام بە نیازە قسە بۆ سوپاکەی تۆ بکات و منی ڕاسپاردووم بۆ ئامادەکردنی ئامێری تۆمار و پەخشکردنی قسەکانی، بەڵام هێشتا کاتەکەی دیاری نەکردووە، کەواتە باشتر وایە قسەکردنەکەی من بخەیتە دوای ئەوەی خومەینی، ئاوا باشترە."

باسەکەم بۆ دۆریان گێڕایەوە، بە سەرسووڕمانەوە پرسیی: "ئایا پێشتر هیچ بیرت لەم کارە، واتە لە کۆڕی قسەکردنی قوتبزادە کردووەتەوە؟"

گوتم: "نا... بۆچی؟" گوتی: "من زۆر جار سەرنجم داوە، هەندێک جار تۆ بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک شتێک دەڵێیت، کاتێک من بیری لێ دەکەمەوە دەبینم باشترین شتە، ئەمەیش بۆ منی دەردەخات کە ئەگەر تۆ بتخوێندایە، دەبوویتە زانایەکی گەورە." گوتم: "وایش بیر دەکەیەوە کە ئەگەر بمخوێندایە، هەرگیز دەکەوتمە ئەم ڕێگایەوە؟" دۆریان دووبارە پێکەنیی و لێی پرسیم: "باشە ئەی دەربارەی شوورای شۆڕش، خومەینی هیچ قسەی لەگەڵ نەکردوویت؟" گوتم: با... بەڵام گوتی با کەس ئاگای لێ نەبێت. بۆچی وا بیر دەکەیتەوە کە دەبا شتەکە بە قوتبزادە بڵێم؟"

دۆریان گوتی: "مێشکی نازدارت کەم کەم خەریکە دەکەوێتە ئیش. لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێت لە بیرت نەچێت کە لە بەرانبەر شوورای شۆڕشدا زۆر بەتوانا و پتەو ڕابوەستیت و بێدەنگ بیت، تا هەموو قسەکانیان بکەن، ئینجا لە جێی خۆت هەستیتەوە و پێیان بڵێیت، من وەڵامی ئەم قسانە بە خودی ئیمام دەڵێمەوە و پاشان لەوێ بچیتە دەرەوە. خۆ ئەگەر هات و ئەم ئەسەدوڵڵا موبەشیرییەیش لەوێ بوو و شتێکی گوت، گەر دەرفەت هەبوو هەر لەوێ و گەرنا لە دەرەوە، تەلەفۆنێک بۆ موهەندیس بازرگان بکە و پێی بڵێ کە حەز دەکەیت بە بەشداریی ئەو و موبەشیری، پێکەوە سەیری فیلمێکی شۆڕشگێڕانە بکەن."

گوتم: "لەو جۆرە فیلمانە؟!"

دۆریان دیسانەوە دایە قاقای پێکەنین و گوتی: "فیلمەکەی سەید جەلال تارانی لە بەرامبەر ئەمەیاندا خەلاتی ئەخلاق و ڕەوشتی پێ دەبەخشرێت!"

لە ماڵ هاتینە دەرێ، دۆریانم گەیاندە مەدرەسەی عەلەوی، خۆم پیشانی ئیمام دا، ئەو کۆبوونەوەی هەبوو، منیش بە پەلە خۆم گەیاندە باخی جیهانبانی. کوڕەکان، کە خوێندەواریی هەموویان لە من باشتر و زیاتر بوو، زۆر بە ڕێکوپێکی خەریکی ئیش بوون، بە گەیشتنی منیش پەیوەندییەکانی سوپا و یەکەکانی شۆڕشمان دابین کرد و توانیمان زۆربەی کارەکانمان قۆناغێک بەرینە پێشەوە، وەک دابینکردنی کەرەستەی ڕاهێنان بۆ ئۆردووگا و چەکی تایبەتی ڕاهێنان و کەرەستە پێویستەکانی دی. ئەوەی سەرنجی هەموومانی ڕاکێشابوو، ئەوە بوو کە پەیوەندیمان بە هەر کەس و هەر کوێوە دەکرد، وەڵامی ئەرێنیمان وەردەگرت، ئەمەیش دەیسەلماند کە حاڵەتی مەحرەمانە و نهێنیبوونی کارەکەمان درۆیە و هەر خودی ئیمام پێش هەموو کەس، فەرمانی بە هەموو لایەک کردووە کە یارمەتیمان بدەن. سەعات ٢:٠٠یی پاشنیوەڕۆ، سەید ئەحمەد و دوای ئەویش قوتبزادە، پەیوەندییان کرد و گوتیان دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی شووراى شۆڕش، سەردانی خومەینی بکەم. دوای سەعاتێکیش لە فەرماندەیی ئەرتەشەوە پەیوەندییان کرد و گوتیان: "بەڕێز شەفیعزادە، کەی بەرەو قووم و ئیسفەهان بەڕێ دەکەون تا هەلیکۆپتەرتان بۆ ئامادە بکەین؟" چاپچی وتەنی، "سوپا، هێندە بۆ خەڵکانی دی بوونی هەبوو، لای خۆمان هێشتا نەگەیشتبووە قۆناغی پێگرتنیش"!

بە کوڕەکانم گوت: "بە نیازم بچمە لای خومەینی و داوای لێ بکەم بۆ ڕێنمایی کۆماندۆکان، ئایەتوڵڵایەکی گەنج و ڕۆشنبیر ڕەوانەی ناو سوپا بکات. پێم وایە بەم کارەمان دڵی ئیمام ئاسوودەتر دەکەین." کوڕەکان هەموویان ڕازی بوون، منیش لە دڵی خۆمدا گوتم دوای پرسوڕا لەگەڵ دۆریان، ئەم کارە دەکەم نەک ئێستا.

سەعات ٦:٠٠ی پاشنیوەڕۆ چوومە کۆبوونەوەکەی شووراى شۆڕش و بە هەمان سیناریۆی لە پێشدا ئامادە کراو، بەشداریم کرد. بازرگان باسی ئەو توندوتیژییانەی کرد کە لە لایەن کۆماندۆکانی منەوە دەکرێن، پاشان ئاماژەی بە ڕووداوەکەی ماڵی جیهانبینی کرد و گوتی توندوتیژیی کۆماندۆکانی من کۆمەڵگەیان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە و ئەمەیش زیانی بۆ شۆڕش دەبێت و بە قازانجی هیچ کەس نییە هێندە ئەم توندوتیژییانە پەرە بستێنن. نزیکەی ٢٠ خولەکێک قسەی کرد و پاشان داوای وەڵامدانەوەی لە من کرد، منیش هەستامەوە و گوتم: "قسەکانی ئێوەم بیست، وەڵامەکەیان دەدەمەوە بە ئیمام، چونکە یەکەکانی من تەنها لە بەرانبەر ئیمامدا بەرپرس و وەڵامدەرەوەن؛ هیوادارم بەڕێزان ئەم کارەی من بەبێ نەزاکەتی لە قەڵەم نەدەن." ئیدی بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ وەڵامێک یان هیچ قسەیەکی دیکە بم، چوومە دەرێ و

یەکسەر بەرەو لای خومەینی بەڕێ کەوتم. سەید ئەحمەد، هەر لەگەڵ بینینی من لە پاڵ خومەینی، کە خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵ هەندێک سوپایی، هەستا و پێی گوتم: "عەرزی ئیمامم کرد... هەر زۆر شاز بوو... چاک دەرهەقیان هاتیت... ئێستایش بڕۆرە ناو حەرەمخانەوە، خاتوو مەکگرەی ئیشێکی گرنگی پێتە. ئاسوودە بە، ئیمام تا نیو سەعاتی تریش لەو سوپاییانە ڕزگاری نابێت." هەواڵی ڕووبەڕووبوونەوەکەم لەگەڵ بازرگان و ئەندامانی شوورای شۆڕش، پێش خۆم گەیشتبووە ماڵی خومەینی. دۆریان گوتی: "خومەینی بە ڕواڵەت زۆر ڕازییە، ئاگادار بە لای ئەو زۆر بە خۆت نەنازی، تەنها بڵێ کە گوایە فەرمانی ئەوت جێبەجێ کردووە." بە دۆریانم گوت: "دەمەوێت پێشنیازی پێ بکەم مەلایەکی گەنج بنێرێتە ناو سوپا بۆ ڕێنمایی کۆماندۆکان، تۆ دەڵێیت چی؟" دۆریان، لە حاڵێکدا لە ژێر چارشێوەکەیەوە پێدەکەنی، گوتی: "سەرئەنجام تۆیش ڕەگی خەونی ئیمامت دۆزییەوە، یەک چرکەیش لێی مەوەستە، چونکە لەوە باشتر نابێت. مۆڵەتی ئەوەیشی لێ وەربگرە کە هەرچی زووە بەرەو قووم بەڕێ بکەویت، چونکە هاوڕێ کۆنەکانت خەریکی هەندێک ئیشوکاری وان کە زۆر مەترسیدارن." پرسیم: "دەکرێت بڵێیت چی بووە؟"

دۆریان گوتی: "ئەگەر بمزانیایە، نەمدەگوت تۆ هەرچی زووە بڕۆ."

گوتم: "ئەی بۆ ئەمەریکا چیت کرد؟" گوتی: "خەریکم. کە ئیشت تەواو بوو بوەستە تا پێکەوە بڕۆینە دەرێ."

سەعاتێک دواتر، خومەینی داوای کردم و پرسیاری کۆبوونەوەکەی شوورای شۆڕشی لێ کردم، منیش هەرچی ڕووی دابوو، وەک خۆی هەموویم بۆ گێڕایەوە. خومەینی ڕازیبوونی خۆی دەربڕی و گوتی: "ڕام سپاردووە هەرکات ویستت بچیتە شوێنێک، هەلیکۆپتەرێکت بۆ دابین بکەن. بونیادی موستەزعەفینیشم ڕاسپاردووە ئەو کەلوپەلەت بۆ دابین بکەن کە ئەمڕۆ داوات کردبوون. ئاگادار بە، ماوەیەکی دی دوعایی پەیوەندیت پێوە دەکات و هەندێک پرسیارت لەمەڕ لیبیا لێ دەکات، وەڵامی ڕاستەوخۆی نەدەیتەوە."

دەستیم ماچ کرد و مۆڵەتی سەفەرەکەم لێ وەرگرت و داوای ناردنی مەلاکەیشم بۆ ناو سوپا لێ کرد. بۆ یەکەمین جار دەستی گرتم و گوتی: "خۆیشم لە بیری شتێکی وادا بووم، خۆت بڕۆ بزانە کێ بە باش دەزانیت کە زۆریش وشک و دەمارگیر نەبێت، منیش بیری لێ دەکەمەوە و کاتێک گەڕایتەوە، پێکەوە باسی دەکەین."

بەم جۆرە، بە پێچەوانەی شەوی ڕابردوو، دوای ڕۆژێکی پڕ لە سەرکەوتن، شەوێکی زۆر خۆشمان بەسەر برد؛ زوو نوستین تا بۆ بەیانی زوو هەستین و ئەو بەرەو ماڵی خومەینی و منیش بەرەو قوم.

کاتێک سەرکەوتمە ناو هەلیکۆپتەرەکەوە تا بەرەو قم بەڕێ بکەوم، لە دڵی خۆمدا پێکەنینم بە کاری گەردوون دەهات. کەوتمەوە بیری ئەو بەچکە قەسابە قەهدریجانییە کە لە شاگرد قەسابییەوە بە ماوەی ٢ ساڵ گەیشتبووە ئاستێک بە هەلیکۆپتەر هاتوچۆی ئەملاولای دەکرد. لە قووم هەندێک مەلا و کۆمەڵێک سەرۆک و بەرپرسی شوێن و یانە شۆڕشگێڕانەکان پێشوازییان لێ کردم، گورج چوومە دیدەنیی سەید مەهدی هاشمی. سەید مەهدی بە جۆرێک ڕێزی لێ گرتم، کە خۆیشم سەرم سووڕمابوو، بەڵام من حەزم دەکرد زووتر تەنیا ببینەوە و دەست بکەینە دەردەدڵە هاوبەش و تایبەتەکانمان؛ دەرفەتێک کە تا ٢ سەعات دواتریش بۆمان نەلوا. کاتێک کە سەرئەنجام تەنیا ماینەوە، گوتی: "گەیشتینە خواستەکانمان و ئێستا ئیدی وڵات لە دەستی خۆماندایە، منیش سەرجەم ئەو بەڵێنانەم بردوونەتە سەر کە بە کاک جەعفەری خۆمانم دابوون؛ چ لە زیندان و چ کاتی ئازادییشم. ئێستا تەنها یەک پرسیارم هەیە: ئایا کاک جەعفەریش هەروەک جاران یار و پاڵپشتی منە یان نا؟" هەستامەوە، ماچم کرد و بە حاڵەتێک کە لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا بە خۆمەوە نەمدیتبوو و زیاتر وەک هەڵسوکەوتی ئەو پاشنیوەڕۆیەی قەهدریجان دەچوو، بە هەمان ئەو شەرم و نەزاکەتەی منداڵێکی شاگرد قەساب کە سەید مەهدی بووبووە قارەمانی خەونەکانی، گوتم: "من سەروسامان و پلە و پێگەم لە سایەی سەری ئێوەوەیە، لەم ٢ ساڵەدا ڕۆژێک نەبووە سوپاستان نەکەم. کاتێک هەواڵی دەستگیرکردنتانم بیست، دەمویست لە دیمەشق هەڵبێم و بۆ ڕزگارکردنی ئێوە گیانیشم ببەخشم، بەڵام پێیان ڕاگەیاندم کە ئێوە بەم کارەم ڕازی نین..."

سەید مەهدی هاشمی نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و لە حاڵێکدا بە دڵخۆشییەوە دەهاتە پێش تا ماچم بکات، گوتی: "ئاگاداری هەموو ئەمانەم، ئەو پرسیارەیش تەنها بۆ نوێکردنەوەی هەمان پەیمانی نێوانمان بوو تا بتوانین ئاسوودەتر باسی پلانەکانی دواڕۆژمان بکەین."

گوتم: "ئێوە تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش گومان لە بچووکی و خزمەتکاریی من بۆ خۆتان مەکەن." سەید مەهدی، دوای پێشەکییەکی دووورودرێژ، سەرئەنجام گەیشتە سەر خاڵی سەرەکیی باسەکە و گوتی: "هەروەک چۆن ٢ ساڵ لەمەوپێش گەیشتنە ئاوا دۆخێک لە لامان وەک خەون و خەیاڵ بوو، ئێستایش دەمەوێت بڵێم ئەم دۆخە زۆر ناخایەنێت و ڕێبەری سیاسیی داهاتووی ئێران من دەبم و ڕێبەری ئایینییشی ئایەتوڵڵا مونتەزیری دەبێت. بەم پێیەیش، لەم دۆخە ئاڵۆزەی کە سەگ خێوی خۆی ناناسێتەوە، ئێمە، واتە ئەوانەی تووی ئەم شۆڕشەمان چاند، دەبێت وەک زنجیر پێکەوە ببەسترێینەوە و پلانەکانمان بە جۆرێک دابڕێژین کە بتوانین لە کاتی خۆیدا بگەینە خواست و ئامانجەکانمان. جارێ بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە... دارودەستەی جەبهەی میللی و موجاهیدین و فەداییەکان و کۆمۆنیست و تودەییەکان لایەکی ئەم لێفەیە بۆ خۆیان ڕادەکێشن و باڵە جۆربەجۆرەکانی ناو مەلاکانیش لایەکی تری. من ئاگاداری ئازایەتییەکانی تۆم، چ لێرە، چ لە لیبیا و چ لە سووریادا، هەر بۆیە زۆر پشتت پێ دەبەستم، پشتبەستنێکی زۆر قایم و تەواو. هەندێک

کەس، بە تایبەتی لە ناو مەلاکاندا، بوونەتە لەمپەڕ، وەک تاڵەقانی، شیخ عەلی ئەکبەر (هاشمی ڕەفسەنجانی)، موتەهەری، مفەتیح و... ئەمانە هەریەکەیان هێڵێکی بۆ خۆی داناوە کە هیچیان لەگەڵ هێڵەکەی ئێمەدا نایەنەوە. خومەینی خۆی ڕازییە بە لەناوبردنی تاڵەقانی، بەڵام بۆ ئەوانی دی نا. پلانەکەی من بۆ لەناوبردنی ئا ئەمانەیە، بە تایبەتی ئەم شێخ عەلی ئەکبەرە کۆسەیە..."

دەمزانی مەبەستی سەید مەهدی هاشمی چییە؛ لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە کە کاتێک من نێررامە سووریا و لیبیا بۆ ڕاهێنانی کۆماندۆیی، دیارە تەنها بۆ ئیعدامکردنی ئەفسەرە سوورییەکان یان تاڵانکردنی مۆزەی ئێرانی کەونارا نەبووە. ئەم کابرایە لەخۆڕا و بێ هۆ ئەم هەموو سامان و دەسەڵاتەی بە من نەبەخشیوە، ئێستایش ئەو مافی خۆیەتی قازانجی ئەو هەموو سەرمایەیەی خۆی ببینێتەوە. مافی سەید مەهدی هاشمی لەگەڵ هیی کەسی تردا بەراورد ناکرێت، هەر بە هۆی ئەم بیرکردنەوەیەیشەوە بوو کە گورج هەڵم دایە و گوتم: "من خزمەتکاری ئێوەم و ئاماژەیەکی بەڕێزتان بۆ من وەک فەتوایە و چرکەیەکیش لێی ناوەستم." سەید مەهدی هاشمی کە بە بیستنی ئەم ئامادەییەی من شاگەشکە بوو، گوتی: "کەواتە سەردانێکی حەزرەتی ئایەتوڵڵا مونتەزیری بکە و دواییش وەرە تا لەگەڵ شێخ محەمەدی مونتەزیریشدا کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی بکەین."

ئەو ڕۆژە، پێش ئەوەی سەفەرەکەم بە فەرمانی خومەینی بۆ دەستگیرکردنی دکتۆر میناچی نیوەچڵ بهێڵمەوە و بگەڕێمەوە تاران، لەگەڵ مونتەزیری دانیشتم و دواییش لەگەڵ محەمەد مونتەزیری و سەید مەهدی هاشمیدا پەیمانێکی نوێمان بەست، تا وەک خەڵکی قەهدریجانی پێکەوە بین و نەهێڵین سەری گوریسەکەمان لە دەست دەربچێت و لەم ڕێگەیەیشدا هەر لەمپەڕێک بێتە سەر ڕێمان، بە فەرمانی سەید مەهدی و بە زووترین کات لە ناوی بەرین.

من ڕاسپێررام سەرەڕای پاراستنی دۆستایەتییەکەم لەگەڵ دۆریان مەککگرەی و سادقی قوتبزادەدا، هاوپەیمانەکانم لە هەرچی هەواڵی پشت پەردەی شۆڕش هەیە، ئاگادار بکەمەوە و ئەگەر دانوستانەکانی سەید مەهدی هاشمی و هاشمی ڕەفسەنجانی سەریان نەگرت، بە ئاماژەیەک لە قوومەوە، من لە ناوی بەرم. هەوڵی زۆرم دا بڕوا بە سەید مەهدی و محەمەد مونتەزیری بهێنم کە دۆریان مەککگرەی گاڵتەی پێ ناکرێت و هێندە چووەتە ناو دڵ و ڕۆحی خومەینییەوە و هێندە کاریگەریی لەسەری هەیە، کە خومەینی بەبێ ڕەزامەندیی ئەو دەست بۆ هیچ کارێک نابات، بەڵام ئەوان بەردەوام ئەو پڕوپاگەندەیەی لای سەلامەتیان و قوتبزادەیان دووبارە دەکردەوە، کە کاتی خۆی لە پاریس بڵاویان کردەوە کە گوایە دۆریان سیغەی سەید مستەفا خومەینی بووە و لەبەر ئەوەیش کە بڕوای بە ئیسلام هێناوە، پاش سەید مستەفا هەر لای خومەینی و بنەماڵەکەی خۆشەویستە و ڕێزی لێ دەگیررێت. لە حاڵێکدا من خۆم شایەت بووم کە ئەم پڕوپاگەندەیە لە لایەن قوتبزادە و سەلامەتیانەوە و ئەویش هەر بە پێشنیاری خودی دۆریان لە پاریس بڵاو

کرایەوە، تا هەبوونی ئەو لای خومەینی لە نوفێل لوشاتوو و لە پاریسیش هیچ گومانێک لای کەس دروست نەکات! بە هەرحاڵ، با بە کورتی ئەوەیش بڵێم کە دوای ماوەیەکی کەم لە سەفەرەکەی من بۆ قوم، دکتۆر موتەهەری و چەند مانگ دواتریش موفەتیح کوژران، بەڵام هیچ کام لەم تیرۆرانە دەستی منی تێدا نەبوو. بەڵام ئەوەیش نازانم کە ئەو دەنگۆیە ڕاست بوو کە کاری گرووپی فورقان بووە... ئەمەیانم نەزانی. بەڵام لەوە دڵنیام کە ئەگەر موتەهەری نەکوژرابا، ئەوا ئەو دەبووە جێگرەوەی خومەینی، نەک ئایەتوڵڵا مونتەزیری. بە فەرمانی سەید مەهدی هاشمی، بڕیار درا هەڕەشەیەکی تیرۆرکارانە لە هاشمی ڕەفسەنجانی بکەین، هەڵبەت تەنها بۆ چاوترسێنکردنی. ئەم کارەشمان کرد و خستمانە نەخۆشخانەوە. ئەم تیرۆرە کە هەر لە بنەڕەتدا وا پلانی بۆ داڕێژرابوو کە سەرنەگرێت و هەموو گیروگرفتەکانیشی کە دواتر باسیان دەکەم، هەر دەگەڕانەوە بۆ ئەم مەبەستی سەرنەگرتنەی، بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕەفسەنجانی کاتێک لە نەخۆشخانە هاتە دەرێ، یەکسەر بچێتە قووم و دەستی ئایەتوڵڵا مونتەزیری ماچ بکات. لە کۆتا چرکەساتی سواربوونم بۆ گەڕانەوەم بۆ تاران، هاشمی ڕەفسەنجانی جانتایەکی سامسۆنێتی دایە دەستم و بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەمە هەندێک سۆهانی قوومە و لە ماڵەوە بە تایبەتی دروست کراوە بۆ ئێوە، هیوادارم هەمیشە شاد بن." هەلیکۆپتەرەکە لە دوشانتەپە نیشتەوە و منیش یەکسەر چوومە لای خومەینی لە مەدرەسەی عەلەوی. دۆریان چاوەڕوانم بوو، جانتاکەم دایە دەستی و گورج بۆ لای ئیمام چوومە ژوورەوە، بینیم هەندێک مەلای شوورای شۆڕش لەوێن و لەگەڵی لە کۆبوونەوەدان. تەنها نامەلای ناو کۆبوونەوەکە دکتۆر ئایەت بوو، ئیدی هەموویان مەلا بوون. خومەینی زۆر تووڕە بوو، بە ئاماژەی دەستی پێی گوتم لە سووچێکدا دابنیشم. قسەکانیان لەسەر ناتەباییەکانی دەوڵەتی بازرگان و نەزانیی وەزیرەکانی و ئەو دژبەرییانە بوو، کە هەندێکیان لەگەڵ ئاخوندەکان هەیانبوو. زوو تێگەیشتم کە دکتۆر موعینفەڕ لە ڕاستیدا سیخوڕی ئاخوندەکانە لە کابینەکەی بازرگاندا و هەر ئەوە کە هەواڵەکانی دەوڵەت دەگەیەنێتە ئەملا و ئاوا تووڕەیان دەکات! کاتێک من چوومە ژوورەوە، دکتۆر ئایەت خەریکی قسەکردن بوو، کە بوونە هۆی ئەوەی من بگەم بەو زانیارییانەی کە ئاماژەم پێ دان. دوای تەواوبوونی قسەکانی دکتۆر ئایەت، خومەینی کە سەیری منی دەکرد، گوتی: "باشە ئەگەر ئەم دکتۆر میناچییە بخرێتە زیندان، کاروباری ئێوە ڕێک دەکەوێت؟" هەموویان وەڵامیان بە "بەڵێ" دایەوە و ئەویش لە بەرانبەر هەموویاندا ڕووی لە من کرد و گوتی: "وەستام تا ئێوەیش بگەن؛ پێویستە لەگەڵ دکتۆر ئایەتدا قسە بکەن و هەر کەس ئەو گوتی، دەستگیری بکەن و بیخەنە زیندانەوە؛ هەر کەس، واتە ئەو دکتۆر میناچییە. هەڵبەت ئیشەکەیش ڕابگرن و دوای بخەن بۆ سبەی." کاتێکیش ئەوان ڕۆیشتن و تەنها من و سەید ئەحمەد و شێخ مەلا شەهابی ئیشراقی ماینەوە، خومەینی پێی گوتم: "هەرچییان پێ گوتیت، تۆیش بە سەید ئەحمەدی بڵێ و تا من خۆم پێت نەڵێم، هیچ کەس مەگرە." ئێستا ئیدی نۆبەی ئیمام بوو کە پەیتا پەیتا بانگم بکات و شتێکی تازە و کتوپڕم پێ بڵێت و تووشی سەرسووڕمانم بکات. پێی گوتم: "بۆیە داوام کرد لە

قووم بگەڕێیتەوە، تا سبەینێ لەگەڵ کوڕەکانی ناو سوپا بێنە لام و هەندێک قسەتان بۆ بکەم؛ سەعات ۰۰:۱ی پاشنیوەڕۆ باشە."

هێشتا سەیارەکەم پێ نەکردبوو کە دۆریان گوتی: "مێشکی ئەم پیرەمێردە وەک کۆمپیوتەر ئیش دەکات، بەڵام کۆمپیوتەرێک کە تەنها بۆ پلانگێڕی دروست کرابێت؛ بە هەلیکۆپتەر تۆ ڕەوانەی قووم دەکات، هێشتا نەگەیشتوویت داوای گەڕانەوەت لێ دەکات، چونکە لەناکاو تێدەگات کە تۆ دەستپەروەردەی سەید مەهدیی هاشمییت، بیانووەکەیشی دەستگیرکردنی ئەم هاوڕێیەمان دکتۆر میناچییە، کە بەلای خۆیەوە وەزیریشە. ئەمانە دەری دەخەن کە دەیەوێت سوپای دەستوەشێنی پیشانی ئەم و ئەو بدات و بە هۆیەوە هەموان چاوترسێن بکات. دڵی ئایەت بە جۆرێک ڕادەگرێت و دڵی تۆیش بە جۆرێکی دی." پرسیم: "باشە مەبەستی لەم کارانە چییە؟" پێکەنیی و گوتی: "دەیەوێت جێپێی خۆی پتەو بکات، هێشتایش باوەڕ بە دۆخەکە ناکات. ئێ دەی تۆ بڵێ بزانم لە قووم چی ڕووی دا؟ پلانەکانتان بە کوێ گەیشتن، سەرئەنجام بڕیاری کوشتنی ڕەفسەنجانی و موتەهەری و موفەتیحتان دا یان نا؟ باشە هەواڵی پەیوەست بە من و قوتبزادە و ئەوانی دی کەی دەگەیەنیتە سەید مەهدی؟"

ئەگەر دۆریانم نەناسیبا و ئاگاداری دەسەڵاتی ئەو نەبام، ئەو گومانەم لا دروست دەبوو کە لە هەنگاو بە هەنگاوی سەفەرەکەمدا بۆ قووم، وەک بوونەوەرێکی نەبینراو لەگەڵم بووە. گوتم: "باشە تۆ ئەمانە چۆن دەزانیت؟" گوتی: "هیچ نازانم، تەنها دەمەوێت نەهێڵم کتوپڕ بەسەر جەعفەری ئازیزمدا بدرێت و لەبەر ئەوەی کە خۆی بە قەرزاری سەید مەهدی هاشمی دەزانێت، هەندێک شتم لێ بشارێتەوە و پێم نەڵێت." ئەم جارەیان نۆرەی من بوو پێبکەنم و پێش گێڕانەوەی وشە بە وشەی ڕووداوەکانی قووم، پێی بڵێم: "تۆ تەنها کەسێکی کە کەس ناتوانێت درۆت لەگەڵ بکات."

دۆریان گوتی: "ئەم سەید مەهدییە کەسێکی زۆر سەیرە، پلانەکانیشی زۆر ڕێکوپێکن، تاکە کەسە کە تەنها بیر لە ئەمڕۆ ناکاتەوە، بەڵکو ئایەندەیش دەبینێت. بە هەرحاڵ، هیوادارم هەرچیی پێ گوتوویت، تەنانەت سیخوڕیکردنیش لەسەر من، تۆ پێی ڕازی بوبیت، بەڵام بە کردەوە هیچی بۆ نەکەیت؛ مەگەر شتێک بە سوودی هەموومان بێت."

کاتێک گەیشتینە ماڵەوە، تەلەفۆنەکە لێی دەدا، دۆریان هەڵی گرت و دوای ئەوەی کەمێک بە ئینگلیزی قسەی کرد، تەلەفۆنەکەی داخست و پێی گوتم: "بەیکەر بەرەو ئێرە دێت، گوایە چەند دزێکی گرتوون." بە سەرسووڕماوی پرسیم: "دز؟" دۆریان کە بەرەو چێشتخانەکە دەچوو، بە زمانێکی گاڵتەئامێزەوە گوتی: "دزی عەرەب." پاشان داوای لێ کردم بڕۆم و دەرکە بە ڕووی بەیکەردا بکەمەوە. بەیکەر کلیلی پێ بوو، بەڵام هەرکات من و دۆریان بە تەنیا لە ماڵەوە باین، کلیلەکەی بە کار نەدەهێنا، بەڵکو لە دەرکەی دەدا.

دۆریان و بەیکەر نزیکەی نیو سەعات پێکەوە بە ئینگلیزی قسەیان کرد و پاشان بە کورتی بۆ منیشی گێڕایەوە، کە پێش نیوەڕۆ کۆڵۆنێل بەیکەر سەرنجی بەرەو لای ۲ کەس ڕادەکێشرێت کە

بەنیازن بەسەر دیواری ماڵەکەی دۆریاندا بپەڕنەوە و بچنە ناوەوە. ئەویش دەوەستێت تا بچنە ناو خانووەکەوە، بەو هۆیەیشەوە کە بینیبووی لە جێبێک دابەزیون، دەچێتە سەروەختی جێبەکە و بە هەڕەشە شۆفێرەکەی دادەبەزێنێت، دەیباتەوە ماڵەوە و دەست و قاچی دەبەستێتەوە و سەودابە، کە بە ڕێکەوت لەوێ بووە، ڕادەسپێرێت بۆ چاودێریکردنی. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی دۆریان و هەردوو کەسەکە لەوێ دەستگیر دەکات و دەیانگوازێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. ئێستایش هەرسێکیان لەوێن و سەودابە و دوو ئەمەریکیی تر چاودێرییان دەکەن. گوتم: "باشە ئەمانە نەیانگووتوە مەبەستیان چی بووە و چییان ویستووە؟" گوتی: "هاوکێشەکە لێرەدایە، ئەوانە دوانیان عەرەبن و یەکێکیان ئێرانییە و تەنانەت وشەیەکیش نادرکێنێت." گوتم: "باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە بیاندەینە دەست کوڕەکانی سوپا." دۆریان کەمێک لەگەڵ بەیکەر قسەی کرد و گوتی: "بەیکەر دەڵێت تا خۆمان تێنەگەین کە ئەمانە کێن و کێ ناردوونی و بۆچی نێرراون، باشتر وایە بیانهێڵینەوە و ڕادەستی کەسیان نەکەین، چونکە لەو حاڵەتەدا سەرکردەکانیان دەکەونە جموجووڵ و بەبێ ئەوەی هیچمان دەست بکەوێت، لە دەستمان دەریان دەکەن." کەمێک بێدەنگ بوو و پاشان گوتی: "کلیلی چارەسەری ئەم کێشەیە بە دەستی قوتبزادەیە، هەم لە خۆمانە و هەم ئەندامی شووڕای شۆڕشیشە." ئەمەی گوت و بەرەو لای تەلەفۆنەکە ڕۆیشت. دوای سەعاتێک قوتبزادە گەیشت و پاش ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان کرایەوە، داوای لە من کرد ٥ کەس لە کۆماندۆکانم لەگەڵ خۆم بهێنم بۆ ئەوەی سەردانمان بۆ لای دەستگیرکراوەکان حاڵەتی فەرمیی هەبێت. سەعات ٢:٣٠ خولەکی نیوەشەو بوو کە نەعمانی و ٤ کۆماندۆی دیکە گەیشتن و هەمووومان بەرەو ماڵی کۆلۆنێل بەیکەر چووین، کە پاڵی بە دیواری ماڵەکەی دۆریانەوە دابوو.

دۆریان و قوتبزادە بە یەکەم نیگا هەرسێ دەستگیرکراوەکەیان ناسینەوە، کە بریتی بوون لە هانی حەسەن، نوێنەری یاسر عەرەفات لە تاران و ئەبوڕاشد، فەرماندەی یەکەی دەستوەشێنی فەڵەستینییەکان لە تاران و کوڕەکەی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی. قوتبزادە فەرمانی کرد دەستوپێیان بکرێتەوە و لە حاڵێکدا ئاماژەی بە خراپ تێگەیشتنێک دەکرد، خۆی و نەعمانی لە ژوورەکەدا لەگەڵیان مانەوە و بە بیانووی ئەوەی ئیدی کارەکە کەوتووەتە دەست دەوڵەت و شووڕای شۆڕش، داوای لە ئێمە کرد بەجێیان بهێڵین. ئەو ٤ چەکدارەی لەگەڵ نەعمانی لە کەرەجەوە هاتبوون، لە ماڵی بەیکەر مانەوە و ئەوانی دی هەمووومان چووینەوە ماڵەکەی دۆریان. دۆریان بە تەلەفۆن خومەینیی لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە و دوای ئەوەیش وەک بڵێیت هیچ ڕووی نەداوە، خۆی سەرقاڵی میوانداری لە ئێمە کرد.

سەعات ٥:١٠ خولەکی دەمەوبەیان، دەستگیرکراوەکان بە هەمان جێبەکەی خۆیان ڕەوانە کرانەوە. نەعمانی و ٤ کۆماندۆکەی تر دوای دانیشتنێکی کورت لەگەڵ مندا، بەرەو کەرەج گەڕانەوە، تا ئامادەکاری بکەن بۆ سەردانەکەی لای خومەینی. قوتبزادە هاتەوە ماڵی دۆریان و نزیکەی ٢٠

خولەکێک لەگەڵ ئەویش و بەیکەریش قسەی کرد. یەکێک لە ئەمەریکییەکان کە لەگەڵ سەودابە چووبوونە ماڵی بەیکەر، لە کاتی گەڕانەوەیاندا کاسێتێکی ڤیدیۆی دایە دەستی دۆریان کە دیار بوو تۆمارێکی نهێنیی دەستگیرکراوەکانە. بەم جۆرەیش، ئەو شەوە پڕ کارەساتە کۆتایی هات بەبێ ئەوەی هۆکاری بەرەڵاکردنی دەستگیرکراوەکان بۆ من ڕوون بووبێتەوە. من و دۆریان کە شەو هیچ نەنوستبووین، چووینە حەمام و پاشان دەستمان کردە خواردنی نانی بەیانی کە دواتر هەریەکە بە دوای ئیشوکاری خۆمان بکەوین. دۆریان بڕوای وابوو، گەرچی نابێت سەرزەنشتی قوتبزادە بکەین بە هۆی بەرەڵاکردنی دەستگیرکراوەکانەوە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بەرەڵاکردنیان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو و بەیکەر، کارێکی دروست نەبووە. قوتبزادە بە دۆریانی گوتبوو بە هەموو شتێکی زانیوە، تەنانەت هۆی ئەو دزەکردنەیشیان بۆ ماڵەکەی دۆریان و دوایی کاتێک پێکەوە تەنیا مانەوە، هەمووی بۆ باس دەکات. گوتم: "باشە کەی لەگەڵی دادەنیشیت؟" گوتی: "ئەو کاتەی تۆ لەگەڵ کۆماندۆکانتدا لای خومەینی دەبن." کاتێک دووەمین چای بۆ تێکردم، گوتی: "ئەو جانتایەم کردەوە کە دوێنێ سەید مەهدی هاشمی پێی دابوویت، بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە لەجیاتیی سەوهانی قووم، بینیم پڕ پڕیەتی لە دۆلاری ئەمەریکی!" دۆریان، کە بە هۆی پێکەنینەکەی منەوە سەرنجی بۆ شتێکی نائاسایی ڕاکێشرابوو، سەیرێکی من و جانتا پڕدۆلارەکەی کرد و بە پێکەنینەوە گوتی: "هەر خوا خۆی دەزانێت کە سەید مەهدی ئەم پارە زۆرەی لە چ دەوڵەمەندێکی هەڵاتوو وەرگرتبێت..."

بەڵام لەپڕ وەستا و بە پەلە خەریکی پشکنینی دۆلارەکان بوو؛ دوای هەندێک پشکنین و ئەمدیو و ئەودیو پێکردنیان، گوتی: "ئەم دیارییەی هاوڕێی ئازیزت سەید مەهدی کە خۆی لە میلیۆنێک دۆلار دەدات، بەشێکی دۆلاری ڕاستییە و بەشێکی ساختە. ئێستایش کاتی جیاکردنەوەیان نییە، با دای بنێین بۆ شەو، تا بزانین ئەم کارە چ فێڵێکی تری تێدایە؟!"

چایمان بەبێ سەوهان خوارد و لە ماڵ هاتینە دەر. ڕۆژێکی بێهودە، بەڵام پڕ جموجووڵ بوو. هەموو ڕۆژەکە سەرقاڵی کۆکردنەوەی کوڕەکان و هێنانیان بۆ مەدرەسەی عەلەوی، ئینجا قسە دووروودرێژەکانی خومەینی، پاشان گەڕانەوەیان بۆ کەرەج و لێکدانەوەی قسەکانی خومەینی بووین.

سەعات ١٠:٠٠ی شەو، ماندووی بێخەویی شەوی ڕابردوو، گەڕامەوە ماڵەوە. هێشتا دۆریان نەهاتبووەوە، ئەمەیش دەرفەتێک بوو کە من بتوانم چاوێک بە جانتاکەی لای سەید مەهدی هاشمی و دۆلارە ڕاستی و ساختەکانیدا بخشێنمەوە. بە تێڕوانینی من، هەموو ئەسکەنازە پەنجایی و دەستە دۆلارییەکان هەروەک یەک بوون و هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، بەڵام دڵنیایش بووم کە دۆریان لەخۆڕا قسە ناکات. ئینجا کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی کە ئاخۆ سەید مەهدی هاشمی بە

پێشکەشکردنی ئەم هەموو پارەیە چ ڕاستی و چ ساختەکەی، چ مەبەستێکی هەبووبێت؟ پارەکە، بەسەر سیسەمە هاوبەشەکەی من و دۆریانەوە پەرژوبڵاو بووبوون. کە دۆریان هاتە ماڵەوە، چەکێکی بانکیی فڕێ دایە سەریان و گوتی: "ئەمەیان دروستە، بە هاوڕێکانت بڵێ با فێر ببن!" ماچی گۆنایم کرد و گوتم: "ئەمە لە کوێ هاتووە؟" دۆریان کە دووبارە چەکەکەی گرتبووە دەستیەوە و ماچی دەکرد، گوتی: "ئەمە ٣ ملیۆن دۆلارە، حەزرەتی ئایەتوڵلای عوزما، دکتۆر سەید محەمەدی بەهەشتی بۆ کچە نازدارەکەی، خاتوو کاترینی بەهەشتیی ناردووە." ئەمەی گوت و دایە قاقای پێکەنین. پرسیم: "کەواتە پلانی سەفەرەکەی دی سی سەری گرت؟" دۆریان گوتی: "بەڵێ... بەبێ ئەوەیش من داوا بکەم، ئیمام فەرمووی بەڕێز شەفیعزادە بۆ پاراستنت لەگەڵت دەبێت."

گوتم: "کەی دەڕۆین؟"

گوتی: "هەرکات پاسپۆرتەکەی تۆ ئامادە کرا."

گوتم: "خۆ پاسپۆرتی من ئامادەیە..."

پێکەنیی و گوتی: "پاسپۆرتێک کە مۆری هاتوچۆی لیبیا و سووریای پیوە نەبێت! بە هەرحاڵ، تۆ کارت بەم شتانەوە نەبێت، تەنها هەوڵ بدە جۆرێک بەرنامەی بۆ دابنێیت کە لەو ماوەی ٥ ڕۆژەدا بێجگە لەو ٤ جێگرەی خۆت، کەسی تر ئاگادار نەبێت و پێی نەزانێت؛ وای پیشان بدە کە سەفەری ئیسفەهان دەکەیت یان... چووزانم، شتێک لەو بابەتە."

پرسیم: "ئەی کێشەی هانی ئەلحسێن و قوتبزادە چیی لێ هات؟"

گوتی: "باسەکەی دوورودرێژە. بە کورتی، قوتبزادە کارێکی باشی کردووە، هانی ئەلحسێن بە ڕاشکاوی و بە بەرچاوی کوڕەکەی تاڵەقانییەوە گوتوویەتی نووسینگەی ئەلفەتح هیچ پلانێکی پێشوەختەی بۆ ئەم کارە نەبووە و تەنها بە فەرمانی خودی ئایەتوڵلا تاڵەقانی هاوکاریی کوڕەکەیی کردووە."

گوتم: "تۆ بڕوا بەم قسانە دەکەیت؟"

دۆریان پێکەنیی و گوتی: "نا... بەڵام کە هاوکێشەیەکی سیاسی دێتە ئاراوە، دەبێت بڕوا بکەیت!"

تا سەعاتێک دواتر، کە هیلاک و ماندوو چووینە سەر جێگە، دۆریان هەر خەریکی هەڵاواردنی دۆلارە ڕاستی و ساختەکان بوو و سەرئەنجام گوتی: "٥٠٠،٠٠٠ دۆلاری ڕاستی و ٥٠٠،٠٠٠یشی ساختەیە."

پرسیم: "ئەی ئێستا دەبێت چی بکەین؟"

دۆریان گوتی: "ڕاستییەکان لەگەڵ خۆمان دەبەینە ئەمەریکا کە بیانخەینە ئەو حیسابە بانکییەی بۆتی دەکەمەوە، ساختەکانیش هەر لێرە دادەنێین تا دواتر بزانین مەبەستی لەم کارە چی بووە. لەوانەیە سەید مەهدی هاشمی هەر ئاگایشی لەم شتە نەبێت و دەستێکی دیکەی لە پشتەوە هەبێت؛ بۆ هێنانی دۆلاری ساختە بۆ ناو بازاڕەکانی ئێران. ئێ لەم حاڵەتەیشدا هاوکێشەکە دەگۆڕێت."
دۆریان خەریکی باسکردنی ئەو زەرەر و زیانە بوو کە بە هێنانی پارەی ساختە لە بازاڕی وڵاتێک دەدرێت، کە من هەستم کرد ئیدی ناتوانم پێڵووەکانم ڕابگرم و بەبێ ئیرادەی خۆم، خەوم لێ کەوت.

---